

نووسینی: مەنوچهر مونیعی

# دوورگەی ژنە وەحشیەکان

بە پێنووسی نووسەری کتێبی
شەش ساڵ لەناو ژنە وەحشیەکان

وەرگێڕانی: کامیل محمد قادر - جەبار عەبدولکەریم

# دوورگەی ژنە وەحشییەکان

رۆمات

زنجیرە ٦٢٨
چوارچرا
خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا
سلێمانی سەرەتای شەقامی مەولەوی
فەرعی سەعید تەها کۆیی
٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧ - ٠٧٥٠١١٢٨٣٨٨
Ktebxanai chwarchra

ڕۆمان

# دوورگەی ژنە وەحشییەکان

نووسینی: مەنوجهر موتیعی

نووسەری کتێبی شەش ساڵ لەناو ژنە وەحشییەکانی ئەمازۆن

وەرگێڕانی: کامیل محمەد – جەبار عەبدولکەریم

نۆبەتی چاپ چاپی یەکەم

٢٠٢٠

## پێناسی کتێب

ناوی کتێب: دوورگەی ژنە وەحشییەکان

ژانر: ڕۆمان

نووسینی: مەنوچهر موتیعی

وەرگێڕانی: کامیل محمەد - جەبار عەبدولکەریم

نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٢٠

شوێنی چاپ: چاپخانەی چوارچرا

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە سپاردنی

(١٣٨٢) ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە

# پێشەکی

ڕەنگە باسەکانی نێو ئەم کتێبە، تەنها چیرۆکێك بێ و بەس، بەڵام نووسەر زۆر بە قوڵی دەچێتە نێو ڕووداوەکان و دەمانباتە نێو واقیعێکی ڕاستەقینە. ئەو وردکارییە لە نێو نووسینەکانی ئەم نووسەرە هەست پێدەکرێت شیاوی هەڵوێستە کردنە، چونکە زۆر بەوردی پەیامی مرۆڤانەی خۆی بەخوێنەر دەڵێ، پێمان دەڵێت کەوا مرۆڤ گەر بیەوێت سوود لە بەها مرۆییەکانی وەرگرێ و ئامانجی خزمەتکردن بێت، تەنانەت ئەگەر لەناو وەحشی و دوور لە هەر شارستانیەتێکیش بێت جێ دەستی خۆی ئەنەخشێنێ. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، واتە مرۆڤ گەر ویستی تێکی بدات ئەوا لە هەر جێگایەك بێت گورزی دڕندانەی خۆی ئەوەشێنێ.

هۆکاری هاندانی منیش بۆ وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە، سەلیقەی نووسەر بوو لە کتێبی "شەش ساڵ لەناو ژنە وەحشیەکانی ئەمازۆن" چونکە ئەو کتێبە ئەوەندە جوان و سەرنج کێشە مرۆڤ ناتوانێ تەنها بە جارێك خوێندنەوە کەف و کوڵ دڵی بمرێت. هەر چەندە ئەم کتێبەش دەست

کەمێکی نییە لە و کتێبەی پێشووی نووسەر، بەڵام جیاوازی پەیام و ڕووداوەکان جێگای سەرنجن.

بۆیە لە سەر پێشنیاری من لەگەڵ برای وەرگێر" جەبار عەبدولکەریم" قۆڵمان لێ هەڵماڵی نیوە بە نیوە کتێبەکەمان وەرگێڕایە سەر زمانی شیرینی کوردی.

هیوادارم توانیبێتمان پێکەوە مافی تەواوی وەرگێڕانەکەمان دابێت، دیارە هیچ کارێکیش بە دڵی هەمووان نییە.

تێبینی:

نیوەی یەکەمی بەندە وەری گێڕاوە، نیوەی دووەمیش برای بەڕێزم جەبار عەبدولکەریم وەریگێڕاوە.

کامیل محمد

## پێشکەشە

بە هەموو ئەوانەی کتێبیان لا پیرۆزە لە بەهاکەی کەم

ناکەنەوە.

## ١

چەند مانگ دوای تەواوبوونی کتێبی شەش ساڵ لەناو ژنە وەحشییەکانی ئامازۆن، یەکێك لەئەفسەرەکانی هێزی دەریایی ئێران کە لەو سەردەمەدا بەمەبەستی خولی پسپۆڕی لەئیتالیا بوو، نامەیەکی بۆ نووسەر نووسی کەدوای ماوەیەك دەستاودەستکردن و دواکەوتن بەدەستمان گەیشت.

گەشتنی نامەکە نەبووە هۆی سەرسوڕمانم چوونکە ئێرانییەکانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات زۆربەی کات خۆشەویستی بۆ نووسەرەکانیان دەردەبڕن، هەرچەند خەرجییەکانی پۆست گران و داهاتی ئەوان سنووردارە، بەڵام لەنووسینی نامەی دوورو درێژ و تێرو تەسەل خۆیان بەدوور ناگرن، بەڵام ئەوەی بووە هۆی سەرسوڕمانم ئەوە بوو، ئەو ئەفسەرەی ڕێگەی نەدا ئاماژە بەناوەکەی بدەم، بەڵێنیدابوو بەشێك بۆ ئەم کتێبە زیاد بکات.

بەچەند وشەیەکی سوپاسکردن نامەکەی نەقیب (ع)م، وەك زۆربەی

ئەو نامانەی دیکەی بەدەستم دەگات، وەلأمدایەوە و لەبەر ئەوەی بەگرنگم نەدەزانی، لەبیرمکرد. بەلأم بەپێچەوانەی بیرکردنەوەم، دەرکەوت نەقیب (ع) مرۆڤێکی خەیالأوی نییە و بابەتەکە جدییە. ئەمساڵ هاوین لەکاتی چلەی سووتێنەر، بانگێشتنامەیەك لەنەقیب (ع) بەدەستم گەیشت تا بڕۆمە گوندەکەیان لە محەللات و ماوەیەك لەکوێستان بەسەر ببەم. ئەوەی ڕاستی بێت، لەم بانگهێشتە خۆشحاڵ بووم و لەگەڵ نۆکەری نەقیب ڕۆشتمە کوێستان.

نەقیب (ع) گەنجێکی بالأبەرزی قۆز بوو، هاوشێوەی هەموو ئەفسەرانی هێزی دەریایی، جەستەیەکی ڕێك و ماسولکەیی هەبوو. باوکی عەقیدێکی کۆن کە ڕۆژگاری خانەنشینی سەرقاڵی ملك و وەرزێری بوو.

شەوێك باوکی بەتەنیا جێیهێشتین، سەروان هەلەکەی بۆ گفتوگۆ کردن قۆستەوە. لەوەلأمی پرسیارەکەم وتی:

— ڕاستییەکەی ئەوەیە من پیاوی دەریام و ناتوانم لەوشکانی دڵ بەشتێك بدەم.

قسەکەم پێبڕی و وتم:

— هەموو دەریاوانەکان ئەو قسەیە دەکەن، بەلأم دەبینم هەموویان لەوشکانی خاوەنی ژن و ماڵ و منداڵن.

لەسووچی ژوورەکە قوڵتە قوڵتی سەماوەرەکە دەهات و دەنگەکەی، گەرمییەکی تایبەتی بەقسەکانی نەقیب دەبەخشی. لەکاتێکدا چاوی بڕیبووە کونی هەڵمی سەماوەرەکە، وتی:

— منیش پێم خۆشبوو بڕۆمە لای (جیبوانی) هاوڕێ میلانییەکەم.

بڕوانن، ئەم سەماوەرە بەو هەڵمەی دەیداتە دەر، بیرەوەری کەشتی هەڵمی (گرگوار) کە(جیووانی) بەو کەشتییە زەریاکانی دەبڕی، لەمندا زیندوو دەکاتەوە. ئەو کاتەی کتێبەکەی ئێوەم لەگۆڤاری ڕەش و سپی دەخوێندەوە، بەپێچەوانەی زۆربەی ئێرانییەکانی نیشتەجێی ئیتاڵیا کە دەیانوت، ئەمە بەرهەمی خەیاڵی نووسەری هاوشاری خۆمانە، بڕوام وابوو، ئەوەی نووسیوتانە، ڕاستییە، بەلاّم ئەو بەهەشتە لەقووڵایی جەنگەڵە ترسێنەرەکانی بەرازیل نییە، بەڵکو لەسەر هێڵی پانزە دەرجەی، لەباشووری زەریای ئەتڵەسییە. (جییوانی) لەسەردەمی جەنگ، جارێك سەردانی ئەو ناوچەیەی کرد، دواتر هاتە ئیتالیا و دەیویست لەگەڵ خۆی بمبات، بەلاّم نەڕۆشتم.

لێرەدا دووبارە قسەکانم پێبڕی و وتم:

- لەقسەکانتان تێناگەم، لای ئێمەی چیرۆکنووس باوە، سەرەتا پاڵەوانی چیرۆکەکەمان دەناسێنین، دواتر شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکە دیاری دەکەین، ئەوسا لەسەرەتاوە ڕووداوەکە دەگێڕینەوە و تا کۆتایی بێ وەستان بەردەوام دەبین. ئێستا ئێوەیش ئەو کارە بکەن.

نەقیب پێکەنی و وتی:

- ئێوە ڕاست دەکەن.

چەند خولەك دواتر چایەکمان خواردەوە، جگەرەیەکمان داگیرساند و لەکاتێکدا دووکەڵی چڕی بۆ نیرگەی سەقفی ماڵە جووتیارییەکەیان بەرز دەکردەوە، چیرۆکەکەی بەمشێوەیە دەستپێکرد:

- وەك دەزانن باوکم یەکێکە لەئەفسەرە کۆنەکانی سوپا. ئەو

دەیویست ببمە ئەفسەری پیادە یا خاوەن پلەی سوارەکان، تا لەکاتی ڕۆشتن نەقیزەی زیو و شمشێرە درێژەکەم بەر یەك بکەون، قرچەی جزمە برقییەکانم بەرز ببێتەوە، تا بەبینینی ئەم دیمەنە چێژ وەربگرێت. بەڵام لەپۆلی نۆیەم بووم، خوێندنەوەی ڕۆمانێکی پڕ ڕووداوی دەریایی، تۆوی حەزی دەریاوانی لەمندا چاند، پاییزی ئەو ساڵە، لەگەڵ کوڕی یەکێك لەڕاوێژکارەکانی باوکم لەمحەللات هەڵاتین و ڕوومانکردە خوڕەم شەهر.

خوێندنگەکەمان شەش مانگ لەسەر دەریا و شەش مانگ لەدوورگە بوو جگە لەمن، لەئێرانەوە یانزە کەسی دیکە بەشدارییان کردبوو. لەناپۆلی و میلان و لەو ماوەی لەسەر دەریا فێرکارییەکانمان وەردەگرت، بوومە هاوڕێی کەسێکی ئیتالی بەناوی (جیپیوانی). ئەویش وەك خۆم ئارەزوومەندی دەریاوانی بوو.

هاوڕێیەتی نێوانمان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەرم و گوڕتر دەبوو، تا ئەوەی خولی سێ ساڵە کۆتایی هات و هەردووکمان بەپلەی نەقیب لەخوێندنگە هاتینە دەر. بڕیار بوو حەفتەیەك دواتر بەکەشتییەکی نیزامی بەرەو کەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقا بڕوات و منیش بەکەشتییەکەی ئیتالی لەگەڵ ئێرانییەکانی دیکە بەرەو وڵاتەکەمان بگەڕێینەوە، بەڵام ئەم بەرنامەیە هەرگیز نەخرایە قۆناغی جێبەجێکردنەوە.

کەشتییەکە نغرۆ بوو و دواتر بەرنامەی سەفەرەکەمان هەڵوەشایەوە. باسی ئەوەم نەکرد ئەم کەشتییە و کەشتییەکانی دیکە بۆ نغرۆ دەبوو؟ جەنگ تازە دەستپێکردبوو و بارودۆخی ئەورووپا ناسەقامگیر بوو. کەس بیری لەکەس نەدەکردەوە و من و ئێرانییەکانی دیکە سەرگەردان

مابووینەوە.

سەرەتاکان پەیوەندی ئێران لەگەڵ وڵاتانی هەڵگیرسێنەری جەنگ باش بوو، بەڵام دوای ئەوەی ئێران بەشداری جەنگەکەی کرد و دەروازەکانی بۆ وڵاتانی هاوپەیمان کردەوە، وەك دوژمن سەیری ئێمەیان دەکرد. باڵوێزخانەمان لەئیتالیا نەبوو تا سەردانی بکەین، بەڵام جییوانی فریای من و هاوڕێکانم کەوت و وتی بۆ ئەوەی هیچ گومانێکت لەسەر نەبێت، باشترە بێیتە ناو ئەو کەشتییەی من خزمەتی تیا دەکەم.

بۆ شەوەکەی بابەتەکەم لەگەڵ هاوڕێکانم باسکرد، دووان سیانێکیان ڕازی بوون، بەڵام ئەوانی دیکە ڕازی نەبوون.

بەهۆی پێداگری جییووانی سەردانی وەزارەتی دەریاوانیم کرد، جلوبەرگی هێزی دەریایی ئیتالیام پۆشی و لەناو کەشتی جەنگی ئەمانۆئیلی دووەم، بوومە بەرپرسی ڕەشاشی دژە فڕۆکە. جییوانی لێپرسراوی تۆپ بوو.

یەکەم ئەرکمان کورت و دوای چەند جەنگی کورت و بچووکی دەریایی لەکەنارەکانی ئەفریقا، بەبێ مەترسی کۆتایی هات، بەڵام ئەرکی دووەم بەجۆرێك بەرنامەی بۆ دارێژرا بوو کە گومانمان دەکرد کۆتایی نایەت، کەشتییەکەمان کە فەرماندەکەی یەکێك لە بەناوبانگترین دەریادارەکانی ئیتالیا بەناوی (ڕۆمانۆ پۆگینی)، لەپێشەوەی کەشتی گەلی کە لەدوانزە کەشتی پێکدەهات، بەرپرسی پاراستن و چاودێری هێڵی دەریایی نێوان گەرووی ئومێد لەباشووری ئەفریقا و دوورگەی کتنب فیلیپینی ژێر دەستی ژاپۆن بوو.

لەیەکێك لەڕۆژە ساردەکانی زستانی ساڵی ١٩٤٢ بەڕێکەوتین. یەکەم خاڵی مەترسی پەڕینەوە لە جەبەل تارق بوو کە بەنغرۆکردنی سێ کەشتی ئینگلیزی و کەشتییەکی ئیتالیایی کۆتایی هات. لەکەنارەکانی ڕۆژئاوای ئەفریقا گرفتاری ژێر دەریاییە ئەمریکییەکان و کەشتییە تۆپهاوێژەکانی وڵاتانی هاوپەیمان بووین کە لەکەناری زێرەوە دەهاتن، بەڵام ئەم جەنگەش لەبەرژەوەندی ئێمە کۆتایی هات.

لەو ڕۆژەوە تا چل ڕۆژ دواتر کە لەخولگەی پانزە دەرجەی باشووری زەریای ئەتڵەسی نزیك دەبووینەوە، هیچ ڕووداوێکی گرنگ ڕوویینەدا. ڕۆژی سێی فەوریەی ١٩٤٣، لەناکاو تۆپهاوێژیکی ژاپۆنی، لەسەروو کەشتی جەنگی فەرماندەیی دەرکەوت ( لەکاتێکدا دەیزانی ژاپۆن و ئیتالیا هاوپەیمانن) و پەیوەندیکرد بەدەریاداری کەشتییەکە و هەواڵی پێدا کە لەهەشت مایلی ئەو ناوچە، ژێردەریاییەکی ژاپۆنی کە تۆپی بەرکەوتووە و زیانی پێگەیشتووە، هاتۆتە سەر ئاو و پێویستە ڕابکێشرێت تا بگاتە نزیکترین پێگەی هێزی دەریایی ژاپۆن. هەروەها ڕایگەیاند ئەم کارە ئەگەر تا شەو درێژە بکێشێت، ژێردەریاییەکە نغرۆ دەبێت.

لێرەدا دەریاوان پۆگینی هەڵەیەکی گەورەی ئەنجامدا، بەو واتایە کەخۆی لەکەشتی فەرماندەیی بەناوی (فابیۆ ٨٠٢) کە دوواین کەشتی کاروانەکە بوو، گواستەوە و فەرمانیدا هەموو کەشتی و کەشتییە جەنگییەکان لەبازنەیەك بەچەقی سێ مایل لەدەوری یەك کۆببنەوە بۆ ئەوەی خۆی ژێر دەریاییە ژاپۆنییەکە بدۆزێتەوە کە تەنانەت نەیدەتوانی پەیوەندی ڕادیۆیی بەهیچ شوێنێکەوە بکات.

پێش ئەوەی ئێمە بگەین، ژێر دەریاییە ژاپۆنییەکە ڕزگاری بوو و بەهۆی کەشتییەکی جەنگی ژاپۆنی کە بەخێرایی گەشتبووە ئەوێ، لەمەترسی دوورکەوتەوە، بەڵام دەریادار پۆگینی پێش ئەوەی بتوانێت لەسەر کەشتییەکە بۆ ناوەندی فەرماندەیی بڕوات، ڕووبەڕووی بەڵای ئاسمانی بووەوە.

پەیوەندی فابیۆ ۸۰۲ لەگەڵ کەشتی فەرماندەیی بەقەرار بوو تا ئەوەی دەستەیەك (ئێسپیت فایر)ی ئینگلیزی لەئاسمان دەرکەوتن. وەك دەرکەوت ئینگلیزییەکان شوێن پێی پەیوەندییە ڕادیۆییەکانی ئێمەیان هەلگرتبوو و فڕۆکە جەنگییەکانیان بۆ لێکۆڵینەوە ناردبوو، بەڵام ڕوو بەڕووی نێچیری ئامادە بوونەوە و جەنگیان دەستپێکرد.

دەمەو ئێوارە بوو، فابیۆ ۸۰۲ گڕی گرت و نغرۆ بوو، دەریادار پۆگینی خۆی هەڵدایە ناو بەلەمێك. کەش و هەوای هەوری و تاریکی، بۆ ڕزگارکردنی ئەو لەبار بوو، بەڵام تەمەنی بەکۆتا هاتبوو، چوونکە لەسێسەد مەتری کەشتی فەرماندەیی، ئیسپیت فایرێك، بەلەمەکەی دایە بەر ڕەگبار و تەواوی کەسەکانی ناو بەلەمەکەی کوشت و بوونە پارووی شەپۆلەکانی زەریا.

ژمارەی نێچیرەکان سات لەدوای سات زیاتر دەبوو، ڕووناکییەکان لەجیاتی ئەوەی ڕێنیشاندەری تۆپ و ڕەشاشەکان بن، ئامانجی فڕۆکەکانیان دیاری دەکرد. لەلایەن ئەو عەقیدەی دوای دەریادار پۆگینی، ببوە فەرماندە، فەرماندرا بۆ ڕزگارکردنی کەشتییە جەنگییەکان، لەناو زەریادا بڵاو ببنەوە. لەڕاستیدا دەیویست ئامانجەکە گەورە و بەرفراوان

بکات تا توانای هێرشی تۆپهاوێژە ئەمریکییەکان کەم بکاتەوە کە لە ناوچەکە نزیك بوو بوونەوە.

نەقیبێك بوو بووە فەرماندەی کەشتییە جەنگییەکەی ئێمە و بێ ئەوەی بتوانێت فەرمانەکانی دواتری فەرماندە وەربگرێت، بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات ڕۆشت.

تۆپهاوێژە ئەمریکییەکان شوێنمان کەوتن. جییوانی کەبەهۆی بەرکەوتنی تۆپەوە، تۆپەکەی لەدەستدابوو، هاتە لای من و بەهاوکاری یەك، چەند تۆپهاوێژێکمان لەناو برد، بەڵام هەوڵەکانمان ئەنجامێکی ئەوتۆی نەبوو، چوونکە تۆپەکان، کەشتییەکان بەجۆرێك زیانیان پێگەیشتوو، دڵنیابووین نغرۆ دەبن.

فرۆکەکان بەردەوام ڕووناکییان بەئاسماندا بڵاو دەکردەوە و لەگەڵ ئەوەی ئاسمانی سەر زەریا ڕووناك دەبووەوە، هێرشیان دەستپێدەکرد و زیانی زۆر گەورەیان لێدەداین و دووبارە بەرز دەبوونەوە و دوور دەکەوتنەوە.

کاتژمێرێك دواتر هێرشەکان کەمبوونەوە. دەرکەوت فرۆکەکان تەقەمەنییان پێنەماوە و گەڕاونەتەوە بۆ بنکەکانیان بۆ ئەوەی فرۆکەی تازە بۆ هێرشکردن ڕەوانە بکەن. جیوانی کەقاچی بریندار بوو بوو، بەمەبەستی تیمارکردن ڕۆشت و کاتێك گەڕایەوە، هەواڵیدا کە پێش هاتنی دەستەی تازەی تۆپهاوێژە ئەمریکییەکان و ئێسپیت فایرە ئینگلیسییەکان، کەشتییەکمان نغرۆ نەبێت.

بەو شێوەی لێهات. کاتژمێر نۆی شەو دەنگی سووتی کەشتییەکە بەرز

بووەوە و بەلەمەکانیان خستەناو ئاوەکە. کاتژمێر نۆ و نیو ماتۆرخانەی کەشتییەکە گڕی گرت. بەناچاری لەگەڵ جییوانی خۆمان هەڵدایە ناو ئاو، بەڵام دوای نیو کاتژمێر کاتێك نیوەگیان منیان لەئاوەکە دەرهێنا، بینیم جییوانی هاوڕێم نییە.

لەو ساتە بەدواوە گومانم دەکرد مردووە. لەناو پێرستی کوژراوەکانی هێزی دەریایی ئیتاڵیا لەجەنگی دەریایی سێی فەوریەی ١٩٤٣ی زەریای ئەتڵەسی، ناوی جییوانی لەناو شەهیدەکان دەبینرا.

لێرەدا نەقیب جگەرەیەکی تازەی داگیرساند و لەوەڵامی پرسیارەکەم کە پرسیم:

– چیرۆکێکی جوان بوو، بەڵام نەمزانی پەیوەندی ئەم چیرۆکە لەگەڵ شەش ساڵ لەناو ژنە وەحشییەکانی ئامازۆن چییە.

– پەیوەندی ئەم چیرۆکە لەگەڵ کتێبەکەی ئێوە لێرەوە دەستپێدەکات. ئەگەر هەست بەبێزاری و ماندوێتی ناکەن، دەستپێبکەم؟

وتم:

– تکا دەکەم، بەخۆشحاڵییە هاتووم و هەستەکانم بزواوە تا بزانم ئەم ڕووداوە کەبابەتێکی جەنگییە، چۆن لەگەڵ چیرۆکی کتێبێك کە پاڵەوانەکەی لەناو جەنگەڵدایە، پەیوەندی هەیە.

نەقیب (ع) دوای ئەوەی مژێکی قووڵی لەجگەرەکەیدا، بەمشێوەیە بەردەوام بوو:

– بەرەبەیانی ئەو ڕۆژە بەلەمەکەمان کە هەڵگری نۆزدەکەس بوو، بەهۆی کەشتییەکی ئینگلیزی ڕزگاری بوو. گرنگ نییە کە دوو مانگ دواتر

گەڕامەوە بۆ ئێران و خۆم بەناوەندی هێزە دەریاییەکان ناساند و بەپلەی نەقیبی لەخزمەتکردن بەردەوام بووم.

مانگ و ساڵەکان تێپەڕین و لەولاتەکەمدا بووم، لەگەڵ هاولاتیانی خۆم هاتوچۆم دەکرد، بەلام هەرگیز جەنگی مەترسیداری سێی فەوریەی ١٩٤٣ و بیرەوەری جیبوانی هاوڕێم لەبیر نەدەکرد.

جەنگ کۆتایی هات و بە یاریدەدەری کەشتییەکی ئێرانی دەستبەکار بووم وەك سەرپەرشتی دەستەیەك لەخوێندکارە ئێرانییەکان. یەکەم دەستەی خوێندکارانی هێزی دەریایی ئێران بوو کەدوای جەنگ بەرەو ئیتالیا دەڕۆشتن.

بیرمدەکردەوە و لەڕاستیشدا دڵنیابووم جیبوانی مردووە، بەلام نازانم چی ڕوویدا کاتێك گەیشتمە ناپل و بەتایبەت ئەو ڕۆژەی ڕۆشتمە ناو یانەی ئەفسەرانی هێزی دەریایی لەنگەرگەی ناپل، ئارەزووی دیداری هاوڕێ کۆنەکانم کرد. یەك لەوان کاتێك منی بینی، دوای هەواڵپرسی و ماچوموچ، وتی:

— لەکوێیت؟ جیبوانی تا ئێستا سێ هەزارجار لەسەر گۆڕی سەربازی ون بەیادی تۆ چەپکە گوڵی داناوە.

پێکەنیم و وتم:

— گومانم دەکرد ئەو مردووە. ئێستا دەرکەوت خۆم مردووم و ئاگام لێ نییە.

بەخۆشحاڵییەوە بۆم دەرکەوت جیبوانی زیندووە و کەشتیوانی کەشتییەکی گواستنەوەی کەلوپەلی نیزامییە. چاوەڕێمکرد تا

لەسەفەرەکەی گەڕایەوە و ڕۆشتمە سەردانی. بەبینینی یەکتر خۆشحاڵ بووین. پرسیم:

– ژنت هێناوە؟

وەڵامی دایەوە:

– بۆ؟ دوانزە ژنم هەیە و خاوەنی پێنج کوڕ و سێ کچم کەئێستا دەبێت تەمەنیان شەش بۆ حەوت ساڵان بێت.

بەو زانیارییانەی سەبارەت بەهاوسەرگیری و تەلاق لەنێوان کاتۆلیکەکان هەمبوو، بەسەرسوڕمانەوە وتم:

– جیبوانی بۆ هەڵیت و پڵیت دەڵێیت؟ چۆن دەکرێت دوانزە ژن و هەشت منداڵی هاوتەمەنت هەبێت. تەنانەت ئێمەی موسوڵمان ناتوانین لەیەک کات زیاتر لەچوار هاوسەرمان هەبێت.

بەپێچەوانەی چاوەڕوانیم، زۆر بەجددی وەڵامی دایەوە:

– خەڵکی ئیتالیا نین. ئەوان دانیشتووی بەهەشتی زەریای ئەتڵەسن و....

قسەکەم پێبڕی و قاقا پێکەنیم و وتم:

– وا دیارە چیرۆکنووسین و ئەم خەیاڵانە لەسەر دەریا فێر بووی. بەگشتی دەریاوانەکان کەسانێکی خەیاڵاوی و خورافات پەرەستن، بەڵام وتنی هەڵیت و پڵیت لە ئەفسەرێکی هێزی دەریایی ناوەشێتەوە.

هەرچەند من زیاتر پێدەکەنیم، ڕوخساری ئەو جددیتر و قسەکانی بەبڕشتتر دەبوو، تا ئەو جێگەیەی ئەگەر بڕوام بەقسەکانی نەدەکرد، ناچار دەبووم گومان لەتەندروستبوونی عەقڵی بکەم. سەرئەنجام وتی:

- ئەمشەو هەموو شتێکت بۆ دەگێڕمەوە. شەو وەرە بۆ ماڵەکەم تا یادگارییەکانی بەهەشتت نیشان بدەم.

ئەو شەوە ڕۆشتمە ماڵەکەی. ژیانی وەك ڕێبوارێکی هەژار بوو، دەیوت بەئەنقسەت هیچ ناکرێت تا کاتی ڕۆشتن بەهۆی فرۆشتنی کەلوپەلی ماڵەکەم دوا نەکەوم. پێداگریم کرد بۆ ئەوەی پێشەکییەکەی پیشتگوێ بخات و ڕاستەوخۆ بابەتەکەم بۆ باس بکات. وتی:

- ئەو شەوە کاتێك خۆت هەڵدایە ناو ئاوەکە، کەمێك وەستام تا سەر دەربهێنێت و دواتر خۆم هەڵبدەم نەکا زیانت پێبگات. ئەو کارەم کرد، بەڵام کاتێك سەد مەتر دوورتر لەکەشتییەکە سەرم لەئاو دەرهێنا، جگە لەچەند جەنازەیەکی نیوە سووتاو و ئاوساو و بڕێك مازوت کە لەوانە بوو هەر ساتێك گڕ بگرێت، هیچی دیکەم نەبینی. بەهۆی تاریکییەوە نەمدەتوانی تۆ بدۆزمەوە یا بەلەمەکان ببینم، ڕێگەکەم ونکردبوو. بۆ ئەوەی مازوونی سەر ئاوەکە نەچێتە لووت و قوڕگم، لەژێر ئاوەکە مەلەم دەکرد و هەر چەند چرکە جارێك سەرم لەئاوەکە دەردەهێنا، هەناسەم وەردەگرت و دووبارە دەڕۆشتمە ژێر ئاوەکە.

هەوڵی بێهودەم دەدا. بەلەمەکان دوور کەوتبوونەوە. مازووتی سەر ئاوەکە گڕی گرت، بەڵام بەخۆشحاڵییەوە کاتێك ئەوە ڕوویدا، لەوێ دوور کەوتبوومەوە. شەکەت و ماندوو بووم و لەم کاتەدا، مەخزەنی سووتەمەنی کەشتییەکە، وەك چیایەك لەئاگر کە لەدوورەوە دیار بێت، تەقییەوە و نیوەی کەشتییەکەی بەرز کردەوە. تەقینەوەکە بەڕادەیەك بەهێز بوو کە بەهۆی جووڵەی بەهێزی شەپۆلەکان چەندین جار بەدەوری

خۆمدا سووڕامەوە و بەهۆی شەپۆلێکی گەورەوە سی مەتر بەرز بوومەوە و دووبارە کەوتمە ژێر ئاوەکە.

هەرکەسی دیکە بوایە، دەمرد، بەڵام چوونکە خوا نەیدەویست، نەتەنیا زیندو مام، بەڵکو ئازار و زیانی زۆرم پێنەگەیشت و هەستمکرد و لەنزیک خۆم سنووقێکی گەورەی دارینم لەسەر ئاوەکە بینی.

بەهەزار بەدبەختی و لەگەڵ ئەوەی بازووم سڕ بوو بوو، خۆم گەیاندە سنووقەکە و سەرکەوتم. ئەوکاتە زانیم سنووقەکە لەکەشتییەکەی خۆمان جیابۆتەوە، لەو سنووقانەی تەنافەکانمان تیا هەڵدگرت.

دەزانی ئەو سندوقانە چەندە بەهێز و تەختەکانیان چەندە ئەستوور بوون. کاتێك ڕۆشتمە سەر سنووقەکە، حەوامەوە، بەڵام دوای کاتژمێرێك هەستمکرد سنووقەکە لەئاوەکەدا نوقم دەبێت، زانیم تەنافی ناو سنووقەکە تەڕ بووە و بۆتە هۆی قورسبوونی سنووقەکە.

ناتوانم باسی ئەوە بکەم چەندە هەوڵمدا تا سنووقەکە ئاوەژۆ بکەم، دەرگاکەی بکەمەوە و تەنافەکان جگە لەئاڵقەیەکی بخەمە ناو ئاوەکە.

ئەم کارە بووە هۆی شەکەت بوونم، تا ئەو ڕادەی ئەوەندەی نەمابوو بێهۆش بم. تەنافەکەم لەکەمەرم ئاڵاند و سەرێکیم بەسنووقەکەوە بەست تا ئەگەر بێهۆش بووم لەسەر سنووقەکە نەکەومە خوار. کەمێك ئاسوودە بووم،. چاوەکانم قورس بوو، ئیتر نەمزانی چی ڕوویدا.

خۆم گومان دەکەم خەوم لێکەوتبێ، بەڵام خەوێك بوو دواتر بوو بە بێهۆشی. بێهۆشییەکی قورس، چوونکە ئاگام لەهیچ یەك لەو ڕووداوانە نەبوو کەڕوویاندا. کاتێك هاتمەخۆ، هەستمکرد هەتاوێکی سوتێنەر لەسەر

سەرمە و جەستەم لەژێر چەو و لمی گەرم و شێداری کەنار دەریایە. پێش ئەوەی چاوەکانم بکەمەوە، بیری ڕابردوو کەوتمەوە. سەرەتا بیرم لەوە کردەوە لەوانەیە مردبێتم!، بەڵام جیهانی مەرگ هەتاو و چەو و لمی نییە! کەواتە لەکوێم؟ نەمدەوێرا چاوەکانم بکەمەوە. جگە لە هەستی هەتاو و چەو و لمی ژێر جەستەم، دەنگە دەنگم لەدەوروبەری خۆم دەبیست، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو، دەنگەکان دەنگی ژن بوون. لەناکاو هەستمکرد ژنێك لەتەنیشتم دانیشت و بەدەستێکی نەرم و ناسك سەرکوڵمەکانی نەوازش کردم.

دەستێکی دیکە قژی بۆ دواوە هەڵدامەوە، دەستێکی دیکە تەنافەکەی دەوری کەمەرمی کردەوە و دەستی چوارەم دەیویست جلوبەرگە نیزامییەکەم لەبەر دابکەنێت. لەناکاو تەکانێکم خوارد و ناڵەیەك لەقوڕگم هاتەدەر و پێڵوەکانم بەرز کردەوە.

خوایە گیان، شیاوی بڕوا پێکردن نەبوو. لەچواردەورم کۆمەڵێك ژنی جوان دانیشتبوون و حەپەساو و سەرسوڕماو سەیریان دەکردم. بڕوام نەدەکرد ئەوەی دەیبینم ڕاستی بێت. ئەم ژنە جوانانە کێن؟ لەکوێم؟

کاتێك چاوەکانم کردەوە، ئەوان خۆشحاڵ و شادوومان دەستیانکرد بەهەڵبەز و دابەز.. دەنگی تەپڵێکی بچووك لەدووری چەند هەنگاو بەرزبووەوە و چەند ژنێك کە گوڵی سوور و سپییان لەقژی ڕەشیان بەستبوو، دەستیان بەسەماکردن کرد. تەنیا یەك لەوان کە لەتەنیشتم دانیشتبوو، مایەوە بۆ ئەوەی لەهەستان و دانیشتن هاوکاریم بکات. هەندێ شتی دەوت کە تێنەدەگەیشتم، سەرئەنجام بە ئاماژەکانی دەستی

تێگەیشتم کەدەڵێت هەستە و دانیشە. دەستی درێژ کرد، شانی گرتم و ڕایکێشا. ئانیشکم لەسەر لمی گەرم وسووتێنەر بوو، هەستام دانیشتم و سەیری چواردەورم کرد.

لایەک دەریا بوو و تا چاو بڕی دەکرد دەریا و شەپۆلی کەفاوی زەریا دەبینرا، لایەکی دیکە جەنگەڵ و داری گەرمەسێری و گوڵی وەحشی ڕەنگاو ڕەنگ و بۆنخۆش.

وردە وردە لەهەموو شتێك گەیشتم. ئەو ژنە جوانەی لام دانیشتبوو، بزەیەکی گرت و ڕوویکردە ڕۆژئاوا بەئاڕاستەی پشت سەری من. هەندێ وشەی هێنایە سەرزمان کەهاوشێوەی قسەکانی پێشوو، لێی تێ نەگەیشتم. دەرفەتی ئەوەم نەبوو ئاوڕ بدەمەوە و ئەو ژنە جوانە ببینم چوونکە لەو کاتەدا ژنێکی گەنج و جوان لەکاتێکدا دەفرێکی سواڵینی کاڵی ڕەنگ سووری بەدەستەوە بوو، هاتە پێش و وەك ڕێزگرتن سەری دانەواند و دەفرەکەی دا بەو ژنە کەپڕ بوو لەشلەمەنییەکەی سپی ڕەنگ.

گرنگیم بەشلەمەنی ناو دەفرەکە نەدەدا تەنانەت ئەگەر ژەهریش بوایە، تەواوی سەرنجم لەسەر جەستەی نیوە ڕووتی ئەو ژنە دڵڕفێنە و ژنەکانی دیکە بوو.

بۆ سەربازێك کەساڵەکانی تەمەنی لەناو دەریا و گۆڕەپانی جەنگ و دوور لەژن و عەشق و جوانی بەسەر بردبێت، چ شتێك باشتر و سەرنجڕاکێشتر لەوەی خۆی لەناو کۆمەڵێك ژنی جوان و سەرنجڕاکێش ببینێت.

ئەو ژنە جوانە نیوە ڕووتە بەپەنجەی ئیشارەی بۆ چاوم کرد، بەو

شێوەیە دەیویست سەرنجم ڕابکێشێت و کاتێك سەیرم کرد، دەفرەکەی هێنایە پێش و تێیگەیاندم کەدەبێت بیخۆمەوە.

نەمدەزانی شلەمەنی سپی ڕەنگی ناو دەفرەکە چییە! بەلاّم لەدەستم وەرگرت و بێ سێ و دوو خواردمەوە.

شەربەتێکی خەست و شیرین بوو، دەتوت سەهۆڵیان تێکردووە، فێنك و بەتام، هەرچی زیاترم دەخواردەوە، زیاتر حەزم لەتام و بۆنەکەی دەکرد. بەخێرایی جەستەی ساردی گەرم کردەوە. کەمێك وزەم وەرگرت، هەستام و دانیشتم و بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و ئاگاداربوون لەو دۆخەی تێیکەوتبووم، سەیری چوار دەورم دەکرد.

لەناکاو ژنێکی جوان لەقەرەباڵغییەکە جیابووەوە و بەرەولام هات و کاتێك نزیك کەوتەوە، وەستا. بەوردی سەیری کرد و لەگەڵ ژنی یەکەم کۆمەڵێك قسەی کرد، هێشتا نەمدەزانی باسی چی دەکەن. بەلاّم لەچۆنیەتی قسەکردن و دەربڕینەکانی و لاوازی قسە و جووڵەی دەستیان، دەمتوانی لێیان تێبگەم.

ئەو ژنە سەیری دەریای کرد و بەتوڕەیی وتی:

— ئابارم روتی میر...... ئابارم روتی میر.!

چەندجارێك ئەم ڕستەیەی دووبارە کردەوە. لەو چەند چرکەدا توانیم وشەکانیان فێر ببم کە بەتەواوی بۆ من نامۆ و بێگانە بوون.

ئەو ژنەی لام دانیشتبوو، بەهەمان توڕەیی وەلاّمیدایەوەو چەند جارێك وەلاّمی یەکیان دایەوە. سەرئەنجام وەك ئەوەی دەسەلاّت و هێزی بەرگریکارەکەم زیاتر بێت، دەستی گرتم و بەرزی کردەوە و بەئیشارە

پێی وتم سەمایان لەگەڵ بکەم.

بەداخەوە شارەزای سەماکردنی ئەوان نەبووم و نە لەو حاڵەدا توانای فێربوونم هەبوو. دەمویست بزانم لەکوێم و ئەوانە کێن و بۆ هیچ پیاوێک لەگەڵ ئەو هەموو ژنە جوانەدا نییە.

کاتێك سەمای بەکۆمەڵی ئەوان کۆتایی هات، ژمارەیەکی زیاتری ژن و منداڵی دیکە هاتن. لەناویاندا کوڕی تەمەن دەساڵ دەبینرا، بەڵام لەسەروو دە ساڵ لەڕەگەزی نێر کەسی لێنەبوو.

ئەو شەربەتە سپییەی خواردمەوە، هاوشێوەی کۆنیاک گەرم و خەیاڵی کردم. ئەو شەکەتییەی هەستمپێدەکرد، کۆتایی هات و حەزی ڕۆشتن و قسەکردن تیامدا زیندوو بووەوە.

لەم کاتەدا ئەو ژنە میهرەبانە جوانە دەستی گرتم و بەدەنگی بەرز لەگەڵ ئەوانی دیکە قسەی کرد. بینیم هەمووان ڕێگەیەکی جەنگەڵیان گرتەبەر و بەڕێکەوتن. بێ ئەوەی بزانم بۆ کوێ دەڕۆم بەدوایاندا ڕۆشتم، واتە ڕزگارکەرەکەم لەگەڵ خۆی دەبردم، جەنگەڵێکی سەرنجڕاکێش بوو، وەك ئەوەی هەموو شوێنێکی، زەوی و دارەکانی ئاوپرژێن کرابێت و تەپوتۆزی گەڵاکانیان گرتبێت. زەوی بەگوڵی وەحشی ڕەنگاو ڕەنگ داپۆشرابوو.

دوای ماوەیەك لەڕۆشتن، لەچڕی دارەکان کەمبووەوە و جادەکە فراوانتر دەبوو، هاوشێوەی ئەوەی زەوی جادەکەیان بەئامێرێکی قورس و زەبەلاح کوتابێت و چاڵ و چۆڵییەکانیان ڕێك و تەخت کردبێت.

سەرئەنجام گەشتینە هۆزەکەیان. هۆزەکەیان هاوشێوەی جەنگەڵ پاك

و خاوێن بوو. ئەوەی شکۆی ئەو شوێنەی زیاتر دەکرد، حەوزێکی گەورەی ئاوی شیرین بوو کە لەناوەڕاستی گۆڕەپانی هۆزەکە دروستیان کردبوو، ئاوی تێدا بوو، بەڵام جوانتر و ڕازاوەتر لەحەوز و ئاوەکە، ئەو سۆنە و مراوییانە بوون کە لەناو ئاوەکەدا مەلەیان دەکرد.

لەوێ منیان ڕاگرت، دوو ژنی جوان و ناسک، ئەملاولایان گرتم، بەڵام ڕزگارکەرەکەم بەرەو لای گەورەترین کوخی هۆزەکە ڕۆشت کە لەقامیش دروستکرا بوو. ئەو سەرۆکی هۆزەکە و ناوی (لومالو) بوو. دواتر کاتێک فێری زمانەکەیان بووم، زانیم (لوما) بەمانای سەرۆك و (لو) نازناوێکی ئەشرافییە و لەڕاستیدا لومالو ناو نییە. ئەوان نەیاندەزانی ناو چییە و کەسەکانیان بەنیشانە دەناسییەوە و ئەم نیشانانەیان وەك ناو بەکار دەهێنا و هەرکام واتایەکی تایبەتی هەبوو.

ژنان و منداڵانی دیکەی هۆزەکە جگە لەو دووانەی لەملاولای مندا بوون، بەردەوام لەجموجۆڵدا بوون و بەردەوام بەملاولادا ڕاپان دەکرد. چیلکەیان هێنا و لەچوار سووچی حەوزەکە دایاننا. دواتر منداڵەکان بەدەفری سواڵەت، شلەمەنییەکی ڕەش ڕەنگی هاوشێوەی نەوتیان کرد بەسەر چیلکەکاندا و خۆیان بۆ سازدانی ئاهەنگێك ئامادە دەکرد کەنەمدەزانی بۆ کوشتنی منە یا خۆشحاڵی لەدۆزینەوەی من.

بەبینینی ئاگرەکە کەوتمە لەرزین. لەناو فیلمەکاندا بینیبووم گەشتیارە داماوەکان چۆن بەدەستی ئەم وەحشییانە گرفتار دەبن و دەکوژرێن. گومانم دەبرد منیش دەکوژن. چەندە تاڵبوو مرۆڤ بەدەستی ئەو ژنە جوانانە بکوژرێت و گۆشتەکەی لەژێر ددانە سپییەکانیان بجوورێت و

بخورێت. ئەم چاوەڕوانییە نیگەرانکەرە زۆری نەخایاند، چوونکە چەند خولەك دواتر هەمووان ڕوویان لەدەرگای کوخی ئەو ژنە جوانە کرد و دوو ڕیزی درێژیان تا بەرامبەر ئەو خاڵەی من لێی وەستابووم، پێکهێنا. سەرئەنجام ئەو دوو ژنەی لەچەپ و ڕاستی مندا بوون، قۆلیان گرتم و بۆ پێشەوەیان بردم. لەبەر ئەوەی هیچ ئیرادەیەکەم نەبوو، دوو سێ هەنگاو بەرەو ناوەڕاستی ڕیزی ژنەکان ڕامکرد و دووبارە وەستام و سەیری دوواوەم کرد. هێشتا بەتەواوی ئاوڕم نەدابووەوە کەژنەکان قۆلیان گرتم و بەرەو پێشەوەیان بردم، بەم شێوەیە بەڕاکێشان تا نیوەی ڕێگەی کوخەکەیان بردم.

زانیم دەیانەوێت بمبەن بۆ ناو کوخەکە، لەبەر ئەوە هیچ بەرگرییەکەم نەدەکرد.

لەم کاتەدا لومالوم بینی کە بەگوڵی سپی و پەڕی قاز خۆی ڕازاندبووەوە و خەرامان بەرەو لام دەهات.

هاوشێوەی بووك خۆی ڕازاندبووەوە و بەبینینی بەخێرایی ئەم بیرۆکە بەمێشکمدا هات کەلەوانەیە ببمە زاوا و خۆم ئاگادار نیم. بەدڵنیاییەوە سەرسوڕهێنەرتر لەم ڕووداوە بۆ کەس ڕووینەداوە.

گومانەکەم ڕاست بوو و بەپێی یاساکان دەبوا ببمە هاوسەری سەرۆکی هۆز. شانسم هەبوو چوونکە سەرۆك یەکێك بوو لەجوانترین ژنەکانی هۆزەکە. کاتێك ڕووبەڕووی یەك وەستاین، هاوشێوەی منداڵێك کە بووکەڵەیەکی جوانی بەدەست هێنابێت، بێتاقەت بوو. دەستەکانی بەخێرایی لەسەرسەری دەسووڕاند.

ئەوانی دیکە چەپڵەیان لێدەدا و شادییان دەکرد، بەڵام لەناکاو ئەو ژنە جوانەی کە لەکەنار دەریا بەتوڕەییەوە قسەی دەکرد، هات و ڕووبەڕووی لومالو وەستا و دەستی بەرەو لای دەریا درێژ کرد و وتی:

– ئابارم روتی میر.... ئابارم روتی میر....

ئەمە ئەو ڕستەبوو لەبەرم کردبوو، حەزم دەکرد بزانم واتەکەی چییە.

لومالو، هاوسەرە تازەکەم، وەڵامی نەدایەوە. هاوشێوەی جاری پێشوو بێدەنگ بوو، بەڵام بزەیەکی بۆ من گرت و دوای ئەوەی ئەو ژنە ڕۆشت، دەستی گرتم و بەئیشارە پێی وتم لەگەڵی برۆمە ناو کوخەکە. بەڵام هەم برسی بووم هەم تینوو. ئەو شلەمەنییە سپییەی کەدواتر زانیم گیراوەیەکە لەشیرەی سپی ناو نارگیل و چەندین شتی دیکە، تێری نەدەکردم. برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیبووم و بەدبەختانە زمانی ئەوانم نەدەزانی تا لەمەبەستەکەم ئاگاداریان بکەمەوە.

بەخوێنساردی و بێهێزی کەسەرچاوەکەی بۆ برسێتی دەگەڕایەوە، لەسەر حەسیری عەرزی کوخەکە دانیشتم و دەستم خستە سەر سکم.

هێشتا زانیاری وردم لەسەر ئەوان نەبوو، چواردەورم پڕ بوو لەشتە نامۆکان. بەڵام تەنیا خاڵی گرنگ ئەوە بوو خۆم تێر بکەم. کاتێك دەستم خستە سەر سکم، بیرم لەوە کردەوە لەزمانی نێو نەتەوەیی کەڵك وەربگرم. ئیشارە و ئاماژە یەکەم زمانی مرۆڤ بوو و منیش دەستبەجێ بەهاوکاری ئەم ئیشارانە، بابەتەکەم تێگەیاند.

سەرەتا دەستم لەسکمدا. تێنەگەشت. ئەویش سك و ناوکی نیشاندام. دواتر دەمم کردەوە و لەکاتێکدا بەدەستێك لەسکم دەدا، بەدەستەکەی

دیکەم ئاماژەم بۆ دەمم دەکرد. دەنگیش لەقورگم دەهاتە دەر. لەم کاتەدا تێگەیشت و دوای ئەوەی چەند خولەك پێکەنی، دەرگای کوخەکەی کردەوە و لەگەڵ دوو ژنی جوان قسەی کرد کە لەپشت دەرگاکە وەستابوون.

تا گەڕانەوەی ئەوان خولەکێکی نەخایاند. یەکیان مراوییەکی سوورەکراوی هێنا کە بەدارێك لەشیشیاندا بوو، و ئەوی دیکەیان چەند جۆر میوەی لەبەردەمم دانا. ئەوەندە برسی و بێهێز بووم، چاوەڕێی ساردبوونەوەی مراوییە برژاوەکەم نەکرد کەهێشتا دەنگی چزەچزی دەهات. بەددان گۆشتی مراوییەکەم لێدەکردەوە، هەرچەند خوێی پێوە نەبوو، نیوەم دەجووو یەکسەر قووتم دەدا.

لومالو لەبەرامبەرم چوارمشقی دانیشتبوو و زەق زەق سەیری دەکردم. ئەوەی لای ئەو سەرنجڕاکێش بوو، شێوازی خواردنی من نەبوو، چوونکە خۆیان بەو شێوە وەحشییانە نانیان دەخوارد، بەڵکو ئیشتیا و تامەزرۆییم بۆ خواردن بوو بووە هۆی سەرسوڕمانی ئەو. ئەو مراوییە برژاوە بێ خوێیە تێری کردم، بڕێك میوەم خوارد و تازە ئەو کات شەوی هەنگوینیمان دەستپێکرد.

بەپێچەوانەی وڵاتی خۆمان کەپیاوان نازی ژنانیان دەکێشا، ئەو نازی منی هەڵدەگرت، دەستی بەقژمدا دەهێنا و هاوشێوەی بوکەڵەیەك چاودێری دەکردم. دەیویست کارێك بکات لەخۆی و کوخەکەی ڕازی بم.

نیوەشەو کەهێشتا بەئاگا بووین، بەهەزار ئاماژە و ئیشارە تێمگەیاند زمانەکەیانم فێر بکات..

پێش هەر شتێك دەمویست بزانم لەکوێم و بۆ لەو دوورگە قەشەنگ و ڕازاوە هیچ پیاوێکی لێ نییە. جگە لەوانە هەزاران پرسیاری دیکەیش لەمێشکمدا گێنگڵی دەخوارد کەدەمویست وەڵامیان بۆ بدۆزمەوە. داوام لێکرد بەشێك لە وشە و ڕستەکانی خۆیانم فێر بکات و دەتوانن تێبگەن، بەچ بەدبەختییەك ئەوم لەمەبەستەکەم ئاگادار کردۆتەوە.

دوو شەو و ڕۆژ لەناو کوخەکەدا بووم، ئەوەندە کوخەکەم بەدڵ بوو حەزم نەدەکرد برۆمە دەر، بەڵام پێویستم بەپیاسە و ئارامکردنەوەی دەروون و هەڵمژینی هەوای جەنگەڵ هەبوو. جیاواز لەوە حەزم دەکرد لەگەڵ دانیشتووانی هۆزەکە قسە بکەم، چوونکە چەند وشەیەك فێر بوو بووم. دەرگا، دیوار، کوخ، خواردن، ژن، پیاو و فرمانەکانی وەك بوون، نەبوون، خواردن، دانیشتن و هەستان و تەنانەت هاوسەرگیری و عەشقبازی فێر بوو بووم. ماچکردن و ئەندامانی جەستەی مرۆڤم شارەزایانە لێپرسی و فێربووم.

بەڵام لومالو پێی وتم ئەگەر لەکوخەکە برۆمەدەر، یەکێك لەو دوو ژنە من بۆ خۆی دەبات و بەدژواری تێیگەیاندم کە ئەوان خوشکین و بەپێی یاسای ئەو هۆزە ئەگەر پیاوێك هاوسەرگیری لەگەڵ ژنێك کرد، بەڵام پێش حەفتەیەك لەماڵەکەی بێتەدەر، ژنەکانی دیکە دەتوانن ئەو پیاوە ببەنە کوخەکەیان و ئێستا خوشکەکانی لومالو کەحەزیان لەمن دەکرد، چاوەڕێن زووتر لەو کاتە لەکوخەکە برۆمەدەر و لەگەڵ خۆیان بمبەن. ئەوان دەبنە ژنەکانی دواتری من.

واتای چییە؟ ژنەکانی دواتری من؟ مەگەر چەند ژنم پێویستە؟ بەگشتی

ژنم نەدەویست. کێ پێی وتبوون ژنم دەوێت؟ ئەویش نە ژنێک، نە دووان، بەڵکو سێ ژن؟

هیچ زانیارییەکەم لەسەر ئەم یاسایە نەبوو. کاتێک وردە وردە زمانەکەیان فێربووم، تێگەیشتم. بەڵام چوونکە حەزم بەگەڕان دەکرد، دڵنەواییم کرد و لەکوخەکە هاتمەدەر. یەکێك لەو دوو ژنە لەگەڵ بینینم بەرەو لام هات. منیش دەستیم گرت، دەستی لومالویش لەدەستمدا بوو، ڕۆشتین بۆ گەڕان و ژنەکانی دیکەی هۆز لەدەورمان کۆبوو بوونەوە و خۆشحاڵی خۆیان دەر دەبڕی، بەڵام هەموویان بەبینینی من کەپانتۆڵ لەپێدا و کراسم لەبەردابوو، سەریان سوڕمابوو و پێدەکەنین. لەوانەیە گاڵتەیان پێکردبێتم.

ئەوان پێیان سەیر بوو چۆن دەکرێت کەسێك بێ هۆ جەستەی بەم شێوەیە داپۆشێت. ئەوان واتای سەرما و بەفریان نەدەزانی. نەهەستیان بەسەرما کردبوو، نەبەفریان بینیبوو، هەوای دوورگەی بەهەشت هەمیشە ١٨ پلەی سەدی بوو.

تەنیا کەسێك لەبینینی من لای لومالو و لەناو ژنەکانی دیکە هەستی بەناڕەحەتی دەکرد، ئەو ژنە جوانە، واتە کامینۆ بوو. ئەو تا چاوی بەمن و سەرۆکی جوانی هۆز دەکەوت، بەتوڕەیی و ناڕەحەتی دەیوت:

ئابارم روتی میر.... ئابارم روتی میر....

کاتژمێرێك بەڕێگەدا ڕۆشتین، دەرکەوت دوورگەی بەهەشت بەربلاو و بەرینە.

سەرئەنجام ئەو ڕۆژە گەشتینە شوێنێك کەچەندین تاڤگەی جوانی

لێبوو، ئاوێکی زۆر کە هەموو شوێنێکی بەجەنگەڵی چڕ داپۆشرا بوو، دەڕژا و لەسەر ڕێگەکەی چەندین تاڤگەی کورت و بڵندی دروست دەکرد.

خوشکەکانی لومالو دەیانویست زووتر بگەڕێینەوە. هەندێکات کە لەگەڵ هاوسەرەکەم بە تەنیا دەماینەوە و قسەمان دەکرد، دەمبینی ئەو دووانە لەسەر من شەڕیانە.

هەستم بەڕووداوەکە کرد، بەڵام لەلومالوم پرسی و وتی بەپێی یاسا ئەگەر پیاوێك زووتر لەکاتی خۆی لەکوخەکەی بێتەدەر، نیشانەی ئەوەیە ئەو ژنەی خۆش ناوێت و ژنەکانی دیکە دەتوانن ئەو پیاوە بانگهێشتیماڵەکەیان بکەن.

دەستبەجێ پلانێکم دارشت و خوشکەکانی لومالوم بانگکرد و بەدژواری تێمگەیاندن ئەگەر بیانەوێت وەك دوو ڕۆژی پێشوو لەپشت کوخەکە بمێننەوە، لێیان بێزار و تورە دەبم.

ئێستا چەندە قورس بوو بۆم تا بەو چەند وشەی فێری بوو بووم، ئەوان لەمەبەستەکەم ئاگادار بکەمەوە، بابەتێکی دیکەیە. بەڵام ئەوان باوەڕیان بەو قسەیە کرد و لەوێوە ڕاستەوخۆ بەرەو ماڵەکانیان گەڕانەوە و بڕیاریاندا بۆ ماوەی حەفتەیەك لەماڵەکانیان بمێننەوە.

بەمشێوەیە لەگەڵ لومالو لەئەرك و بەڵای ئەوان ڕزگارمان بوو و کاتی شەو، ئاسوودە گەڕاینەوە بۆ کوخەکە.

لەماوەی ئەو حەفتە بەشێکی زمانەکەیان فێر بووم. باشییەکەی لەوەدا بوو زۆربەی وشەکانیان یەك چاوگی هەبوو و تەنیا بەزیادکردن و کەمکردنەوەی بەشێك لەدەنگەکان، واتای جیاوازیان بەدەستەوە دەدا.

ئێستا کاتی ئەوە بوو وەڵامی پرسیارە قورسەکەم دەستکەوێت و وەڵامی پرسیارە بێ وەڵامەکانم لەلومالو وەربگرم.

دوورگەکەیان پیاوی نەبوو. دەیانوت دوورگەی بەهەشت بۆ منداڵی نێرینە (توما) شوومە. توما خوایەك بوو بەبڕوای ئەوان لەگەڵ بوونەوەرێکی ئاسمانی هاوسەرگیری کرد و بووە خاوەنی کوڕێك و کچێك. توما کچەکەی زیاتر خۆشدەویست و لەبەر ئەوەی کوڕ و کچەکە بەردەوام شەڕیان بوو، ڕۆژێك تورە بوو، کوڕەکەی هەڵگرت و دای لەشەقەی باڵ و هەڵفڕی و کوڕەکەی لەدوورگەکەی دیکە دانا کەنزیکەی دوو ڕۆژ لەدوورگەی بەهەشتەوە دوورە. پێی وت ئەگەر قاچی بگاتە دوورگەی بەهەشت، گرفتاری نەخۆشییەکی ترسناك دەبێت و دەمرێت. بەڵام دوای چەندین ساڵ کە توما پیر دەبێت، دڵتەنگی کوڕەکەی دەبێت و ڕێگەی پێدا لەماوەی ساڵدا تەنیا یەك حەفتە بێتە بەهەشت و بگەڕێتەوە.

لەو بەرواره بەدواوە پیاوان لەدوورگەی (دویس) لەسەد مایلی بەهەشت ژیان بەسەر دەبەن و ژنان لەو دوورگەیە دەمێننەوە. ساڵانە حەفتەیەك پیاوان دێنە بەهەشت و هەرچی پەیوەندی سۆزداری و خۆشەویستییە، لەو حەفتەیە کۆتایی دێت. دوای حەفتەکە پیاوان دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ دویس و کوڕانی تەمەن دە ساڵیش لەگەڵ خۆیان دەبەن و تا ساڵی داهاتوو ژنان لەبەهەشت بەتەنیا دەمێننەوە.

دوواپین شەو کە لەکوخی لومالو، هاوسەری یەکەمم بووم، پێشنیاریکرد و وتی:

– باشترە تۆ پێشکەشی کامینۆ بکەم.

وتم:

- من تۆم خۆشدەوێت، جیاواز لەوە مەگەر دەتوانم چەند ژنم هەبێت.

لومالو پێکەنی و وتی:

- لێرە پیاو دەتوانێت لانیکەم حەوت ژن بۆ حەوت شەوی حەفتە هەڵبژێرێت.

بەیانی ئەو ڕۆژە لومالو پەیامی بۆ کامینۆ نارد کەهاوسەرەکەت ئامادەیە و دەبێت بەڕێورەسمی تایبەت بێیت و بیبەی.

ئەو ڕۆژە تێپەڕی. هەوا تاریک بوو. لەم کاتەدا دەنگی تەپڵ بەرزبووەوە و کاتێك بۆ لێکۆڵینەوە هاتمە دەرەوەی کوخەکە، دیمەنێکی سەرنجڕاکێشم بینی.

چوار ژن لەکاتێکدا مەشخەڵیان بەدەستەوە بوو، لەپێشەوەی کۆمەڵێکی زۆر بەرەو ماڵی لومالو دەهاتن. لەپشت سەری ئەوان دوو کوڕی هەشت نۆ ساڵە تەپڵیان لێدەدا.

لەپشت سەری منداڵە تەپڵ لێدەرەکان، کامینۆ لەکاتێکدا جوانکاری کردبوو و بەپەڕی ڕەنگاوڕەنگ خۆی ڕازاندبووەوە، بەرەو لامان دەهات.

لەم کاتەدا لومالو هاتە پێش و هاوشێوەی کەسێك شێعر بخوێنێتەوە یا وتار بدات، وتی:

- من هاوسەری تۆ بووم. شەوانێکی دوورو درێژ هەناسەی گەرمی تۆم لەنزیك دەمم هەستپێکرد و هەناسەم لەسینەی تۆدا ڕۆچوو.

- ئەگەر لەتۆ منداڵم بوو، منداڵەکە دەبێتە منداڵی تۆ. خۆر،

پارێزەری من و منداڵەکەم دەبێت و جەنگەڵ و دەریا خوارنی بۆ دابین دەکەن. ئاسوودە و ئەرخەیان برۆ ماڵی هاوسەرە تازەکەت.

کامینۆ کە تا ئەو ڕۆژە پێداگری دەکرد لەوەی تەسلیمی دەریام بکەنەوە، ئێستا لەتاو خۆشحاڵی کلکە لەقێی بوو.

ئەو وەفدەی بۆ پێشوازیم هاتبوون، وەك ئەوانەی بۆ بردنی بووك دێن، منیان بردە ماڵی کامینۆ و ڕۆشتن. تا ئەو کاتەی کوخەکە چۆڵ بوو و بەتەنیا ماینەوە، بەوردی سەیری ئەندام و قژ و ڕوخساری کامینۆم دەکرد.

بەڕاستی جوان بوو، کەمەری باریك و باڵای بەرز و ڕێك. بچووکترین ئیراد لەڕوخساری نەدەبینرا و لەسەیرکردنی ڕوخساری تێر نەدەبووم.

بەڕاستی ئەم دوورگە نەناسراوە کە تەنانەت ناوەکەیم نەدەزانی، جێگەیەکی دلگیر بوو. ڕۆژانە ڕاومان دەکرد. لەگەڵ ژنان بەکۆمەڵ لەناو حەوزی مراوییەکان مەلەمان دەکرد، یا دەڕۆشتینە دەوروبەر و لەدەریاچە بچووك و گەورەکانی دوورگەکە، ڕاوە ماسیمان دەکرد.

ئەگەر ناوی سەرزەمینەکەیان بەدوورگەی ژنە وەحشییەکان ناو دەبەم، لەبەر ئەوە نییە مرۆڤخۆرن، بەڵکو لەبەر ئەوەیە لەشارستانییەت بەدوور بوون. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵمدا هاوکارییان بکەم.

نەمدەزانی تا کەی لەم سەرزەمینە دەمێنمەوە، لەوانە بوو ناچار بم ساڵێك یا دوو ساڵ یا تا کۆتایی تەمەن لەوێ بم، لەبەر ئەوە بیرمکردەوە باشترە لەزانیارییەکانم بۆ ئاسانکردنی ژیانی ئەوان کەڵك وەربگرم.

ژیانیان زۆر سەرەتایی بەڵام خاوێن بوو. چۆنیەتی سوورکردنەوەی

دەفرە گڵینەکانم فێرکردن. ڕۆژێك کورەیەکەم دروستکرد و گڵی باشترم هێنا و دەفرم لێ دروستکرد. دەفرەکە بەڕادەیەك بەهێز بوو بوو کەتەنانەت کاتێك لەدەستیان دەکەوتەخوار، نەدەشکا.

شێوەی سەرەتایی دەفرەکانم گۆڕی و گۆزە و پەرداخم بۆ دروستکردن تا لەکاتی ئاو خواردنەوە سەریان نەخەنە نا سەرچاوە و حەوز و جۆگەکان.

پێشتر وتم خواردنەکانیان بەگشتی بێ خوێ بوو. چەند ڕۆژی یەکەم لەماڵی لومالو، بەهۆی خواردنی بێخوێ، تووشی حاڵەتی ڕشانەوە دەبووم و بۆ ئەوەی بتوانم خواردنەکان بخۆم، چاوەڕێم دەکرد تا برسێیەتی تەنگم پێ هەڵچنێت. کاتێك برسێتی ئازاری دەدام، خواردنەکەم دەخوارد تا هەست بەبێ خوێیی خواردنەکە نەکەم. دواتر ڕاهاتم. حەفتەیەکیش لەماڵی کامینۆ مامەوە. حەفتەی سێیەم لەماڵی کچێکی جوان بووم. ئەم کچە ناوی لوچی بوو، یەکەم هاوسەرم بوو هێشتا کچ بوو.

لوچی زیاد لەڕادە خۆشی دەویستم و لەکۆتایی حەفتە کاتێك کامینۆ دووبارە هات تا بمباتەوە بۆ کوخەکەی، کەوتە سەر دەست و پێی کامینۆ بەڵکو بتوانێت پەشیمانی بکاتەوە.

بەزۆری لەگەڵ سێ هاوسەرەکەم لەپیاسە و گەڕان بووم، ئەوان، هەرچەند ئێرەییان بەیەك دەبرد، هەوڵیان دەدا ڕەزامەندیم بەدەست بهێنن.

ڕۆژێك لەکوێستان پیاسەمان دەکرد. لەناکاو چاوم بەخاڵێکی چیاکە

کەوت کە بەپێچەوانەی شوێنەکانی دیکە ڕووتەن بوو و لەژێر تیشکی هەتاو دەبریسکایەوە.

بۆ لێکۆڵینەوە هاوسەرەکانم بەبرژاندنی کەباب سەرقاڵکردن و خۆم سەرکەوتم.

وەك هەستم کرد ئەوێ کانی خوێ بوو. خوێی بەردینی تازە و بریقەدار کەدڵنیام لەهیچ شوێنێکی جیهان هاوشێوەی دەستناکەوێت.

پارچەیەکی گەورە خوێم هەڵگرت و هاتمەخوار. کاتێك گەیشتم، لومالو ئاگری پێکردبوو و کامینۆ دەیویست گۆشتی نێچیرەکە ببرژێنێت.

پێم وت چاوەڕێ بکە. هەرسێ چاوەڕێ بوون.

بۆ ئەوەی بتوانم بۆ خواردنی خوێ هانیان بدەم، وتم:

– ئەمە بەردێکە فریشتەکانی خوا لەئاسمانەوە دەیهێنن بۆ سەر زەوی و بۆ ئەوەیە خواردنی خۆمانی پێ بەتام بکەین.

– وتم چاوەڕێ بکەن ئێستا کاریگەری لەسەر خواردنەکە دەبینن.

کەمێك لەبەردەکەم شکاند. خستمە سەر تەختەبەردێك و بەبەردێکی دیکە سەرقاڵی کوتانی بەردە خوێیەکە بووم. چەند خولەك دواتر مشتێك خوێ ورد و درشت دروست بوو. کەبابەکەیان لەشیش دابوو و دەیانویست بیخەنە سەر ئاگرەکە. خوێم بەنیوەی گۆشتەکەوە کرد و نیوەیم بێ خوێ دانا. کاتێك گۆشتەکە برژا، سەرەتا لەبێ خوێکەم پێدان و دواتر کەمێك لەخوێ لێدراوەکەم پێدان کەزیاد لەڕادە بەتام بوو.

چەند چرکەیەك لەناو دەمدا تامیان کرد. چاوەکانیان دەبریسکایەوە و کاریگەری خوێم لەناو چاوەکانیان بینی. لوچی بەتامەزرۆییەکی کەم وێنە

گۆشتەکەی خوارد و وتی:

– فریشتەکانی خوا کەبابەکەیان بەتام کردین. ئەوان هەموو کارێك دەزانن و تۆیش فێر دەکەن..

خوێی کوتراو و بەردە خوێکەمان هەلگرت و گەڕاینەوە بۆ هۆزەکە. لەڕێگە بۆم ڕوونکردنەوە کەخوێ تایبەتمەندی دیکەی هەیە.

پرسییان:

– تایبەتمەندی چی؟

وتم:

– تایبەتمەندی خوێ ئەوەیە هەموو جۆرە گۆشتێك بۆ چەندین کاتژمێر و ڕۆژ هەڵدەگرێت بێ ئەوەی کرم تێی بدات یا بۆگەن بکات.

بەمشێوەیە گرنگی خوێ بۆ هەموویان ڕوونبووەوە و بەکارهێنانی بوو بەشتێکی ئاسایی. منداڵەکان دوای ئەوەی شوێنی کانەخوێکە فێر بوون، پۆل پۆل دەڕۆشتن و بەردی خوێیان دەهێنایەوە بۆ ناو هۆزەکە.

دوای ماوەیەك هاوسەری پێنجەمم هەڵبژارد و کاتێك دەمویست لەناو جەنگەڵدا پیاسەیەك بکەم، پێنج ژنی جوانی نیوە ڕووت بەدوامەوە بوون.

بۆ ڕێگرتن لەبەکاربردنی زێدەڕۆیانە و بێهەدەیی خوێ و چۆنیەتی بەکاربردنی دروستی، یەکێك لەهاوسەرەکانم وەك لێپرسراوی ئەنبار دەستنیشانکرد.

رۆژێك لەگەڵ ژن و منداڵەکان، لەقەدی دارەکانماڵێکمان دروستکرد و ڕادەستی هاوسەری چوارەمم کرد تا وەك ئەنباری خوێ کەڵکی لێ وەربگرێت.

ڕۆژێك کە لەکوێستان پیاسەم دەکرد، جۆرە بزنە کێوییەکی بەهێز و گەورەم بینی. بەلوچیم وت: دەمەوێت چەند دانە بزنە کێوی بگرم. ئەو ڕێگەی ئەم کارەی لێگرتم و وتی:

- مەترسیدارە.

بەڵام بەپێچەوانەی وتەکانی، لەبەر ئەوەی ئاژەڵەکانی ئەوێ لەلایەن مرۆڤەکانەوە زیانیان پێنەگەیشتبوو، کەمتر لەمن دەترسان و سێ ڕۆژ دواتر توانیم پێنج بزنی نێر و مێی بە بەستراوی بهێنمەوە بۆ ماڵ.

شوێنێکم بۆ دابینکردن. حەسارێکم بەدار بەدەوریانا دروستکرد.

مانگێك دواتر دوان لەبزنەکان کاتی زاوزێیان بوو، شیرێکی زۆریان پێداین. هاوسەرەکانم کەشیری ئاژەڵەکانیان نەخواردبوو و هەرگیز باوەڕیان نەدەکرد شلەمەنییەکی خۆش و بەتامی هاوشێوەی ئەمە لەناو جەستەی ئاژەڵاندا هەبێت، نەیاندەتوانی خۆشحاڵی خۆیان بشارنەوە. هەموو ڕۆژێك دەهاتن و داوای شیریان دەکرد.

بەڵام تەنیا بەوەوە نەوەستام، هەوڵمدا تا ئەو جێگەی دەتوانم کەرەستەکانی ئاسانکاری ژیانی ئەوان ئامادە و دابین بکەم.

## ٢

هەرچەند بەکارهێنانی خوێ دەبوو بەشتێکی باو، کێشەکان زیاتر دەردەکەوتن، چوونکە پێویست بوو چەند کەس دابنیشن و بەو بەردانەی ئامادەم کردبوو، خوێ بکووتن. ئەم کارەماندووکەر و ناڕەحەتکەر بوو، لەبەر ئەوەی دەستی ناسکی ژنان بەهۆی بەرکەوتن لەگەڵ خوێ و زەختی بەردەکان بریندار و تاوڵی ورد و بچووکی دەردەدا.

بۆ ئاسانکردنی کاری کوتانی خوێ، بیرم لەوە کردەوە ئاشێکی بچووک دروست بکەم. بۆ داتاشینی بەرد و کونکردنی، پێویستم بەئامرازێك بوو. چەکوش، بزمار و شتی دیکەم پێویست بوو کە لەو سەرزەمینە بەردەست نەدەکەوت. تەنیا ئامرازی کانزایی ئەوان سەری ڕم و خەنجەر و شمشێر بوو کە زۆر بەشێوەیەکی سەرەتا و لەئاسنی نەرم دروستیان کردبوو.

ڕۆژێك کە ئاهەنگێکیان سازکردبوو — من تەنیا پیاوی هۆزەکە لەناویاندا دەسووڕامەوە و لەگەڵ ژنان گاڵتەم دەکرد— بینیم کوڕێکی منداڵ پارچە ئاسنێك بەبەرد دەکوتێت و بەو دەنگەی لێی بەرز دەبووەوە، هەستی بەخۆشحاڵی دەکرد. ڕۆشتمە لای و ئاسنەکەم لێوەرگرت. پرسیم:

– ئەمەت لەکوێ هێناوە؟

بەپەنجە کوێستانەکەی نیشاندا.

وتم:

– دەتوانی بمبەیت بۆ ئەوێ.

وتی:

– بەڵێ، هەر ئێستا.

پێکەوە بەڕێکەوتین. دوای دوو کاتژمێر گەشتینە چیاکە و بەو پەڕی سەرسوڕمانەوە بینیم کانێکی ئاسنی لێیە و بەردەکانی بڕێکی زۆری ئاسنی تێدایە.

لەهەندێ شوێن بەهۆی کاریگەری بورکان یا هەورە برووسکە، بەردەکان توابوونەوە و ئاسنی ساف دروست بوو بوو، بەڵام پێویست بوو دووبارە لەناو کورەدا بپاڵێورێت.

بەخێرایی بیرم لەدروستکردنی کورە کردەوە و چەند ڕۆژ دواتر کورەیەکەم دروستکرد و بەهەزار بەدبەختی توانیم ئاسنی ڕووت دروست بکەم. بۆ تواندنەوەی بۆ نمونە پەنجا کیلۆ ئاسن، چەندین داری گەورەم دەسووتاند و بۆ ئەوەی گەرمی کورەکە کۆتایی نەیەت و لەناو نەچێت، کورەکەم بەشێوەی دوو دیوارە دروستکرد و دیواری دەرەوەم بەو قوڕەی سواڵەتمان پێدروست دەکرد، سواغدا.

لەکاتی ئەم کارانە لومالو و کامینۆ و لوچی و چوار هاوسەرە تازەکەم بوونیان هەبوو. ئێستا خاوەنی حەوت ژن بووم. هەر شەوێکی حەوتەم لەماڵی یەکێکیان بەسەر دەبرد و چیتر شەوێك نەمابووەوە تا بتوانم

ژنێکی دیکە بهێنم، بەڵام ژنانی هۆزەکە کۆڵیان نەدەدا و لەسووچ و کەنارەکانی جەنگەڵ بەپێشکەشکردنی دیاری منیان بانگهێشتی ماڵەکانیان دەکرد.

لەو پارچە ئاسنانەی بەدەستم هێنابوو، چەکوش و سندانێکی گەورەم دروستکرد.

لەوە بەدوا، دروستکردنی بزمار و سەری رِم و تیر و شتەکانی دیکە بەئاسانی ئەنجام دەدرا و هەروەها دروستکردنی بەردی ئاشیش کارێکی ئەستەم نەبوو.

لەناو ماڵە دارینەکە، ئاشێکم دروستکرد و دووان لەژنەکانم فێر کرد چۆن ئاشەکە بەگەڕ بخەن.

خواردنی خەڵکی دوورگەکە تەنیا گۆشتی باڵندەکان و هەندێکات ماسی بوو. بڕیارمدابوو جۆراوجۆری لەخواردنەکانیان دروست بکەم و لەبەر ئەوە، دوای ئەوەی ماوەیەك بەناو جەنگەڵدا سووڕامەوە، بڕێك سەوزە و دانەوێڵەی وەك فاسۆلیا و نۆکم پەیدا کرد و بۆ زیاترکردنی، بەشێکیم لەزەویدا چاند و بەشێکم کوڵاند و سەرەتا خۆم خواردم و دواتر دەرخواردی ئەوانمدا، بەڵام لەبنەڕەت بیرم لەدروستکردنی نان دەکردەوە بەڵام بێ بوونی گەنم دژوار بوو.

جموجۆڵ کەوتە ناو هۆزەکە و چیتر ژنان بێکار نەبوون لەبەردەم هەتاو دانیشن و گوڵ بکەن بەپەتەوە. هەرکام کارێکی ئەنجام دەدا و زۆربەیان هاوشێوەی ئەو ماڵە دارینەی بۆ ئەنبار دروستم کردبوو، ماڵیان بۆ خۆیان دروستکرد. دەیانوت ئەم ماڵە کە لەدار دروستکراوە، دەتوانێت لەکاتی

تۆفان بمانپارێزێت و ئەوانی دیکە سەرقاڵی دروستکردنی تۆڕی ماسی گرتن یا دەفری گڵین دەبوون.

ژمارەیەکم بۆ زیاترکردنی مراوییەکان ڕاسپارد. پێشتر هەرکات برسییان دەبوو، بیریان لەڕاو دەکردەوە و ئەم کارە هەمیشە دەبووە هۆی ناڕەحەتی و کێشە، بەڵام بەهۆی ئەو تەڵە و داوانەی دروستم کرد، ژمارەیەکی زۆر مراوی وەحشیم ڕاو کرد و پەڕی ئەوانم لێکردەوە و لەشوێنێکی گەورەی سەرداپۆشراو بەرەڵام کردن. ئەم کارە دوو سوودی هەبوو، یەکەم ئەوەی هەرکات بۆ مەبەستی خواردن پێویستمان بەمراوی هەبوایە، لەبەر دەست بوو، دووەم ئەوەی وردە وردە مراوییەکان لەوێ هێلکەیان کرد و ئێمەیش سوودمان لەهێلکەکان دەبینی و وردە وردە ژمارەی مراوییەکان زیادی کرد.

سەبارەت بەماسیش پلانێکی هاوشێوەم پیادە کرد. تا ماوەیەك ڕۆژانە لەگەڵ ژمارەیەك لەژنەکان بەتۆڕ ڕاوە ماسیمان دەکرد و دواتر ماسییەکانمان دەخستە ناو حەوز و دەریاچەی بچووکی ناو دوورگەکە و بەم شێوە وەچەی ماسییەکان لەناو حەوز و دەریاچەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبوو.

بەگرتنی چەند مانگای وەحشی توانیم گایەلەکەم زیاتر بکەم و شیر و گۆشتی ئەم ئاژەڵانە بووە هۆی جۆراوجۆری خواردنەکانمان.

ئەو دوورگەی کەهێشتا ناوەکەی نازانم یەکێك لەخۆشترین و دڵگیرترین ناوچەکانی جیهان بەرچاو دەکەوت.

چەندین تاڤگە، دەریاچە و دیمەنی سەرنجڕاکێشی هەبوو. هێشتا

تاڤگەی گەورەی دوورگەکەم نەبینیبوو، بەڵام کامینۆ باسی دەکرد و دەیوت تاڤگەیەکی لێیە کە لەسەرەوەی چیاکە دەڕژێت و بەڕادەیەک بەرزە، کاتێک ئاوەکە دەگاتە خوار، دەبێتە گەردیلەی زۆر بچووک و دەڕژێتە سەر گەڵا و دارەکانی دەوروبەر.

ڕێگەی گەیشتن بەو تاڤگە وەك باسیان دەکرد دژوار بوو. کێشەکە لەوەدا بوو چەندین سەدە پێشتر لەو بەرزاییە ترسناکە بۆ قوربانیکردنی کەسەکان کەڵکیان وەردەگرت. بەڵام چوونکە ئەو کارە، کاری پیاوانە و پیاوانیش ساڵی تەنیا حەفتەیەك لەو دوورگە دەمێننەوە، چیتر کەس بەو سزایە حوکم نەدەدرا.

ڕۆژێك کاتێك لەپیاسە دەگەڕامەوە، هەستمکرد لەناو گژ و گیای چڕ، چاوم بەچەند گوڵە گەنمێك کەوت.

گژوگیا بەڕادەیەك لێك ئاڵاو و بەرز بوون، ئەگەر کەسێك دەڕۆشتە ناوی، ون دەبوو و بەدژواری دەیتوانی ڕێگەکەی بدۆزێتەوە. ڕۆشتمە سەر تاشەبەردێك و بەوردی سەیرم کرد. بەخۆشحاڵییەوە چەند چڵە گەنمێکم بینی. دڵنیابووم یا گەنمە یا جۆ، لەخۆشحاڵیدا کلکە لەقێم بوو.

بەخێرایی شوێنەکەم نیشانە کرد و گەڕامەوە بۆ هۆزەکە. کامینۆ و لومالو و لوچی و چوار هاوسەرەکەم هەرکام سەرقاڵی کارێك بوون. ڕۆشتمە لای لوچی کە لەهەموویان جوانتر و وشیارتر بەرچاو دەکەوت.

پێم وت:

– لەگەڵم وەرە.

گومانیکرد بەمەبەستی عەشقبازییە. خۆشحاڵ بوو، خۆی فشکردەوە و

لەکاتێکدا شانازی بەسەر ئەوانی دیکەدا دەکرد، بەڕێکەوت. تەنافێکی بەهێزم لەئەنبارەکە هەڵگرت و پێکەوە بەڕێکەوتین و کاتێك گەشتینە شوێنی دیاریکراو، سەری تەنافەکەم لەکەمەرم بەست و بەلوچیم وت:

– بەقایمی سەری ئەم تەنافە بگرە، دەڕۆمە ناو ئەو گژ وگیا. هەرکات تەنافەکەم ڕاکێشا، تەنافەکە کۆ بکەرەوە، تا بتوانم ڕێگەکەم بدۆزمەوە.

نەیدەزانی دەمەوێت چی بکەم، بەڵام ڕازی بوو، لەسەر بەردێك دانیشت و سەری تەنافەکەی بەدەستەوە گرت. ڕۆشتمە پێش، بەئارامی لەناو گژوگیاکە ڕێگەم دەبڕی. ئاژەڵی دڕەندم لەناو دوورگەکە نەبینی بوو، بەڵام لوچی دەیوت لەناو گژوگیاکان، ماری زۆر هەیە. مارەکان بچووك بەڵام کوشندە و مەترسیدارن.

گژ و گیا ئەوەندە بەرز بوو، تا نیو مەتر لەسەر سەرمی دا دەپۆشی. سەری گژوگیاکان لەسەرەوە لێك دەئالان و ون دەبووم. ئەگەر بێ تەناف دەڕۆشتمە ئەوێ، بەدڵنیاییەوە نەمدەتوانی بگەڕێمەوە.

کاتێك گەشتمە شوێنی دیاریکراو، زیاد لەڕادە خۆشحاڵ بووم، چوونکە بڕێك گەنمم لەناو گژوگیاکان بینی. نەمدەزانی ئەو گەنمە چۆن و بەهۆی کام باڵندەوە کەوتۆتە ئەوێ. لەوانەبوو لەشوێنەکانی دیکەی دوورگە گەنمی دیکەی لێ بێت. لەوانەیە چەندینساڵ پێش، یا چەندین سەدەی پێش، خەڵکی ئەم ناوچە شارەزای کشتوکاڵ بوو بن. بەهەرحاڵ بوونی ئەو چەند چڵە گەنمە کەبەرزییەکەیان دەگەیشتە دوو مەتر، شیاوی بڕواپێکردن نەبوو.

هەر چلێك نزیکەی سەد و پەنجا دەنکە گەنمی تیا بوو، شتی هاوشێوە لەجیهان نەبینراوە و نەبیستراوە. چلێکم شکاندەوە و گەنمەکەم جیاکردەوە. دەنکی گەنمەکە، دوو بەرابەری گەنمی ئاسایی و لەوانەیە گەورەتریش بوو بێ.

لوچی کاتێك منی بینی، گومانیکرد شێت بووم، چوونکە ئەوەندە خۆشحاڵ بووم، لەهیچ شوێنێکدا جێم نەدەبووەوە. نزیکەی کیلۆیەك گەنمم لەدەستدا بوو، ئێستا دەبوا بیچێنم و بەکار بهێنم.

بۆ شەو هاوسەرەکانم کۆکردەوە. حەوت ژنی جوان لەناو کوخەکەم دانیشتبوون. کورسی و مێزم بەدار دروستکردبوو و شێوەی دانیشتن لەسەر کورسیم فێر کردبوون.

کاتژمێرێك سەبارەت بەگەنم و دروستکردنی قسەم بۆ کردن. کامینۆ حەزی پێ نەدەکرد. لومالویش ئەوەندە وشیار نەبوو، بەڵام لوچی و خوشکەکانی لومالو بەڵێنیاندا لەم کارەدا هاوکاریم بکەن.

بۆ بەیانی لە لقی جۆرە درەختێك کەدارەکەی ڕەق بوو، گاسنم دروستکرد و بەکامینۆم وت لەسەر گاسنەکە دانیشێت تا قورس ببێت. دواتر لەجیاتی گا، گاسنەکەم لەخۆم بەست و شێوازی کارەکەم فێری لوچی کرد.

تا دەمەو نیوەڕوو، نزیکەی دۆنمێك زەویمان کێڵابوو.

بەڵام تەنیا یەك کیلۆ گەنمم هەبوو. زۆرتر یا کەمتری ئەو کیلۆ گەنمەم لەزەوییەکەدا چاند، سەریم داپۆشی تا مەل و باڵندەکان نەیخۆن. لوچی بەدرێژایی ئەو ماوەیە سەیری دەستەکانی دەکردم.

دڵنیابووم بەزوویی گەنم سەوز دەبێت بەلاّم ئەگەر دەمویست لەم کارە بەردەوام بم، دەبوا کەڵك لەئاژەڵەکان وەربگرم.

کاروباری کێڵگەی دانەوێڵەم بەژنەکان سپارد، بەلاّم بەهۆی گرنگی گەنم، ڕۆژانە سەردانی کێڵگەی گەنمەکەم دەکرد. لاسکی گەنم لەژێر هەتاوی سووتێنەر و ئاوی زۆر و بارانی لافاودا، بەخێرایی گەشەیان دەکرد و گەورە دەبوون.

خەملاّندم ئەگەر هەر چڵە گەنمێك بەهەمان ئەندازە گەنم بدات، دەتوانم لەیەك کیلۆ گەنم، یەك تەن گەنم کۆبکەمەوە.

لەولاّتانی ئەورووپی و لەوانەیە لە ناوچەکانی دیکە، ئەم ژمارەیە شیاوی بڕوا پێکردن نییە، بەلاّم لەو دوورگە دەست لێنەدراوە، لەگەڵ هەتاوی سووتێنەر و ئاوی فراوان و ژینگەی لەبار، دڵنیابووم لەکیلۆیەك گەنم، یەك تەن گەنم دەچنمەوە.

سێ مانگ دواتر گەنم شین بوو. سەری چڵەکان لەبەر قورسی ڕوویان لەزەوی کردبوو و لاسکەکانیان دەشکاند. بەشێکی گەنم بەمشێوەیە بەفیڕۆ چوو، بەلاّم کاتێك دروێنەم کرد و خەرمان و شەنم کرد و گەنمم هێنا بۆ ئاشەکە، نزیکەی شەشسەد کیلۆ گەنم دەبوو. تەنیا جیاوازی ئەوە بوو دەنکی گەنم زۆر گەورەتر بوو لەو دەنکانەی چاندبووم.

شەوێك دانیشتم و چەند کیلۆ گەنمم کرد بەئارد و دواتر هەویرم دروستکرد. پێشتر تەنوورم دروستکردبوو. کاتێك نان ئامادە بوو، بەبۆنە دڵگیرەکەی، سەرمەست بووم و پارچە نانێکم بەگەرمی خستە دەمم، بەجۆرێك زمان و دەم و لێوم بلۆقی کرد. ژنەکانم سەرەتا حەزیان لەنان

نەبوو، بەلاّم دواتر لەدەستی یەکیان دەڕفاند.

دوای ماوەیەك چۆنیەتی دروستکردنی نانم فێری چەند ژنێکی وشیار کرد و مالێکم کرد بەنانەواخانە. ئەم دووکانە بەهۆی پێشوازی بێ وێنەی ژنان، بەیانی تا شەو نانیان دەکرد.

ڕۆژگارێکی خۆشم بەسەر دەبرد. هەر ڕۆژە و ئاهەنگێکمان ساز دەدا و بەبۆنەیەك، شادیمان دەکرد.

بەلاّم لەهەموویان خۆشحالتر بووم، چوونکە یەکەم لەجەنگ ڕزگار بوو بووم، جیاواز لەوەش، دەمتوانی لەگەلّ هەر ژنێك کەبخوازم، هاوسەرگیری بکەم. جگە لە کامینۆ و لومالو و لوچی کەزۆرم خۆشدەویستن، بەردەوام چوار ژنەکەی دیکەم دەگۆڕی. بیرم چوو خالێکی گرنگ باس بکەم، ئەویش ئەوەیە لەو ماویەدا لێکۆلینەوەی وردم لەسەر گژوگیا و ئالیکی دوورگەکە دەکرد.

جۆرێك (شبتی) لێبوو کەبۆنەکەی دلگیر بوو و کاتێك دەستمان لێدەدا، دەستمان چەور دەبوو. زانیم ئەم ڕووەکە ڕۆنی هەیە و ئەگەر بتوانم دەنکەکەی بەدەست بهێنم، لەوانەیە بتوانم ڕۆن و چرا دروست بکەم.

ئەو ڕۆنەی کۆمکردەوە، لەناو دەفرێك دامنا و لەجیاتی پلیتە پەتم بەکار برد و هەلمکرد. بەبوونی چرا، چیتر پێویستی نەدەکرد ژنەکان لەگەلّ تاریکبوونی هەوا بخەون. بەلکو ئەو شەوانەی مانگەشەو نەبوو، تا درەنگانی شەو لەبەر ڕووناکی چراکان دادەنیشتن.

لەوانەیە گرنگ نەبێت ناوی هەموو ئەو شتانە ببەم کەبۆم دروستکردن، ئەوان پێشتر لەسەر زەوی دەخەوتن، بەلاّم دۆشەکەم بۆ دروستکردن،

پێپەتی بوون، و بەناچاری تەنیا لەهەندێ شوێنی تایبەت دەیانتوانی بڕۆن، بەڵام لەپێیستی بزنی وەحشی پێڵاوم بۆ دروستکردن، شانەی دارینم بۆ دروستکردن تا بتوانن قژیان دابهێنن و ڕێکی بخەن.

یەکێك لەڕۆژەکان، بزنە کێوییەك نەخۆشکەوت و ئەو ئاژەڵە لەو تەویلەی بۆمان دروستکردبوو، کەوت. بۆ ئەوەی ئەگەر نەخۆشییەکەی مەترسیدار بێت و ئاژەڵەکانی دیکە تووش نەبن، لەتەویلەکە خستمەدەر. ئەو بەستەزمانە بەشەلە شەل هەڵات. بەدوایدا ڕۆشتم چوونکە دڵنیابووم نەخۆشی و لاوازی ڕێگەی پێنادات زۆر دوور بکەوێتەوە. لەدوایێنی چیاکە بینیم ڕۆشتە ناو ئالیکەکان و بەئیشتیاییەکی نەشیاو بۆ وەسف دەستی بەخواردن کرد.

پێکەنیم و بەخۆم وت:

- بەم حاڵەی، چۆن دەتوانێت بەو شێوەیە ئالیك بخوات. جیاواز لەوە هەموو شوێنێکی ئەم ناوچە پڕە لەئالیك، بۆ دەبێت ئەم بزنە برسی بێت و تەنیا لەم ئالیکە بخوات.

بینینی ئەم دیمەنە سەرنجی ڕاکێشام، بەدوای بزنەکەدا ڕۆشتم، بەڵام کاتێك لێی نزیکبوومەوە، بەو پەڕی سەرسوڕمان بینیم، بزنەکە وەك ئەوەی نارەحەتی و نەخۆشی نەبێت، هەڵبەز و دابەزیکرد و هەڵات.

بیرۆکەیەکەم لادروست بوو، بەخۆم وت:

- لەوانەیە کاریگەرییەك لەم ڕووەکەدا هەبێت کە نەخۆشی و ئازارەکان لەناو دەبات.

بەشێك لەگەڵا و لقی ڕووەکەکەم لێکردەوە و هێنام. دەمزانی ئەو

ڕووەکەی ئاژەڵ بیخوات، بۆ مرۆڤیش بێ زیانە. ڕۆژێك یەکێك لەژنانی هۆزەکە، تووشی ژانە سەر بوو، تاقیکردنەوەم لەسەر ئەنجامدا و بەشێك لەگەڵای وشکی ئەو ڕووەکەم کوتا و دەرخواردمدا. بەخێرایی ژانە سەرەکەی هێور بووەوە. چەند جارێکی دیکە تاقیمکردەوە و بۆم دەرکەوت کاریگەری ئارامکەرەوەی بەهێز لەو ڕووەکەدا هەیە.

جگە لەوە گوڵی سووری وەحشیم دەستکەوت. دەمزانی گوڵی سور مۆرفین و چەندین ماددەی سڕکەری دیکەی تێدایە. گوڵ و لاسکی گوڵەکەم هێنایەوە و لەسووچێکدا شاردمەوە. هەڵبەت بڕێکی زۆر دەرمانی بێهۆشکەر و ئارامکەرم پێبوو و ئەمە ئەو دەرمانەیە بەهەر مەلەوانێکی دەدەن تا لەکاتی پێویست کەڵکیان لێوەربگرێت، بەلام ئەو دەرمانەی لەناو قووتوویەك و لەگیرفانمدا بوو، کەم بوو و دەمویست بەکەڵك وەرگرتن لەتایبەتمەندی دەرمانی ئەمە ڕووەکانە دەرمانخانەیەك بۆ چەند هەزار ژنی نیشتەجێی ئەم دوورگەیە دروست بکەم تا لەکاتی پێویست ئازار و ئێشەکانیان کەم بکەمەوە.

بەلام لێکۆڵینەوەم لەسەر ڕووەکەکان و کارەکانی دیکە، پچڕانی تێکەوت، چوونکە لەزمانی ژنەکانەوە بیستم، کاتی هاتنی پیاوەکان نزیك بۆتەوە.

نزیکبونەوەی وادەی هاتنی پیاوەکان، ترسێکی سەیری لەدڵدا دروستکردم کەناتوانم وەسفی بکەم.

کامینۆ لەگەڵ ئەوەی هەستیکرد هاتنی پیاوەکان نزیکبۆتەوە، دوژمنایەتی خۆی لەگەڵ من و لومالو ئاشکرا کرد. بەشێك لەژنەکانیش

کەنــەیانتوانیبوو بـۆ هاوســەرگیری ڕازیــم بکــەن، بەشـێوەیەکی خـراپ هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکردم. بیرم لەوە کردەوە کاتێك پیاوەکان بگەنە دوورگــە، پــێش هــەر شــتێك دەمکــوژن، چــوونکە ئەگــەر ژنــەکان و سەرۆکەکەیان پێشوازییان لێکردم، دڵنیابوم پیاوەکان ئـەو کـارە ناکـەن. لەبەر ئـەوە، ئـەو کاتـەی ژنـەکان بـۆ پێشـوازیکردن لـەپیاوان کەوتبوونە جموجـۆڵ، بـیرم لـەوە کـردەوە سـیلاحێك بـۆ خـۆم دروسـت بکـەم کـە کاریگەری لەسیلاحە ئاساییەکانی ئەوان زیاتر بێت و لە ئەگەری ڕوودانی هەر ڕووداوێك بتوانم بەرگری لەخۆم بکـەم. بیسـتبووم پیـاوانی دوورگـەی دویـس، جگـە لـەڕم هـیچ جـۆرە چـەکێکی دیکـەیان نییـە. بـەخێرایی دەسـتبەکار بـووم و تیروکـەوانێکم دروسـتکرد. چـێوی کەوانەکـەم لەبەهێزترین چێوەکان زێکەیم لەڕێخۆڵـەی تـواوە و تیرەکـانم لـەڕەقترین دارەکـان دروسـتکرد. سـەری تیرەکـانم لەئاسـن دروسـتکرد و لـەکاتی تاقیکردنـەوە بـۆم دەرکـەوت زیـاتر لەپـەنجا مـەتر دەڕوات. لـەقۆناغی دواناوەندی فێری تیرهاویشتن بوو بـووم. بەئاسـن خەنجـەر و شمشـێرێکم دروسـتکرد، تیغـی خەنجـەر و شمشـێرەکە بەبـەردی ڕەش سـوو و دواتـر خستمە ناو کـورە. ئاوەکـەیم گـرت و لـەناو شـلەمەنییەکەی ڕەشڕەنگ و چەوری هاوشێوەی نەوت، ئاومدا.

بەخۆشحاڵییەوە تیژی خەنجەر و شمشێرەکەیش باش بوو. بەلێدانێك لقێکی حەوت یا هەشت سانتیمەتری دارێکـی دەقرتانـد، تـەنیا داخـم بۆ ئـەوە دەخـوارد کەنـەمتوانی بـوو دەمانچـە یـا چـەکێکی گـەرم لـەناو کەشتییەکە هەڵبگرم، چوونکە چەکێکی گەرم بەس بوو بۆ ئەوەی هـەموو

پیاوانی دویس ناچار بەتەسلیم بوون بکات.

پێشتر بیرم لەوە کردبووەوە کاتێک پیاوەکان گەڕانەوە، داوایان لێبکەم، بمێننەوە، چوونکە دەمزانی ئەگەر گوێڕایەڵ بن و بمێننەوە، دەتوانم بەپشتبەستن بەهێزی ئەوان دوورگەکەکە بکەمە بەهەشت و هەموو کەرەستەکانی ژیانێکی ئاسوودە و شارستانی بۆ خەڵکەکەی دابین بکەم، بەڵام کاتێك وادەی گەڕانەوەی پیاوەکان نزیکبووەوە، هەستمکرد بارودۆخیان زیاتر دەشڵەژێت. کامینۆ کەزانیم هاوشێوەی لومالو هاوسەری سەرۆکی هۆزی دویسە، لەیەکەم ڕۆژەوە چارەی منی نەدەویست، هەرچەند ئەو کاتەی بووە هاوسەرم، خۆشحاڵی و ڕەزامەندی نیشان دەدا، بەڵام کاتێك زانی وادەی گەڕانەوەی پیاوەکان نزیکبوەتەوە، بەتەواوی منی لەبیرکرد. لومالو هەرچەند دەمزانی خۆشیدەوێم، لەبەر ئەوەی لەسەرۆکی هۆزەکە دەترسا،خۆی لەمن بەدوور دەگرت.

ئەو ڕۆژەی بڕیاربوو پیاوەکان بگەڕێننەوە، چەکەکانم هەڵگرت و ڕۆشتمە سەر چیاکە. هیچکام لەهاوسەرەکانم نەهاتن جگە لەلوچی کەتەمەنی هەژدە ساڵ بوو و زیاد لەڕادە خۆشیدەویستم و چوونکە پێشتر هاوسەرگیری نەکردبوو، لەکەس نەدەترسا.

دەمارگیری و غیرەت، ئاگری لەگیانم بەردەدا. شەش ژنەکەم ڕۆشتبوونە پێشوازی پیاوان.

دەمویست دەسەڵاتی ئەوەم هەبێت یاسایەك دابنێم کە کەس نەتوانێت چاوی تەماح ببڕێتە ژنەکانم. بەڵام کاتێك ئەم بیرۆکە لەزەینمدا دروستبوو، پێکەنیم، بەڕاستی پێکەنیناوی بوو. لەدوورگەیەك کە دوورگەی کەسانیتر

و خانەخوێ کەسانێکی دیکە بوون، حەوت ژنی جوانم داگیر کردبوو، ئێستا دەمەوێت یاسایەك دابنێم کە کەس چاوی تەماح نەبڕێتە ژنەکانم.

لوچی منی بردە شوێنێکی کوێستانەکە کە لەوێوە دەریا و بەشێکی زۆری دوورگەکە دەبینرا. شوێنێکی سەرنجڕاکێش بوو. بیرم لەهەموو شتێك کردەوە و بەخۆم وت:

– ئەگەر زیندوو مامەوە و توانیم پیاوەکان گوێڕایەڵ و ملکەچ بکەم، لەم شوێنە کۆشکێك بۆ خۆم دروست دەکەم، شوێنێك کە بەیەك ئەندازە لەزەوی و ئاسمانەوە دوور بم.

لەسەرەوەی چیاکە لەگەڵ لوچی دانیشتبووم و قسەمان دەکرد و چاومان بڕیبووە ئاسۆی دوورە دەست کە لەناکاو لوچی وتی:

– سەیرکە جیبوانی، پیاوەکانی دویس دێن.

هەستامە سەر پێ و لەسەر تاشەبەردەکە، سەیری دەریام کرد. لەدوورەوە، چەندین خاڵی ڕەش دەبینرا.

لەخوارەوەیش دەنگی هەلهەلە و هاتوهاواری خۆشحاڵی ژنەکان دوورگەکەی پڕ کردبوو. ژنەکان بەلەمەکانی بووکێنیان خستبووە ناو ئاو و بەدەم سەوڵ لێدانەوە لەکەنارەکانی بەهەشت دوور دەکەوتنەوە. پێشتر وتم ئەمە ڕووداوێکی گەورە بوو و ساڵی جارێك لەژیانی ژنانی دوورگەکە ڕوویدەدا و دوای حەفتەیەك دووبارە بێدەنگی باڵی بەسەر ناوچەکەدا دەکێشایەوە.

بەخێرایی بەلەمەکان لەکەنار دوورکەوتنەوە، زیاتر لەپەنجا بەلەم بوو. چەندین بەلەمی گەورەیش لەناویاندا دەبینرا و بەبینینیان داخم دەخوارد

کە بۆ زووتر لەبوونی ئەو بەلەمانە ئاگادار نەبوومەتەوە، چوونکە دەمتوانی یەکێك لەبەلەمەکان هەڵگرم و لەگەڵ لوچی بڕۆم پێش ئەوەی بەدەستی پیاوانی هۆزەکە بکوژرێم.

لەگەورەترین بەلەمەکان کەپڕ بوو لەگوڵی ڕەنگاوڕەنگ، لومالو بەجوانکارییەکی تایبەت دانیشتبو و سەری بەپەڕی ڕەنگاوڕەنگی مەلە جەنگەڵییەکان ڕازاندبووەوە.

کاتێك بەلەمەکەی لومالو لەکەنار دوورکەوتەوە، بینیم هەستایە سەر پێ و ئاوڕی بۆ دوورگە و چیاکە دایەوە و سەیری ئەو شوێنەی کرد کەمنی لێبووم و بەدەست ماڵئاوایی لێکردم. دەمزانی لومالو هێشتا منی خۆشدەوێت بەڵام لەترسا بەرەو پیری پیاوەکان دەڕوات.

کامینۆ سوار لەسەر بەلەمەکەی تەنیشی بوو. قژی بەشێوەیەکی تایبەت ڕازاندبووەوە و تەنیا پەڕێکی حەوت ڕەنگی بەپرچییەوە هەڵواسیبوو.

لوچی هەناسەیەکی هەڵکێشا و وتی:

- تۆ کە لەسەرزەمینی دوورەکانەوە هاتووی و ئەو هەموو شتە دەزانی و ژیانی ئێمەت گۆڕی، جادوو نازانیت؟

بیرمکردەوە و نەمدەزانی چی وەڵام بدەمەوە. ئەم پرسیارە زۆر ئەحمەقانە بەرچاو دەکەوت، بەڵام بۆ لوچی گرنگ بوو.

ژنانی هۆزەکە گومانیان دەکرد من جادووگەرم و ئەم شتانە لەشەیتانەوە فێر بووم. پێیان سەیر بوو چۆن دەزانم شلەمەنییەکی سپی ڕەنگ لەناو گوانی بزندا هەیە و یا چۆن دەزانن ئەگەر بەردێکی سپی

بکوتم و لەخواردنی بدەم، خواردنەکە بەتامتر دەبێت، یا چۆن عەقڵم بەوە دەگات دوو بەرد کون بکەم و دارێکی تێبخەم و ئاش دروست بکەم، یا ئەگەر دانەوێڵە لەزەوی بچێنم، چەند مانگ دواتر، دەتوانم چەند بەرابەری بچنمەوە، یا چۆن بەپەروەردە کردنی مراوی، دەتوانم سوود لەگۆشت و هێلکەکەیان وەربگرم. وەڵامی ئەم پرسیارانە، لای ئەوان نامۆ و بیریان لێدەکردەوە.

لوچی کاتێك بیدەنگی منی بینی، دووبارە پرسی:

– تۆ کە ئەو هەموو جادووە دەزانی، ناتوانی کارێك بکەیت (تاچامانی) بمرێت؟

وتم: بۆ ناتوانم، ئەو کارە ئاسانە.

لوچی لەخۆشحاڵیدا هەستایە سەر پێ و وتی:

– بەڕاست دەتوانی، کەواتە ئەو کارە بکە.

هاوشێوەی کەسێکی لووتبەرز وتم:

– زۆر باشە ئەو کارە دەکەم. بەمزوانە دەبینی چۆن دەیکوژم. جادوویەك دەکەم تاچامانی هاوشێوەی مار لەخۆی بئاڵێت و بخزێتە ناو کونی دیوار.

بەدوای ئەو گفتوگۆ ئەحمەقانە و بێ واتایە، دووبارە چاوم بڕییە دەریا. بەلەمەکانی پیاوانی دویس بەتەواوی نزیك بوو بوونەوە.

کاتێك بەلەمی پیاوان و ژنان لەیەك نزیکبوونەوە، خۆیان هەڵدایە ناو ئاوەکە و بەمەلە کردن بەرەولای یەك ڕۆشتن.

لوچی وتی: ئەوانەی خۆیان هەڵدایە ناو ئاوەکە، هەموویان کچن و

پیاوەکانیش هەموویان کوڕن. ئەو کوڕانەی بۆ یەکەمجار ژن دەبینن. لای ئەوان یەکەمین عەشق سەرنجڕاکێشە. لوچی هەناسەیەکی هەڵکێشا.

وتم:

- پەشیمانی لەوەی بوویتە هاوسەرم؟

وەڵامیدایەوە:

- نە، نە، بەڵام دەترسم بتکوژن و من بەرنە لای چامانی.

بەلەمەکان بەیەك گەشتن و هێرشی پیاوان بۆ لای ژنان دەستیپێکرد. لەوێوە دیمەنی سەیری عەشقبازی و ماچوموچ و گاڵتە و مەلەکردنم دەبینی. بەم دۆخە، بەلەمەکان ڕێگەی کەناریان گرتەبەر و ئەو کەسانەی نەیانتوانیبوو بڕۆنە پێشوازی یا بەلەمیان نەبوو، دەرکەوتن.

چیاکە جۆرێك بوو، درەختەکان دەبوونە لەمپەڕی بینین و چیتر نەمدەتوانی شتەکان لێك جیا بکەمەوە. دەنگی جیاواز لەناو جەنگەڵەوە دەبیسترا، بەڵام نەمدەزانی خاوەنی دەنگەکان کێن و چین.

چەند کاتژمێر تێپەڕی. وردە وردە هەوا تاریك دەبوو. لوچی مەلێکی برژاند کەڕاوم کردبوو، پێکەوە خواردمان و لەسەر تاشەبەردێکی داپۆشراو بەگەڵا خەوتین. شەوێکی دلگیر بوو. لەسەرەوەی چیاکە ئاسمان بەجوانی دەبینرا. باسی ئەستێر و ئاسمانم بۆ لوچی دەکرد و بۆ ئەوەی نەترسێت، باسی هێز و بوێری خۆم کرد و کاتێك مانگ دەرکەوت و هاوشێوەی سینییەکی خڕی زیوی لەپانتایی شینباوی ئاسمان دیارکەوت، چاوەکانی لوچی قورس و پێڵوەکانی کەوتەسەر یەك.

دوای نیوکاتژمێر منیش خەوتم و تا بەرەبەیانی فێنك بەئاگا نەهاتم.

لوچی هەمیشە بەیانییان زوو لەخەو هەڵدەستا، بەلام ئەو ڕۆژە خەوتبوو. خەوی خۆش و قورس بوو، دڵم نەهات بەئاگای بهێنمەوە. تیروکەوانەکەم هەڵگرت و لەو دەوروبەر دەسووڕامەوە تا باڵندەیەك شتێك ڕاو بکەم.

هێشتا چەند خولەك تێنەپەڕی، دەنگی قیژەی ژنێکم بیست و بەدوای ئەوە، قەرەباڵغی و دەنگە دەنگی کۆمەڵێك ژن و پیاو بەرز بووەوە.

بۆ بینینی ڕووداوەکە، ڕۆشتمە سەر بەرزترین تاشەبەردی چیاکە، بەلام هیچم نەبینی. دەنگی قاوەقیژ هێشتا بەگوێ دەگەیشت و بەڕادەیەك زۆر بوو، لوچیش بەئاگا هاتەوە و خەواڵوو بەرەولای من هات و وتی:

— چی بووە؟ چی ڕوویداوە؟ خەوم بینی جەماعەتێك دەیانەوێت بتکوژن. دڵنەواییمکرد و وتم:

— مەترسە، هیچ ڕووینەداوە و زیندووم. بەلام هەستم بەنیگەرانی دەکرد.

دووبارە دەنگی هاتوهاوار بەرزبووەوە و کاتێك بەوردی گوێم گرت، بینیم دەنگی قیژەکە، دەنگی لومالوە. لوچیش بۆچوونەکەمی پشتڕاست کردەوە.

لەم کاتە کە لەگەڵ لوچی سەرقاڵی گفتوگۆ بووین، دەنگێك لەناو دارەکان بەگوێ گەیشت. وەك ئەوەی ژمارەیەك بەرەو لای ئێمە بێن.

بەخێرایی تیروکەوانەکەم هەڵگرت و لەپشت تاشەبەردێك خۆم حەشاردا. بەدەنگی بەرز وتم:

— مەیەنە پێش، دەکوژرێن.

لوچیشم لەپشت تاشەبەردەکە شاردەوە.

لوچی بەهێواشی وتی:

– تاچامانی کۆمەڵێکی ناردووە بۆ ئەوە بتگرن و بتبەن بۆ لای. تۆ دەبێت هەرچۆنێك بووە، خۆت دەرباز بکەی چوونکە تاچامانی کەسێکی خوێنخۆر و بێبەزەییە و ئەگەر بتگرێت، بەدڕندانەترین شێوە دەتکوژێت.

دووبارە دەنگی خشەی پێ بەگوێ گەیشت. لێدانی دڵم خێراتر بوو و هەستمکرد دوایین ساتەکانی ژیانم بەسەر دەبەم، بەڵام بڕیاریمدابوو بەرگری بکەم و بۆ ئەوەی چۆنیەتی بەکاربردن و هێزی تیروکەوانەکەمیان نیشان بدەم، تیرێکم خستە ناو کەوان و دارێکم کردە نیشانە و کاتێك سێبەری یەکەم کەس دەرکەوت، تیرەکەم هاویشت.

تیرەکە لەدارەکە چەقی. چەند ژن و پیاو کەهاتبوونە پێش، بەبینینی ئەم ڕووداوە سەیرە ڕاچڵەکین و کشانەوە.

– کێن؟ چیتان دەوێت؟

دەنگی خوشکەکەی لومالو، هاوسەرە کۆنەکەم ناسیەوە کە لەپشت دارێکەوە وتی:

– جیبوانی منم، ڕێگە بدە بێمە لات. گیانی لومالو لەمەترسیدایە. کامینۆ و تاچامانی دەیانەوێت لەسەر تاڤگەکەوە هەڵیدەنە خوار. هاتووم تا..... بەبیستنی ئەم قسانە لەناکاو دڵم داکەوت و شڵەژام.

وتم:

– وەرە پێش، مەترسە.

وتی:

– تەنیا نیم، چەند پیاوم لەگەڵدایە.

وتم:

– کێشە نییە، وەرن.

چیتر نیگەرانی خۆم نەبووم. تەنیا دڵم بۆ لومالو دەسووتا، چوونکە دەمزانی لەبەر من سزای دەدەن، لەکاتێکدا ئەگەر ئەو نەدەبوو بەفەرمانی کامینۆ دووبارە منیان دەخستە ناو دەریا و دەمردم. خوشکەکەی لومالو و دووکەسی دیکە هاتنەپێش.

چاوەڕێ بووم ئەو دووپیاوە پەلامارم بدەن، ئەوان باڵابەرز، ئەندام ڕێک، جەستەیەکی ماسولکەیی و بەهێزیان هەبوو. بەڕوخساریان لەشەرکەرێکی بەتوانا دەچوون، بەڵام هیچ جووڵەیەکیان نەکرد و دەرکەوت یا خۆشەویست یا هاوسەری ژنەکان و تەنیا وەك هاوەڵ لەگەڵیان هاتوون.

بۆ ئەوەی دڵنیابم لەوەی هیچ زیانێکیان نییە یا نایانەوێت ناکاوگیرم بکەن، بڕیارمدا تاقییان بکەمەوە و پێش ئەوەی نزیك ببنەوە، دووبارە تیرێکم خستە ناو کەوان و لەنێوان ئەوان، دارەکەم کردەوە بەنیشانە.

تیرەکەم هاویشت و لەنێوان ئەو دووکەسە ڕۆشت و لەدارەکە چەقی. سەرەتا سەیری یەکیان کرد و دواتر لەجیاتی ئەوەی بگەڕێنەوە و پرسیارێك لەمن بکەن، یا پەلامارم بدەن، بەرەو لای تیرەکە ڕۆشتن و پشکنینیان بۆ دەکرد.

حەپەسابوون کەچۆن تیرێك بەو خێراییە لەدەستی من دێتەدەر و لەو دارە دەچەقێت.

بەمشێوەیە دڵنیابووم ئەوان کاریان بەمن نییە و ئەگەر لەگەڵ ژنەکان هاتوون، تەنیا بۆ ڕابواردن و خۆشگوزەرانییە. چوونکە زانیم هەردوو ژنەکە، لەو حەفتەیە تایبەتن بەوان.

خوشکەکە لومالو بەگریان ڕووداوەکەی گێڕایەوە و وتی:

– کامینۆ دوێشەو لەگەڵ تاچامانی بوو، لەکاتێکدا دەبوا تاچامانی سەرەتا لەگەڵ لومالو بووایە. ئەمە وەك ئیهانەکردنی لومالو بوو کەسەرۆکی دوورگەی بەهەشتە. بەڵام گرنگیمان پێنەدا و نیوەشەو، نازانین کامینۆ چی بەتاچامانی وت کە لەناکاو لەکوخەکەی هاتەدەر و لومالوی لەناو ئەنباری خوێ و گەنم هێنایەدەر و دارکاریکرد.

– ئەوەندەی لێدا، لەمردن نزیکبۆتەوە. هەمان سات گەڕان بەدوای تۆ دەستی پێکرد. تاچامانی توڕە بوو و دەیوت ئەم شەیتانە کێیە ئەم ماوە زۆرەی لەگەڵ ژنان بەسەر بردووە و خواوەندی خۆر زیانی پێ نەگەیاندووە.

– دووان لەپیاوەکان بەرگرییان لەلومالو کرد، بەڵام بەفەرمانی تاچامانی ئەو دوو پیاوە قۆڵبەست کران.

لێرەدا خوشکەکەی لومالو بەقوڵپ دەگریا و وتی:

– ئەمڕۆ دەیانەوێت لومالو و ئەو دوو پیاوە لەسەرەوەی تاڤگەکە هەڵدەنە خوار. ئێمە بەگریان و پاڕانەوە نێوەنجیگریمان کرد و وتی بەمەرجێك لەکوشتنی ئەمانە چاوپۆشی دەکەم کەجیبوانی بەقاچی خۆی بێت و خوازیاری مەرگ بێت. ئێستا هاتووینە لای تۆ، تا بێیت و بەپشت بەستن بەهێزی جادوو، ڕێگری لەکوشتنیان بکەیت.

دۆخێکی چاوەوەڕوان نەکراو هاتبووە ئاراوە، ئەگەر نەدەڕۆشتم، وەك کەسێکی ترسەنۆك و بێ وورە لەقەڵەم دەدرام. لەلایەك لومالوم خۆشدەویست، جیاواز لەوە، لەبەر هەموو چاکی و زەحمەتەکانی، دڵم بۆی دەسووتا چوونکە خوشکەکەی دەیوت ئەگەر تا نیوەڕوو نەڕۆم، تاچامانی فەرمان دەدات هەموو شتەکانت بسووتێنن. کورەکان، ئەنبارەکان، ئاش و تەواوی بزن و سەرئەنجام کێڵگە کشتوکاڵییەکانت لەناو دەبەن.

پیاوێکی وەك تاچامانی ئەم کارانەی لێدەوەشایەوە لەبەر دوژمنی لەگەڵ من یا لومالو، شوێنەواری ئەو شارستانییە کەمەی دروستم کردبوو، لەناو ببات.

نازانم لەو کاتەدا ڕوانینی ژن و پیاوەکان چ کاریگەرییەکی لەسەر دانام، لەناکاو هەستم بەبوێرییەکی تایبەت کرد و وتم:

- با بڕۆین، دەڕۆمە لای و ڕووبەڕووی دەبمەوە.

بیرم لەوە دەکردەوە ئەگەر کەمێك زیرەك بم، نەتەنیا ناکوژرێم بەڵکو دەتوانم بەشێکی زۆری ژنان و پیاوان بکەمە هاورێی خۆم و تاچامانی لەپۆستەکەی لاببەم و جڵەوی کاروبارەکان بگرمە دەست.

لوچی هەم خۆشحاڵ بوو هەم دەترسا. خۆشحاڵ بوو لەوەی دەیبینی چەندە بوێر و چاونەترسم و دەترسا لەوەی تاچامانی زیانم لێ بدات. بەهەرحاڵ من لەپێش و ئەوان لەدواوە بەرەو جەنگەڵ و لەجەنگەڵەوە ڕێگەی هۆزەکەمان گرتەبەر.

لەدواوایین بەشی بەرزاییەکانی چیاکە، لەناکاو کۆمەڵێك پیاوی چەکدار

هێرشیانکردە سەرمان و ڕم بەدەست چواردەوریان گرتین.

ئەو پیاوانەی لەگەڵ خوشکەکانی لومالو هاتبوون، بەبینینی ئەوان هەڵاتن و منیان بەتەنیا جێهێشت.

تیر و کەوان و شمشێر و ڕمەکەیان لێسەندم و دواتر پێش خۆیان خستم و بەڕێکەوتین.

بەمشێوەیە من کەچەند مانگ لەخۆشترین ساتەکانی ژیانم لەدوورگەی بەهەشت بەسەر بردووە، درکم بەوە کرد قۆناغی خۆشییەکان کۆتایی هاتووە و لەمەودوا، ئەگەر بەدەستی ئەوان نەکوژرێم، ڕۆژە سەخت و دژوارەکان چاوەڕێم دەکەن.

لەتەنیشت تەویلەی بزنەکان قەرەباڵغی دەرکەوت. دەستە دەستە ژن و پیاو و منداڵەکان دەهاتن تا لەم دۆخە تازە بمبینن.

بۆ پیاوەکان بینینی من سەرنجڕاکێش بوو، چوونکە یەکەمجار بوو بوونەوەرێکی سپی پێستی موو زەرد و مرۆڤێکی جیاواز لەمرۆڤەکانی هۆزەکەی خۆیانیان دەبینی، بەڵام ژنەکان دەیانوست لەو دۆخە تازەدا بمبینن.

لەبەردەم کوخەکە، ئاش و ئەنباری خوێ کەدواتر دوو بەشی تازەم بۆ هەڵگرتنی گەنم و زاوزێی مراوییەکان دروستکردبوو، تاچامانی لەسەر یەکێك لەو کورسییانەی بۆ خۆمم دروستکردبوو، دانیشتبوو. لەولاتر چەند دارێکیان لەزەوی چەقاندبوو.

لومالویان بەیەکێك لەدارەکان و دوو پیاوەکەیان بەدوو دارەکەی دیکەوە بەستبوو کە بەگوناهی بەرگریکردن لەمن گرفتار بوو بوون.

کاتێك تاچامانی چاوی پێمکەوت، لەشوێنەکەی هەستاو هاتەپێش، بەتوڕەیی و بێزارییەوە سەیری کردم و دووبارە گەڕایەوە بۆ شوێنەکەی و دانیشت. پیاوێکی چوارشانەی سەرزل بوو، ناوشانی پانی دەبووە هۆی ترساندنی کەسی بەرامبەر.

کامینۆ لای کورسییەکەی وەستابوو، وەك پێشتر چەند پەڕی بەپرچەکانییەوە هەڵواسیبوو. ڕوانینەکانی لێوانلێو بوو لە لووتبەرزی و خۆ بەزلزانین. وەك ئەوەی بخوازێت بەنیگاکانی پێم بڵێت هیچ پیاوێك لەجیهاندا نییە لەبەردەم جوانی ئەو سەری کوڕنوش دانەنەوێنێت.

شکستی لومالو، بەستنەوەی دەستەکانی و هێنانی من، لەو کارانە بوو کەغرووری بریندار و ڕووشاوی ئەوی سارێژ دەکرد.

ئەو پێشتر کە لە بینینی لومالو بەبەستراوی چێژی وەردەگرت، بەبینینی من لەناو بازنەی پیاوە چەکدارەکان، نوقمی شادی بوو. بریسکەیەکی تایبەتم لەچاوەکانی بینی و کاتێك بەئەنقەست چاوم بڕییە چاوی، بێ ئەوەی هەست بەشەرمەزاری بکات، سنگی دەرپەڕاند و خۆی ئاوساند و هەوڵیدا بەنیگاکانی ماندووم بکات و سەرکەوتوو بوو، چوونکە لەسەیرکردنی بێزار و ڕووم وەرگەڕاند. سەیری تاچامانیم دەکرد.

پیاوێکی سی ساڵە بوو، کڵاوێکی ڕازاوەی بەپەڕی ڕەنگاوڕەنگ لەسەر کردبوو و بەغرووریکی شاهانە، دەستی خستبووە کەمەری.

نازانم چی لەناخی تاچامانیدا بوو کە بەبینینی لەرز دایگرتم. هاتەپێش و پرسی لەکوێ بووم و لەکوێوە دێم، چۆن دەریاکانم بڕیوە و لەسەر دەستی تۆفانەکان و لەتەنیشت هەورە برووسکەکان هەڵفڕیوم و خۆم

گەیاندۆتە دوورگەی بەهەشت.

بڕوای وابوو من شەیتانم و لەشوێنێکی دوور دەست کە جەهەننەمی خواوەندە، هاتووم تا داب و نەریتەکانی ئەوان پێشێل و لەناو ببەم.

تێمەگەیاند کە لەسەرزەمینێکی دوورەوە هاتووم بەڵام هاوشێوەی ئەو مرۆڤم.

پرسی ئەم کارە چۆن فێر بوویت؟ چۆن دەتزانی لەجەستەی بزنە کێوی شلەیەکی سپی ڕەنگی بەتام بوونی هەیە؟ چۆن توانیت لەبەردەکان ئاسن دروست بکەیت، نان بکەیت، هێلکە دروست بکەیت و پرسیاری هاوشێوەی دیکەی دەکرد و دەیوت ئەم کارانە، کاری تایبەت بەشەیتانەکان و جادووگەرانە.

لەسەرخۆ وەڵامی هەموو پرسیارەکانم دایەوە و بۆم سەلماند کەشەیتان یا جادووگەر نیم، بەڵکو هاوشێوەی ئەو مرۆڤم و چارەنووس منی گەیاندۆتە ئەو ناوچە.

تاچامانی بڕوای بەقسەکانم نەکرد، بەڵام چەند سائێك بیریکردەوە و دواتر وتی:

— چەندین ساڵە سەرۆکی هۆزی پیاوانم. نەریتی ئێمە بەو شێوەیە کەسەرۆك لەنێوان بەهێزترین پیاو هەڵدەبژێردرێت و ساڵی یەکجار ئەو کەسانەی خوازیاری سەرۆکایەتین، شەڕی دەستەویەخە دەکەن و هەرکەس توانی شکست بەبەرامبەرەکەی بهێنێت، وەك سەرۆك هەڵدەبژێردرێت. ئێستا پێنج ساڵە سەرۆکی هۆزەکەم و هەرکەس خوازیاری سەرۆکایەتی بووە، بەدەستی من کوژراوە. کاتی ئەوەیە تۆیش

بەختی خۆت تاقی بکەیتەوە، چوونکە لەنەبوونی من هاتوویتـە دوورگەکـە و هاوسەرگیریت لەگەڵ ژنـەکانم کـردووە و ڕێـوڕەسمی تـازەت هێناوەتـە ئاراوە و لەڕاستیدا خۆت کردۆتە سەرۆکی هۆزەکە.

بەبیستـنی ئـەو قسـانە زراوم چـوو، هەرچـەند بـەهۆی چـەندین سـاڵ خزمـەتکردن لـەهێزی دەریـایی چـالاك و بـەتوانا بـووم، بـەڵام دڵنیـابووم لەشەڕی دەستەویەخە لەگەڵ ئەم دێوزەمە شکست دەخـۆم و دەکـوژرێم، بەڵام جگە لەڕازیبوون هیچ چارەیەکی دیکەم نەبوو و دەبوا بـەختی خۆم تاقی بکەمەوە.

بەفـەرمانی تاچـامانی دوو تـەوری گـەورە و قورسـیان هێنـا، یـەکیانی هـەڵگرت و ئـەوی دیکـەی دا بـەمن. دواتـر هـەمووان دوورکەوتنـەوە و گۆڕەپانەکەیان بۆ شەڕی ئێمـە دووانـە چـۆڵکرد. ئـەو شـەڕی مـافی ژیانی بەیەکمان دەبەخشـی و لـەوی دیکـەی دەسـەندەوە. شـەڕێك کـە شکست دەبووە هۆی مەرگ، بەڵام سەرکەوتن دەبووە هـۆی ئـەوەی نەتـەنیا وەك سەرۆکی هۆزەکە دەستنیشان بکرێیت، بەڵکو هەزاران پیـاو و ژنـت لـەژێر دەستدا دەبێت.

پێشتر وتم تاچامانی کەسێکی بـەهێز بـوو، بـەڵام منـیش نەمدەویست ژیانم لەدەست بـدەم و بڕیارمـدا ئێسـتا کـەوەك ئـەو بـەهێز نـیم، بەکـەڵك وەرگرتن لەوشیاری خۆم، شکستی بدەم.

## ٣

تاچامانی کە لەسەرکەوتنی خۆی دڵنیابوو، سەرەتا بەهێواشی هێرشی دەهێنا و بۆ ترساندن و نیگەرانکردنی من، هەندێکات بەدەنگی بەرز دەینەڕاند.

دڵنیابووم لەشەڕە تەور پێی دەدۆڕێم. لەبەر ئەوە تەواوی هەوڵی خۆم بەکار برد بۆ ئەوەی تەورەکەی بشکێنم و بێ سیلاح ڕووبەڕووی ببمەوە.

ئەو کاتەی لەهێزی دەریای بووم، ماوەیەك ڕاهێنانی زۆرانبازیم دەکرد. ئەم زۆرانبازییە وەك دەزانن بریتییە لەکۆمەڵێك فەن و تەکنیکی ورد کە ئەگەر کەسێك بیزانێت، دەتوانێت ئەو کەسانە شکست بدات کەچەند بەرانبەر لەخۆی بەهێزترن، بەڵام کێشەی سەرەکی شکاندنی تەورەکە و قورسی کێشی تاچامانی بوو.

چەند مەتر لێی دوور بووم و هەردووك بەئارامی بەدەوری ئەو گۆڕەپانە دەسووڕاینەوە کەخەڵکەکە دروستیان کردبوو. دەمزانی بەو هێرشە بچووکانەی دەیەوێت شەکەت و ماندووم بکات و دواتر بەپەلامارێکی لەناکاو لەناوم بەرێت، بەڵام لەناکاو پەلاماریدام و لەکاتێکدا تەورەکەی بۆ سەرم دەهاویشت، دەنگێکی بەرزی لەسنگی کردەدەرە. ئەگەر بەخێرایی

خۆم دوور نەخستایەتەوە، هاوشێوەی تۆپی قارپێن، چەند مەترێك هەڵیدەدام.

مانەوەی بەردەوامی من لەو دوورگە ، بەتەواوی سست و لاوازی کردبووم، بەڵام چوونکە دۆخەکە هەستیار بوو، پلانێکم دارشت و بەخێرایی تەورەکەیم کردە ئامانج و لەبەر ئەوەی گومانی دەکرد هاوشێوەی خۆی تەنیا پەلاماری جەستەی دەدەم، تەنیا گرنگی بەپاراستنی گیانی دەدا نەك تەورەکەی. چەندجارێك وشیارانە بەرپرچی پەلامارەکانی دەدامەوە و هێرشی دەکردە سەرم.

ئەگەر مرۆڤ تەورێك بەدەستەوە بگرێت و بخوازێت دارێکی ئەستوور ببڕێتەوە، بەدڵنیاییەوە کەمتر شەکەت و ماندوو دەبێت لەوەی بێ مەبەست تەورەکە بەسەر سەری بسوورێنێتەوە. هەردووك بەتەواوی شەکەت و ماندوو بووین و عارەق لەجەستەمان دەباری.

لەناکاو تاچامانی بەهاتوهاوار هێرشیکردە سەرم، بەدبەختانە هاوسەنگی خۆم لەدەستدا و تەورەکەم لەدەستکەوت. ئەو، ئەم دەرەفەتەی قۆستەوە و تەورەکەی بۆ هاویشتم. بەڵام خۆم لادا و تەورەکەی لەزەوی چەقی. هاوشێوەی کەسێك خۆی هەڵداتە ناو حەوزی ئاو، لەچەند مەترییەوە خۆی هەڵدا و بەدەستە زل و ئەستوورەکانی بەتوندی قورگی گرتم.

هەناسەم بۆ نەدەدرا و بەرچاوم تاریك بوو. دەنگی قەرەباڵغییەکە دەوروبەرمان هاوشێوەی خەو بەگوێم دەگەیشت. گوشار و زەختی دەستەکانی تاچامانی سات لەدوای سات زیاتر دەبوو، هەستمدەکرد توانای بەرگریم نەماوە و ماسولکەکانم سست دەبن، بەڵام رێك لەو کاتەی دەمویست کۆتایی بەهەوڵەکانم بهێنم و تەسلیمی چارەنووس ببم، دەنگی هاواری لوچیم بیست کەدەیوت:

- جییوانی خۆڕاگربە، ئەگەر تەسلیم ببیت، ئێمەیش دەکوژێت.

ئەم دەنگە وەك ئاوی سارد کە دەیکەن بەسەر کەسێکی بێهۆشدا، کاریگەری لەسەر دانام. لەساتێکی کورت، هەستم بەو دۆخە مەترسیدارە کرد و لەبەر ئەوەی لەژێر جەستەی زەبەلاحی تاچامانی توانای جوولەم نەبوو، دەستەکانم کۆکردەوە و بەهەموو هێزی جەستەم و خۆشەویستیم بۆ ژیان و و ڕزگاربوون لەمەرگ، لەهەردوولاوە، لەکەلەکەی تاچامانیمدا.

تاچامانی لەتاو ئازار هاواریکرد و بێ ئیرادە دەستی لەقورگم بەردا. دەرفەتی جوولەی زیاترم پێنەدا و بەمشت چەند لێدانێکم لەسەر و ڕوخساریدا و خۆم لەژێر جەستەی کێشایە دەر.

ئێستا شانسی سەرکەوتنم زیاتر بوو، چوونکە هەردووك تەورەکانمان لەدەستدا نەبوو، دەبوا تەنیا بەزۆران و شەڕە مشت و لەقە شەڕ بکەین. وەك ئاماژەم پێدا بەهۆی شارەزا بوون لەتەکنیکی زۆرانبازی شانسی سەرکەوتنم زیاتر بوو.

تاچامانی وەك کەسێکی گێژ هەستا و چەند هەنگاوێك ڕەتەلی دەبرد، بەلام بێ ئەوەی دەرفەتی حەسانەوەی پێبدەم، بەرەو لای ڕامکرد و هەردوو قاچم کۆکردەوە و بەهەموو هێزم لەسنگیمدا.

تاچامانی توانای خۆڕاگری نەماو وەك چیایەك کەوتەسەر زەوی. دواتر هەستا و پەلاماریدام. دەمزانی بەهێزتر لەوەیە بەئاسانی لەپێ بکەوێت، بەلام خۆشەویستیم بۆ ژیان هێز و گڕوتینێکی تایبەتی پێبەخشیبووم. لەبەر ئەوە پێش ئەوەی دەستی پێم بگات، پێش ئەوەی دەرفەتی پێبدەم یەخەم بگرێت، بەدوودەست سەریم گرت و بەکەلك وەرگرتن لەتەکنیکەکانی زۆرانبازی چەند مەترێك لەولاتر فڕمدا، دووبارە بەرەولای ڕۆشتم و پێش ئەوەی مۆلەتی جوولەی پێبدەم، قاچەکانیم گرت و چەندجارێك بەدەوری خۆمدا سووڕاندو و دواتر بەرەلام کرد. تاچامانی

چەند مەتر لەولاتر کەوتە سەر زەوی.

دەمویست تا کۆتایی بەمشێوەیە هیلاکی بکەم، چوونکە دەمزانی ئەگەر دەرفەتی دەستبکەوێت، لەبەر ئەوەی بەهێزە، دەتوانێت لەناوم ببات.

بەڵام سات لەدوای سات توانای خۆڕاگری تاچامانی کەمی دەکرد، بەشێوەیەك کاتێك دواجار کەوتەسەر زەوی، لەسەر سنگی دانیشتم، هەستمکرد ماسولکەکانی هێزی تیا نەماوە تا بتوانێت من لەخۆی دوور بخاتەوە.

بۆ چەند خولەکێك لەکاتێکدا خۆیشم هەناسەبڕکێم بوو، لەسەر سنگی دانیشتم و بەمشت لەسەر و ڕوخساریم دەدا. پیاوان و ژنان کە لەبینینی شەڕەکەی ئێمە شلەژا بوون، بۆ ئەوەی دیمەنەکە جوانتر ببینن، سات لەدوای سات نزیکتر دەبوونەوە و فراوانی گۆڕەپانەکەیان تەسك دەکردەوە. بەپێچەوانەی سەرەتای شەڕەکە کەهانی تاچامانیان دەدا، ئێستا هانی منیان دەدا.

لەم کاتە کە لەسەر جەستەی نیوەگیانی تاچامانی دانیشتبووم و بیرم لەوە دەکردەوە چی بکەم، پیرەپیاوێك لەناو قەرەباڵغییەکە هاتەپێش و لای من وەستا و چەقۆیەکی گەورە و تیژی پێدام.

زانیم نەریتەکەیان بەوشێوەیە ئەو کەسەی شکست دەخوات و دەبەزێت، دەبێت سەر لەجەستەی جیا بکرێتەوە. چەند ساتێك سەیری چەقۆکە و تاچامانیم کرد، نەمدەزانی چی بکەم. تاچامانی کاتێك چەقۆکەی لەدەستمدا بینی، چاوی کردەوە و بەناڵەناڵ وتی:

— ئەی جادووگەری گەورە، مەمکوژە، بەزەییت بەمندا بێتەوە.

قسەکانی تاچامانی دڵنیایی پێبەخشیم و لەسەر سنگی هەستام و چەقۆکەم بۆ پیاوەکە گەڕاندەوە و وتم:

- دەیبەخشم.

لەناکاو دەنگی خۆشحاڵی خەڵکەکە بەرزبووەوە و پیاوەکان منیان لەسەر دەست بەرز کردەوە و لەکاتێکدا هاواریان دەکرد جادووگەری گەورە سەرۆکی ئێمەیە، هەر بژی جادووگەر، منیان بەرەو کوخی سەرۆک برد. کاتێك بەرەو کوخەکە دەڕۆشتم، بینیم کامینۆ ڕۆشتە لای تاچامانی و بەهەزار بەدبەختی ئەوی لەسەر زەوی بەرز کردەوە و بردی بۆ کوخەکەی.

یەکەم کارم ئەوە بوو فەرمانمدا لومالو و دوو کەسەکەی دیکە ئازاد بکەن و بیانهێنن بۆ لای من. لوچیش هاتەلام و سەرقاڵی شۆردن و بەستنی برینەکانم بوو.

لەدەرەوە ژن و پیاوەکان لەبەر سەرکەوتنەکەم سەمایان دەکرد و گۆرانییان دەخوێند.

دوای ئەوەی کاتژمێرێك حەوامەوە، لەکوخەکە هاتمەدەر و فەرمانم بەژن و پیاوەکاندا بێدەنگ بن. دواتر ڕۆشتمە سەر کورسییەکە و پێم وتن:

- خۆشحاڵم لەوەی بەهۆی سەرکەوتنەکەم، شادی و سەما دەکەن، بینیتان چ هێزێکم هەیە، دڵنیام ژنەکانتان کەماوەیەکی زۆرتر لەگەڵم ژیاون پێیان وتوون دەتوانم چی بکەم و چۆن ژیانم بۆ ئاسوودە کردن. ئێستا مزگێنییەکی گەورەم بۆتان هەیە و ئەویش ئەوەیە چیتر پێویست ناکات دوای حەفتەیەك ئەم دوورگەیە بەجێبهێڵن، بەڵکو دەتوانن بەدرێژایی ساڵ لای ژنەکانتان بمێننەوە. دوای ئەم وتار لەناو دەنگی خۆشی و شادی خەڵکەکە گەڕامەوە بۆ کوخەکەم.

لەخۆڕا ئەم قسەم نەکرد، چوونکە ئەگەر بڕیار بوایە دوای حەفتەیەك پیاوەکان دوورگەکە بەجێبهێڵن، دەبوا منیش لەگەڵیان بڕۆم چوونکە ئێستا سەرۆکی ئەوانم، بەلام سەرۆکایەتی کردنی کۆمەڵێك پیاو بێ

وەرگرتنی چێژ لەژنان، واتایەکی ئەوتۆی نییە، لەکاتێکدا ئەگەر پیاوەکان لەوێ دەمانەوە، هیچ ئەرکێکیان بۆ دروست نەدەکردم، چوونکە بوو بوومە سەرۆکی دوورگەکە. جیاواز لەوە بۆ دروستکردنی شار و کاروباری ئاوەدانی، پیاوەکان سوودی زۆریان هەبوو، لەبەر ئەوەی ژنان توانا ئەنجامدانی کاری قورس و تاقەت پڕووکێنیان نییە.

هەرچەند ژنەکان لەبڕیارەکەم خۆشحاڵ بوون، بەلام بووە هۆی نیگەرانی پیاوەکان، چوونکە بە بۆچوونی ئەوان ئەگەر زیاتر لەحەفتەیەك لەدوورگەکە بوونایە، دەمردن.

پیاوەکان ماف خۆیان بوون ناڕەحەت بن، بەلام پیاوە گەنجەکان خۆشحاڵ بەرچاو دەکەوتن، چوونکە زیاتر لەپیاوە پیرەکان حەزیان دەکرد لای ژنەکان بن و هەم زیاتر باوەڕیان بەمن بوو.

لەبەر ئەوەی لەم دوو ڕۆژەی کۆتایی زۆر هیلاك بوو بووم، بڕیارمدا ئەو ڕۆژە بحەوێمەوە و لەبەیانییەوە کاروباری تایبت بەسەرۆکایەتی دەست پێبکەم، هەوا تاریك بوو بوو، لوچیم ناردەوە بۆ کوخەکەی و خۆم ڕۆشتمە لای لومالو تا قەرەبووی ناڕەحەتییەکانی بۆ بکەمەوە.

بەشێکی خەڵکەکە گەڕانەوە بۆ ماڵەکانیان و بەشێکی دیکە لەناو گۆڕەپانەکە کۆبوونەوە و سەرقاڵی ئاهەنگ گێران بوون.

لومالو خواردنێکی بەتامی بۆ ئامادە کردم و دوای نانی ئێوارە و نەوازشی لومالو، زۆر بەخێرایی خەوم لێکەوت.

## ٤

نیوەشەو بوو بەبیستنی دەنگە دەنگ لەخەو ڕاچەنیم. سەرەتا گومانم کرد ژن و پیاوەکانن سەرقاڵی ئاواز خوێندن و شادیکردنن، بەڵام لەدەنگی ئاهەنگ و شادی نەدەچوو، بەڵکو زیاتر هاوشێوەی دەنگی هەڕەشەکردن و شەڕ بوو. لومالویش هەستا و لەترسا خۆی پێوە لکاندم. بیرمدەکردەوە کە لەناکاو دەرگای کوخەکە کرایەوە و ژمارەیەك لەکاتێکدا مەشخەڵیان بەدەستەوەبوو، هاتنە ژوور.

لەگەڵ ئەوەی لەناو قەرەباڵغییەکە چاوم بەتاماچانی کەوت کەڕمێکی بەدەستەوە بوو و کامینۆم لەتەنیشتی بینی کە بەچاوی پڕ لەنەفرەت لێمان دەڕوانێت، لەڕووداوەکە ئاگادار بوومەوە و زانیم بوومەتە قوربانی بەخشندەیی یا هەڵەی خۆم.

تاماچانی لەکاتێکدا نووکی ڕمەکەی لەسنگم چەقاندبوو، ڕوویکردە کەسەکانی پشتە سەری کەزۆربەیان لەپیاوەکانی من بوون، وتی:

— ئەم جادووگەرە دەیەوێت هەموومان لەناو ببات. ئەو دەیەوێت

ئەوەندە لەم دوورگە بمانهێڵێتەوە کە خواوەند تۆما تـورە بێـت و هـەموو پیاوەکـان بکوژێـت. ئەمـە فـەرمانی تۆمایـە کـەهیچ پیاوێـك نابێـت زیاتر لەحەفتەیـەكْ لـەم دوورگەیـە بمێنێتـەوە. دەبێـت پـێش ئـەوەی ئـەم جادووگەرە هەمووومان بکوژێت، بیسووتێنین.

بەبیستنی قسەکانی تاماچانی، ئەوانەی بەدوایدا هاتبوون، بـەهاتوهاوار قسەکانیان پشتڕاستکردەوە. هـەوا تاریـك بـوو کـەمن و لومالویـان بـردە ناوەڕاسـتی گۆڕەپانەکـە و بـەدارەوە بەسـتیانین. بـەهۆی دەنگـە دەنـگ هەموو دانیشتووان لەناو گۆڕەپانەکـە کۆبوونـەوە، لوچـیش هـات و خـۆی خستە سەر قاچم. ئەویشان گرت و بەدارێکەوە بەستیانەوە.

کاتێك هەر سێکمانیان بەستەوە، کامینۆ هاتە پێش، وەك ئیهانە کـردن بزەیـەکی گـرت. زانـیم ئەمانـە هـەمووی پلانـە مەترسـیدارەکانی ئـەوە، چوونکە ئەو بوو تاماچانی هانـدەدا دژی ئێمـە بجوولێتـەوە و بەفـەرمانی ئەو، ئەو پیاوانەی دژی بڕیارەکەم بوون، ئێمەیان بەستەوە پـێش ئـەوەی لایەنگرەکانم کە زۆربەی لەگەنجەکان پێکدەهاتن، بتوانن هیچ کارێك بکەن چوونکە لەو کاتەدا لای ژنەکان بوون و بیریان لەهیچی دیکە نەدەکردەوە. کاتێـك هاتنـەدەر، کـار لـەکار ترازابـوو و دووبـارە تاماچـانی بـوو بـوو بەسەرۆك.

بەفـەرمانی تاماچـانی بڕێکـی زۆری چـیلکە و چـەوێڵیان لـەدەورمان کۆکردەوە تا ئاگر بکەنەوە و بەزیندوویی بمانسووتێنن. دوای ئەم کارانە، تاماچانی ڕوویکردە خەڵکەکە کە بۆ سەیرکردنی ڕووداوەکە لەگۆڕەپانەکە کۆ بوو بوونەوە، وتی:

- خواستی خواوەند تۆما بوو بەسەر ئەم جادووگەرە سەرکەوین، چوونکە ئەگەر لەناوی نەبەین، هەموومان لەناو دەبات. ئەمشەو بەخۆشی بەسەر دەبەن و کاتێك ڕۆژ داهات و تۆما خۆری بۆ ڕووناك کردنەوەی دوورگەکە نارد، دەیانسووتێنین و خۆڵەمێشەکەیان دەکەینە ناو دەریا.

دەنگی خۆشی ئامادەبووان بەرزبووەوە و تاماچانی بەرەو لای ئێمە هات و دوای ئەوەی دڵنیابوو، دەستمان بەقایمی بەدارەکانەوە بەستراوەتەوە و دەرفەتی ڕاکردنمان نییە، چەند پیاوێکی ڕم بەدەستی چوارشانەی بۆ پاسەوانیکردنی ئێمە دانا و خۆی بۆ ڕابواردن لەگەڵ کامینۆ ڕۆشت.

ئەمجارە زۆر بەجددی مەرگ یەخەی گرتبووم و لوچی و لومالویش لەگەڵم دەبوونە قوربانی نەزانی ئەو پیاوە. دەمزانی ژنەکان توانای هاوکاریکردنی ئێمەیان نییە و لەناو پیاوەکانیش کەسی ئەوتۆ نییە بۆ ڕزگارکردنمان گیانی بخاتە مەترسییەوە. چوونکە دەمزانی هیچ هەوڵێك سوودێکی ئەوتۆی نابێت، خۆم بەچارەنووس سپارد.

*****

بۆ ماوەی دوو کاتژمێر لەو حاڵەدا ماینەوە، توانای هیچ جووڵەیەکەم نەبوو، لەناکاو دەنگی ئازارێکی جەرگبڕم بیست. سەیر ئەوە بوو دەنگەکە لەکوخەکەی بەرامبەر، واتە کوخەکەی تاچامانی و کامینۆ دەهات.

لەمکاتەدا لومالو کە لەتەنیشت من بەدارێکەوە بەسترابووەوە، وتی:

- پێم وابێت کامینۆ تاچامانی مراندووە.

مەبەستی لەمراندن کوشتن بوو، ئەو پێی وابوو کامینۆ تاچامانی

کوشتووە.

لەم بگرە و بێنەدا دەنگی جەرگبڕ تر و ترسێنەر تر بەگوێ دەگەیشت و بەردەوام دووبارە دەبووەوە.

دڵنیا بووم تاچامانییە و ئەو بەمشێوەیە هاوار دەکات و گرفتاری ئازارێکی کوشندە بووە. کاتێک هەوا کەمێک ڕووناک بووەوە، خەڵک بەبیستنی هاوارەکانی تاچامانی لەکوخەکانیان هاتنەدەر و بەرەو کوخەکەی کامینۆ ڕۆشتن.

قەرەباڵغییەکە سات لەدوای سات زیاتر دەبوو کە لەناکاو ژنێک لەناو قەرەباڵغییەکە دەرکەوت. بەڕاکردن هاتەلای ئێمە کە تەنیا و بێ هەواڵ بووین. سەیرێکی کردین و کاتێک منی ناسییەوە، بەهەناسەبڕکێ وتی:

— مەگەر نەموت تۆ جادووگەری، بۆ ڕاستیت پێنەوتین، بۆ خۆت نەناساند، بۆ ناتەوێت بتناسین. تۆ جادووگەری، تاچامانی لەتاو ئازار خەریکە دەمرێت.

دڵنیام دەزانن ئەو کەسەی ئەم قسانەی دەکرد کێ بوو. کامینۆ بوو کەبەهۆی ئەم ڕووداوە باوەڕی بەدەسەلاتەکانی من هێنابوو.

لوچی کە لەولاتر بەدارێکەوە بەسترا بووەوە، بەبیستنی ئەم قسەیە خۆشحاڵ بوو، وتی:

— بینیت هاوسەرەکەمان چ جادووگەرێکی بەتوانایە. جییوانی دەتوانێت ئاسمان کون بکات و خۆر لەپشت پەردەکانی ئاسمان ڕابگرێت تا ئەو کاتەی زەوی سارد دەبێت و دارەکان وشک دەبن. لەیەکەم ڕۆژەوە دەمزانی جییوانی لەئاسمانەوە هاتووە. مەگەر باب و باپیرانمان

نەیانوتووە ڕۆژێك جادووگەرێك لەئاسمانەوە دێتە دوورگەی بەهەشت و هەمووان دەبەزێنێت.

لومالو کەهێشتا لەواتای قسەکانی تێ نەدەگەیشت، سەیرێکی کامینۆ و دواتر سەیری لوچی کرد و نوقمی بیرکردنەوە بوو.

دەرکم بەهەموو شتێك کرد. ئەگەر بیرتان بێت، شەوی پێشتر لوچی لەسەر چیاکە پێی وتم ئەگەر جادوو دەکەیت، کارێك بکە تاچامانی نەتوانێت زیانمان لێ بدات. منیش بۆ ئەوەی خۆم بەکەسێکی بەهێز بناسێنم، درۆم کرد، وتم کارێك دەکەم هاوشێوەی مار لەخۆی بئالێت و بخزێتە ناو کونەکانی زەوی. مەبەستم ئەوە بوو تەنیا وەلامی داواکاری منداڵانەی لوچیم دابێتەوە، بەلام ئەو باوەڕی بەقسەکانم کرد و کەسانی دیکەیشی ئاگادار کردبووەوە. دەرئەنجام ئێستا بابەتەکە، بابەتێکی جیدی بوو. لەم کاتەدا کامینۆ وتی:

– تۆ وتبوت هاوشێوەی مار تاچامانی دەخزێنمە ناو کونەکان، وەرە و سەیرکە بزانە چۆن بەددان زەوی دەدڕێت. دەیەوێت کونێك دروست بکات و بڕواتە ناو زەوی. هاوشێوەی مار لەخۆی دەئالێت. تا کاتژمێرێکی دیکە دەبێتە مار. دواتر دەستی بەپاڕانەوە کرد و وتی:

– جادووگەری گەورە، بەزەییت بەمندا بێتەوە، ڕێگە مەدە هاوشێوەی ئەو ببم بەمار. زیان لەمن مەدە.

بەبیستنی قسەکانی بێ ئیرادە دەمویست پێبکەنم، بەلام بەرم بەخۆم گرت و لێوم بەددان گەست.

کامینۆ دەگریا و بەگریانەوە وتی:

– تۆ کەئەوەندە بەهێزی، کارێك بکە تاچامانی نەمرێت.

وتم:

– ئامادەم هاوکاری تاچامانی بکەم، بەڵام ئێوە منتان بەستۆتەوە و ناتوانم هیچ بکەم.

کامینۆ بەبیستنی ئەم قسە بەڕاکردن بەرەو کوخەکە ڕۆشت.

دەنگی هاواری تاچامانی کۆتایی نەدەهات. بەردەوام هـاواری دەکرد و دەیوت:

– دەمـرم، شـەیتان چۆتە نـاو سـکمەوە. ئـەم شـەیتانە لەسکم دەربێـنن. شـەیتان و ئاژەڵـەکان دڵـم دەخـۆن. تـا هـەموو شـتێکیان نەخواردووە، دەریان بێنن.

بەشـێوەی پچڕ پچڕ ئـەم قسـانەی دەکـرد و کاتێـك دەنگـەدەنگی خەڵکەکە کەمتر دەبووەوە، دەمبیست.

گەشتمە ئەو ئەنجامەی تاچامانی تووشی ئازاری دڵ بـووە. ئازارەکـەی بەڕادەیەك زۆرە کەکەسێکی بەهێزی وەك ئەوی لەپێ خستووە.

نـەمزانی کـامینۆ لـەناو کوخەکـە چـی بەتاچـامانی وت، بـەڵام دەنگی تاچامانیم بیست کەفەرمانیدا:

– بڕۆن ئازادی بکەن، ئازادی بکەن و پێـی بڵـێن بـێ گونـاهم و لەم بەڵایە ڕزگارم بکات.

دوو پیـاوی ڕم بەدەسـت و کەسـێك کەشمشـێر و تیروکەوانەکـەی منی بەدەستەوە بوو، هاتنەپێش و کوڕنوشـیان بـرد و دووبـارە گەڕانـە دواوە. یەکێك لەوان بەئیشارەی دوو دەست، دووبارە هاتەپێش و بـۆ دووەم جار

کوڕنوشی برد و وتی:

– جادووگەری گەورە، بەزەییت بەئێمەدا بێتەوە و سەرۆکەکەمان لەو ئازارە ڕزگار بکە.

ناچاربووم بەنازناوەکانیان ڕازی ببم، چوونکە سوێندیشم بخواردایە کەجادووگەر نیم، کەس بڕوای نەدەکرد، لەگەڵ ئەوەیشدا نەمدەتوانی بەڵێنی چاککردنەوەی تاچامانی بدەم، چوونکە نەمدەزانی گرفتاری چ نەخۆشییەك بووە.

گریمان ڕیخۆڵەکوێرەی بوو، دەمتوانی چی بۆ بکەم؟

دەست و قاچمان کرایەوە، بەڵام کێشەکە لێرەوە دەستیپێکرد چوونکە نەمدەزانی چۆن تاچامانی چارەسەر بکەم کەهاوشێوەی مار لەخۆی دەئالا.

ئێمەی ئەورووپایی، نەتەنیا ئێمە بەڵکو خەڵکانی زۆربەی وڵاتان تا ڕادەیەك لەخوێندنگاکان تویکاری جەستەی مرۆڤمان خوێندووە. ژمارەیەکی زۆری ئازارەکان دەناسین یا کەسانی دیکە پێی گرفتار بووین و شێوازی چارەسەرکردنیان دەزانین و سەرئەنجام بەهۆی گۆڤار و ڕۆژنامە و وتارە پزیشکییەکان زۆر شت سەبارەت بەنەخۆشییەکان فێر بووین، بەڵام دیاریکردنی جۆری نەخۆشییەکە کەمێك دژوار بوو.

بەخێرایی خۆم گەیاندە کوخەکە، تەواوی کەسانی ناو کوخەکەم دەرکرد. تەنیا لوچی و لومالو و کامینۆ مانەوە. فەرمانمدا دەرگای کوخەکەیان بەست و خۆم سەرقاڵی چارەسەری تاچامانی بووم.

تاچامانی هەرچەندە بەهێز بوو، دەستی ماچ دەکردم، قەپاڵی بەزەویدا

دەکرد و جوێنی بەکامینۆ دەدا چوونکە پێی وابوو هۆکاری ئەم بەدبەختییانەیە و ئەو هانیداوە دژی من شۆڕش بکات و دەرئەنجام گرفتاری شەیتان ببێت.

تاچامانیم پاڵخست، دەستم خستەسەر سکی. پرسیم حاڵەتی ڕشانەوەت هەیە. بەدبەختانە وتیان بەڵێ و دەترسام ڕیخۆڵە کوێرەی بێت، بەڵام بەخت یاوەرم بوو، کاتێك دەستم خستەسەر شوێنی ڕیخۆڵە کوێرە، هەستی بەئازار و ناڕەحەتی نەدەکرد.

کەمێك ئاسوودە بووم. پرسیم چیت خواردووە. نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە. کامینۆ وتی:

— دوو قازی برژاندووە و خواردوویەتی و بڕێکی زۆر لەدانەوێڵەکەی تۆی لەئەنبارەکە هەڵگرت و بەوشکی خواردی. مەبەستی لەدانەوێڵەکەی من، گەنم بوو. دڵنیابووم بەهۆی خواردنەوە حاڵی تێکچووە.

بڕێك دەرمانم پێبوو. زۆربەیان ئارامکەرەوە بوون و بۆیە پێیان دەداین ئەگەر گوللەمان بەرکەوت یا لەدەریا ڕووبەڕووی پەلاماری قرش بووینەوە و ئەندامێکی جەستەمان لەدەستدا، تا گەیشتنی هاوکارییەکان بەخواردنی ئەو دەرمانە ئازارەکەمان لەناو بچێت، بەڵام کاتێك دەستم بۆ گیرفانم برد، دەرمانەکانم نەدۆزییەوە. لێم کەوتبوو.

ترسام چوونکە لەوانەبوو ئەگەر نەتوانم تاچامانی چارەسەر بکەم، گیانم لەدەست بدەم.

تاچامانی دەپاڕایەوە و دەیوت: زووتر ڕووەکێکی پێبدەم و لەو ئازارە ڕزگاری بکەم. کاتێك وشەی ڕووەکەم بیست، لەناکاو بیری گەڵای ئەو دارە

کەوتمەوە. شوێنەکەیم بەلوچی وت و ڕۆشتە کوخەکەی لومالو و کەمێك لەو گەڵایەی هێنا کە لەناو دەفرێکی سواڵین وشکم کردبوو و هەڵمگرتبوو.

کەمێکم کردە ناو ئاو و دەرخواردمدا. کاریگەری ئارامکەرەوەی گەڵای ئەو دارە کەبزنە کێوییەکە لێی خوارد و کاریگەری کەمێك گوڵی سوور، سەرسوڕهێنەر بوو. لەماوەیەکی کەم کاریگەرییەکەی دەرکەوت و تاچامانی ئارامبووەوە.

هەناسەیەکی هەڵکێشا. بەسەرسوڕمانەوە سەیری کردین. هەستا و دانیشت. دەستی لەسکی دەدا. زەختی لێکرد بەڵام ئازاری نەبوو. دەرمانەکان هێوریان کردبووەوە، بەڵام ناچاربووم بەتەواوی نەخۆشییەکەی چارەسەر بکەم چوونکە دەمزانی دوای کاتژمێرێك کە کاریگەری دەرمانەکان نەما، دووبارە ئازارەکەی دەست پێدەکاتەوە.

بەخێرایی برێك ڕۆنم بەئەندازەی سەد گرم دەرخواردداد کە لەگەڵا چەورەکان گرتبووم. دواتر بۆ ئەوەی ئەنجامێکی باش بەدەست بهێنم، پێم وت:

- ئەم ئازارە، سزایەك بوو لەلایەن خواوەند تۆما، چوونکە نەتویست بەسەرۆکایەتی من ڕازی ببیت لەکاتێکدا خواوەند بۆ ئەو مەبەستە منی ڕەوانە کردووە. ئێستا دووبارەی دەکەمەوە، ئەگەر گوێڕایەڵی فەرمانەکانم نەبیت، دووچاری هەمان ئازار دەبیتەوە.

تاچامانی لەکاتێکدا دەستەکانی ماچ دەکردم، وتی:

- جادووگەری گەورە، داوای لێبوردن دەکەم. کامینۆ هانیدام، بەڵام ئێستا کەدەزانم تۆما لەگەڵ تۆیە و کەس ناتوانێت زیان لەتۆ بدات، بۆ

هەمیشە خزمەتکاری تۆ دەبم.

بەیانی ئەو ڕۆژە دۆخم لەدوورگەکە گۆڕانی بەسەردا هات. تاچامانی هاوشێوەی خزمەتکارێکی بەڕێز کەچەندین ساڵ خزمەتی کردبێتم، شان بەشانم دەڕۆشت و فەرمانەکانی جێبەجێ دەکردم. کاتێك پیاوەکانی دیکە لەم ڕووداوە ئاگاداربوونەوە، بێ ئەملاولا، گوێڕایەڵی فەرمانەکانم بوون.

پیاوەکانی تاچامانی باشترین خواردنەکان و بەتامترین میوەکانیان لەسەراسەری دوورگەکە کۆدەکردەوە و بۆیان دەهێنام.

ئەو حەفتەی بڕیاربوو پیاوەکان لەدوورگەکە بمێننەوە، کۆتایی هات. هەرچەند وتبووم پیاوەکان بۆ هەمیشە لەدوورگەکە بمێننەوە، بەڵام ژمارەیەك لە بەتەمەنەکان دەترسان لەوەی ئەگەر نەڕۆن گرفتاری ئازار و تووڕەیی خواکان دەبن. لەبەر ئەوە لەدووایین ڕۆژ تاچامانی و ژمارەیەکی زۆر لەوانەی خوازیاری ڕۆشتن بوون، هاتنەلام و داوایانکرد مۆڵەتیان پێبدەم دوورگەی بەهەشت بەجێ بهێڵن.

دەمزانی بووتی تاچامانی و پیاوەکانی دیکە نەتەنیا نابێتە هۆی زیانگەیاندن بەمن، بەڵکو سوودی زۆریان دەبێت.

ئەگەر لەبەهەشت دەمانەوە، بارودۆخی دوورگەکە بەتەواوی دەگۆڕا و پێگەی خۆیشم بەهێزتر دەبوو. ژمارەی ژنانیش بەڕادەیەك زۆر بوو کە ئەگەر هەموو پیاوەکان چەند ژنێکیان هەڵگرتایە، دووبارە ژمارەیەك لەژنەکان بێ هاوسەر دەمانەوە.

داوام لێکردن لەڕۆشتن پاشگەز ببنەوە، بەڵام کاتێك بینیم لەتووڕەیی تۆما دەترسن، وتم:

- پێشتر پێم وتوون لێرە بمێننەوە. من لەلایەن تۆماوە مزگێنی ئەوەتان پێدەدەم کەچیتر پێویست ناکات دوورگەکە بەجێبهێڵن. بەڵێنتان پێدەدەم هەر کەسێکتان نەخۆشکەوت، بەخێرایی چارەسەری بکەم.

کاتێك بینیم زۆربەیان بەمانەوە ڕازین، وتم:

- ڕێگەی دوورگەی دویس کراوەیە، هەرکات هەستتانکرد خواوەند دەیەوێت تۆڵەتان لێبکاتەوە، سوار بەلەمەکانتان ببن و بەخێرایی بڕۆن.

چوونکە قسەکانم لۆژیکی و ژیرانە بوو، ڕازی بوون و بەخێرایی هەواڵی مانەوەی پیاوەکان لەدوورگەی بەهەشت بڵاوبووەوە.

ئەو شەوە ئاهەنگێکی گەورەمان ڕێکخست. بەشێوەی فەرمی وەك سەرۆکی هۆزەکە هەڵبژێردرام و تاچامانیم وەك فەرماندەی سوپا دیاریکرد.

یەکەم یاسا و فەرمانم ئەوە بوو هیچ پیاوێك مافی ئەوەی نییە ژنەکەی بەکەسێکی دیکە بدات و هۆکاری ئەم فەرمانەم بۆ ڕوونکردنەوە و وتم: ئەگەر پیاوێك ژنەکەی بەکەسێکی دیکە بدات، ئەو منداڵەی لەدایك دەبێت، کەس نازانێت باوکی کێیە و لەوانەیە دواتر ئەو کچە یا ئەو کوڕە هاوسەرگیری لەگەڵ خوشکەکەی یا براکەی بکات و ئەمکارە دەبێتە هۆی لەناوچوونی ڕەگەز و نەژادی ئێوە. چەندین یاسا و بڕیاری دیکەیشم دەرکرد.

بۆ بەیانی ئەو ڕۆژە دۆخی دوورگەکە بەتەواوی گۆڕا و بڕیاری چەندین کاری گەورە و گرنگمدا. فەرمانمدا گۆڕەپانێکی زۆر گەورەیان لەناوەڕاستی جەنگەڵ چۆڵکرد. دارەکانمان سووتان و زەوییەکمان

بەپانتایی چەند هەزار مەتری چوارگۆشە دروستکرد کە بەهۆی جەنگەڵەوە دەورە درابوو. دواتر بەپێی پلان و نەخشەیەکی ورد ژنان و پیاوانمان ناچار بەدروستکردنی ماڵی دارین کرد.

ئەو شارەی بەمشێوە لەماوەی سێ مانگ دروست بوو، چوار شەقامی سەرەکی و بیست و چوار شەقامی لاوەکی بوو و بۆ چواربەش دابەش دەکرا کەهەر بەشێکی نزیکەی دووسەد ماڵی یەکدەست و یەکڕەنگی تیا دروستکرا و بەگشتی نزیکەی هەشتسەد ماڵ دەبوو.

بۆ پاسەوانەکان و پارێزەرانی جەنگەڵ و لێپرسراوانی حەوزەکان و کەنارنشینان کە بەرپرسی ڕاوەماسی بوون، ماڵی دیکەمان دروستکرد کەهاوشێوەی ماڵەکانی شار بەڵام لەدەرەوەی شار بوو. تیروکەوانمان بۆ پیاوەکان دروستکرد و فێرمکردن چۆن بەکاری بێنن.

دوای سەرژمێرییەکی ورد کە بەدەنکی گەنم ئەنجاممانـدا، دەرکەوت شەش هەزار و نۆسەد و حەفتا و شەش ژن و پیاو و منداڵ لەدوورگەی بەهەشت دەژین کە لەگەڵ خۆم دەبووە ٦٩٧٧ کەس.

کاتێك شارەکە ئامادە و باروبنەمان گواستەوە، دانیشتووان بەڕادەیەك خۆشحاڵ و بەڕادەیەك لەو دۆخە تازە ڕازی بوون، شیاوی وەسفکردن نییە. ئەم ماڵانە بۆ ژیان ئاسوودە و لەچەندین بەش پێکدەهات، پەنجەرەمان بۆ ڕووناکی و تیشکی خۆر دروستکردبوو، هەرچەند شووشەی تیا نەبوو، بەڵام بەسوود بوو.

لای هەر کوخێك تەویلەیەکمان دروستکرد و بزن و مراویم بەسەر ماڵەکاندا دابەشکرد. ناوەکانم نووسی تا لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی

ئاژەڵەکان بەپێی پێڕستەکە دابەشیان بکەم.

بەڵامماڵەکەی خۆم لەوێ دروستنەکرد، بەڵکو لەکوێستانەکە بنیاتم نا. ئەو شوێنەی پێش هاتنی پیاوانی دوورگەی وەحشی، لەگەڵ لوچی شەو لەوێ ماینەوە.

هەم شوێنێکی دڵگیر بوو، هەم دەیڕوانییە سەر دەریا و شار. ماڵەکەم گەورە و چەند بەرابەری ماڵی کەسانی دیکە بوو، هەموو کەرەستەکانی ژیانێکی ئاسوودەی بۆ دابینکرابوو.

کارە جیاوازەکانم لەنێوان کەسەکاندا دابەشکرد. ژمارەیەکم بۆ ڕاوەماسی ڕاسپارد، دەستەیەك دەبووا ڕانەکان ببەن بۆ لەوەڕگە و شەوان بیانهێننەوە، دەستەیەك سەرقاڵی کێڵانی زەوی و چاندنی گەنم بوون و دەستەیەك نانیان دەکرد.

تاچامانی و کەسەکانی دیکە ئەوەندە لەکارەکانم ڕازی بوون، وەك پاداشت پێنج کچی کەم تەمەنیان پێشکەش کردم، بەلام وتم ئەو حەوت ژنەم بەسە، ئەوان ڕازی نەبوون و ئەوەندە پێداگرییانکرد بەناچاری ژمارەی ژنەکانم بۆ دوانزە زیادی کرد.

کامینۆ ناڕەحەت و بێزار بو، بەلام چوونکە لەگوناهەکەی پەشیمان بووەوە، بەخشیم و فەرمانم بەتاچامانیدا ڕێزی بگرێت.

کاتێك بنیاتنانی شارەکە کۆتایی هات، بیرم لەدروستکردنی کەشتی کردەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا کورەی تواندنەوەی ئاسنم فراوانتر کرد.

لەکوێستان کورەیەکی دیکەی تایبەت بەتواندنەوەی ئاسنم دروستکرد و لەتاشەبەردەکانی چیاکە دوو دیوارم بۆ کورەکە دروستکرد و دیوارەکانم

لەدەرەوە و ناوەوە بەقوڕێکی تایبەت سواغدا. یەکێکی دیکە لەو کارانەی کردم و تایبەتمەندی کورەکەی زیاتر کرد، ئەوە بوو نێوان دوو دیوارەکەم بەبۆشـی بەجێهێشـت. بۆشـاییەکەم دروسـتکرد تـا گـەرمی کورەکـە نەڕواتەدەر و بەفیڕۆ نەچێت. تەنیا کێشەی کورەکە ئەوە بوو سووتەمەنی زۆری پێویست بوو. هـەموو جارێك چـەندین تـەن دار و تەختـەمان بـەکار دەبرد تا بیست سی کیلۆ ئاسن بەدەست بهێنین.

لـەو ئاسـنە، ئامێرەکانمـان دروسـتدەکرد. سـەرەتا دروسـتکردنی ئامێرەکـان لەئەسـتۆی خـۆم بـوو، بـەڵام دواتـر کارگـەی ئاسـنگەرییەکەم بەچـەند کـەس لـەپیاوانی هۆزەکـە سـپارد و ئـەوان بـەپێی پلانـەکانم ئامێرەکانیان بۆ دروستکردنی چوارچێوەی کەشتییەکە دروستدەکرد.

شـوێنی دروسـتکردنی کەشـتییەکەم لـەنزیك کەناراوەکـە هەڵبـژارد و بەهاوکاری تاچامانی سەرقاڵی دروستکردنی داربەستە دارینەکە بووین.

بەلەمی بچووك و گەورەی فراوان لەدوورگەکە دەبینرا بـەڵام دەمویست کەشتییەکی گەورە بۆ خۆم دروست بکـەم چـوونکە ئەگـەری بـوو ڕۆژێك لـەژیان لـەم دوورگەیـە بێـزار بـبم و یـا شۆڕشـێکی تـازە دژ بـەخۆم دەستپێبکات. لەو دۆخەدا باشترین کار ئەوە بوو سوار کەشتی بم و خۆم بەدەستی شەپۆلەکانی دەریا بسپێرم، بەڵام دڵنیابووم بەمزوانـە نامـەوێت ئەم بەهەشتە بەجێبهێڵم و خۆم گرفتاری کێشە بکەم.

بۆ ئەم مەبەستە ئامێری گرنگ، مشار بـوو. بزمـار و شیشـی ئاسنین و ئاڵقەی قۆچەکی بۆ بەستنەوەی دەکـەڵ و چارۆکەکان ئاسـان بـوو. دوای چـەند ڕۆژێـك مانـدوو بـوون ئاسـنی گونجـاوم بـۆ دروسـتکردنی مشار

دروستکرد و مشارێکم بەدرێژایی دوو مەتر و پانی دوانزە سانتیمەتر دروستکرد.

بەو مشارە کارەکەمان دەستپێکرد. شەش مانگ درێژەی کێشا تا چوارچێوەی کەشتییەکە ئامادە ببێت کە شەست پێ درێژ و بیست و پێنج پێ پان بوو.

بۆ کەشتییەکە نهۆمێکمان لەخوارەوە و نهۆمێکمان لەسەرەوە دروستکرد. نهۆمی خوارەوە دوو ئەنبار و پلیکانەیەکی بەرین و دوو ژووری بچووك بوو، یەکیان بۆ کەشتیوان و ئەوی دیکە بۆ کارگوزارانی کەشتییەکە تا لەکاتی هەورە بروسکە و تۆفان شوێنی گونجاویان هەبێت.

لەو بەروارەی چوارچێوەی کەشتییەکە دروستکرا، ژنەکانم کۆکردەوە. سەرەتا فێری کۆکردنەوەی پەموم کردن، کاتێك پەموو کۆکرایەوە، ڕستنم فێرکردن، دواتر بەپێی پلانێکی ورد فێری چنین و دروستکردنی چارۆکەکانم کردن. بەلەمەکانی ئەوان بەسەوڵ کاری دەکرد و کەشتییەکەی من بەچارۆکە. بەئەنقەست فێری دروستکردنی چارۆکەم نەکردن تا ئەگەر ڕۆژێك ناچار بەهەڵاتن بووم، نەتوان بمگرن.

بۆ داپۆشینی چوارچێوەی کەشتییەکە سوودم لەچەوری بزن بینی. بەئەندازەی دوو یا سێ سانتیمەتر ڕۆنم پیا سوو تا ئاو نەیەتە ناو کەشتییەکە و ئەم ڕۆنە بەتێپەڕینی کات دەڕۆشتە ناو تەختە و دارەکان و تەنێکی دروستدەکرد کە لەئاودا نەدەڕزا و قورسیش نەدەبوو.

ئەو ڕۆژەی کەشتییەکەمان خستە ئاو، ڕۆژێکی لەبیرنەکراوە بوو. ژمارەیەکی زۆر سوار کەشتییەکە بوون، هەمووان لەسەر کەشتییەکە

بەملاولادا ڕاپاندەکرد. تاچامانی کاتێك بینی کەشتییەکە بێ ئەوەی نیازی بەسەوڵ لێدان بێت، دەڕوات حەپەسابوو.

پێم وت:

– وزەی فراوان لەدنیادا بوونی هەیە و بەکارهێنانیان پێویستی بەڕێگەی تایبەت هەیە، بەم زووانە ئەو ئامێر و ئامرازانە دروستدەکەم تا بتوانین لەوزەی هەڵم سوود وەربگرین. بەوشێوە دەتوانم ئەو کارانە ئەنجام بدەم کە ئێوە بەخەویش ناتوانن بیری لێبکەنەوە.

سەرئەنجام کەشتییەکە ئامادە بوو، کەشتییەکی جوان و مەزن. لەبیرمکرد سەبارەت بەچرا و مۆمەکان قسە بکەم. لەچەوری بزنەکان کەژمارەیان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیادی دەکرد، جۆرێك مۆمم دروستکرد. یەکەم شەو کە کوخەکەمان بەمۆم ڕووناککردەوە، هەمووان کۆبوونەوە و سەیریان دەکرد، سەریان سووڕمابوو لەشتێکی بچووکی وەك مۆم چۆن ئەو ڕووناکییە بەرز دەبێتەوە.. بەپێچەوانەی مەشخەڵەکان کەزوو دەکوژانەوە، ڕووناکی مۆمەکە تا ماوەیەکی زیاتر بەرگەی دەگرت.

دروستکردن و بەکارهێنانی مۆم بوو بەشتێکی باو و ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خواست لەسەر مۆم زیادی دەکرد، بەجۆرێك ناچاربووم دوو پیاو و چوار ژن بۆ دروستکردنی مۆم ڕاسپێرم و هەروەها ماڵێك بۆ دروستکردنی کارخانەی مۆم دروستکردن دیاری بکەم.

بەمشێوەیە جییوانی، ئەفسەری هێزی دەریایی ئیتالیا، بووە فەرمانڕەوای ڕەها و خۆشەویستی دوورگەی بەهەشت.

چیتر ژمارەی ڕۆژ و مانگ و ساڵەکان لەدەستمدا نەما و خۆیشم گرنگیم

پێنەدەدا تا بزانم چ مانگێك و چ وەرزێك و چ ساڵێکە. کاتەکانم بەڕابواردن لەگەڵ ژنەکانم بەسەر دەبرد یا بۆ پێشکەوتنی کارەکانم بیرم لەپلانێکی تازە دەکردەوە.

******

ڕۆژێکی گەرمی هەتاوی لەگەڵ ژنەکانم لەناو حەوزەکە مەلەمان دەکرد کە لەناکاو دەنگێکی سەیر سەرنجی ڕاکێشام.

لەناوەڕاستی دوورگە جگە لەدەنگی پێکەنین و قاقای ژن و منداڵەکان و دەنگی باڵندەکان هیچ دەنگێکی دیکە بەگوێ نەدەگەیشت. ئەو کارگانەی بۆ دروستکردنی ئامێری کانزای و دارین دروستمکردبو لەدەرەوەی ژینگەی ژیانی ئێمە بوو. لەبەر ئەوە ئەو دەنگە بووە هۆی سەرسوڕمانم.

ژنەکانم کە ڕانەهاتبوون لەسەر ئەوەی شتی چاوەڕواننەکراو و سەرسوڕهێنەر ببینن و ببیستن، گرنگییان بەدەنگەکە نەدا و دوای چەند ساتێك بێدەنگی، دووبارە سەرقاڵی شەڕە ئاو و گەمەکردن بوونەوە.

بەڵام منی نیگەران داوام لێکردن بێدەنگ بن و بەوردی گوێم گرت.

دەنگی هاوشێوەی دەنگی زەردەواڵەم دەبیست، بەڵام دەنگێك کە لەکۆبوونەوەی هەزاران زەردەواڵە بەگوێ بگات و دڵنیابووم دەنگی فڕۆکەیە.

بەخێرایی لەئاوەکە هاتمەدەر و جلەکانم پۆشی و سەیری ئاسمانم کرد. بەزیاتر بوونی دەنگەکە، خەڵکەکەیش وردە وردە سەریان بۆ ئاسمان بەرز کردەوە، بەڵام هێشتا شوێنەواری فڕۆکەکە نەدەبینرا. چاوەڕوانی ئێمە

زۆری نەخایاند و لەمەودایەکی دوورەوە، خاڵێکی درەوشاوەم بینی. ئەم خاڵە ڕووناکە کاریگەری ڕەنگدانەوەی تیشکی خۆر لەسەر لاشەی فڕۆکەکە بوو.

تا ئەو کاتە بیرم لەوە نەکردبووەوە ئەگەر چەند سپی پێستێك بێنە ناو دوورگەکە، چی دەکەم، چوونکە ئەم دوورگەیە بەڕادەیەك دوور بوو کە هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە ڕۆژێك کەسانێکی دیکە بێنە ئێرە. ئێستا کە دەمبینی فڕۆکەیەك ئەم ناوچەی دۆزیوەتەوە و ئەگەری هەیە بنیشێتەوە یا دواتر ژمارەیەکی دیکە بۆ ئەم سەرزەمینە بنێرێت، دەبێت چی بکەم؟ ئایا بەدەست ئیشارەیان بۆ بکەم یا خۆم بشارمەوە.

فڕۆکەکە چەندجارێك بەدەوری دوورگەکە سووڕایەوە. هەرجار زیاتر نزم دەبووەوە، بەجۆرێك دوواینجار نیشانەکانیم ناسییەوە و دەرکەوت تایبەت بەهێزی ئاسمانی ئینگلیسە.

سەرەتا گومانمکرد ئەم فڕۆکەیە نەخشەی شوێنەکە هەڵدەگرێت، بەڵام کاتێك لەسووڕان بەردەوام بوو، دڵنیابووم مەبەستی نیشتنەوەیە. بەڵام شوێنێکی پان و بەرینی تایبەت بەنیشتنەوە بۆ فڕۆکە لەدوورگەکە بوونی نەبوو.

ناوەڕاستی دوورگە لێوانلێو لەدار و درەخت و بەشێکی کوێستانی بوو. کەنار دەریاش بەهەمانشێوە و بەشە ساف و تەختەکەی ئەو شوێنانە بوو کەئێمە کەرەستەکانی ڕاوەماسیمان دانابوو.

پەرچەکرداری خەڵکەکە بۆ فڕۆکەکە جیاواز بوو. ژمارەیەك بەبیستنی دەنگی گوێکەڕکەری خۆیان شاردەوە و دەستەیەك کە بۆ یەکەمجار

باڵندەیەکی ئاسنی گەورەیان دەبینی کە لەکاتی فڕین دەنگێکی گەورەی لێ بەرز دەبێتەوە؛ دەیانویست بەجوانی سەیری بکەن و دڵنیام دەزانن ئەم کەسانە زیاتریان لەگەنج و منداڵەکان پێکدەهاتن.

لەمکاتەدا دوواین بەشی ئەم شانۆ چاوەڕوان نەکراوە، هاتەدی و فڕۆکەوان بەپەڕەشووت خۆی هەڵدا. فڕۆکە کەچیتر فڕۆکەوانی نەبوو، سەد مەتر دوورتر لەکەنار، کەوتەخوار و لەقووڵایی دەریا نغرۆ بوو.

فڕۆکەوان کە بە پەڕەشووت دەهاتەخوار، چەند سەد مەتر لەزەوییەوە دوور بوو. دەبوا پێش ئەوەی بگاتە زەوی کەزیاتر لەچەند خولەك ناخایەنێت، بڕیار بدەم کەچۆن لەگەڵ ئەم فڕۆکەوانە ئینگلیسییە هەڵسوکەوت بکەم.

فڕۆکەوانەکە لەخاڵێك خۆی هەڵدابوو بە لەبەرچاوگرتنی ئاڕاستەی با، دەمتوانی دڵنیابم لەوەی لەناوەڕاستی جەنگەڵ دەکەوێتە خوار. بەڵام دوو شت بووە هۆی ترس و نیگەرانی من، یەك ئەوەی دانیشتووانی دوورگەکە بڕوایان وابوو ئەو کەسەی لەلایەن خواوەند تۆما بۆ سەرۆکایەتی ئەوان هەڵدەبژێردرێت، لەئاسمانەوە دێت و ئەگەری بوو فڕۆکەوان وەك سەرۆکی خۆیان هەڵبژێرن نەك من کە لەدەریاوە هاتبووم؛ دووەم ئەوەی ئەم پیاوە ئینگلیسییە و دەمانچەی پێیە و دەترسام لەوەی نەتەنیا دانیشتووان ناچار بەگوێڕایەڵی بکات، بەڵکو منیش وەك دوژمن و ڕکەبەری خۆی ببینێت و بمکوژێت. زانیم قۆناغێکی تازە لەژیانم دەستی پێکردووە. قۆناغێك کەبوون و نەبوونی من پێوەی گرێدراوە و بەداخەوە بۆ بڕیاردان لەمبارەوە، تەنیا سێ یا چوار خولەك کاتم هەبوو.

## ٥

نەقیب (ع) لەوکاتەدا تەماشایەکی کردم، پاشان چاوێکی بە سەقف و گۆشەکانی ژوورەکەدا گێڕاو وتی:

-ئەبینیت سەماوەرەکە هاتۆتە کوڵ و منیش.... قسەکانم قێ بڕی و وتم:

-دیارە تۆیش وەك من لە تامەزرۆیدا ماویتەوەو حەزیش لە خەو دەکەی.

زەردەخەنەیەکی کرد و بەر لەوەی وەڵامبداتەوە، بەردەستەکەی هاتە ژوورەوەو وتی:

-نان ئامادەیە، سارد دەبێتەوە فەرموون.

من و سفرەچی و خانە خوێ بێژ هەستاین و لەسەر سفرەکە کە لە هەیوانەکە ڕێکخرابوو دانیشتین، بەڵام ڕاستت بوێ دڵم وێڵ بوو بوو، حوزم دەکرد پاشماوەی بەسەرهاتی (جیبوانی) ببیستم، کاتێ نانەکەمان خوارد وتم:

—تۆیش وەك من لە گێڕانەوەی بەسەرهات شارەزای.

وەڵامی دایەوە:

—لە تۆوە فێربووم، تۆیش ئەو چیرۆکانەی دەیاننووسیت لە جێگای هەستیاردا ئەیانبڕیت و تا تا هەفتەیەك مرۆڤ دەخەیتە دڵەخورپەو نارەحەتی، لە هەموو تەمەنتا بەو جۆرەت کردووە، خراپە منیش شەوێك ئەو بەڵایە بەسەر تۆ بهێنم؟ تا تامەکەی بچێژی.

لەم گاڵتەیەدا هاوبەشی کردم و بە پێکەنینەوە بۆ خەوتن لە یەکتر جیا بووینەوە.

بۆ سبەی شەو شەوێکی هەینی خۆشبوو، زۆر خۆشتر لە هەینییە جەنجاڵەکان و قڕ هات و هاواری شار، نەقیب (ع) پێشنیاری کرد بڕۆین بۆ ڕاوی کۆتری کێوی، بڕۆین لە چیاکان ڕاوبکەین. بەڵام من گەردنیم بەر نەداو وتم:

—هاوڕێی خۆشەویستم باشترین ڕاو ڕاوی دڵە، وەرەو دڵی من لەو داوەی بۆت ناوەتەوە ڕزگار بکەو پاشماوەی چیرۆکی جیپوانی و دورگەی بەهەشتم بۆ باسبکە.

ڕازیبوو بۆ ئەوەی جێگایەکی خۆش و ئاراممان هەبێت لە ژێر دارێکی ناو باخچەکە فەرشمان ڕاخست، نەقیب (ع) پاشماوەی بەسەرهاتەکەی بەم شێوەیە دەستپێکرد.

******

جیپوانی وتی:

لەوکاتـەدا حاڵـەتێکی تایبـەتم هـەبوو، نەمـدەزانی لەگـەڵ ئـەو پیـاوە ئینگلیزە کە لەو ئاسمانە بەرزەوە بـەرەو زەوی ئەهاتـە خـوارەوە دەبـێ چیبکەم.

نیگەرانی من کاتێك کە ورتە ورتی (فریشتەی نوما) (پەیامبەری خودا)م لـە زاری بومیانتـەوە بیسـت، ئـەوان کـاتێ پیـاوی پەرەشووتەوانیان لـە حاڵـەتی نیشـتنەوەدا بینـی بەشـێوەی سـوژدە کەوتنـە سـەر زەوی، دەسـتەکانیان بـە شـێوەی خـاچ لەسـەر سینەیان دانـاو چـەندجارێك بـە نیشانەی ڕێز سەریان دانەواند.

کابرا هێشتا نەگەیشتبووە سەر زەوی پلەی خودایی وەرگرتبوو، منیش بە تەماشـاکردنی ئـەو دیمەنـە کەوتبوومـە خـەیاڵاتی ئـەوەی کـە هـەر بـە ئاسمانەوە بیکوژم، ئەترسام لەوەی ئەوان تورە ببن، بـە خـەیاڵی ئـەوەی خودا یان نێردەی خودام کوشتووەو لەدژم شۆڕش بکەن.

کابرا لەناو دارەکان لە چـاو ونبـوو، بـەڵام مـنیش کـە نەخشـەی خـۆمم دانابوو بەخێرایی بەچواردەورانم وت:

–هیچکەس لەو شەیتانەی کەوا نیشتەوە نزیك نەبێتەوە، ئەو ئـاگرێکی لەگەڵدایە هەمووان دەسوتێنێ، چاوەڕێ بکەن من بەتەنها ئەڕۆم، هەرکات ئاگادارم کردن وەرن.

وشەی شـەیتان بـەبێ ئـیرادە لـەدەمم دەرچـوو، ئـەوانیش ڕازیبـوون و بڵاوەیان کرد، منیش بەخێرایی بەرەو ئەو جیگایەی کابرای لێنیشتبووەوە ڕامکرد.

ماوەکە زۆربوو ئاڕاستەی با نزیکەی کیلۆمەترێك بردبووی بـەولاترەوە،

لەو بەشەی شار لەناو دارەچڕەکان کەوتبووە خوارەوە، لەناو ڕێگا لۆچی دەیشت بە من، سەرەتا ویستم بیگێڕمەوە، بەلام دواتر بیرمکردەوە لەوانەیە بەکەڵکم بێت، تەنها ئەوەم پێ وت بەوانی دیکە بڵێت کە نە ژن نە پیاو هیچکەس بۆی نییە بێتە ئەو جێگایەی شەیتانەکە لێی دابەزیوە.

هەمووان گوێڕایەڵی فەرمانەکانم بوون، بەلام کە بەناو شاردا تێئەپەڕین لەقیافەیاندا هەزاران ترس و نیگەرانی ئەبینرا، هەمووان تووشی دڵەڕاوکێ و ناڕەحەتی بوو بوون، بەشەقامەکەدال تێپەڕین و چووینە ناو جەنگەڵ، شوێنی نیشتنەوەکەم دەستنیشانکرد، بە لوچیم وت:

-تۆ لەم ڕێگایەوە بڕۆ، ئەگەر بینیت بقیژێنە بۆ ئەوەی ئاگادار بم، خۆیشم بەلای ڕاستدا ڕۆشتم، لەو بەدواوە بەهێواشی ئەڕۆشتم، لە بەینی دارەکانەوە بەوردی تەماشای لق و پۆپ و گەلای دارەکانمان ئەکرد، سەرئەنجام شوێنەکەیم بینییەوە، پەڕ شووتەکە بەچەند لقێکەوە گیرسابوو، خۆیشی لەنێوان زەوی و ئاسمان بە بەرزایی پازدە تا بیست پێ هەڵواسرابوو، بە وێنەی بەندۆڵی سەعات هات و چۆی ئەکرد.

پەڕەشووتەکەش بەسەر لقەکانەوە کرابووەوە، وەکو چەترێکی لێهاتبوو، بەشێك لە دارستانی داپۆشیبوو.

بەنیگایەك بارو دۆخم هەڵسەنگاند، بریندارو خوێناوی بوو، جانتایەکی گەورەش لە ئاستی خۆی کەوتبووە زەوی، جارێك بە دەوریدا سوڕامەوەو بانگم کرد، وەلامی نەدامەوە، تێگەیشتم کەوا بێهۆشەو ئەرکی من دژوارتر لەوە بوو کە چاوەڕوانم ئەکرد.

خۆشبەختانە لەوکاتەدا لوچی گەیشت، بەهاوکاری یەکتر سەربازی

برینداری ئینگلیزمـان داگـرت، یەکـەم کارێـك کـە کـردم لەسـەر زەوی ڕامکێشا، کەوتمە پشکنینی جەستەی، حالێکی خراپی هـەبوو، گوللەیـەك کەلەکەی کونکردبوو، گوللەیەکی دیکـەیش بـازوی چـەپی بڕیبـوو، سـەرم سوڕما بەوحاڵەوە توانیبووی جانتاکەی لە فڕۆکەکـە دابگرێت، دەبـێ بـۆ ئەوکارە چەندە هەولێدابێت.

بە لوچیم وت:

-تۆ ئاگات لەم شـەیتانە بێـت تـا مـن باڵـەکانی لـە دارەکـە بکەمـەوە، هەڵبەت ئێـوە دەزانـن مەبەسـتم پەڕەشـووتەکەی بـوو، ئـەو پەڕەشـووتە لەپارچەیەکی تایبـەت دروسـتکرابوو، دەمزانـی لـە بـەکارهێنانی زۆرکـاردا بەسـود دەبـێ، زۆری خایانـد تـا پەڕەشـووتەکەم بەسـاغی لـە داروەکـان کردەوەو هێنامە خوارەوەو بەوردی لەناو جانتا تایبەتەکەی خۆیم نایەوەو بەستمەوەو لەژێر یەکێ لە دارەکان لە پاڵ کا کۆرکاوەکان شاردمەوە.

ئـەوکارە چـەند خولـەکێکی خایانـد تـا تـوانیم بچـم بـەلای سـەربازە ئینگلیزەکە، لە سەر پارچە پلێتێك کە بە زنجیرێکـی زیـوی کرابـووە ملـی نووسرابوو:"ئەفسەر جان بـیکن فڕۆکـەوانی ئسـپیت فایـەر ئیسـکادرانی ئاسمانی (اچ.ام. ۲۰۹.

ئەمەش خۆی لە خۆیدا مایەی دڵخۆشی بوو، لەبـەر ئـەوەی لـە دونیـای سەربازیدا من منیش نەقیبی هێزی دەریایی بووم، کەواتـە ئـەمتوانی وەك کارمەندێکی ژێر دەستی خۆم فەرمانی پێ بدەم.

بە لوچیم وت:

-خێراکە قاچـەکانی بگـرەو بیکـە کـۆڵی مـن، بـەڵام بەرلـەوەی لوچـی

دەست بەکار بێت دەنگێکم بیست، چەند خولەك دواتر سەروکەللەی تاچامانی و دوو سێ کەسی تر لە پیاوان دەرکەوتن، ئەوان گوێیان بە فەرمانی من نەدابوو، بەهەرحاڵ هاتن و پێم وتن:

-کارێکی خراپتانکرد هاتن، هەڵیگرن بۆ ناو ماڵەکەی من.

زتم کە ماڵەکەی من لەسەر کێوەکەو لەحێگایەکی زۆر خۆش و دیدەنیدا بوو، ڕێگاکەم بەجۆرێك و ڕێك کردبوو، لەکاتی چوونە سەرەوە مرۆڤ ماندو نەدەبوو، گەرچی ڕێگاکە کەمێك درێژتر لە ڕێگای ئاسایی بوو، بەلاّم لەبەرامبەردا شێوەیەکی کەمێك تەخت و نەرمی هەبوو.

بەهەرحاڵ سەعاتێك دواتر ئەویان گەیاندە ماڵەکە، بەر لە هەرکارێك فەرمانم بە لوچیدا ئاوی گەرم ئامادە بکات، خۆیشم سەرقاڵی ئامادەکردنی دەرمان بووم، هێشتا ئاوەکە گەرم نەبوو بوو، چاوم کەوتە سەرجانتای ئەفسەرەکە.

گومانێك هات بە مێشکمدا کەوا ڕەنگە دەرمانێك شتێکی تێدا بێ، بڕیارمدا بیکەمەوە، بەلاّم هەرچی هەولّمدا بێسود بوو، شێوە جانتاو توندی داخستن و نەکرانەوەی هەستی شێلگیری لەمندا زیادکرد.

بەهەرحاڵ کاتژمێرێکی نەخایاند برینەکانیم بەست، گوشتی زیادەو پارچە پێست کە بە قۆڵیدا شۆڕبوو بووەوە بە چەقۆیەك بڕیم و زامەکەم بە گیراویەك لە ئاوی گەرم و گۆگرد پاککردەوەو بەستم.

کەم کەم چاوەکانی هەڵهێنا، حاڵی ئەهاتەوە بەخۆدا، چەندجار پێڵوەکانی تروکاند، پاشان تەماشایەکی سەقفی کۆڵیتەکەی کرد و چاوەکانی داخست، هەروەك باوەڕی بەزیندومانەوەی خۆی نەکردبێ،

قاچەکانی جوڵاند پاشان بەتەواوی چاوەکانی کردەوەو تەماشای چواردەوری خۆی کرد.

بەدرێژایی ئەو ماوەیە من جلم لەبەر ئەکرد، بەتایبەتی نیشانەکانی سەرشانم بەهەر جۆرێك بوو بەستم، بۆ ئەوەی ببینێت و تێبگات نەقیبێکی هێزی دەریایی ئیتالیا لەبەرامبەریەتی، چەندجارێك نیشانەکانم کەوتن بەڵام دیسان ئەمخستەوە سەرشانم و ڕێك و ڕاست بەڕێدا ئەڕۆشتم تا نەکەوێت. ئەفسەر لە کۆتاییدا چاوەکانی کەوتە سەر من، منیش بەخۆشحاڵی و بەزمانی ئینگلیزی سڵاوم لێکرد، چاوەڕوان بووم وەڵامم بداتەوەو لە بوونی مرۆڤێکی پێشکەوتوو لەلای خۆی دڵخۆشبێ، بەڵام بە پێچەوانەوە بینیم برۆکانی لێکناو بە دەستی ڕاستی کە ساغ بوو بەدوای تفەنگەکەیدا ئەگەڕێ، ئەملا ئەولا سەرۆ خوارۆ ئەیویست تفەنگەکەی بدۆزێتەوە، خێرا بیرێك بە مێشکمدا هات کە ئەو لەکاتی کەوتنە خوارەوە لە فڕۆکەکەی تفەنگی پێ بووە، ڕەنگە لەناو دارستان لەو نزیکانە کەوتبێ، چوونکە دڵنیایووم تفەنگی پێ نییە، دووبارە سڵاوم لێکردو وتم:

–هاوسەفەر حاڵت چۆنە؟

ئەو وەڵامی پرسیارەکەی نەدامەوەو وتی:

–من لە کوێم؟ تۆ کێی؟ ئایا ئێرە سەربازگەی ئیتالیایە؟

دەبوایە وەڵامی ئەو پرسیارەی بدەمەوە لەبەر ئەوە وتم:

–تۆ لە دورگەیەکی خۆش هەواو پڕ لە نازو نیعمەتدای، منیش نەقیبێکی هێزی دەریایی ئیتالیام و لەم دوورگەی وەك دووچار بوون، دەربارەی پرسیاری کۆتای تۆ پێویستە بڵێم ئێرە سەربازگەی هیچ وڵاتێك

نییە، ئێرە سەربازگەی ژنە جوانەکانە، ئێرە بەهەشتی ڕووی زەوییە، لەباتی ئاژەڵ و دڕندە تا دڵت بخوازێ ژنی جوان و دڵڕفێنی لێیە، تۆیش کە هاتووی بۆ ئێرە بەخێربێیت سەرچاوم، ئەتوانی سوود لەو نازو نیعمەتە وەرگری.

چاوەڕوانی ئەوە بووم کەوا (جان) بە بیستنی ئەو قسانە ڕوخساری بکرێتەوەو پێبکەنێ و دڵخۆشبێ بەڵام بەتوڕەییەوە وتی:

—زۆرباشە، کەواتە من لێرە بەناوی پادشای ئینگلیزەوە بەڕێوە ئەبەم، تۆیش لەبەبەر ئەوەی ئیتالیاییت پێویستە دیلی من بیت، منیش وەك دیلێکی جەنگی هەڵسوکەوتت لەگەڵ ئەکەم.

من بەبێ ئیرادە پێکەنیم، لەدونیادا قسە لەوە سەیرو سەمەرەتر بەر گوێ نەکوتووە، لەدڵەوە پێئەکەنیم. ئەو بە ڕقەوە تەماشایەکی کردم. لە کۆتایدا وتم:

—بیستبووم کەوا ئینگلیزەکان تەماعکارن بەڵام نەك بەم ئەندازەیە، پیاوی باش ئەڵێ عەقڵت نییە وا ئەو قسانە دەکەیت؟ پاشان بەبێ ئەوەی مۆڵەتی قسەکردنی پێ بدەم، لە جێگەکەم هەستام و وتم:

—برینەکانتم بەست، ئێرەماڵی منە، یەکێ لە ژنەکانم ڕاسپاردووە ئاگای لێتبێ و خواردنت بۆ ئامادە بکات، بەڵام جارێ نابێ لە جێگاکەت بجولێێت لەوانە تووشی خوێنبەربوون بیت.

بۆ ڕۆشتنە دەرەوە بەرەو دەرگاکە ڕۆشتم، بەڵام (جان) وتی:

—ئەهای ئیتالی وەرە پێشەوە.

منیش گەڕامەوەو بۆ ئەوەی وانەیەکم پێدابێ وتم:

-بڵێ نەقیب (جییوانی) نەقیبی هێزی دەریایی ئیتالیا.

ئەو بەهەمان خوێنساردی سەری جوڵاندو وتی:

-بەڵێ منیش دەمویست ئەوە بزانم. پێویستبوو ناوەکەت بزانم، وتت جییوانی؟ زۆرباشە برۆ ئازادی، بەڵام جانتاکەم لە کوێیە؟

بە پەنجە جانتاکەم نیشاندا، لەبەر ئەوەی وتبووی ئازادی، بەگاڵتەجارییەوە سلاوێکی سەربازیم لێکردو بەگاڵتەپێکردنەوە وتم:

-ئەفسەری باڵا جان مۆڵەت ئەدەن.

یەکەم گاڵتەپێکردنی منی بەجدی وەرگرت یان تێنەگەیشت، بەهەرحاڵ بەهەمان شێوەی فەرماندەرانە دەستی ڕاستی جوڵاندو وتی:

-برۆ مۆڵەتت هەیە، بەڵام نابێ لە سنووری دەستەڵاتی من بچیتە دەرەوە، تا حاڵم دێتەوە سەرخۆ ئەوکات بیرێك لە تۆ ئەکەمەوە.

بەشێوەیەك پێکەنیم و قاقام لێدا، لوچی دەنگی منی بیست و بە پەلە هاتە ژوورەوە. جان تەماشایەکی قەدوباڵای دڵڕفێنی لوچی کرد، بەڵام بە هیچ شێوەیەك گۆڕانێك لە ڕوخساریدا ڕووی نەدا، هەر بەو جۆرەی کە ڕاکشابوو سەری جوڵاندو وتی:

-ئەم ژنە کێیە؟

منیش دووبارە بە گاڵتەپێکردنەوە وتم:

-یەکێ لە دوازدە ژنە جوان و شیرینەکانی منە، بەڵام مرخی لێ خۆش مەکە، وتم یەکێکیان ڕائەسپێرم بەڵام ئەمەیان جیاوازە یەکێکی دیکە ئەنێرم.

سەرت سوڕ دەمێنی ئەگەر ببیستی چی وت، وتی:

-نا نا ژن پێویست نییە، لەکاتی جەنگدا مافی تێکەڵبوون لەگەڵ ژنانمان نییە، بە پێی مادەی ( ٤٧٢) لە یاسای سەربازی سەربازان لەکاتی جەنگدا بۆیان نییە لەگەڵ ژنانی بێگانەدا تێکەڵ بن، تۆ پیاوێك بۆ خزمەتی من بنێرە، منیش لەبەرامبەردا لەو بروسکانەی ئینێرم بۆ هێزی ئاسمانی سوپاسی هەوڵو ماندوو بوونەکانی تۆ ئەکەم، ڕەنگە بتوانم بەشێك لە گوناهەکانت کەم بکەمەوە.

کەم کەم ئەمویست گومان لە هۆش و ژیری ئەو بکەم، بەڕاستی گاڵتەجاڕی بوو، لەدوورگەیەکی دوورە دەست، لەگەڵ من کە خۆم بەخاوەنی ئەم دوورگەیە ئەزانم و خاوەنی هێز بووم، بەو جۆرە قسەی ئەکرد.

بەهەرحاڵ من و لوچی ڕۆشتین، سەبارەت بەو وت و وێژو دیمەنەی لەنێوانماندا ڕوویدا، زۆر گاڵتەجاڕانە بیرم لێ ئەکردەوە، بەشێوەیەك چۆن مرۆڤێك دوای بینینی فلمێکی تەواو کۆمیدی بیر لە دیمەنە پڕ کۆمیدیەکان ئەکاتەوە، بیرم ئەکردەوە، بەڵام دیمەنە کۆمیدییەکان لەدواوە بوون و من نەمدەزانی.

من و لوچی لە کێوەکەوە هاتینە خوارەو بەرەو شار ڕۆشتین، لە چوارڕێیانێ کە لە سەر شەقامە سەرەکییەکە دروستکرابوو، پیاوان ڕاکشا بوون و قسەیان دەکرد، ژنانیش سەرگەرمی کاری خۆیان بوون. یەکێ لە ژنەکان نانی تازەی دابەشدەکرد، ژنێکی دیکەیش لە کوپەیەکی گەورە شیری دابەش دەکرد، منداڵەکانیش سوارکۆڵی یەکتر دەبوون تا دایکیان سەرقاڵ بکەن و قومێك لە شیرەکە بخۆنەوەو بە پێکەنینەوە هەڵدەهاتن،

لە هەموو ڕووبەکەوە شار دیمەنێکی خۆش و دلڕفێنی هەبوو، بەڵام لەڕاستیدا بەو جۆرە نەبوو، چوونکە بومیەکان بڕوایان وابوو کە (جان) لە لایەن (توما) خودای ڕۆژەوە نێرداوە بۆ ئەو دورگەیە، ئەمش نیگەرانی کردبوون، لەوەش ترسناکتر ئەوە بوو کە دەربارەی پەیام و درۆزنی من گومانیان تێدا دروست بوو بوو، بە چاوێکی پڕ لە ئەشك و گومانەوە تەماشایان دەکردم.

مافی خۆیان بوو، چوونکە ئەوان منیان لە ئاودا دەرهێنا بوو، لە حاڵێکدا (جان)یان بینیبوو لە ئاسمانەوە دابەزیبوو، لە ئەفسانە کۆنەکانی دوورگەکەدا وترابوو ڕۆژێك (توما) فریشتەیەك لە ئاسمانەوە ئەنێرێتە زەوی، لەو ڕۆژەوە پێویستە هەموو ژنان و پیاوانی دوورگەکە گوێڕایەڵی لێبکەن.

ئەم بابەتەم پێشتر بیستبوو، بەڵام دوست نەبوو لەوکاتەدا لەو بارەوە قسە بکەم و بەڵگە بهێنمەوە، باشترین ڕێگا ئەوە بوو سەرقاڵیان بکەم، لەبەر ئەوە ڕۆشتم بۆ ماڵەکەو گەلایەك کە پێتر باسمکردبوو ئارامکرەوەی تێدا بوو هێنام نیشانم دان و وتم:

– بڕۆن لەناو دارستان لەوەم بۆ کۆبکەنەوەو بیهێنن.

لە ڕاستیدا ئەمویست ئەوان بنێرم بۆ هێنانی فانۆسە جادوییەکەی عەلادین، بەم فێڵە ئەوانم ئەنارد بەملاو ئەولادا بۆ ئەوەی سەریان گەرمبێ و مۆڵەتی ئەوەیان نەبێ پێکەوە دانیشن و وت و وێژ بکەن. خۆیشم لەگەڵ لوچی ڕۆشتم بۆ ناو دارستان، ڕۆشتین و خۆشبەختانە تفەنگەکەم دۆزییەوە.

تفەنگەکەو مەخزەنێکی بیست فیشەکی لە جۆری ١٤ ملیمی، بەڵام بەداخەوە فیشەك کەم بوو، تەنها یەك مەخزەنی بیست فیشەکی بوو، وام گومان برد مەخزەنەکانی دیکە لەناو جانتاکەدا بێ. تەنها مەخزەنی سەر تفەنگەکەی لێبوو کە بیست فیشەکی تێدا بوو دەستی لێنەدرابوو، بیرمکردەوە ڕەنگە لەناو جانتاکەیدا فیشەکی دیکە هەبن.

بەهەرحاڵ تفەنگەکەو پەڕەشووتەکەم لە لای کایە کۆماکراوەکە شاردەوە، لەگەڵ لوچی گەڕاینەوە بۆ لای (جان).

کاتێك گەڕامەوەو نزیك ماڵ بووینەوە دیمەنێکی سەیرم بینی، کە بەهیچ جۆرێ چاوەڕوانی وەها شتێك نەبووم، لە دوورەوە بینیم ئاڵایەکی ئینگلیز بەسەر بانەکەمە هەڵکراوەو ئەشەکێتەوە.

هەرکە ئاڵەکەم بینی هەنگاوەکانم خێراتر کرد، هەرکە گەیشتمە ماڵەوە لەوەش سەیرترم بینی، (جان) جانتاکەی کردبوەوەو ئامێرێکی بێ سیمی بچووکی دەرهێنابوو سەرگەرمی پەیوەندیکردن بە سەربازگەی ئینگلیزەوە بوو، ئەو دەنگەی کە بیستم ئەمە بوو:

"ئەلو ئەلو دەبیستی؟ من ئەفسەر (جان بیکن) فڕۆکەوانی اسپت فایەر اسکادارانی ئاسمانی اچ.ام. ٢٠٩ و فەرمانداری دوورگەی بەهەشت قسە دەکەم. پاشان درێژەی پێداو وتی:

—ئەلو ئەلو وەڵام بدەرەوە.

بە بیستنی ئەو بابەتە وەك شێت خۆم کرد بەناو ژوورەکەدا، بەر لە هەرکارێك ئەو سیمەی کە وەکو ئاریاڵ هەڵیواسیبوو بە داری ئاسنی ئاڵاکەدا بچڕاندم و بە لەشەقێك باترییەکەم فڕێداو دوورم خستەوە.

ئەو وەك ئەوەی لە لایەن منەوە چاوەڕوانی وەها بوێرییەك نەبوو بێ، لە حاڵێکدا کە لەسەر لای چەپ کەوتبوو، هێزی خستە سەر قاچی چەپ و هەستا، دوو سێ هەنگاو هاتە پێشەوەو بە شێوازێکی توند وتی:

-ئیهانە بە دەوڵەتی پادشاهی ئینگلیز ئەکەیت؟ ئەم گوناهەت هەرگیز شایەنی بەخشین نییە.

بە پشتی دەست کێشام بە دەم و چالویداو وتم:

-بڕۆ بەدبەخت تۆ هێشتا دووسەعات نابێ هاتوویتە ئێرە، بەم زووییە بویتە فەرمانداری ئینگلیزی ئەم دورگەیە؟

ئەو لەگەڵ ئەوەی کەوا لێدانی خواردبوو وتی:

-تەواوی دونیا ژێر دەستەی خاوەن شکۆ پادشای ئینگلیزە.

مشتێکی دیکەم کێشا بەسەریداو لەو جێگایەی کە پێشتر لێکوتبوو خستم و پێم وت:

-بخەوە چارە ڕەش، ئێرە دورگەی بەهشتەو پادشای ئینگلیز لە کۆشکی بوگینگهام ڕادەبوێرێ، جگە لەوە ئەگەر بڕیار بێ کەسێك خاوەنی ئێرە بێ، من کە ئیتالیم و زووتر هاتوومەتە ئێرە، مافی منە، کەواتە ئێرە لە ژێر فەرمانڕەوایی ئیتالیادایە.

ئەو هیچ قسەیەکی نەکرد، وام هەستکرد قەناعەتی کردووە بۆیە وتم:

-پێویستە ئێمە پێکەوە باشبین، ئامادە بووم دۆستانە لەگەڵ تۆ ڕەفتار بکەم، تۆیش بیری شەڕو مرۆڤ کوشتن لە مێشکت دەرکە، پ، سبەی کە حاڵت باشتر بوو تۆ بەناو دوورگەکەدا ئەگێڕم، ئەبینی ئەو قسانەی تۆ بۆ ئێرە گونجاو نییە، هەوای ئێرە پڕە لە عەشق و خەیاڵی

شاعیرانە.

لەو کاتژمێرە بەدواوە تا ئەو ڕۆژەی حاڵی (جان) باشتر بوو توانی لە ماڵەکە بێتە دەرەوە کەمتر پێکەوە قسەمانکرد، جاناکەشی پێچایەوە، ئاڵاکەی ئینگلیزیش کە من دامگرتبوو لە سەر جێگەکەم ڕامخست، هەندێك جاریش بۆ خۆ پاراستن لە مێشوولە ئەمدا بەسەرمداو ئەخەوتم.

نزیکەی بیست ڕۆژ لە هاتنی (جان) تێپەڕی، ڕۆژێك لەماڵ دەرچووین و هەموو شوێنێکی دورگەکەم نیشاندا، شار، ماڵەکان، کارگەی ئاسن، کارگەی خشت بڕین، ئاشی گەنم و خوێ هاڕین، تەنانەت کشتوکاڵ و بەخێوکردنی بزنەکێوی، چاوەڕوان بووم لەو چاکسازیانەی کە کردوومە خۆشحاڵ بێت و هانم بدات، بەڵام کاتێ کاتێ گەیشتینە ناوەندی شترو لەسەر حەسیرێك دانیشتین وتی:

—زۆر خراپت کردووە کە ئەوانت لەشاردا جێگیر کردووە، ئەم هۆزانە پێویستە هەمیشە هەژارو پەرێشان بن، تا بتوانین فەرمانڕەواییان بەسەرەوە بکەین، ئەگەر بڕیاربێ وەك ئێمە ببنە خاوەنی پێشکەوتن و شارستانیەت و زانست، چۆن گوێڕایەڵ دەبن؟

پێکەنیم، بە بۆچوونی ئێوە قسەکانی مایەی پێکەنین نەبوو؟ پێم وت:

—جا پێویستە ئێمە فەرمانڕەواییان بەسەرەوە بکەین؟ ئایا لە سەر ناوچەوانمان نووسراوە ئێمە فەرمانڕەواو ئەوان ژێردەستەن؟ چ نەنگییەکی هەیە کە ئەوان خۆیان بەڕێوە ببەن و وەکو هاوڕێیەك تەماشای ئێمە بکەن؟

وت وێژی من (جان) لەوبارەوە زۆر درێژەی نەکێشا، بە پێچەوانەی

هەڵویستی یەکەم ڕۆژی، ڕۆژەکانی دیکە بە بێدەنگی و ئارامی بەڕێی دەکرد، هیچ کارێکی بە بێ ڕەزامەندی من نەدەکرد، تەنها شتێك کە بیری منی بەخۆیەوە سەرقاڵ کردبوو، ئەوەبوو، لەگەڵ ژنان تێکەڵاوی نەدەکردو دۆستانەش لەگەڵ من هەڵسوکەوتی نەدەکرد.

هەرکات پێم ئەوت وەرە با خۆش بگوزەرێنین، ئەم هەموو نازو نیعمەتە لەبەر دەستماندایە سوودی لێوەرگرین، زەردەخەنەیەکی ئەکرد، بەڵام لەگەڵ من نەدەهاتە دەرەوە، هەرکە من دەڕۆشتم ئەویش دەچووە دەرەوە، هەرچەند ئەگەڕام نەم ئەدۆزییەوە، جگە لەوەش ئەمبینی زۆر حەزدەکات زمانی خەڵکی دوورگەکە فێر بێت.

ڕۆژەکانی سەرەتا وامبیر ئەکردەوە کەوا ئامێرەکە دەباتە ناو دارستان، بۆ ئەوەی پەیوەندی لەگەڵ سەربازگەی ئینگلیز ببەستێ، بەڵام دواتر تێگەیشتم جانتاکەی لە جێگەی خۆیەتی هەرچۆن خۆم دامنابوو دەستی لێنەدرابوو، کەواتە بۆ کوێ ئەچێت؟

وا ڕێکەوت ئەو ڕۆژانە من کارم زۆر بوو، لەگەڵ دەستەیەك لە ژنان و پیاوان خەریکی کۆکردنەوەی بەرهەمی کشتوکاڵی بووین، بەیانی زوو لەماڵ دەرئەچووین و شەو درەنگە بە ماندویی ئەگەڕاینەوە، کاتێ ئەگەڕامەوە (جان) خەوتبوو، بەیانیش کاتێ من ئەڕۆشتم ئەو لەخەودا بوو، نزیکەی دە ڕۆژ بەو شێوە تێپەڕی نەمتوانی تەنانەت یەك وشەی لەگەڵ بدوێم، شەوێك کاتێ گەڕامەوە لوچی پێی وتم:

–ئەزانی چی ڕوویداوە؟

پرسیم:

—نا، بڵێ بزانم چیت بینیوە؟

لوچی منی بردە گۆشەیەك لەدەرەوەی ماڵەکەو وتی:

—کامینۆو جان پەیوەندییەکی هاوڕێیانەیان بەستووە.

منیش خۆشحاڵ بووم و دەستەکانم بەیەکدا دان و وتم:

—زۆرباشە، چی لەوە باشتر، لە کۆتاییدا تێگەیشت و کەوتە سەر ڕێگای ڕاست.

لوچی پەشۆکاو وتی:

—نا، وا نییە، گوێبگرە، یەکەم ئەم شەیتانە فێڵبازە لەگەڵ ئەوانەی دژی تۆن یەکی گرتووەو هەمووانی لە دەوری خۆی کۆکردۆتەوە، دووەمیش لەو بەشەی دارستان خانوویەکی بۆ خۆی دروستکردووەو ئەیەوێت لە ئێمە جیا بێتەوە.

سێیەم ئەمشەو بەر لە گەڕانەوەی تۆ هەموو شتەکانی خۆی کۆکردەوەو بردی بۆ ئەوەی، خۆی ماوەتەوە تا ماڵئاوایی بکات.

ئەمە هەواڵێکی خراپ بوو، بەسەرسامییەوە لەکاتێکدا ئارەق بە پشتمدا ئەهاتە خوارەوە پرسیم:

—ئاخر ئەو زمانی ئێوە باش نازانێت، چۆن توانی لەگەڵ (تاچامانی) و (کامینۆ) پەیوەندی ببەستێ؟

لوچی بەهێواشی و بە سەرسامی وتی:

—وەك خۆمان زمانەکە فێربووەو قسە ئەکات، تاچامانی و کامینۆی لەگەڵ خۆی بردەوەو کاری پێکردوون، ئەوانیش وەك کەروێشك گوێڕایەڵی ئەکەن و فەرمانەکانی جێ بەجێ دەکەن.

هەستمکرد هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر من و دوورگەکمە هەیە، پێویستە هەرچی زوترە دەستبەکاربم و ئەم کێشە گەورەیە چارەسەر بکەم، قاچی ئینگلیزەکان بکەوێتە هەر ناوچەیەك فیتنەو ئاژاوە ئەنێنەوە، من ماوەیەکی زۆر بوو کۆششم کردبوو تا خەڵك فێربکەم و لەو دوورگەیە ژیان و ئاوەدانی دروست بکەم، حەیف بوو کە بەهۆی نەفامی و ئینگلیزەکانەوە تیا بچێ، بگەڕێتەوە خاڵی سەرەتاو بگرە خراپتریش، بە نیگەرانییەوە بە لوچیم وت:

–تۆ جێگای ئەوان ئەزانی؟

لوچی وەڵامی داوە:

–نا من جێگای ئەوان نازانم، بەڵام (لوچی) هاوڕێم چۆتە ئەوێ و دوێنێ (تاچامانی) لێیداوە کە بۆچی بەبێ مۆڵەت ڕۆشتووە بۆ ئەوێ.

پێم وت:

–بڕۆ (لومبۆ) بنێرە بۆ لام، لە ماوەیەدا کە (لوچی) ڕۆشت و لومبۆی لەگەڵ خۆی هێنا، من نەچوومە ژوورەوە، لەدەرەوە پیاسەم ئەکرد تا جان مۆڵەتی ماڵئاوایی کردن و ڕۆشتنی نەبێت.

سەبارەت بە (لومبۆ) تا ئێستا هیچ لەبارەیەوە بۆ باس نەکردوون، ڕووداوێك نەهاتۆتە پێش کە ئەو ڕۆڵی تێدا هەبوو بێ، ئێستا کە تێکەڵی ڕووداوەکە ئەبێت خراپ نییە بیناسن، (لۆمبۆ) یەکێ لە جوانترین گەنجانی دوورگەکە بوو، باڵایەکی ڕێك و ڕوخسارێکی جوانی هەبوو، ڕێك وەك لوچی خوشکی بوو، جگە لەوە هەموو خەسڵەتەکانی پیاوێکی بەهێزی تێدا بوو، بازووی ئەستورو ماسولکە بەهێزەکانی نیشانی ئەدا کەسێکی بەهێزو

چاپووکە. بەو هەیکەلەوە هات، هەرکە لە تاریکیدا منی بینی سڵاوی کرد.

منیش پێم وت:

-(لومبۆ) تۆ ئەو ماڵەی ئەم شەیتانە دروستی کردووە ئەزانی لە کوێیە؟

وتی:

-بەڵێ، ماڵەکەی ئەزانم، بەڵام (تاچامانی) و چەند کەسی دیکە پارێزگاری لێدەکەن. بەگشتی خانووەکەی لە دار دروستکردووە، شتێکی وەکو دەرگا بۆ داناوە، بە بڕوای من جادوی لێکردوە، چوونکە کەس ناتوانێ بچێتە ژوورەوەو بە ماڵەکەیدا بگەڕێت.

بە پەلە کەوتینە ڕێ بەرەو ئەو ماڵەی کە لەو بەشەی دارستان دروستی کردبوو، دووری شار تا ئەوێ ڕێك و کەم بوو، بەڵام لەماڵەکەی منەوە بۆ ئەوێ ڕێگەکە پێچاو پێچ بوو، لەناو شار مەشغەڵێکم هەلگرت و ڕۆشتم.

کاتێ گەیشتینە بەردەم ماڵەکەی بینیم بە کە پارچەیەکی لە چەمەدانەکەی کردۆتەوەو لەسەر دەرگاکەی نووسیویەتی"هاتنە ژوورەوە بۆ کەسانێك کە ئینگلیز نین قەدەغەیە" لەسەر سورماندا هەر لەوێدا وشکبووم، ئەمویست هاوار بکەم و بە مەشخەڵەکەی دەستم ماڵەکە بستوتێنم. بە لۆمبۆم وت:

-بڕۆ ژوورەوە.

بەڵام هێشتا نەچووبووینە ژوورەوە لەپڕ دەنگ و هەرایەك لە دەرەوە بەر گوێ کەوت، هەروەك کۆمەڵێك لە ژن و پیاوان بەیەکەوە هاواربکەن، هاواریان ئەکرد ئەگریان.

بە پەلە بەرەو دەنگە بەڕێکەوتین، بەشێك لە ڕێگەکەمان بەترسەوە بەڕاکردن بڕی.

لۆمبۆ وتی:

-بەڵایەك هاتۆتە خوارەوە کە خەڵکی بەو جۆرە هاوار ئەکەن.

من باوەڕم بە دابەزینی بەڵای ئاسمانی نەبوو، بەڵام زانیم کە ڕووداوێکی خراپ ڕوویداوە، چوونکە خەڵکی دوورگەکە نزیکەی حەوت هەشت هەزارکەس، لە ژن و پیاو و منداڵ پێکەوە هاواریان ئەکرد.

زۆر خێرا ڕووداوەکە ڕوون بوەوە، نزیکەی سێ سەد مەتری تر ڕامانکرد لەپڕ لۆمبۆ وتی:

-تەماشاکە، دووکەڵ، ئاگر، ئاگر.

وەستام و تەماشای ئاسمانم کرد، هەر بەڕاستی کارەساتێکی ترسناك بوو، تیشکی ئاگر بەرەو ئاسمان ملی ئەکێشا، دووکەڵ لوول ئەبوو ئەئاڵا بە یەکداو وەکو غولێك بەرەو سەرەوە ئەڕۆشت و ڕەنگێکی ترایکی ئەدا بە هەورەکان و دونیای گەرم ئەکرد.

جەنگەڵ گڕیگرتبوو؟ شار ئاگری تێبەر بوو بوو، چی ڕوویداوە؟

دڵم تێکچوو، بەترسێکی بێ پێشینەوە ڕامدەکرد، (لۆمبۆ)یش بە دوامەوە بوو، هەرچەند زیاتر بچووینایەتە پێشەوە دەنگە دەنگ زیاتر ئەبوو، دیمەنی ئاگرەکە ترسناکتر ئەبوو.

دەنگی گریان و شیوەنی ژنان و قیڕەو هەرای ژنان و زاق و زیقی منداڵان جەنگەڵی پڕکردبوو، بە فەرمانی من لومبۆ دیواری چوار دەوری بزنە کیویەکانی شکاند، ئەو ئاژەڵە بێچارانە کە لە ترسا بەسەر ئاگرەکەدا

بازیان ئـەدا، بـەرەو دارسـتان هەڵدەهاتن و پـەنایان ئـەبردە بـەر شاخ و کێوەکان.

تازە گەیبوینە شار، کاتێ گەیشتینە ئەوێ تێگەیشتم شـار بـە هـەزاران ماڵ و ئاش و کارگەوە ئاگری گرتبوو، ئاگرەکە هێندە گەورەو ترسناک بوو بەجۆرێك بوو بە هیچ جۆرێك نەدەکرا بکوژێنرێتەوەو کۆنترۆڵ بکرێت.

کاتێ مـن و لۆمبـۆ گەیشـتینە شـار، نەمـدەزانی چـیبووە کـەوا هـەموو خەڵکی شار چاویان لە سەر ئێمە بوو، بەتایبەتی من کە مەشخەڵەکەم بە دەستەوە بوو، بە دەنگێك کە هەمووان بیبیستن هاواریکرد:

—سەیرکەن ئەو مەشخەڵی بە دەستەوەیە بۆ ئارەکەتان ئاگر تێبـەردات و ئێوە لەناو ببات.

بە بیستنی ئەو قسەیە وەك ئەوە وابوو، دوورگەکە بە هـەموو گـەورەیی و گرانیای خۆی هەڵگرن و بیکوتن بـە سـەرمدا. دونیـا بـەدەوری سـەرمدا سوڕایەوە، بەرچاوم ڕەش بوو، حەزمدەکرد دەستم گـیر بێـت لـە بینـی و هەر لەوێدا بیخنکێنم.

ئەو ئینگلیزە بەدکردارە شارەکەی ئاگر دابوو گوناهەکەشی خسـتبووە ئەستۆی من، وەك بڵێێ هەق لای ئـەو بـوو، قیافەیـەکی خـەمبارو داماوی بەخۆوە گرتبوو، داخ و پەژارەی دەر ئەبڕی، لە هەموویشی گرنگتر زمانی بوومیانی لەمن کە چەندێکە لەناویانـدام، ئـەو بـە ٣٥ ڕۆژ باشـتر فێـر بـوو بوو.

لەبـەر تـوڕەیی ئـەو مەشـخەڵەی کـە بەدەسـتمەوە بـوو هاویشـتم بـۆ ڕووخساری، خۆشبەختانە یان بەدبەختانە بەری نەکەوت. درەنگم نـەکرد

چوونکە ئەو دەمە زۆر بەلامەوە هەستیار بوو، ڕووم تێکردن و وتم:

-ئێستا کاتی ئەو قسانە نییە، سەرەتا پێویستە خەڵکەکە لە سووتان ڕزگار بکەم، لەگەڵ لومبۆ و دوو سێ کەسی دیکە، کە بەرامبەر بە من وەفادار بوون و ئەیانزانی بێگوناهم، دەستمانکرد بە ڕزگارکردنی ژن و منداڵەکان کە لە ناو ئاگرەکەدا مابوونەوە.

بە گەڕانێکی کەم تێگەیشتم شار لە چەند لایەکەوە ئاگر دراوە، لەوێوە بۆم دەرکەوت کە ئاگرەکە بەئەنقەست و سروشتی نییە، ئاشکرابوو کە ئەو ئینگلیزە ئاگری داوە، بەڵام لەوکاتەدا نەمدەزانی مەبەستی لەو کارەی چیبووە.

گەر تەنها مەبەستی ئەوە بووایە من تۆمەتبار بکات شتی دیکە هەبوو بیکات، لەبەرچی شاری کە سەدان کەس بۆ بنیات نانی چەندین مانگ شەو و ڕۆژ ئەرکیان کێشاوە.

لەوکاتەدا یەك یەك سەرم ئەدا لەماڵەکان و خەڵکەکانم ڕزگار ئەکرد، هەموو گیانم بە ئاگر سووتا بوو، سەرئەنجام تێگەیشتم ئەو بۆ سڕینەوەی نیشانەی شارستانیەت ئەو کارەی کردووە، بۆ ئەوەی خەڵکەکە بە هەژاری بمێنێتەوە فەرمانی ئەو بەجێ بگەیەنن.

خۆی ڕۆژی یەکەم بە منی وت: "کارێکی خراپت کردووە کە ئەوانت وەك خۆمان لێکردوە، دەبێ ئەوان لە هەژاریدا بن بۆ ئەوەی بتوانین فەرمانڕەواییان بەسەرەوە بکەین".

من چەندە بێمێشك بووم لەسەرەتاوە تێنەگەیشتم و کاری خۆم نەکرد، ئێستا جان بە تیرێك دوو نیشانەی شکاندبوو، هەم شارو

شارستانیەتەکەی لەناو بردبوو، هەم منیشی تۆمەتبار کردبوو، بە خۆمم وت:

-خودا سەرەئەنجامەکەی بەخێر بگێڕێ، ئەمە یەکەم کاری ئەو شەیتانە موو سوورەیە.

خۆشبەختانە لەبەر ئەوەی ئاگرەکە لە سەرەتای شەودا بوو، خەڵکەکە هێشتا نەخەوتبوون، زیانی گیانی زۆر نەبوو، دوو سێ کەس بە زۆری سووتا بوون، بەڵام حاڵیان ئەوەندە خراپ نەبوو دەرمان نەکرێت، چەند ڕۆژێکی دیکە بە دەرمانی خۆماڵی چارەسەر ئەکران.

من تەواوی شەوەکە لەگەڵ لومبۆ کارمانکردو هەوڵماندا و خەڵکمان ڕزگار کرد، بەڵام جان ڕۆشتبوەوە بۆ ماڵەکەی و نووستبوو.

کەم کەم دونیا ڕووناک ئەبوەوە، بومیان وەکو پێشتر بەناو جەنگەڵدا بڵاوبوو بوونەوە، هەرکەسەو پەنایەکی بۆ خۆی دۆزیبووەوەو لێ خەوتبوو.

شار دیمەنێکی خەماوی بەخۆوە گرتبوو، ئاگرەکە کوژایەوە هەرچی کەوتبووە بەردەمی کردبووی بە خۆڵەمێش، خۆشبەخانە من بەر لەوە دەوری شارم بەتەواوی پاککردبوەوە، ئەو پارکردنەویە بووە هۆکاری ئەوەی ئاگرەکە بەرەو دارستان نەڕوات و دارەکان بسووتێنێ، گەر بەو شێوەیە نەبوایەو ئاگر بگەیشتایەتە دارستان، تەواوی دوورگەکە لەماوی چەند کاتژمێردا دەبووە خۆڵەمێش.

لەپڕ بیرێك بە نێشکمدا هات، لۆمبۆم بانگکردو وتم:

-لەگەڵ من وەرە، پەلە بکە.

من و لۆمبۆ بە پەلە بەرەو ماڵەکەی جان ڕۆشتین، باسمکردبوو کە ئەو

بە ئامێرەکەی خەریکی دروستکردنی پەیوەندی بوو لەگەڵ سەربازگەی ئینگلیز، منیش نەمدەویویست قاچی سەربازانی بیانی بگاتە ئەوێ.

ئەگەر جان پەیوەندی دروستکردایە کارەکە تەواو ئەبوو، لەماوەی دوو سێ ڕۆژدا کەشتی سوپای ئینگلیز ئەگەیشتە کەنارەکەو سەربازەکانی دا ئەبەزاندو منیش ئەبرام بۆ جێگایەك کە ئەسیرانی جەنگەکانی دیکەیان بۆ بردووە.

لەڕێگا بیرم لەو بابەتە ئەکردەوە، هەرجارێك کە لۆمبۆ دوا ئەکەوت پێم ئەوت:

–پەلە بکە لۆمبۆ، کات تێئەپەڕێ. بۆ گەیشتن بەماڵەکەی جان زۆری نەمابوو، کە لۆمبۆ قوڵی گرتم و وتی:

–پەلە مەکە، شەیتانی موو سور خەریکە لەگەڵ (تاچامانی) و (کامینۆ) قسە ئەکات، ئەوان خەریکن بەرەو شار ئەڕۆن.

هەردووکمان لە پشت دارەکان خۆمان شاردەوە. جان وتی:

–بینیتان ئەو مەشخەڵەکەی بە دەستەوە بوو.

تاچامانی وتی:

–بەڵێ من خۆم بینینم، ئەو ئاگری بەردا لە شار، پێویستە سزای بدەین.

(جان) پێشنیاری هەبوو:

–ئەو لە تاقگەکەوە هەڵبدەنە خوارەوە، نازانم بە هەر شێوەیەك یاساکانی ئێوە ڕێگە ئەدات، من نوێنەری پاشای ئینگلیزم و ئەرکی من نییە لەکاری تایبەتی ئەم دوورگەیە خۆم هەڵقورتێنم.

لەبەر تورەیی زۆری نەمابوو هاواربکەم، بۆ من زۆر دژوارو خەمئەنگێز بوو، ئەو لەڕێوە بێت و ببێتە خاوەن هەموو شتێك، فەرمانی کوشتنی منیش دەربکات و بڵێت پەیوەندیشی بە منەوە نییە خۆتان ئەزانن.

لۆمبۆ ئەیوست بەو ڕمەی کە بە دەستیەوەیەتی سینەی کونبکات، بەڵام من ڕێگریم کرد، ئاماژەم پێدا کە لەگەڵ من بێت، هەردووکمان لەوێ دوورکەوتینەوە، باشترین کاتم بە دەستهێنابوو تا لە نەبوونی (جان) و (تاچامانی) خۆم بگەیەنمە ماڵەکەی.

بەخێرایی چووینە ژوورەوە، هێشتا ئامێرەکەی بەکار نەخستبوو، بەڵام دیاربوو هەموو شتێك ئامادەیە، خێرا دەستبەکار بووم، چواردانە لە گلۆپە پڕکارەکانم لێکردەوەو دامە دەست لۆمبۆ.

بەو کارەم خەیاڵم ئاسوودە بوو، چونکە دڵنیا بووم ئیدی ناتوانێ لەگەڵ دەرەوەی دوورگەکە پەیوەندی بگرێت، هەر خۆی تەنیا ئەمێنێتەوە لە کۆتایدا ئەتوانم بەسەریدا سەرکەوم.

بەگشتی من لە فێڵ و درۆ و خیانەت خۆشم نەدەهات، بەڵام لە بەرامبەر بوونەوەرێکی درندەی وەك جان درۆزن و فێلباز، جگە لەوە چارەیەکی دیکەم نەبوو.

لۆمبۆم بردە ناو دارستان شوێنی پەڕەشووت و شتەکانم نیشانداو گلۆپەکەکانمان لەلای شتەکانی تر شاردەوە، بە لۆمبۆم وت:

—بە باشی جێگای ئەم شتانەت لەبیر بمێنێ، بەڵام پێویستە بەڵێن بدەی، لەژێر هیچ ڕووداو و فشارێکدا ئێرە نیشانی کەس نەدەی چونکە ڕۆژێك بەکەڵکمان دیت.

لۆمبۆ بەو دڵسۆزییەی بۆ منی نیشان ئەدا ئەوێی نیشانە کرد، لەبەر ئەوەی دەنگی پێنان بیست شتەکانمان داپۆشییەوەو ڕۆشتین، (لوچی) بوو بۆ لای ئێمە ئەهات و هەواڵی تازەی پێبوو، وتی:

-هەمووان لە مەیدانەکە کۆبوونەتەوەو ئەو شەیتانە موو سوورە قسەیان بۆ ئەکات.

پرسیم:

-چی ئەڵێ، ئایا سەبارەت بە من قسە ئەکات؟

لوچی بە پێچەوانەی بۆچوونی منەوە وتی:

-نا، بە هیچ شێوەیەك سەبارەت بە تۆ قسە ناکات، ئەو (تاچامانی) بۆ سەرۆکی هۆز هەڵبژاردووەو ئەڵێت خۆیشی ئەبێتە ڕاوێژکار ی.

قسەکانی لوچیم بڕی و ئاماژەم بە لۆمبۆ دا لەگەڵ من بێت، (لوچی) بەدوای ئێمەدا دەستیکرد بە ڕاکردن، کاتێ گەیشتینە مەیدانی سوتاو و خۆڵەمێشی شار (جان) خەریکی قسەکردن بوو، هەرکە منی بینی بە ڕووی خۆش و بە پێکەنینەوە هاتە پێشوازیم، هەروەك کەسێك دۆستێکی دێرینی هاتبێ و ماوەیەك بێ نەیبینێ بێ، هاتە نزکی من و دەستی درێژکرد بۆ تەوقە کردن و وتی:

-سڵاو هاوڕێی خۆشەویست، چەندە بە بینینت خۆشحاڵم، بوونی تۆ لەم ڕێ و ڕەسمەدا کە ئەوان سەرگەرمی هەڵبژاردنی سەرۆکن زۆر پێویستە.

تەماشایەکی قیافەیم کرد، کە دۆستانە دەستی بۆ من درێژکردبوو، بەلایدا تێپەڕیم، ئەو بە هیچ شێوەیەك لەم کردەوەیەی من ناڕەحەت

نەبوو.

بەڵام لەبەردەم هەرکەسێك تێ ئەپەڕیم هەستم بە نەفەرت و ڕق ئەکرد بەرامبەرم، نەمدەزانی ئەو لە ماوەی دوو شەودا چیکردبوو لەوان کە ئاوا بە گومان و ڕقەوە تەماشای منیان ئەکرد.

تەنانەت دوازدە ژنەکەی خۆم، (لومالۆ) و خۆشکەوەفادارەکانی، کە منیان لەگیانی خۆیان خۆشتر ئەویست، پێنج کچ کە هێشتا دەرفەتم نەبوو بوو چێژیان لێ وەرگرم. بەڵام لەڕووکەشدا ژنی من بوون، هەمووان جگە لە (لوچی) ڕوویان لە من وەرئەگێڕاو پشتیان تێ ئەکردم.

تاچامانی وەك ئەژدیهایەك بۆمی ئەڕوانی، پیاوەکان بە تورەیی و ددانەکانیا جیڕ کردبوەوە چاویان بڕیبووە من و بۆڵە بۆڵیان ئەکرد، گەرچی دەمزانی قسەکانم سوودیان نابێ، لەگەڵ ئەوەشدا دەستم بەرزکردەوە. کاتێ بێدەنگ بوون وتم:

–گوێبگرن، ئەمەوێت شتێکتان پێ بڵێم.

(جان)یش دەستەکان بەیەکدا داو وتی:

–گوێبگرن، (جییووانی) ئەیەوێت قسەتان بۆ بکات.

ئەو وشەی ئەو وەکو خەنجەر لەدڵی من چەقی، چونکە باش ئەمزانی ئەیەوێت من ڕسوا بکات، بەڵام لە ڕووکەشدا دۆستانە هەڵسوکەوتی ئەکرد، بۆ ئەوەی دانیشتووان بە کەسێکی میهرەبانی دڵپاکی لەقەڵەم بدەن.

بەهەرحاڵ نیگایەکی دوژمنانەم لێکردو پاشان دەستمکرد بە قسەکردن بۆ خەڵکەکە بەتایبەتی (تاچامانی) وتم:

–گوێبگرن، فریووی ئەو شەیتانە موو سوورە مەخۆن، ئەو بوو کە

شارەکە ئاگر تێبەردا، ئەوە من بووم کە دووبارە ئێرەم بنیات نایەوە، دەستەکانی من نیشانەی ئەو زەحمەتانەیە بۆ ئەم شارەم کێشاوە، ئەو ئێوەی دووچاری بەدبەختی و کڵۆڵی کرد، هەرچۆن کە هاوشارییەکانی ئەو دونیایان تووشی بەدبەختی و سەرگەردانی کردووە، ئەوان هەمیشە بەدەم مرۆڤەوە پێدەکەنن، بەڵام خەنجەر بە دەستی برا ئەدەن لە پشتی برا، لەم کاتەدا (جان) چەپڵەی بۆ من لێداو هۆهای کێشا، ئەوان کە مانای چەپڵەو هوها کێشانیان نەدەزانی، بە چاولێکەری ئەو هەمان کرایان کرد، ڕێگرییان لە قسەکردنی من کرد، (جان) هاتە پێشەوە، ئەوانیش هاتنە پێشەوە، هەروەك پێشتر بڕیاری خۆیان لەوبارەوە دابێ، کاتێ کە بازنە دەوری من بچووك بووەوە (جان) ئاوڕی بۆ تاچامانی دایەوە، بە شێوازی بومیان تەعزیمی بۆ کرد، دەستێکی بەسینەیەوە گرت و دەستەکەی دیکەیشی ستوونی بەرزکردەوە، بەم شێوەیە گەورەترین ڕێز لە تاچامانی ئەگیرا، پاشان وتی:

–تۆ پادشای دورگەکەی، من میوانی ئێوەم، لەلایەن پادشای ئینگلیزەوە داخ و پەژارەی خۆمان دەر ئەبڕین سەبارەت بە سووتانی شارەکەتان، کە بەدەستی دوژمنان و بێگانەکان ئەنجام درا، من داوای سزادانی خاین ئەکەم، تۆ کە گەورەو سەرۆکی ئەم دوورگەیەی پێویستە ئەوە بکەیت کە بەرامبەر بە خاین ئەکرێت، من لە لایەن پادشای ئینگلیزەوە هیوای گەڕانەوەی شادی و خۆشی ئەکەم بۆ دوورگەکە.

(تاچامانی) تا ئەو چرکەساتە ڕیزو تەعزیمی بیانییەکی نەیبوو، یەکەم بێگانەی دوورگەکە من بووم کە بەتەور ئەوم لە سەرۆکایەتی دورخستەوە،

کە تامەکەی گەیشتبووە ژێر ددانی.

لەبەر ئەوە کاتێ (جان) ڕێزی خۆی نواندو کەوتە سەر ئەژنۆ، هەوایەك کەوتە سەری کڵاوە پەڕییەکەی کە بە نیشانەی سەرۆکی هۆز نابوویە سەری جوڵاندو فەرمانی دا:

—بیگرن، ئەو پیاوە بگرن، ئەو بوو کە شارەکەی ئێمەی سووتاند، ئەو ئێمەی لەم دوورگەیە هێشتەوە تا هەموومان لەناو ببات، ئەو شارەی کە دروستیکرد بۆ ئەوەی ئێمە لەناو ژوورەکاندا بەند بکات تا بەهۆی ئاگرەکەوە لەناو بچین. ئەگەر لەناو دراستان بووینایەو ماڵەکانمان دوور لەیەك بووایە، هەرگیز مەترسی هەڕەشەی لێ نەدەکردین، بیگرن.

ڕێگەی هەڵهاتنم نەبوو، کار گەیشتبووە جێگایەك هیچ کارێکم لە دەست نەدەهات، گەر مۆڵەتی قسەکردنیان پێ بدامایە، لەوانەبوو بتوانم کاریگەری قسەکانی جان کەم بکەمەوە، بەڵام جانی خوێڕی هاواری ئەکرد، هورای ئەکێشا، چەپڵەی لێ ئەدا، ژنان و پیاوانیش بە دوای ئەودا هوهایان ئەکێشا، دەنگ و هەرایەکیان دروستکردبوو ئەگەر تۆپیشت بتەقاندایە دەنگی نەدەبیسترا، چ جای بگات بە هاوارو بانگی کەسێك، ئەویش دەنگی لاوازی من.

لەماوە کەمتر لە یەك خولەك دەستگیریان کردم، لە دواوە بە پەت دەستیان بەستم، قاچەکانمیان بەشێوەیەکی قایم بەست، بە جۆرێك بوو نەمدەتوانی یەك ملیم دەست و قاچم بجولێنم.

تەنها زیرەکییەکم لەوکاتەدا نواند، ئەویش ئەوە بوو خەنجەرەکەم دا بە لومبۆ، بەرلەوەی گرفتار بم پێم وت:

-برۆ لەخوارەوەی تاڤگەکە خۆت بشارەوە، لە بڕیارەکەیاندا دیارە لە تاڤگەکەوە هەڵم ئەدەنەوە خوارەوە، (لوچی)یش لەگەڵ خۆت ببە، ئەگەر ئێوەش بمێننەوە وەمو منتان بەسەر دێت.

لۆمبۆ وەکو تیرێك لە کەوان دەرچێت دەرپەڕی، خەنجەرەکەی هەڵگرت و لەگەڵ لوچی کۆمەڵەکەیان بەجێهێشت کە کە کەس ئاگای لەکەس نەبوو.

کاتێ گرفتارو چوارپەلم بە تەناف بەسترابوو، جان بە ئینگلیزی لەبەرامبەرم بە هەمان پێکەنینی گاڵتەجاڕانە سەری باداو وتی:

-لەڕووداني ئەم ڕووداوانە بە داخەوەم، دەوڵەتی پادشاهی ئینگلیز پێی خۆش نییە دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆی وڵاتانی دیکە، لەبەر ئەوە هیوادارم ئێوە بتوانن بێگوناهی خۆتان بە دەوڵەتی ئێرە بسەلمێنن، ئازادی لە دەست چووت بگێڕیتەوە.

دەستەکان کراوە نەبوو کە بکێشم بە دەم و چاویدا، قاچیشم بە جۆرێك بەسترابوویەوە نەمدەتوانی لەقەیەکی لێبدەم، ناچار گەرچی خۆشم لەو هەڵسوکەوتەکەی خۆم نەدەهات تفێکم کردە ڕوخسای و وتم:

-کاری خۆتت کرد، بەڵام بزانە هەرچۆن ئێوە لە شەڕدا شکستان هێنا، هەر بەوجۆرەیش لەم دوورگەیە شکست دەهێنی و پارچەپارچەت ئەکەم.

چاوەڕوان بووم ئەو تووڕە ببێ و قسەی ناشیرین بە من بڵێ، بەڵام ئەو سەری بەنیشانەی ڕێز دانەواندو بەقۆڵی کراسەکەی ڕوخساری پاککردەوەو وتی:

-سوپاست دەکەم گەورەم، نیوەڕۆت باش.

ئەمـەی وت و هـەروەك کەسـێکی دیپلۆمـات کـە بیـەوێت لـە وڵاتێك بەشێوەکی فەرمی ماڵئاوایی بکات، بە نیشانەی ڕێزی تـەواو ماڵئـاوایی لـە تاچامانی و ئامادەبووان کردو ڕۆشت.

تا دوورییەك ئەوم بینی، نە ئاوڕی دایـەوە نـە هنگاوەکـانی خێـرا کـرد، ئێستا خەیاڵی ئاسودە بوو، پێشتر نەخشەکەی بە وردی کێشا بـوو، بـاش ئەیزانی دوای ڕۆشتنی ئەو چی لەمن ئەکەن.

خەڵکـە دوای ڕۆشـتنی جـان بـێ درەنـگ کەوتنـە جـێ بـەجێکردی فەرمانـەکانی تاچـامانی، منیـان هـەڵگرت و بەتـەپڵ و سـەماو هەلهەلـەو شادییەوە بەرەو کێوەکەیان بردم.

دەەنـگ و هەرایـەکی سـەیر بـەرپا بـوو بـوو، بـەجۆرێك دوورگەکـەی ئەلەرزاند، نزیکەی حەوت هـەزار ژن و پیـاو منـداڵ، کەوتبوونـە دوای ئـەو چوار کەسەی منیـان هـەڵگرتبوو، هاواریـان ئـەکردو هەلهەلـەیان لێ ئـەداو تەپڵیان لێ ئەداو سەمایان ئەکرد.

لەسەر کێوەکەوە باشـتر ئـەمتوانی دیمەنـەکان تـەماشـا بکـەم، هـەموو دانیشـتووان بـوون، تەنانـەت یـەك نەفـەر دڵسـۆزی بـۆ مـن نەدەنوانـد، لەئامێزی مەرگدا دڵم گیرا، قورگم پڕ بوو لە گریان، لەبەر خۆمەوە وتم:

—حەیف بۆ ئەو زەحمەتانەی بۆ ئەم خەڵکە بـێ ئەمەکـەم کێشـا، هـەر ئەو ئینگلیزانە بۆ ئەم خەڵکە باشـن، کـە وەکـو ئـاژەڵ مامەڵـەیان لەگـەڵ بکەن و ماڵ و ژیانیان بە تالان ببەن.

چ نەخشەیەکم بۆ کێشابوون، بەداخەوە تەمەنم بەکۆتا گەیشت، بڕیارم دابوو لەسەر زمانی ئەوان ئەلف و بێ دانـێم و خوێنـدن و نووسـینیان فێـر

بکەم، ئەمویست قوتابخانەیان بۆ دروست بکەم و ئاستی ڕۆشنبیری دوورگەکە بەرزبکەمەوە، بەڵام ئێستا بەمردنی من هەموو شتێك کۆتایی ئەهات، ئەو شارەی بنیاتم نابوو سووتا، ئەو کارگایانەی چەندین مانگ زەحمەتم بۆ کیشابوو لەناو چوون، (جان) ئەفسەری ئینگلیزی ڕۆژی ئەوانی ڕەش کردو بە جۆری دووبەرکی لەناودا ئەچاندن کە تا ڕۆژی مردن وەك ئاژەڵ لەناو دارستان بەدوای خواردنەوە بن.

دەنگ و هەرای بەرزتر ڕشتەی بیرکردنەوەی منی بچڕاند، گەیشتبووینە سەر کێوەکە، دەنگی لرفەلرفی تاڤگەکە دەنگ و هەرای حەوت هەزار کەسی کپ ئەکرد.

پێشتر سەبارەت بە تاڤگەی دورگەکە بۆ ئێوەم باسکردبوو، ئەگەر تاڤگەی نیاگارو تاڤگەی ڤیکتۆریا و لەلای یەك دانێی، ڕەنگە تاڤگەی دوورگەی بەهەشت گەورەترین تاڤگەی دونیا بێ، تەواوی ئەو ئاوەی لە لوتکەی کێوەکەوە ئەهاتە خوارەوە، دوای کۆبوونەوەی لە دەریاچەیەك بە درێژی چەند کیلۆمەترێك و کۆتاییەکی چوارسەد مەترێك ئەبوو، کۆ ئەبویەو. پانایی ئاوی تاڤگەکە سەد مەتر ئەبوو، ئەو ئەندازەی زۆرەی ئاو کاتێ سەرەوخوار ئەبێتە تا نزیکەی دە مەتر خێراییەکەی زۆر نییە، بەڵام دواتر بەشێوەی باران دەڕیژێتە خوارەوە، لەخوارەوەش کەفەکەی هەورێکی چڕ دروست دەکات.

بیهێنەرە بەرچاوت مرۆڤێك کە بکەوێتە بەر هەر لایەکی ئەو ئەژدیهایەو لەو بەرزییەوە بکەوێتە خوارەوە، گەورەترین پارچەی جەستەی چەند

ئەبێ؟ منیش مەحکوم بووم کە بە دەستی بەستراوەو لە بەرزایی چوارسەد مەترەوە هەڵمبدەنە خوارەوە.

بومیەکان بۆ کوشتنی من پەلەیان بوو، دەنگی هەندێك لەوانم ئەبیست کە ئەیانوت:

-تاچامانی پەلە بکە، توما خودای خۆر چاوەڕوانی قوربانییە، ئەم پیاوە خاینە بدەرە دەست تاڤگەکە تا جەستەی بداتەوە بە دەریا.

تاچامانی بە پێی یاسا سەرەتا دە شەلاقی بە جەستەی ڕوت و عارەقاوی من دا، ئەو شەلاقانە ئەوەندە بە ئازار بوو کە زۆرم هەوڵدا تا بێهۆش نەکەوم، ئەگەر بێهۆش بکەوتمایە لەوانەیە باشتر بوایە چونکە لەدونیای بێهۆشیدا هەستم بە ئازاری گیان کێشان نەدەکرد.

بەهەرحاڵ ئازاردان کۆتایی هات، بۆ فڕەدانی من هاتنە پێشەوە، چوار پیاوی بەهێزو بازۆڵە قەوی، دووکەسیان سەرم و دووانیان قاچیان گرتم بەرزیان کردمەوە، لەترسا چاوەکانم بەست، دیمەنی بەرزی چوارسەد مەتری تاڤگە زۆر ترسناك بوو. یەك، دوو، سێ.

لە پڕ هەستمکرد کەوتمە بۆشایی، بەناو هەوادا بەرەو خوار ئەڕۆشتم، دوو سێ چرکە دواتر بە دەست و قاچی بەستراوەوە کە توانای بچووکترین جوڵەم نەبوو کەوتمە ئاوەکەوە.

کاتێ کەوتمە ئاوەکەوە هەستمکرد ئاوەکە بەهەوادا ئەمبات، سووتانەوەیەکی زۆرم لەسەر پشتم و کەلەکەم هەست پێکرد، بەڵام سووتانەوەی پشت و کەلەکەم لەبەرامبەر مەرگی ترسناکدا کە دەمی بۆ کردبوومەوە چ گرنگییەکی هەبوو.

وتم ئەیویست بەرەو مەرگ پەلکێشم بکات، بەڵام کام مەرگ هەر چرکەیەك زیاتر زۆرتر بەرەو قووڵایی ڕای ئەکێشام. تا چەند چرکەیەك هەناسەم لەسینەمدا بەند کردبوو، ئێمە دەریاوانان ئەگەر هیچ کارێك بە باشی نەزانین مەلەکردن و مانەوە لەناو ئاودا بە باشی فێر ئەکراین، من ئەو ڕۆژە بەتەواوی لەو هونەرە کەڵکم وەر ئەگرت، بەڵام مرۆڤ تا چەندێك ئەتوانێ خۆی ڕاگرێ و لە ژێر ئاودا بمێنێتەوە، لەوێدا کە نەمدەزانی لەکوێدام و شوێنی کەوتنی تاڤگەو ڕێرەوەکە بەرەو کوێیە.

هەرچی هەوایەك لە سینەمدا بەندم کردبوو، بەشێوەی بڵقی بچووك بچووك ئەچوونە دەرەوە، ئیدی سییەکانم بەتەواوی بەتاڵ بوو بوونەوە، ئەوانەی کە ئەزانن بەتایبەتی ژێردەریاییەکان ئەتوانن حاڵی من لێك بدەنەوە، سەخترین و دژوارترین مەرگ ئەوکاتەیە کە سییەکانت لەهەوا بەتاڵ ئەبێتەوە، کاتی خنکان دەستیپێکرد، هەرچی هەوڵم ئەدا نەمدەتوانی بجوڵێم، دەست و قاچم خراپ بەسترابوو، وەکو مردوویەك، هەروەك جەستەیەکی مۆمیاکراوم لێهاتبوو، ئیدی نەمزانی چی ڕوویدا، هەروەندەم لەبیر ماوە کە چەند قومێك ئاوم ساردی دەریام نۆشکرد و دواتر هیچ.

مەرگ بە هەموو گەورەیی خۆی هاتبووە سەردانم، مەرگێکی دەرداوی و تاڵ، لەهۆش چووم بەڵام نا، ڕاوەستە، ڕێك لە هەمان کات کە خەریکبووم کۆنترۆڵی خۆم لە دەست بدەم وە بێهۆش بم، دەستێکی بەهێز باڵی گرتم و دەستێکی دیکە بەدەوری جەستەمدا ئاڵا، لەو کاتەدا بوو کە بەتەواوی لە هۆش چووم.

ئێستا کەمێك بگەڕێینەوە بۆ دواوە، ئەوەی کە دەڵێن: "هەندێجار موعجیزە ڕوو ئەدات، سروشت بە قازانجی کەسێك شتەکان ئەوەستێنێ" هەڵبەت بۆ ئێوە کە لە ماڵی خۆتان، لەجێگای ئارام و نەرم یا لەسەر کورسی دانیشتووی، جێگای باوەڕکردن نییەئەو ڕووداوە بۆ من ڕوویدا، ڕاستییەك بسەلمێنە کە موعجیزەیەك ڕوویداو گیانی من ڕزگاری بوو.

ئەوان منیان ڕێك لە نزیك هاتنە خوارەوەی تاڤگەکە دانابوو، چی ڕوویدابوو کە ئاوەکە منی نەبردوە خودا ئەیزانێ، دواتر لۆمبۆ ڕووداوەکەی بۆ گێڕامەوەو وتی:

-کاتێ لە تۆ جیا بوومەوە لەگەڵ لوچی چووینە سەر کێوەکەو لەجێگایەکی دڵنیا خۆمان شاردەوە، حسابمکرد ئەگەر ئێستا خۆم بخەمە ئاوەکەوە ڕێك لەوکاتەی تۆ ئەگەیتە خوارەوە ئەتوانم لەوێ بم، بەبێ وەستان خۆم خستە ناو ئاوەکە، لەگەڵ شەپۆلەکانی ئاو کە بەرەو تاڤگەکە ئەهات ئەهاتم، بەڵام چوونکە دووری نێوان من و ئەوانم زۆر بوو کەس منی نەبینی.

کەمێك بەسەر ڕوی ئاوەکەوە مەلەم کردو کەمێکیش خۆم نوقم کرد، خۆمم دایە دەم ڕەوتی ئاوەکە، دواجار کە سەرم لە ئاوەکە دەرهێنا بینیم کە ئەوان تۆیان بەرز کردۆتەوەو گۆرانی دەڵێن.

بە پەلە خۆمم نوقم کردەوە هەتا توانیم بەرەو قولایی ڕۆشتم، خۆشبەختانە لەو شوێنەدا بە هۆی قولایی دەریاچەکەوە، ئاو ڕەوتێکی هێواش و خاوی هەبوو. لە درێژایی هەموو جێیەکی دەریاچەو ڕوبارو تاڤگەیەکدا ڕەنگە شوێنێکی دیکەی وەك ئەم شوێنە نەبێت. بە هەرحاڵ

من لە ژێر ئاوەکەوە بە زەحمەت دەوروبەری خۆمم دەبینی، هەرچەن زۆر دەترسام لەوەی کە نەتوانم تۆ بدۆزمەوە، ساتێك دواتر شتێکم بینی وەك ماسییەکی گەورە بە لامدا تێپەڕی‌و ڕۆشت، ئەگەر هەوای سینەت نەبوایە دەمگرت، هەرچۆنێك بوو خۆمم بە تۆ گەیاندو لە ئامێزم گرتیت.

ئەمەش بۆ خۆی مایەی خۆشحاڵی بوو کە دەستەکانیان بەستبوویت، چونکە ئەگەر دەست‌و پێت نەبەسترایە بەو خێراییە نەماندەتوانی لەوێ دوور بکەوتینایەتەوەو لە ئاوەکە دەربچوینایە.

ئەویتر خۆم بە بیری خۆمم هێنایەوە، ئەو بەردە گەورانەی لە دەریاچەکەدا بوون، من لە هەمان شوێندا چاوم کردەوەو بە خۆمدا هاتمەوە.

لۆمبۆ وتی:

- چۆنیت.

من کە باوەڕم نەبوو زیندوو بم، پێم وت:

- ئایا من زیندووم؟

لۆمبۆ وتی:

- دەبینیت کە زیندوویت.

سەیرم کرد. لۆمبۆ بەو خەنجەرەی کە پێشتر پێمدابوو گوریسەکانی لە دەست‌و پێیەکانم بڕی، بۆ ئەوەی کە ئاوەکە نەیبات‌و لە خوار دەریاچەکەوە دەستی کەس نەکەوێت‌و کەس پێمان نەزانێت، گوریسەکانی پێچایەوەو خستییە بن بەردێکەوە.

نزیکەی کاتژمێرێك بەو چەشنە لە ئاوەکەدا ماینەوە، هەتا خەڵکی ناوچەکە ڕۆشتن، ئەوان چاوەڕوان بوون تەرمەکەی من سەرئاو بکەوێت. ژمارەیەکیان چوو بوونە خوارتر تا لاشەی لەتو پەتی من لە ژێر تاڤگەکەدا ببینن، بەڵام بە زرنگیو شارەزایی لۆمبۆ ئەو ئاواتەیان بەدی نەهات.

کاتی ئەو شوێنە لەو حەشاماتە چۆڵ بوو، بە لۆمبۆم وت:

– لوچی لە کوێیە؟

وتی:

– لەسەرو دەریاچەکەوە چاوەڕوانی ئێمەیە. دەتوانیت مەلە بکەیت؟

– بەڵێ، من باشم.

یەك دوو خولەکێك بە سەختی مەلەم کرد، لەو شوێنەی کە لوچی چاوەڕوانی دەکردین لە ئاوەکە هاتینە دەرەوە. لوچی پێشنیاری بۆ کردم کە من کاتژمێرێك بخەوم.

لە نێو خەڵکی ناوچەی ئەو دورگەیە خەو وەك باشترین چارەسەر سوودی لێ وەردەگیرێت. لە خۆیدا شتێکی خراپ نەبوو، بە هۆی ماندوبونێکی بە تینەوە کاتژمێرێك خەوتمو کاتێك کە بێدار بوومەوە حاڵم گەلێك باشتر بووبوو.

بە لۆمبۆم وت:

– باشە، من ئێستا دەبێت تۆڵە لەم ئینگلیزە نارەسەنە بکەمەوەو بیکوژم. لۆمبۆ سەرێکی نارەزایی لەقاندو وتی:

- شتێکی خراپ نیە. من پێم وایە گەر لێرە بمێنیتەوە دەکوژرێیت، ئەم جارەش خودای خۆر (تۆما) ڕەحمی پێ کردیت، بەڵام جارێکی دیکە نازانیت تۆما بێدار دەبێتو سەرقاڵی کارێکی دیکە نابێت.

دیارە من لە ناخەوە بەو باوەڕەی ئەوان پێدەکەنیم، بەڵام بە ڕوکەش ڕێزم لە قسەکانیان دەگرت، ئەوەی بە تێکرایی باسی لێوەکرا بە بڕوای من مایەی پەسندان بوو، کە بە مانەوە لەو دۆخەی لەو دورگەیەدا شتێکی باش نیە.

لە بیری ئەوەدا بووم کە ئایا بڕۆم یان نەڕۆم. لە پڕ لوچی وتی:

- ئەگەر بەڵێن بدەیت لەگەڵ خۆتدا بمبەیتو هەرگیز بەجێم نەهێڵیت ڕێگەیەکی باشت نیشان دەدەم.

هەمیشە لوچی لە هەستیارترین شوێندا هاوکاری منو بیرکردنەوەی دەکردم. ئەو ڕۆژەش دڵنیابووم نەخشەیەکی باشی پێیەو دەیەوێت بەڵێنم لێ وەرگرێت. بۆیە وتم:

- ئەگەر بیرۆکەکەی تۆم بەدڵ بێت بەڵێنت پێ دەدەم بۆ هەر جێیەك بڕۆم لەگەڵ خۆمدا دەتبەم.

لوچی بە خۆشحاڵییەوە وتی:

گوێبگرە (جیووانی) بێگومان ژنو پیاوی ئەم دورگەیە دوژمنی تۆن، ئەو شەیتانە قژسورەش بەسەختی، بۆیە مانەوەی تۆ لێرە بە هیچ جۆرێك باش نیە، کەواتە تاکە ڕێگەچارەی ئەم کارەش ئەمەیە کە گیانی خۆت ڕزگار بکەیت، بۆ ئەمەش دەبێت لەم دورگەیە بڕۆیت، تۆ خۆت وتت کە ئەو پیاوە قژسورە مەبەستی بەدبەختکردنی خەڵکییە، بۆیە کە ماوەیەك

تێپەڕیو ئەو ئازاری خەڵکیداو ناڕەحەتی کردن، ئەو کاتە قەدری تۆ دەزانن، ئەو کاتە دەتوانیت بگەڕێیتەوە بە هاوکاری ئەو خەڵکەی کە ئەمڕۆ خراپەت لەگەڵ دەکەن پلەو پێگەی ئەوسای خۆت بەدەست دێنیتەوە.

لۆمبۆ، قسەکانی خوشکەکەی پشت ڕاستکردەوە، من وتم:

– منیش دەزانم کە ئێستا هەر کەسێکی ئەم دورگەیە دەستیان پێم بگات لەتوکوتم دەکەن. چونکە ئەو ئینگلیزە منی بە مایەی ئاگرتێبەردانەکە ناساندووە.

– بەڵام من لێرە چۆن دەتوانم بڕۆم بە چ دڵنیاییەکەوە دەتوانم خۆم بگەێنمە ئاوەکانی زەریا.

لوچی وتی:

– نزیکترین شوێن لێرەوە دورگەی (دۆیس)ە، تۆ دەبێت هەر چۆنێك بووە خۆت بەوێ بگەیەنیت.

لەناکاو تروسکەیەکی هیوا خۆی کرد بە دڵمدا. لوچی ڕاستی دەکرد، ڕێگای دەربازبونی من لە مردنێکی دڵنیایی‌و بە سوێ، هەر ئەو هەڵاتنە بوو بۆ دورگەی دۆیس، چونکە لەوە زیاتر خۆ دواخستنم بە چاك نەدەزانی. بە پەلە بە لۆمبۆم وت:

– تۆ هەر ڕێگەیەك شارەزایت بڕۆ بۆ دارستان، ئەو بەرگە کانزاییە بریقەدارەم بۆ بێنەو شتەکانی دیکە هەر لەوێ یان لە هەر جێیەکی ئەوێ بشارەوە کە شەیتانە قژسورەکە نەیدۆزێتەوە.

مەبەستم تفەنگێکی دەستی بوو. لۆمبۆ ڕۆشتو سەر لە ئێوارە بە تفەنگەکەو دوو نێزەو یەك قەمەی پانو ئەو دوو دەمە ئاسنەی لە کوورەکانی خۆمدا دروستم کردبوو گەڕایەوە.

لۆمبۆ خەمبار بوو، وایدەزانی من دەمەوێت ئەو بەجێ بێڵمو لەگەڵ لۆچیدا بڕۆم، بۆیە کاتێك کە پێم وت لەگەڵ ئێمەدا بێت زۆری پێ خۆش بوو. ئێستا هاتینە سەر ئەوەی چۆن بڕۆینە (دۆیس)، سەد میل ڕێگا چۆن ببڕین؟

ئەو بەلەمە چارۆکەدارەی کە چەن مانگێك بە کارو زەحمەتی ژمارەیەکی زۆر دروستکرابوو باشترین هۆکاری سەفەرکردنی نێوان بەهەشتو دورگەی (دۆیس) بوو، بەڵام ئەو بەلەمە هێشتا تاقی نەکرابویەوە، ئەگەری ئەوەی هەبوو لە دەریادا سەرگەردانمان بکات، یان بۆ هەتایی بمانباتە قوڵایی زەریاوە، بە نیگەرانییەوە هەستامو ئاماژەم بۆ لۆمبۆ و لوچی کرد بە دوامدا بە ڕێکەون.

بە وردییەوە کەوتینە ڕێ، هەر هەنگاوێك ئەگەری توشبوونی خەڵکەکەمان هەبوو، هەر هەنگاوێك مەرگ سەمای دەکرد، هەڵۆی تیاچون بەسەر سەرمەوە دەفڕی.

بە خەیاڵی ئەوەی ئێستا توشی خۆڵەمێشی کەشتییەکە دەبم، موی هەموو ئازای ئەندامم قنج دەبویەوە. چونکە چیتر هیچ ڕێگایەکی دەربازبون لە مەرگم شك نەدەبرد. لە ڕێگا سوێندم خوارد ئەگەر کەشتییەکەیان سوتاند، بە هەموو ئەو نەفرەتەی لە مرۆکوشتن هەمە بەم تفەنگەوە بچمەوە بە گژیداو جەستەی کوون کوون بکەم، هەرچی دواتر

خەڵکی برژێن بەسەرمداو من چەن فیشەکێکم پێیە، دوای تەواو بوونی دەگۆڕێم بە کەسێکی ئاسایی‌و لاواز. وردە وردە لە کەنار نزیک دەبوینەوە. وەك بڵێیت بە پێچەوانەی خەیاڵی منەوە کەشتییەکە سەلامەت بوو. لە دوورەوە تارماییەکەیم دەبینی، سپێتی چارۆکەکانیم لە تریفەی مانگە شەوەکەدا دەبینی، دڵم لە سینەمدا کەوتە سەما. چونکە ئەوە گەورەترین شانسی من بوو. لوچی‌و لۆمبۆ لە من زیاتریان پێ خۆش بوو.

چیتر بە کەشتی گەشتبوینە مەنزڵ. مەودای نێوان دارستان‌و کەشتییەکەمان بە ڕاکردن بڕی، بە تایبەت بە پێچاو پێچ دەڕۆشتین تا شوێن پێیەکانمان دەرنەکەوێت. دەخولاینەوەو دەڕۆشتین‌و دەگەڕاینەوە سەرەنجام لە خاڵێکی دوورترەوە چوینە دەریاو خۆمان گەیاندە کەشتی کە هیچ شوێن پێیەکمان دەرنەکەوێت.

یەکەم کەس من سەرکەوتم. دواتر لۆچیم ڕاکێشاو دواتر لۆمبۆ. کاتێک هەرسێکمان گەشتینە سەر عەرشی کەشتییەکە بە لۆمبۆم وت:

— خێراکە، چارۆکەکان هەڵکە.

ئەو ئەم کارەی نەدەزانی، خۆم فێرم کرد کە چی بکات. یەکەم چارۆکە گەورەکەی هەڵکردو ویستی چارۆکە بچوکەکە بکاتەوە لە ناکاو خۆی لەسەر عەرشی کەشتییەکە پاڵخست‌و وتی:

— ڕاکشێن، ڕاکشێن، خەریکە بەرەو ئێرە دێن.

لوچی، گوێی لێبوو یان نا! هەرچی بوو کەمێك دواکەوت، بەڵام ئەو دوا نەکەوت، وەك هەڵۆیەك لە هەوادا پەلاماری نێچیرەکەی بدات، ئەوی گرتو لەگەڵ خۆیدا تەختی کرد.

لە دورەوە مەشخەڵێك دەرکەوتو لە ڕوناکی مەشخەڵەکەدا کۆمەڵێك لە خەڵکەکە دیار بوو لەگەڵ (جان)دا بەرەو ئەوێ دەهاتن. قسەیان دەکرد زیاتر دەنگی جان بە شێوەزارێکی تایبەت کە بە زمانی ناوخۆیی دەدوا دەبیسترا.

لۆمبۆ هەرچۆنێك بوو خۆی گەیاندە منو وتی:

– با لێرەوە خۆمان هەڵدەینە ئاوەکەوە. هەر ئێستا دێنو دەمانبینن، چیتر لە دەست ئەوان دەرباز نابین.

وتم:

– نا، ئەمە خراپترە. با هەر لێرەدا بین. بە ئەگەری ئەوەی گەر بیانەوێت کەشتییەکە بسوتێنن سەر ناکەون.

لۆمبۆ، کەمێك ئارام بویەوە، بەڵام زۆر دەترسا، هەستم پێکرد لە تاو نیگەرانی دەستی دەلەرزێت.

دەنگی (جانم) بیست دوای دیتنی کەشتییەکە وتی:

– بەڵێ، کەشتییەکی چاکی دروست کردووە، بەڵام ئێوە پێتان وایە دەیەوێت بەم کەشتییە چی بکات؟

(تاچامانی) وتی:

– نا! دەیوت دەمەوێت بە دەریادا بگەڕێم، هیچی دیکەی نەوت.

(جان) وتی:

- بە بڕوای من دەیەوێت دوژمنەکانی ئێوە بەم کەشتییە بێنێتە ئێرە ژنەکانی ئێوە ببەخشێتە ئەوان.

ئەوانی دیکە وتیان:

- ڕاست دەکات، ڕاست دەکات، ئەو خیانەتکار بوو، ئەم پیاوە دۆستی ئێمەیە ئەو شتانە دەزانێتو پێمان دەڵێت، با خێرا کەشتییەکە گڕ تێبەردەین.

جارێکی دیکە لە تەمەنمدا ماڵئاوایم لە ژیان کردەوە، ئەمجارەیان هیچ شتێك نەیدەتوانی ڕێگری لە مەرگمان بکات، یان لە ئاگردا دەسوتاین لە ئاودا دەبوینە خۆراکی ماسییەکان.

دیارە بەجۆرێك کە وتم ڕێگەیەکی دیکە هەبوو ئەویش من بە تفەنگەکە جان بکوژم چەند کەسێکی دیکەش بریندار بکەم، بەڵام هێشتا ئەوەش چارەی دەرد نەبوو، تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت مەرگ دوامان کەوتبوو، چونکە خەڵکەکە تورە دەبوون بە کوشتنی (جان) یان خۆیان وتەنی پەیامبەر (تۆما)ی تورەتر دەکردو نەیاندەهێشت لە دەستیان دەرباز بین. بۆیە بڕیارمدا تا دواسات بێدەنگ بم، بەڵکو ڕێگایەکی قوتار بوون دەسکەوێت.

تاڕادەیەك کارەکە کۆتایی هاتبوو دەیانویست بێنو مەشخەڵە ئاگرەکە بنێن بە کەشتییەکەوە (تاچامانی) وتی:

- بە تەنیا مەشخەڵێك ناکرێت ئەم کەشتییە زەبەلاحە گڕ تێ بەردرێت، ئێمە شلەیەکی ڕەشمان هەیە کە لە چاوگەی شاخێك دەیهێنین، هەر کاتێك بمانەوێت.... (جان) قسەکەی پێبڕی وتی:

- نێ، تێگەشتم ئەمجارەیان عەیبی نیە، بەڵام لە منی ببیستە ئەو ئاوە بۆگەنە هیچ کاتێك بە کەس نیشان نەدەیت.

(جان) مەبەستی ئەمە بوو کە سەرچاوەی ئەو سەروەتە خاوەی دورگەکە کەس سوودی لێ نەبینێت، نەوەك کەسێك بە هەبوونی ئەو سەروەتە بزانێتو دەستی بۆ ببات، ئەنجا ئەو شەوە تێگەشتم کە جان تا چ ڕادەیەك خولیای کوشتنی منە. ئەو وایدەزانی کە من ئاگام لە هەبوونی نەوت هەیەو لەبەر دۆزینەوەی نەوت هاتومەتەت ئەو شوێنە.

بەهەرحاڵ تاچامانی وتی:

- با ئەمشەو بڕۆین سبەی دێینەوەو ئەم کەشتییە گڕ تێبەردەدەین. ئەوان دوای چەن خولەکێك ڕۆشتن، بەمشێوەیە من جارێکی دیکە مردنم بە چاوی خۆم دیەوە. هەناسەسەکی ئاسودەیم هەڵمژی، کاتێك ئەوان لە کەنارەکە دوور کەوتنەوە، چارۆکەکانم کردەوە گوریسی لەنگەرەکانم بچڕاند. چونکە بایەکی لەبار هەڵیکردبوو بەرەو ئاراستەی مەبەست کەوتە ڕێ. بەرەو پانتایی بێ کەناری زەریا وردە وردە سەرنجمدا کە کەشتییەکی زۆر باشم دروست کردووە، ئەوەش نیە مەگەر ڕێکەوتێکی گەورە کە من سەرکەوتوبووم، بە دەستی خەڵکەکە لە هەر جۆرە کارێکی هونەریو جوان بیرو کردار بێ بەهرە بن ئەم کەشتییە گەورەیە دروست بکەم؟ هەیکەلی کەشتییەکە لە بەرامبەر هێرشی شەپۆلەکاندا زۆر بە باشی بەرگری دەکرد قورساییو هاوسەنگی هەردوولاش بە باشترین شێوە بوو.

بەهەرحاڵ کەشتییەکە زۆر باش دەڕۆشت، لۆمبۆ هەر ئەو شەوە فێری شێوەی ئاژواندنی بوو. ئەوەی بەلایەوە سەیر بوو ئەمە بوو چۆن کەشتییەکە بە بێ سەوڵ دەڕوات. تاوێك لە چارۆکەکان ورد بویەوەو واقی وڕما، پاشان ئاشناو ئالودە بوو ڕاهات، تاکە شتێك نارەحەتی دەکردین ئەمە بوو کە لوچی بەو دۆخە نامۆ بوو وەك مردویەکی بێ جوولە لە سوچێکەوە کەوتبوو سرتەو ورتەی لێوە نەدەهات.

لۆمبۆ، پێشنیاری کرد کە بە شەو ئەو بێدار بێتو بە ڕۆژیش بخەوێت منیش کەشتییەکە بئاژووم، پێشنیارەکەی ئەوم پەسەند کرد، چونکە خەڵکی ئەوێ بە ڕۆژ لە گەرمای تاقەتپڕوکێنی ناوچەکەدا دەتوانن بخەون، بەڵام من بەرگەی گەرمام نەدەگرت بە پێچەوانەوە شەوانە بۆ خۆم دەخەوتم.

ڕێنمایی لۆمبۆم کردو بە تایبەتی پێم وت:

— ئەگەر خەو بتباتەوە کەشتییەکە لابدات، ئەوا بایەکە دەمانباتە ناوەڕاستی زەریاو هەرگیز ناتوانین ڕێگا بدۆزینەوە.

لۆمبۆ بەڵێنی پێدام کە ململانێ لەگەڵ خەودا دەکاتو ئەو شەوەش پابەندبوو بە بەڵێنەکەی خۆیەوە، بەڵام شەوی دواتر. چی بڵێم؟ مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێت چ بەڵایەکی بەسەردا هێناین.

بەیانی هێشتا خۆر گزنگی لە ئاسۆوە نەدابوو کە من بێدار بوومەوە! کاتێ چووم بۆ لای لۆمبۆ بینیم کە توند سوکانەکەی گرتووە بە دەستەوە وەنەوز دەدات. دەریا ئارام بوو، گەلێك ئارامتر لە هەمیشە، ئەتوت زەریاش خەونێکی قورسی لێکەوتووە نایەوێت بەو زوانە بێدار بێتەوە.

لۆمبۆ کە چاوی پێمکەوت خۆشحاڵ بوو وتی:

- ئەگەر نەهاتبایت خەریکبوو خەوم لێبکەوێت.

وتم:

- برۆ بخەوە، سەرێکیش لە لوچی بدە بزانە چۆنە. منیش خەریک دەبم بەڵکو چەن ماسییەك بگرم، هەموو برسیمانە.

لۆمبۆ ڕۆشتو من سەرقاڵی ڕاوە ماسیی بووم، بەڵام هەوڵێکی بێ هودە بوو، چونکە هەموو کەسێك دەیزانی لەو بەشەی ئەو ئاوەدا ماسی نیەو زەریا بەتاڵە.

برسێتی هێرشێکی بە تینی بۆ هێنابووین، تینوێتیش چنگی لە گەرومان گیر کردبوو، هەرچەن زیاتر خۆر بەرز دەبویەوە ئەم دوو بەڵا گەورەیە زیاتر ئازاری دەدایین.

بەهەر کولەمەرگییەك بوو ئەو ڕۆژەمان بەڕێکرد. دەمەو عەسر لۆمبۆ بێدار بویەوە تازە دەیویست دەست بکاتە ڕاوە ماسی، بەڵام هەرچی زیاتر خۆی ماندوو کرد هەر دەستی بەتاڵ بوو. شەو داهاتو ئێستا دێوەزمەی مەرگ لەسەر شێوەی برسێتیو تینوێتی هەڕەشەی لێدەکردین.

دەمی هەرسێکمان لە تاو تینوێتی وشك بووبوو، تەنانەت تنۆکێك ئاوی شیرین دەست نەدەکەوت. لە دڵی خۆمدا وتم بریا هەر ئەو ڕۆژانە چەن گۆزەیەك ئاوی شیرینم بخستبایەتە کەشتییەکەو ئەمڕۆ سوودمان لێ وەربگرتبایە، بەڵام بە داخەوە کاری ئەنجامنەدراو چ سودێکی هەیە.

شەو فێنك بوو کەمێ لەو گەرمایە کەم بویەوە، فشاری تینوێتی کەمتر بوو، بەڵام ئەو برسێتیو بێهێزییە برستی لێ بڕیبووین هیچمان پێ نەدەکرا.

لوچی خۆی لە ئێمە لاوازتر بوو بە شەو و ڕۆژێك برسێتی بە چۆکدا هاتبوو، من لەوان خراپتر بووم، چونکە لە شەوی پێشترەوە هیچ شتێکم نەخواردبوو، بڕێك جنێووم بە جان دا، چونکە سوچی ئەو بوو بەو شێوەیە لە زەریادا سەرگەردانی کردبووین.

بەهەرحاڵ بیرم کردەوە بەڵکو بە خەوتن بتوانم برسێتی لە بیر بکەم، وەك دوێنێ شەو بە لۆمبۆم وت:

— تۆ دانیشە، من دەخەوم، پاشان سبەی کە هەستامەوە تۆ بخەوە.

بەڵام بەو حاڵە ناخۆشو برسێتییەوە کێ دەتوانێت بخەوێت! بۆ ئەوەی باری دەرونی لوچی بێتەوە سەرخۆی کەمێك دڵنەوایم کردو قسەی سۆزداریم بۆ کرد. لوچی هەرچەن ورتەی لە خۆی بڕی بوو چونکە زۆری خۆشدەویستم هەر بەو حاڵەتە سستییەی خۆیەوە دەستی گرتم.

نازانم ماوەی چەند بەو حاڵەوە بووم، لەناکاو کەشتییەکە تەکانێکی قورسیدا. منو لوچی کە لە تەنیشتمەوە خەوتبوو هەڵدایە سوچێکەوە.

بە گێژو وڕییەکەوە هەستامەوە بەرەو شوێنی سوکانەکە ڕامکرد. ئەمەش چەن خولەکێکی لێگرتم، لە ماوەی ئەو چەن خولەکەدا کەشتییەکە دوو سێ جاری دیکەش تەکانی دایەوە.

بەرەو سوکانەکە ڕامکرد کاتێك گەشتمە ئەوێ، بەوپەڕی سەرسامییەوە بینیم لۆمبۆ بەسەر سوکانەکەدا شۆڕ بۆتەوە خەوی لێکەوتووە. نزیکەی نەوەد پلە پێچی کردۆتەوە.

ئای چ بەڵایەکە! ئێستا بە نەبوونی جەمسەرنماو کەلوپەلی دۆزینەوەی ئاراستە چی بکەین؟ چۆن بتوانین ڕێرەوو ئاڕاستەی سەرەکی یەکەمجارمان بدۆزینەوە، لۆمبۆ، لۆمبۆ.

بە دەنگی من بێدار نەبویەوە، باوەشم پێدا کردو هێنامە سەر عەرشی کەشتییەکە. کاتێك لەسەر بازوەکانم بوو چاوەکانی هەڵێناو بە بێزارییەکەوە وتی:

– کێیە، کێیە، شەیتان هاتووە.

وتم:

– شەیتان لەسەرت بدات، هەم خۆتو هەم ئێمەت بێچارە کرد، ئاخر بۆچی خەوتبویت.

هەستایەوە وتی:

– تۆ قسەی خۆشت بۆ لوچی دەکردو من گوێم لە دەنگت بوو، بەڵام نازانم چۆن بوو لە پڕ خەووم لێکەوت.

پێم وت:

– کەی خەوت لێکەوت، ئاخۆ چەند بێت کەشتییەکە لایداوە، بیر بکەرەوە بزانە قسەکانی ئێمەت لە کوێوە لە بیر ماوە؟

ئەمە تاکە چارەیەك بوو کە من بتوانم بزانم چەندێك لاماندواوە.

ئەو وتی:

— ئەو کاتەی کە تۆ لۆچیت دەوت، ئێمە کە هەر بمرین باشترە بە ئازایەتییەوە بمرین.

نزیکەی نیو کاتژمێرێك دەبوو ئەو قسەیەمان کردبوو، نیو کاتژمێر کەشتی بە نەوەد پلە لایدابوو بە ئاڕاستەی بایەك نزیکەی پەنجا کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا خێرایی دەبوو، بە پەلە سوکانەکەم بە پلەی نەوەد گێڕایەوە، بۆ ئەوەی ئەندازەی تێپەڕینی زەمەن بە دەست بێنینەوە بە دەستەکەی دیکەم لە سەر لێواری کەشتییەکە ڕیتمەکەم وەرگرت. ڕێك وەکو چرکەی کاتژمێر، دیارە خەمڵاندنێکم دیاری کرد بیست، بیستو پێنج، سیی، دواجار شەست چرکە، دە خولەكو نیو کاتژمێر زانیم گەشتوینەتەوە ئاستی یەکەمجاری خۆمان، تاڕادەیەك خاترجەم بووم کە لەناکاو دەنگی قیژو قاوی باڵندەکان بەرگوێم کەوت.

لۆمبۆ، بە ترسێکەوە هەستاو وتی:

— گەردەلولە، گەردەلول.

ڕاستی کرد، گەردەلول نزیك بوو، قاو و قیژی باڵندەکانی دەریا دیمەنێکی مەترسیداری بۆ زەریاکە پێشبینی دەکرد، بەڵام ئەوەی جێی هیوا بوو ئەوەبوو کە وشکانی نزیك بوو.

لۆمبۆ، لە ئاسمانی ڕوانیو وتی:

— کارێك بکە پێش ئەوەی گەردەلولەکە بگاتە پێشەوە ئێمە بگەینە کەنار.

وتم:

— چەندێك ڕێگا ماوە؟

وتی:

- ئەگەر ئاوا لاڕێ نەبوینایە کاتژمێرێکی دیکە دەگەشتین.

بە دەنگی قاو و قیژی باڵندەکان کە بەسەر کەشتییەکەوە دەسوڕانەوە لۆچی بێدار بویەوە هات بۆلای ئێمە.

هێشتا دیارنەبوو گەردەلولەکە لە چ لایەکەوە هەڵیکردووە، بایەکی لەبار کە تاکو کاتژمێرێك پێشتر کەشتییەکەی دەبردە پێشەوە، خێرا بوو دەستی کردە لورە لور.

لۆمبۆ کە بەردەوام لە ئاسمانی دەڕوانی، بە پەنجە ئاماژەی بۆ دورگەی بەهەشت کردو وتی:

- سەیرکە، گەردەلولە، گەردەلول.

هەورێکی ڕەشی چڵکن ئاسمانی پڕ لە ئەستێرەی داپۆشی‌و لول دەبوو دەهاتە پێشەوە، ئاوی دەریا وەك ئاوی دۆلکەیەکی یاریکردنی دەستی منداڵ بەملاولادا دەڕۆشت، کەشتییەکەی ئێمەی دەمێك دە مەتر دەنیشاندو دەمێکیش هێندەی باڵاخانەیەکی دە نهۆمی بەرزی دەکردینەوە.

کەشتییە بچکۆلانەکەی ئێمە وەك چڵەپوش ژێرەو ژوور دەبوو، بەدبەختیمان لەوەدا بوو هێشتا سەرەتا بوو، گەردەلولە سەرەکییەکە دەستی پێنەکردبوو.

دەنگی ئێمە دوو سێ هەنگاوێك زیاتر نەدەڕۆشت، هاوارم کردو وتم:

- لۆمبۆ، دەبێت چارۆکەکان بپێچینەوە، لوچی تۆش وەرە یارمەتیمان بدە.

ئەگەر چارۆکەکان کراوە بن نوقمبونی کەشتییەکە شتێکی حەتمیە، هیچ چارەیەکمان نەبوو بێجگە لەوەی بەهەر زەحمەتێك بوو چارۆکەکان بپێچینەوە. ئەمەش کارێکی سەخت بوو.

بەهەرحاڵ دەستبەکار بوین، خۆشبەختانە یەکەم چارۆکەی بچوك کە زیاتر بۆ ڕێنمایی کەشتییەکە بەکار دەهات بەهۆی بەتینی بایەکەوە پارچە پارچە بووبوو پێچانەوەکەی ئاسان کرد. پاشان چوین بۆ پێچانەوەی چارۆکە گەورەکە بەڵام بێ هودە بوو! با لەجێی خۆمان هەڵیدەگرتینو دەیداینەوە بەملاولای کەشتییەکەدا، جارێك خەریکبوو لوچی هەڵداتە ناو ئاوەکەوە، ناچار پێشنیارم کرد کە هەرسێکمان بە گوریس پێشتێنەی خۆمان ببەستین بەیەکەوە. لۆمبۆ گوریسێکی هێنا سەرێکی بەست بە پشتێنەی منو ئەوسەری بە پێشتێنەی خۆیو ناوەڕاستەکەشی بەست بە پشتێنەی لۆچییەوە.

تازە لەم کارەمان تەواو بووبووین، لەناکاو کۆڵەکەی چارۆکە گەورەکە قرچە قرچ دەستی پێکردو پاشان لە نێوقەدیدا هارەی کرد، من هاوارم کرد:

— لۆمبۆ، وەرە دواوە، لوچی وریای خۆتبە.

ئەوان خۆیان کێشایەوە، بەڵام سەری گوریسەکە بە پشتێنەی منەوە بوو، بە هۆی هەوڵو تەقالای بەشێکی گوریسەکەوە کە بە دەوری تیرەکێکی کورتدا کە لە ناوەڕاستی کەشتییەکەدا بوو پێچاو....

– ئای ستونی چارۆکەکان کەوت. ئەمجارە گوێیان لە دەنگی ئێمە نەبوو، ستوونی قورس و گران چارۆکەی باران خواردوی تەڕ، دوو بەرامبەر قورسایی ئاسایی خۆی هێنایە خوارەوە.

لۆمبۆ، ویستی ڕابکات کە زۆر بەخراپی قاچی لە تیرەکانی کەشتییەکە گیر بوو، هێندە بە سەختی کەوت کە لۆچیشی بە دوای خۆیدا کێش کرد.

منیش تەکانێکی سەختم خواردو هەرسێکمان بەسەر عەرشی کەشتییەکەوە دەتلاینەوە، لەم کاتەدا ستونەکە لە جێی خۆی هەڵکەنراو بەسەر هەرسێکماندا داڕوخایە خوارەوە.

چیتر نەمزانی چی بووەو چی ڕوو دەدات! هەر هێندەم لە بیرە لە دوا ساتدا هەستم کرد شتێکی قورس کەوت بەسەرمدا، بەرچاووم ڕەش بوو بێهۆش بووم. بەڵام ئەمجارەش موعجیزەیەك ڕویدایەوە.

ڕاستییەکەی ئەمە بوو ئەمسەری لە جێی شکانەوەکەیدا ئەو سەرەی دیکەی ڕێك لە لێواری پلیکانەی نهۆمی ژێرەوە بوو، بەمشێوەیە ستونەکە لە بەرزایی نیومەتر بەسەر سەرمانەوە وەستا بوو ئێمە لە ژێریدا سەلامەت بووین.

یەکەمجار من بەهۆش خۆم هاتمەوە، لەژێر ستونی چارۆکەکاندا دەرچووم. هەوا ساماڵ و دەریایەکی ئارام و دڵڕفێن بوو، بیرم کەوتەوە کە شەوی پێشوو گەردەلولێکی بەهێز هەڵیکردووە.

بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە بە دوای لۆچیدا ڕۆشتم، بەڵام هەرچەن ڕاموەشاند ئەو بەهۆشدا نەهاتەوە. ئەگەری ئەوەی هەبوو گەر زەبرێکی بەهێزی بەر نەکەوتبێت و نەمردبێت ئەوا برسێتی بە چۆکیدا هێناوە.

لۆمبۆ لە ئەنجامی ئەو بانگەی کە لۆچیم بانگ دەکرد، چاوەکانی هەڵێنا، هەر کە چاوی بە دورگەو دارستانەکە کەوت، بە خۆشحاڵییەوە وتی:

– ئۆخەی، گەشتینە دۆیس.

پاشان لۆمبۆ بە زەحمەت لوچی کردە باوەش‌و بەرەو وشکانی کەوتینە ڕێ. لە نزیك وشکانییەوە دارستانێکی چڕ بەدی دەکرا، لۆمبۆ، لوچی دانایە سەر زەوی‌و خۆیشی بۆ پەیداکردنی خۆراك ڕۆشتە دارستانەکەوە، بەو ئاشناییەی کە لەگەڵ ئەو ژینگەیەدا هەیبوو تاوێك دواتر گەڕایەوە کەمێك گوێزهێندی‌و هەرمێی هێنا.

گوێز هیندیەکەمان بۆ تینوێتی بەکارهێنا، کەمێك لە شیلەکەیم کردە دەمی لوچییەوە، کاتژمێرێك کەمتر یان زیاتر هەوڵم لەگەڵدا تاکو چاوەکانی کردەوە. هێشتا نەیدەتوانی قسە بکات، سەرەنجام دوای کەمێك خواردن وردە وردە هێز هاتەوە بەر. دوای عەسر بوو هەرسێکمان بەرەو ئەو دارستانە چڕە ترسناکەی لە بەردەممان‌دا بوو تا کۆتایی کەنارەکە درێژ دەبویەوە کەوتینە ڕێ.

من تفەنگەکەمم گرتبوو بە دەستمەوە. لەو دەرفەتەی کە لوچی خەریکی خواردن بوو من لە تەڕبون خاوێن‌و وشکم کردبویەوە، لۆمبۆ نێزەکان‌و لوچی قەمەیەکی دوو دەمی هەڵگرتبوو لە پێشەوە دەڕۆشت‌و ڕێگای لە لق‌و گەڵای درەختەکان پاك دەکردەوە.

بەمشێوەیە ئامادە بووین گەر ئاژەڵێکی دڕندە شاڵاومان بۆ بێنێت بتوانین دەرەقەتی بێین، چونکە دەمانزانی کە دورگەی دۆیس بە

پێچەوانەی دورگەی بەهەشتەوە پڕە لە ئاژەڵی درندەو مەترسیدار، ماوەیەك بەمشێوەیە بە دارستاندا ڕۆشتین، چونکە توشی هیچ ئاژەڵێك نەبوین من کەمێك خاترجەم بووم، وردە وردە گەشتینە ناوچەیەك کە جار جارێك لە ناو دارستانەکەوە فەزایەکی چۆڵ لە نێوان درەختەکانەوە دەردەکەوت.

لەبەر لوچی کەمێك پشوماندا، بەڵام لە ناکاو خشپە خشپێك سەرنجی کێش کردین. لە دەوروبەری خۆمان ورد بووینەوە. هیچ نەبوو، من تفەنگەکەم گرت بە دەستمەوە بە بڕوای من ناوچەیەکی نائارام بوو، پێم وتن کە زوتر ئەوێ بەجێ بێڵین، تازە دەمانویست بە ڕێکەوین کە هاوارێکی ترسناکی لوچی لەگەڵ زریکەیەکی وەك کەمتیارم بیست، من کە دڵنیا بووم ئاژەڵێکی درندە دەیەوێت پەلامارمان بدات بە پەلە بەرەو دەنگەکە فیشەکم تەقاند.

بەڵام ئەو دیمەنەی لەبەرچاوم ترسناك بوو. چەن مەیمونێکی لاوازو درێژ توکن کە نێزەیان بە دەستەوە بوو بە هۆی تەقە کردنەکەی منەوە لە زەویەکەدا کەوتبوون، کەمێك چوومە پێشەوە دیقەتم لێدان بەوپەڕی سەرسامییەوە بینیم کە مەیمون نین بەڵکو سێ ژن بوون ئەویش سێ ژنی پیر.

لوچی وەك من بە ترسەوە لێی دەڕوانین، تەنیا لۆمبۆ بوو وەك ئەوەی هیچ نەبوو بێت چوە پێشەوە لاشەی بێ گیانی ئەوانی ژێرەو ژوور کردو وتی:

— ئەمانە کوژران، بەڵام ئەگەر ساتێك درەنگ بکەوتیتایە ئێمە بە دەستی ئەمانە کوژرا بووین، چونکە ئەم پیرەژنانە لە دڕەندەیدا هیچیان لە پڵنگی مێینە کەمتر نیە. کە بینی ئەم قسەیەی منی لە سەرسامیو لوچی لە ترس نەگەڕاندەوە وتی:

— دیارە دەربارەی دانیشتوانی ئەم دورگەیە شتێکیان پێ نەوتوویت کە دیتنی ئەمانە تۆی سەرسام کردووە. منیش لەم سەفەرەدا دەرەفەتێکم بۆ نەڕەخسا لەم بارەیەوە قسە بکەم، بەڵام تۆ دەبوو لە خۆت بپرسیبایە کە پیرەژنەکانی ئێمە لە کوێن! کاتێ هاتیتە دورگەی بەهەشتەوە هەموو ژنە گەنجەکانی لێبوون کاتێك کە خەڵکی دورگەی دۆیس هاتنە ئەوێ، هەموو پیاو بوون، ئەی پیرەژنەکان لە کوێ بوون؟

نەریتی ئێمە ئەمەیە کە ژنە گەنجەکان شایستەی زاینن، لە دورگەی بەهەشتدا دەژین، ئەوانی دیکە لەگەڵ پیاوان لە دۆیس دەژین ئەو هەفتەیەی کە پیاوەکانیان دەچنە دورگەی بەهەشت ئەوانە تەنیا دانیشتوی دورگەکەن، ئەو پیرەژنانە گەلێ بەهێزو بەزەبرن، وەك بڵێی مانەوەی درێژخایەنی پیاوەکان لە دورگەی بەهەشت هێندە تورەی کردبوون کە بەو جۆرە دەیانویست پەلامارمان بدەن، ئێستا کە کوژراون دەبێت بە خێرایی بیانکەین بە ژێر خاکەوە، بۆ ئەوەی ئەوانیتر نەزانن، بەڵام من نازانم هەڵوێستی ئەوان چۆن دەبێت! ڕەنگە خراپیش نەبێت، بەڵام ئەگەر بزانن ئەم سیانە بە گوللەی ئاگرینی تۆ کوژراوون نایەڵن زیندو بمێنیت.

چونکە قسەکەی لۆمبۆم بە مەنتیقی زانی، بۆچونەکەیم پەسەند کرد پێکەوە خەریکی هەڵکەندنی زەویەکە بوین، لە کاتێکا دەترساین لەوەی لە ئایندەدا ئەم پیرەژنانە چ جۆرە هەڵسوکەوتێکمان لەگەڵ دەکەن. تا ئێستا وامدەزانی کە دورگەی دۆیس تەنیا ئاژەڵی کێویی لێیەو خۆمم بۆ ململانێ لەگەڵ ئەوان ئامادە کردبوو، کەچی ئێستا بەوپەڕی واقوڕمانەوە دەبینمو دەبیستم کە ئەم دورگەیە بێجگە لە ئاژەڵ چەن هەزار پیرەژنی تێدایە کە لە دڕەندەییدا هیچیان لە ئاژەڵان کەمتر نیە. زانیم ئەو گرفتاریانەی دوای ئەوە توشمان دەبێت هیچی لە گرفتارییەکانی جان کەمتر نیە.

کاتێك بە خاکسپاردنی پیرەژنە دڕندەکان کۆتایی هات، لۆمبۆ وتی:

– چیتر مانەوەمان لێرە گونجاو نیە، باشترە بە پەلە بەڕێکەوین تاکو بگەینە شوێنێکی پشودانو مانەوەی دورگەکە.

هەستام بەڕێکەوتم، لۆمبۆ لە پێشەوەو لوچی لە ناوەڕاستەوە منیش لە دوایانەوە، ماوەیەك ڕۆشتینو بە لۆمبۆم وت:

– با کەمێك گوریس بێنین.

لۆمبۆ وتی:

– پێویست نیە، لەم دارستانەدا جۆرە پیچکێك هەیە کاتێك وشك دەبێت وەك گوریسی لێدێت.

کەمێك گەڕا تاکو لەو پیچکەی دۆزییەوە، ڕێك ئەوەبوو کە باسی کرد، بە ئەستورایی جیاواز دەڕوێت هەندێجار یەك دوو کیلومەتر درێژ

دەبێتەوە. ئەو ڕۆژە تا ئێوارە برێکمان لەو پیچکە هێناو لوچی سەبەتەی لێ دروست کرد بۆئەوەی هەرکاتێك میوەیەکمان لێ هەڵکەوت تێی بکەین.

ڕاستی ئەوەم نەوت. لۆمبۆ دەیوت ئەگەر لە دارستانەکەوە بمانەوێت بچینە بەستێنی خۆرئاوا لانیکەم چەند ڕۆژێك دەبێت بە پێ بڕۆین. ئەمە قسەی ئەوسامان بوو. پێم وت:

– ئەگەر بە کەناری ئەم دورگەیەدا بگەڕێین چەندێك دەخایەنێت.

لۆمبۆ وتی:

– یەك مانگ، چونکە دۆیس گەلێك گەورەیە هێشتا هیچ کەسێك نەچوەتە قوڵایی جەنگەڵەکانیەوە هەر بۆیە من دەترسم.

بەڵام من نەدەترسام زیاتر پشتم بە تفەنگە بیست تیریەکەم قایم بوو، لۆمبۆ هێشتا بە تەواوی نەیدەزانی ئەو تەنە کانزاییەی من بە دەستمەوەیە هێندە ئاگام لێیەتی نەوەك ون بێت یان شێ بکاتەوە چ کارو هونەرێکی لێ دەوەشێتەوە.

دنیا تاریك داهاتبوو، زۆر بە دیقەتەوە دەڕۆشتین، هەستم کرد کە لۆمبۆ ڕاست دەکات دارستانی دۆیس گەلێك مەترسیدارە.

ئێمە هێشتا لە کەناریدا بووین بۆنی شێی هەزار ساڵەی لێ دەهات، ترس‌و مەرگ لە چڵ‌و پۆپی درەختەکانی دەچۆڕایەوە، مەرگ بەسەر سەرمانەوە سەمای دەکرد.

تاریکییەکی ئەنگوستەچاو بوو، لۆمبۆ پێشنیاری کرد کە نەجولێین تا ڕۆژ دەبێتەوە، بەڵام چۆن بە بێ مەترسی بتوانین ڕۆژ بکەینەوە.

بریارماندا لەو ناوەدا بگەرێین بەڵکو جێیەکی باش بدۆزینەوە، لۆمبۆ بۆ لایەک‌و لوچی بۆ لایەکی دیکە، منیش بەرەوخواروو دەستمان کرد بە گەران.

هێشتا چەن خولەکێك بەسەر جیابونەوەماندا تێنەپەری بوو لەپر دەنگی قیژەی لوچی هات، دەنگی قیژەکە ناسازو جگەر بر بوو، توانیم لەو دورەوە وشەکانی (خوارد، منی خوارد، فریام کەون) جیا بکەمەوە، بەڵام بۆ نەگبەتی نەمتوانی ئاراستەی دەنگی قیژاندنەکە بدۆزمەوە.

دیارە دەمزانی ئەو بە کام لایەدا رۆشتووە، بەڵام دۆزینەوەی کارێکی ئاسان نەبوو، بەو شەوە تاریك‌و چری پێچاوپێچی درەختانە، هەر دە خولەك‌و زیاتر لە دە مەتر رێگا تەی نەدەکرا.

هەرچۆنێك بوو بەرەو ئەو شوێنەی کە لێك جیابووینەوە رامکرد. لۆمبۆ لە من زوتر گەرابویەوە گێژ بووبوو بەملاو بەولادا رایدەکرد.

هەرکە منی بینی وتی:

- جاڵجاڵۆکەکان لۆچیان خوارد، جاڵجاڵۆکەی ئادەمخۆر ئەویان خوارد.

وتم:

- تۆ چۆن دەزانیت ئەوانە جاڵجاڵۆکەن؟

وتی:

- خۆم چاوە بریقەدارەکانی ئەوانم بینی.

بە بیستنی ئەم قسەیە دڵم داخورپا، زۆر ترسناك بوو، جاڵجاڵۆکەی ئادەمخۆر! لە مەترسیدارترین بونەوەرەکان بوون، من لە کتێب‌و فیلمە

سینەماییەکاندا بینیبوم کە ئەم جاڵجاڵۆکە گەورانە کە هەر چاوێکیان هێندەی هێلکەی مریشکێکی ئاسایی دەبێتو وەك لامپا دەدرەوشێتەوە، چۆن پەلاماری مرۆڤ دەدەنو چۆن خوێنی جەستەی دەمژنو پەکی دەخەن.

لە خەیاڵی ئەوەی لوچی نازداری من ئێستا لەژێر چنگی زبری ئەو جاڵجاڵۆکانەدا پەلەقاژەیەتیو گیان دەدات، موچرکەم پێدا هاتو مووی هەموو گیانم ڕاست بوویەوە.

ڕێك هەر ئەو کاتەی کە من جڵەوی بیرو خەیاڵی خۆمم ون کردبوو لەپڕ دەنگی جیرە جیڕو خشە خشێکی بە تینم بیست، دەنگێك وەك دەنگی کێشکردنی لاشەیەکی قورس بەسەر زەویدا یان بەسەر پووشو پاوانێکی وشکدا بێت.

لۆمبۆ بە ترسەوە هاواری کرد وتی:

– سەیرکە، سەیرکە، چاوی جاڵجاڵۆکەکان ببینە، بەرەو ئێمە دێن.

لەناکاو بینیم دوو چاوی بریقەدار لە دوریی دە هەنگاوەوە دەبریسکێتەوە!

چاوەکانی ئەم جاڵجاڵۆکەیە وەکو دوو هێلکەی قاز لە شلەیەکی فۆسفۆڕ هەڵکێشرا بێت دەبریسکایەوە. من بە باشیو سەنگینی ئەم دیتنە ترسێنەرەم لە خۆمدا هەست پێکرد، ترسو بیم سەرتا پێی تەنیم، بە جۆرێك نە توانای بەرەو پێشچونم هەبوو نە گەڕانەوە، ئەگەر بڵێم سیحرم لێکرابوو ڕەنگە باوەڕ نەکەیتو پێت سەیر بێت، بەڵام ڕاستییەکەی هەروا بوو تەنانەت نەمدەتوانی چاوی لەسەر هەڵگرم.

لۆمبۆ بازووی گوشیم، وەك کەسێك بەدەم خەوەوە ورێنە بکات بە دەنگێکی تاساوەوە وتی:

– لێیدە، لێیدە، بە نێزە لێیدە. من سست بووبووم. دیاربوو کە لۆمبۆش وەك منی لێهاتووە توانای بەرگریکردنی نەماوە، ئەوەی مایەی هیوای من بوو هەبونی تفەنگێکی بیست تیری خودکار بوو کە پێم بوو هەر ساتێك بمەوێت بە کاری بێنم، بڕیارمدا بینێم بە جاڵجاڵۆکەکانەوە، بەڵام دوو بیرکردنەوە نەیهێشت، یەکەم وتم لەو تاریکیەدا نایپێکمو ئەو چەن فیشەکەی کە پێمە لە کیسم دەچێت. دووەم نەمدەزانی لوچی چی بەسەر هاتووە دەترسام لەوەی فیشەکان بەر لوچی بکەوێت.

لەپڕ شتێك خۆی کرد بە خەیاڵمدا هەر بەو سستیو گێژییەوە وتم:

– لۆمبۆ، ئاگرێك بکەرەوە.

بەڵام لۆمبۆ وەڵامی نەبوو، هەبوونی ئەوم لە تەنیشتی خۆمەوە هەست پێ دەکرد، تەنانەت بەشێکی قورسایی جەستەی ئەو دەستی لەسەر شانو لای چەپیم لەسەر خۆم هەست پێدەکرد، بەڵام هیچ جوڵەیەکی نەدەکرد. وەك پەیکەرێکی بێ گیانی لێ هاتبوو.

لە دڵی خۆمدا وتم ڕەنگە بە هۆی هێواش قسەکردنەوە گوێی لێم نەبوبێت! دوبارە وتم:

– لۆمبۆ، ئاگرەکە بکەرەوە، ئاژەڵان لە ئاگر دەترسن.

کاتێك ئەم قسەیەم کرد، خۆیشم ئەم هەستەم بە خۆم کرد کە دەماری زمانو ئەندامی دەنگو گەرووم سست بووە، بە سەختی وشەکانم دەردەبڕی دەنگم تاساو و لەرزۆك بوو، هەموو ئازای ئەندامم لە جلەوی

مێشکم دەرچوو بوو. تەنیا خەیالّم لە کاردا بوو، هەموو شتێك تێدەگەشتم، دەمبینی، کەچی توانای بزاوتنو جولّەم نەبوو، ڕێك وەکو کەسێك بە خەونی موگناتیسی خەوێنرابێت.

بۆ جاری دووەم کە لۆمبۆ بێ وەلاّم بوو، لە دلّی خۆمدا وتم:

— ڕەنگە ئەویش وەکو منی لێ هاتبێت، هەرچی بێت ئەو چاوە بریقەدارانەیە. ئەگەر پەیوەندی چاوی ئێمە بەو خالّە ڕوناکەوە ببچڕێت ڕەنگە بتوانین بە خۆماندا بێینەوە، بۆیە وتم:

— لۆمبۆ، لۆمبۆ، چاوەکانت بنوقێنەو وەرە دواوە.

ترسناکترین دیمەنی کارەساتەکە لێرەوە دەستی پێکرد، چونکە جالّجالۆکەکان وەك بلّێی چاوەڕوانی ئەم دەرفەتە بن دەستبەکار بوون. من لەو ساتەدا زانیم کە جالّجالۆکەکان چۆن نێچیری خۆیان دەگرن، مامزێك یان گاکێویەك کە لە ڕاکردندا ئەوپەڕی خێرایی هەیە بە هەستکردنی بەو مەترسییە چۆن دەکەوێتە داوی جالّجالۆکەکانەوە، چۆنێتی کاری ئەم ئاژەلاّنە (لەڕوی گەورەیی جەستەی ئەم جالّجالۆکانەوە ناتوانم بە جانەوەریان ناو ببەم) ئەوە بوو کە بەچاو نێچیرەکەیان سیحراوی دەکرد، چونکە نێچیرەکە بۆ دەربازبوون چاوی خۆی دەنوقێنێت. چاوی خۆمم نوقاند بە خێرایی هەنگاوێك بەرەو لای چەپ ڕۆشتم تا لە پشت کۆتەرە دارێکەوە خۆم بشارمەوە، بەلاّم هەرکە چاوەکانم لێکنا لاشەی قورسو توکنی کە بۆگەنێکی ناخۆشی بلاّو دەکردەوە بەدەوری ملو سینەمدا هاتو هەشت دەستو پێی زبر بەدەوری لەشمدا گیر بوو.

ئێستا لە هێنانە بەرچاوی ئەم دیمەنە دەلەرزم هەموو مووی گیانم قنج دەبنەوە، تێکرای ئەم کارەساتە لە یەك یان دوو چرکەدا ڕوویدا، من چاوەکانم نوقاند تا لە ژێر نیگای سیحراوی جاڵجاڵۆکە ڕزگارم بێت، ئەویش بە پەلە تیشکی خۆی تێگرتم دەستو پێیەکانی لە گەردنم ئالاند.

خۆمم بە مردوو دەزانی، ئەگەر بە ژەهری پێوەدانەکەشی نەمرم ئەوا لە ترساندا دڵم لە لێدان دەکەوێت، هاوارم کردو چوومە دواوە لەگەڵ ئەو ئاژەڵەی نزیکەی پانزە کیلۆ قورسایی هەبوو کەوتمە سەر زەوی، موعجیزەیەکی دیکە ڕوویدا. موعجیزەیەك کە لە ژیانمدا هاوشێوەی هەبوو لە ژیانی کەسانیتردا ڕەنگە بێ پێشینە بێت. ئەمجارەیان هەم موعجیزەو بەزەیی خودا ڕزگاری کردم، چونکە ئەو جاڵجاڵۆکەیەی کە خۆی بۆ هەڵدام نێرە بوو چزوی نەبوو.

ڕەنگە ئەوە بزانیت کە تەنیا جاڵجاڵۆکەی مێینە چزوی ژەهراویان هەیە، خۆشبەختانە جاڵجاڵۆکەیەکی نێرە خۆی بۆ هەڵدامو ئەو کاتەی کە هەردووکمان کەوتینە سەر زەوی، لۆمبۆ کە لە کاریگەریی سەیرکردنی جاڵجاڵۆکەکە ڕزگاری بووبوو، بەوپەڕی خێراییەوە دەستبەکار بوو ئەو قەمە دوو دەمەی کە بەدەستییەوە بوو لە پشتی هەڵچەقاند.

بە چەقینی قەمەکەم نەزانی. تاریکی شەو و ترسو بیمێك کە سەر تاپێی تەنیبووم نەیدەهێشت دەرك بە شتێك بکەم، بەڵام ئەوەمزانی کە ئەو ئەڵقە هەشت دانەییە دەستو پێ توکنەی جاڵجاڵۆکە کە توند گوشیبومی بە خۆیەوە بە شێنەیی خاو بویەوە لاشەی ئەو ئاژەڵە کەوت بەسەرمدا، خاوبوونەوەو کەوتنەکەشی مانای ئەوە بوو کە مردووە.

بە قۆناغی تفەنگەکەم لاشەی بێ گیانیم لە خۆم دوور خستەوە، لە ترسا هەستامو بە پێوە وەستام.

لۆمبۆ، خۆی پێ گەیاندم بە خرۆشێکەوە وتی:

— پێوەی نەدایت؟

وتم:

— نەخێر.

لۆمبۆ قۆڵی ڕاکێشام وتی:

— شانسێکی گەورە بوو، بەڵام ئێستا مێینەی جاڵجاڵۆکەکە دێت. خێراکە با ڕاکەین.

پێم وت:

— بۆ کوێ ڕاکەین؟ لوچی، چی لێبکەین؟

لۆمبۆ بە دەنگێکی لەرزۆکو تاساوەوە وتی:

— کاری لوچی تەواو بوو، چیتر بێ سوودە، جاڵجاڵۆکەکان تا ئێستا هەموو خوێنی لاشەی ئەویان مژیوە، ئێمە تەنیا گیانی خۆمان لە کیس دەدەین.

من نەمتوانی بەو قسەیە قایل ببم وتم:

— لە جیاتی قسە کردن خێراکەو دار کۆ بکەرەوە.

لۆمبۆ بە بێ ئەوەی بزانێت مەبەستی من لەم کارە چیە دەستی کردە کۆ کردنەوەی دار، منیش بەو چەرخە بچوکەی کە لە نێو کەلوپەلەکانی (جان)ی ئینگلیزدا دۆزیبومەوە دارەکانم بە هۆی کەمێ پوشو پەڵاشەوە گڕ تێبەردا.

ئاگرەکە هەڵگیرساو سەرقاڵی گڕ پێوەنانی دارەکانی دیکە بووین، لەپڕ بۆ دووەمجار دەنگی قیژەی جگەربڕی لۆچی بیسترایەوە.

گومانم کرد ئەو بە دیتنی تیشکی ئاگرەکە قیژاندی تا لە زیندوبوونی خۆی ئاگادارمان بکاتەوە، هەردووکمان بە خۆشحاڵییەوە بەرەو دەنگەکە ڕۆشتین.

قیژەکەی لوچی، دە دوانزە هەنگاوێك بەرەو ژوورتر بوو، تەنانەت ئەو خاڵە تەواو دیار بوو کە لوچی کەمێك باڵاتر لە ئاستی جەنگەڵەکەوە بوو.

لۆمبۆ یەك دوو هەنگاوێك ڕۆشت، منیش ڕۆشتم، بەڵام گەڕاینەوە، بە پێشنیاری من هەر یەکەمان دارێکمان گرت بە دەستەوە کە سەرێکی ئاگری پێوە بوو.

لۆمبۆ هاواری کرد:

– لوچی، لە کوێیت وەڵام بدەرەوە.

بەڵام هیچ وەڵامێك نەبوو، ڕەنگە لوچی گوێی لە دەنگی ئێمە بوو بێت، بەڵام لە دۆخێکدا بوو کە نەتوانێت وەڵام بداتەوە.

منو لۆمبۆ سێ چوار هەنگاو بەولاترەوە لەگەڵ جاڵجاڵۆکەیەکی مێینەی قاوەیی توکن ڕووبەڕوو بوینەوە، چاوەکانی لەبەر تیشکی دارەکاندا بریقەی یەکەمجاری نەبوو، بەڵام بۆگەنی لە دوورەوە ورو کاسی دەکردیت، هێندە بۆگەنێکی ناخۆشی هەبوو کە مێشکم ئازارێکی بە سوێی دەکرد، بۆنی هیچ شلەیەکی ئامۆنیات کردووە، بۆنەکەی هەمان ئەندازە کەسکونو بۆگەنترە.

لۆمبۆ نێزەیەکی تێگرت، بەڵام هێندە شپرزە بوو دوای هاویشتنی نێزەکە بەرەو جاڵجاڵۆکەکە ڕایکرد، جاڵجاڵۆکەکە لە ئاگرەکە ترسا بوو دەستو پێی کۆ کردەوەو وەك پشیلە بەرەو لۆمبۆ (فف)ی کرد، لۆمبۆ، یەك هەنگاو دوور بوو لە مردنەوە، هیچی نەمابوو کە جاڵجاڵۆکەکە بیگرێت، هەر ئەو کارەیشی کرد، بەڵام کەمێك درەنگ کەوت کە زانیم ئەگەر ساتێك دوا بکەوم ئەوا کاری لۆمبۆ تەواوە بۆیە فیشەکێکم پێوەنا.

هەرچەن دەستم دەلەرزی، جڵەوی خۆمم لە دەستدابوو، نیشانەکە دەجولا. نازانم چۆن بوو کە تیرەکەم ڕێك لە نیشانەکەی دا، جاڵجاڵۆکەی مێینە لەبەر دەمی لۆمبۆدا بە پشتدا کەوتە سەر زەوی، دەستو پێیەکانی لەسەر سکی گلۆڵە بوون مرد، کە دارە ئاگراویەکەم لێ بردە پێشەوە لە نێوانی دوو فاقی ئێسقانی بەهێزیدا چزویەکی سەوزو ژەهراویم بینی کە هێندەی دە سانتیمەتر لە دەمیەوە هاتبویە دەرەوە هێشتا وەکو زمانی دوفاقەی ماری سەر پانکراوە دەجولایەوە.

لۆمبۆ لە من زووتر بە خۆیدا هاتەوە، دوو هەنگاوێك چوە پێشەوە دیسان بانگی لوچی کردەوە وتی:

— لوچی لە کوێیت وەڵام بدەوە ئێمە دوو جاڵجاڵۆکەمان کوشت.

ئەمجارەیان زۆر لە لوچی نزیك بوو بووینەوە، دەنگی ئەو سێ چوار هەنگاوێك لەولاترو لەسەر درەختێکەوە دەبیسرا وتی:

— وریابن، نەکەونە داوی جاڵجاڵۆکەکانەوە. هەمویان لێرەن، دەیان جاڵجاڵۆکەن.

ئەمەش زۆر دڵخۆشی کردین، لوچی قسە دەکاتو زیندووە، تەنیا ئەمە بۆ ئێمە گرنگ بوو، گرنگیم بەو شتانە نەدا کە باسی دەکردن، بە ڕێکەوتین. بەڵام لە ناکاو چ بەڵایەك.

لوچی لەسەر درەختێکەوە قسەی لەگەڵ دەکردین تاڕادەیەك شوێنی لە ئێمە باشتر بوو، بەڵام ئێمە کە دەمانویست ئەو ڕزگار بکەین بە پێی خۆمان لە مردن نزیك بووینەوە.

ئەوەی سەرەتا سەرنجی کێش کردینو لە بەر تیشکی ئاگری ئەو دارەی بە دەستمانەوە بوو کۆمەڵێك ئێسکی مرۆڤو ئاژەڵ بوو کە لەملاو لەولادا کەڵەکە کرابوو، لە ژێر پێی ئێمەدا کرچە کرچی دەهات. ڕەنگە بۆگەنی لاشەکان بوو بێت، لۆمبۆ دارەکەی لە دەست وەرگرتم بە دەوری خۆیدا خولایەوە لە بەر تیشکەکەیدا سەیری دەوروبەری خۆی کرد، لە پڕ وتی:

– وەرە سەرەوە، وەرە.

خۆیشی بە خێرایی‌و چوستو چالاکی مەیمونێکی شامبازی بەسەر درەختێکدا سەرکەوت، ناچار منیش بەندی تفەنگەکەم کردە ملمو خۆم گەیاندە درەختەکەو پێیدا سەرکەوتم. مەترێك سەرنەکەوتم شتێکی توکن بەر پێی پەتیم کەوت، دەستەکانی جاڵجاڵۆکەیەك بوو، دەیویست ڕامکێشێتەوە بۆ خوارەوە، ترسی مەرگ ئازایەتی زیاد کردو هێزێکی دایەوە بەرم، نازانم چۆن بوو بەو خێرایی‌و شارەزاییەوە بەو درەختەدا سەرکەوتم، هەرچۆنێك بوو لۆمبۆ دەستی پێم گەشتو سەریخستم.

دیسان دەنگی زریکەی جاڵجاڵۆکەکان هاتەوە. لەسەر درەختەکە لوچی وەك کەسانێك تازە لە نەخۆشییەکی سەخت هەستابێتنەوە دانیشتو سەری بەسەر شانمدا شۆڕ کردەوە، کاتێك کە منو لۆمبۆی لە تەنیشت خۆیەوە بینی باوەڕی نەدەکرد کە ئێمە زیندو بین، دەستێکی بە مندا هێنا، دەستی لە پێیەکانی لۆمبۆ داو وتی:

— ئۆخەی کە ئێوە نەمردون، بەڵام ئێستا چی بکەین چۆن بچینە خوارەوە؟

لۆمبۆ وتی:

— جاڵجاڵۆکەکان ناتوانن بێنە سەرەوە.

ئەو ڕاستی دەکرد، چونکە جوڵەو خۆهەڵدانی ئەوان بە شێوەیەکی ئاسۆییەو ناتوانن ستونی ببزوێن.

لوچی وتی:

— بەڵام تاکو کەی دەتوانین لەسەر ئەم درەختە بمێنینەوە.

جاڵجاڵۆکەکان لە دەوری درەختەکە کۆ بوو بوونەوەو تێك ئاڵابوون، هەر جاڵجاڵۆکەیەکی مێینە چەن دانە نێرینەی لە دەور بوو، ئەو دوو دارە ئاگراویەی لە ئێمە کەوتبوو لە دوورایی دە مەترەوە دەسوتا تا ڕادەیەك ئەو دەوروبەرەی ڕوناك کردبویەوە، بەڵام هێندە بڵێسەی نەبوو تا جاڵجاڵۆکەکان بترسێنێت. نزیکەی دوو کاتژمێر بەسەر درەختەکەوە بووین بێئەوەی هیچ شتێکمان لە دەست بێت، لۆمبۆ دووبارە بەو لقە دارەی کە بیست مەترێك لە زەویەوە بەرز بوو سەرکەوتو لە گەڕانەوەدا وتی:

- من دەتوانم لەم درەختەوە خۆم بگەیەنمە درەختەکەی ئەولاتر، ئێوە هەر لێرە بن بەڵکو شتێك بکەم.

لوچی کە خەوی لێکەوتبوو، بێدار بویەوە دوای ئەوەی لەو تاریکییەدا ساتێك لە خوارەوەی ڕوانی وتی:

- ئەوە جاڵجاڵۆکەکان سەرقاڵی لێدانی داوەکانی خۆیانن، ئەگەر ئەم کارە بکەن دەتوانن بە ئاسانی دەستیان پێمان بگات. لوچی ڕاستی دەکرد، جاڵجاڵۆکەی مێینە یەکیان گرتبوو داویان دەتەنی لە نێوان درەختەکانداو پێیدا سەردەکەوتن.

جارێکی دیکە ترس دایگرتینەوە، لوچی هەستاو قۆڵی ڕاکێشام، نەمدەزانی چی بکەین. بیرمان کردەوە تاکو کاتژمێرێکی دیکە پێمان دەگەن. ئەو ئاژەڵە ترسناکانە تێکڕای هەوڵەکانیان بۆ دەسکەوتنی سێ نێچیری خۆیان خستبویە گەڕ. لۆمبۆ لە درەختەکەی تەنیشتەوە هاواری کردو وتی:

- وەرن گەر بتوانن بە لقی ئەم دارەی تەنیشت خۆتان بگەیەننە ئێرە، ئیتر تەواو، یەك کیلۆمەتر دەتوانین لێرە دوور بکەوینەوە.

من چوومە پێشتر، لقەکەی ژێر پێم قایم بوو بەڵام مەودای ئەم لقە لەگەڵ درەختەکەی تەنیشتی مەترێك زیاترو خۆهەڵدان لە درەختێکەوە بۆ ئەویتر لەو شەوەدا ترسناك بوو.

دەیان چاوی بریقەدار لە خوارەوە لێی دەڕوانین، جاڵجاڵۆکەکان وەك بزانن ئێمە دەمانەوێت چی بکەین. لە نێوان دوو درەختدا کۆ بوو بوونەوە

چاوەڕوانی بەربونەوەی یەکێك لەو سیانەمان بوون، دەنگی زریکەیان ڕەنگە لە خۆشیدا بوو بێت بەردەوام دەبیسراو زیاتر شپرزەی دەکرین.

لۆمبۆ دوو کەڕەت لەسەر درەختی یەکەمەوە گەڕایەوە پێی وتم:

— تۆ بڕۆ، من لوچی دەهێنم.

من ڕۆشتم بەڵام دڵم ئۆقرەی نەگرت، وەك ئەوەی هەستم دەکرد چی ڕوو دەدات، پێشبینی مەترسییەکی گەورەم دەکرد، ڕەنگە دڵنیا بووبم کە لوچی بەردەبێتەوە دەبێتە خۆراکی جاڵجاڵۆکەکان.

لۆمبۆ، لوچی، هێواش هێواش لەسەر ئەو لقەی لە ژێر فشاری دوو کەسدا قرچە قرچی دەکرد هێنایە پێشەوە، لە کۆتاییدا کە لقەکە نزیك دەبویەوە، لۆمبۆ وەستاو بە کرانەوەی هەردوو دەستی هاوسەنگی خۆی پاراست بەلوچی وت، خۆت هەڵدە بڕۆ مەترسە.

من لەولاوە وتم:

— نا بۆستە سەری ئەم بەندە بگرە.

دەسبەجێ سەری قایشی تفەنگەکەم کردەوە بەچەن جارێك هەڵدان گەیاندمە دەستی، بۆ دڵنیا بوون پێم وت:

— بەرینەدەیت، لە ژێر پێی خۆت بڕوانە.

— لۆمبۆ بەسەری پەنجەی پالی پێوەنا، لوچی قاچی چەپی هەڵبڕی‌و خۆی هەڵدا، ئەو ڕێك بازیدا، بەڵام چونکە بە قاچی ڕاستی بازەکەی هەڵدا نەیتوانی خۆی هەڵداتە سەر ئەو لقەی من لەسەری وەستابووم، قاچی دەرچوو، لە ترسی مەرگ قایشەکەی لە دەست بەر بوو.

ڤیژەی ئەو لەگەڵ زریکەی جاڵجاڵۆکەکان تێکەڵ بوو، بە شپرزەییەوە دەستم درێژکرد دەرقاچەکەیو کەمەریم گرت، دەرقاچەکەی دڕاو بەربوو یەوە، من چاوەکانم نوقاند، لۆمبۆ هاواری کرد دەستی گرت بە دەموچاویەوە، جاڵجاڵۆکەکان لەژێر درەختەکەدا کردیانە هەراو هوریا کە ئێمە تەنیا دەنگی (ڤف ڤف) زریکەیانمان دەبیست، ڤیژەی لوچی نەما، خامۆشی مەرگ هەموو دارستانەکەی تەنی. خامۆشییەک کە جاڵجاڵۆکەکان لە بەر ڕێزی خامۆش بوون.

- گریان بێ سوودە. با بڕۆین. گەر بمێنینەوە ئێمەش وەك لۆچیمان لێدێت.

قسەکانی من گریانی لۆمبۆی بە تین تر کرد، بەڵام لەپڕ لە گەرمەی گریانی برایەك کە بۆ خوشکەکەی دەگریا دەنگی لوچی هاتو وتی:

- دەستم بگرە (جیووانی) دەستم بگرە هەموو گیانم بریندارە.

ئایا ئەوە ڕۆحی لوچی بوو کە قسەی دەکرد؟ بەڵام نا! خۆی بوو، بە پەلە چەن لقە درەختێکم شکاندەوە ئاگرم پێوەناو خستمە خوارەوە جێی باوەڕکردن نیە، بەڵام لوچی دوو مەتر خوارتر لەو لقەی من لەسەری بووم لەسەر لقێك دانیشتبوو.

ئەو کاتی بەربوونەوەی بە دەمدا بەسەر ئەو لقەدا کەوتبوو خۆی پێوە گرتبویەوە. لۆمبۆ هات، لۆچیمان ڕاکێشایە سەرەوە بەپەلە ڕۆشتین، لق بەلق، درەخت بە درەخت، دوورکەوتینەوە، نزیکەی کاتژمێرێك بەسەر لقو درەختەکانەوە لەو تاریکییەدا ڕۆشتین، هێندە لەو ڕاکردنەدا خێرابووین

کە نە لە مارەکان دەترساین نە لە پێوەدانو گەستنی جانەوەران، سەرەنجام زانیمان کە شەو چۆن تێپەڕی.

کاتێك بە خۆماندا هاتینەوە لە درەختەکان هاتینە خوارەوە کە تەواو دنیا ڕوناك بوو بووەوە گەشتبووینە چۆڵەوانی کەمێك درەختی دارستانەکە.

منو لۆمبۆ دوای هاتنە خوارەوەمان، دووبارە لۆچیمان ونکردەوە، هەردووکمان بانگمان دەکرد:

– لوچی، لوچی.

لوچی لە پشتی درەختێکەوە وتی:

– من لێرەم.

– بۆچی دیار نیت؟

– ئاخر من ڕووتم.

ئەنجا بیرم کەوتەوە کاتێك کە بەربوویەوە دەرقاچەی بە دەستی منەوە بە جێماو دڕا، لە ڕێگاش یەك دوو جارێك دەستم بەر لەشی ڕوتی کەوت، بەڵام نەمتوانی تێبگەم کە ئەو ڕووتە.

عەیبی کار ئەمە بوو کە جلێکی ڕێكو پێکمان لەبەردا نەبوو، لۆمبۆ پارچەیەکی وەك مایۆی لە خۆی بەستبوو، منیش پانتۆڵێکی شڕەو پینە پینەم لە پێدا بوو. لوچی شەرمی لە من نەدەکرد، چونکە بە یەکتری نامەحرەم نەبووین، شەرمی ئەو لە لۆمبۆی برای بوو، بۆیە پێم وت دوورکەوێتەوە تا شتێك دەکەین.

کاتێك لۆمبۆ ڕۆشت، منیش ڕووت بوومەوە، بە کۆمەکی لوچی پانتۆڵەکەم دڕاند. دوو پارچەی کون کونی درێژی لێ دەسکەوتو کردمان بە دوو کەرتەوە، نیوەیم وەکو مایۆ بۆ لوچی بەستو نیوەکەی دیکەی خۆم بەستم، بەمشێوەیە هەرسێکمان بووین بە یەك شێوە، تەنیا لوچی لەم حاڵە نارەحەت بوو ئەویش لەگەڵیدا ڕاهات.

ئەو ڕۆژە تا دەمەو عەسر خەوتین، دوای ئەوەی بێدار بووینەوە بە کەمێك میوەی جەنگەڵی برسێتیمان ڕەواندەوەو دەستمان کردەوە بە ڕۆشتن.

بەمشێوەیە بەردەوامبووین لە سەفەرەکەمان، زیاتر بە شەو دەرۆشتین، ڕۆژانیش دەخەوتین، چونکە خەوی شەوی جەنگەڵی دۆیس بە هۆی ئەوەی خاڵی بەرامبەری دوورگەی بەهەشت بوو ناوم لێنابوو دۆزەخ، بە پێشوازی لە مەرگ هەژمار دەکرا.

لە شەودا ڕووبەڕووی چەندین جۆری ئاژەڵان دەبوینەوە، بەڵام هەر خۆشحاڵ بووین، چونکە ئەگەر ئەم ئاژەڵانە لە کاتی خەودا بۆمان بهاتنایە چ بەڵایەکمان بەسەردا دەهات.

شەوێك کە مانگەشەو سەرزەوی وەك ڕۆژی ڕوناك لێکردبوو خەریکبوو ببینە خۆراکی پڵنگێکی دڕندە، بەڵام بەرێکەوت ڕزگارمان بوو.

ئێمە بە ئارامی سەرقاڵی ڕێکردن بووین، لەناکاو دەنگی نارەتەی پڵنگێك کە لەسەر درختێکەوە لە بۆسەدا بوو لە جێی خۆمان وشکی کردین، من وێڕای ئەوەی زۆر دەستم بە فیشەکەوە دەگرت، لە کاتی ڕووبەڕو بونەوەی مەترسیدا ئامادەبووم، سەرەتا لۆمبۆ بە نێزە شاڵاوی بۆ

دەبرد ئەگەر دەرەقەتی نەهاتبایە من دەستبەکار دەبووم، ئەو شەوەش هەر ئەو کارەمان کرد. لۆمبۆ نێزەکەی ئامادە کردبوو دەیویست بیوەشێنێت کە دەنگی نارەتەیەکی ترسناک لە دوامانەوە هاتو لە جوڵەی خستین.

ئەم نارەتەیە شێرێکی دڕندە بوو، ئەویش دەیویست ورگی خۆی بە ئێمە تێر بکات، هاتنی ئاژەڵی دووەم دۆخی ئێمەی گۆڕی، خێرا بە لۆمبۆ و لۆچیم وت مەیدان چۆڵ بکەینو جۆرێك بوەستین کە هەردووکیان ڕووبەڕومان ببنەوە..

ڕێك لەو کاتەی کە من بە توندی دەستی ئەوانم گرتبوو، لە تەنیشت درەختێکەوە خۆمان پەنادا، پڵنگەکە هاتە خوارەوە شێرەکەش هاتە پێشەوە، ئەو دووانە لەجیاتی ئەوەی پەلاماری ئێمە بدەن ڕوبەڕوی یەکتری وەستانەوە.

ڕەنگە ئەگەر ئەوان بونەوەرێکی خاوەن ئیدراك بونایە دەبوو هەردووکیان شاڵاو بۆ ئێمە بێنن، بەڵام بۆ ئەوەی ڕکابەرەکەی لە مەیدان دەربکات، شاڵاویان بۆ یەکتری برد.

جەنگی دوو ئاژەڵی بەهێزو دڕەندە گەلێك شایانی تەماشاکردن بوو، بە تایبەت هەردووکیان برسی بن. ئەو شەوە ئێمە بینەری ئەو دیمەنە فەرامۆشنەکراوە بووین، هەردوکیان بە کەڵبەو چرنوکە تیژەکانیان پەلاماری یەکتریان دەداو هەندێجاریش وەك زۆرانبازەکان یەکتریان دەگەوزاند. ئەم جەنگە نزیکەی کاتژمێرێکی خایاند، هێشتا هیچ کامیان ئامادە نەبوون دەسبەرداری یەکتری ببن. من زۆر حەزم دەکرد تا کۆتایی

سەیری ئەو جەنگەی ئەوان بکەم، بەڵام لۆمبۆ وتی لەمە زیاتر مانەوەمان باش نیە. ئێمە ئەو ئاژەڵە دڕندە زامدارانەمان بەجێ هێشتو بەڕێکەوتین.

نزیکەی دوو هەفتە دەبوو بەبێ وچان دەڕۆشتین.

وردە وردە دارستانەکە دۆخێکی دیکەی بە خۆیەوە بینیو خەریکبوو شوێنەواری مرۆڤ دەردەکەوت، لە شوێنێکدا کوخێکی بە قامیش دروست کراوم بینی، کە چوینە ژورەوە کۆمەڵێك کەروێشك ڕایانکرد. هات بە خەیاڵمدا بە پێستی یەك دوانێك لەو کەروێشکانە دەکرێت سینەبەندێكو مایۆیەك بۆ لوچی دروست بکەم، بەڵام ڕۆژێکی تەواو خەریکبووم نەمتوانی دانەیەکیان ڕاو بکەم، دیارە بە فیشەك دەمتوانی، بەڵام نەمدەویست فیشەکێك لە کیس بدەم.

هەموو ڕۆژێك فیشەکەکانم هەژمار دەکرد، دوانزە دانە لە یەدەگێکدا بوو، کە مایەی ڕزگاریمان بوو لە هەر مەترسییەکی گەورە، ڕۆژانی شانزەیەمو هەڤدەیەم تێپەڕی، بەڵام ئەوەی لە لۆمبۆدا سەرنجی کێش دەکردین ئەمەبوو هەرچەن لە بەستێنی نیشتەجێبونی دوورگەکە نزیکتر دەبوینەوە ئەو زیاتر نیگەرانیو ترسی لێدەنیشت، هەنگاوەکانی خاوتر دەبوون بە زۆرو ناڕەزایی لەگەڵمان دەبوو، ئەمەش لەودا هێندە بەتین بوو کە من پێم وابوو بەو زووانە لۆمبۆ هەڵدێتو بەجێمان دەهێڵێت، نیگەرانی لۆچیش هیچی لەو کەمتر نەبوو.

شەوێکیان کە منو لوچی لە سوچێکدا پێکەوە بوین، نازانم چی بوو کە ئەو وتی:

— ڕەنگە ئەمە دواین دیدارو پێکەوەبوونمان بێت.

بە واقوڕمانەوە وتم:

— بۆچی؟ ئاخر چی بووە؟ ئایا وادەزانیت من لە تۆ تێر بووم؟

لوچی وتی:

— نا! ئەزیزم، تۆ منت خۆشدەوێت، لۆمبۆ پێی وتم کە خەیاڵی تۆ تێك نەدەم. خەریکبوو باسەکە گرنگ دەبوو، چاوم لە چاوەکانی بڕیو پرسیم:

— ڕاستیم پێ بڵێ، لۆمبۆ بۆچی ئەو ڕەفتارانە دەکات، بۆی خۆی دوا دەخاتو خۆی ون دەکاتو دوامان دەخات، دەبێت ڕاستییەکەم پێ بڵێیت؟ لوچی کە نەیدەویست ڕاستییەکە بدرکێنێت، لە بەرامبەر ئەو جەختەی کە من کردم ناچار وتی:

— ئاخر چی لە پیرەژنەکانی دۆیس دەکەیت؟

پێکەنیم؟ جارێك خودی لۆمبۆ باسی ئەو پیرەژنانەی کردو باسی ترسانی خۆی کردبوو.

لە دوای پێکەنینەکە وتم:

— بەڵام پیرەژنەکان هێندە مەترسیدار نین، کە ئێمە هێدە لێیان بترسین، ئێمە لەگەڵ شێرو پڵنگدا شەڕمان کرد. ئەگەر پێویست بێت لەگەڵ ئەوانیش دەجەنگین.

لوچی وتی:

— ڕاستت دەوێت من تا ئێستا نەمدیبوون، ڕەنگە ڕۆژێك کە پیر دەبم لە نێو ئەواندا بژیم، بەڵام ئێستا کە گەنجم، زانیارییەکی ئەوتۆم نیە،

هێندە دەزانم مەترسی ئەوان جۆرێکی دیکەیە، ئەگەر ئێوە هەردووکتان لە چنگیان بکەوتنایە، دەمردن.

- بە زەبرو زۆر چۆن ئەوە دەکرێت؟

لوچی دەیویست وەلامێکی درێژم بداتەوە، بەلام نەیپەرژا، چونکە لە م کاتەدا لۆمبۆ بە ڕاکردن هات وەك منالێك دێوێکی سێ شاخو چوارچاوی بەدی کردبێت بە شپرزەییو دەنگێکی لەرزۆکەوە خۆیدا بەسەر دەستو پێی مندا وتی:

- هاتن، هاتن، وا هاتن.

چونکە من لە مانای قسەکانی تێنەگەشتم، سەرێکی هەلبڕی بۆ ئاسمانو وتی:

- ئەی (تۆمای گەورە) ڕەحمم پێبکە، سوێند بە گەورەییو دەسەلاتی تۆ من چیتر توانام نیە لە ئاست زۆرێك لە کارەکان دەستەوسانم.

بە توندی وتم:

- مانای چی؟ لۆمبۆ ئەلێی شێت بوویت؟ چی دەلێیت؟ بۆ هێندە ترساویت؟

ئەو وەلامی نەدایەوە، بەلام سەرنجمدا لوچی بە بەزەییەوە لێی دەڕوانێت، بۆ ئەوەی کۆتایی بەم دیمەنە بێنم وتم:

- خێراکەن دەبێت بەڕێکەوین. سەفەرەکەمان کۆتایی پێ بێنین.

لۆمبۆ وتی:

- بەلام بە بڕوای من تەمەنمان کۆتایی هاتووە.

لە جێی خۆی هەستا، مـن زووتـر بەڕێكـەوتم، لوچـیو لۆمبۆ بـەترسو لەرزەوە بە دوامدا هاتن پێكەوە قسەیان دەكرد.

هێشـتا مەودایـەكی زۆرمـان نـەبڕیبوو لـە مـلاولاوە هـەراوهوریا بـەرز بویەوە، هەتا كەوتینە خۆمان چواردەورمان بـە پـیرەژن گـیرا بـوو، هـیچ جێی ترسو نیگەرانی نەبوو.

بە خێرایی چواردەورمان بە پیرەژنان گیرا. دیـارە كـە دەڵـێم پـیرەژن نەوەك وا بزانیت هەموویان قەمبورو پیر بن، ژنی كەم تەمەنیشیان تێدا بوو دیارە كەم تەمەن بە بەراورد لەگەڵ ئەوانیتر، بەڵام بەهـەرحاڵ لاوترینیـان لە پەنجا ساڵ كەمتر نەبوو.

لە نێوان خەڵكی ئەو دوورگەیـەو دوورگـەی بەهەشـتدا یاسـا ئەمـە بـوو كاتێ كە ژن لە سكوزا دەكەوت دەگوێزرایەوە بۆ دۆیس، ئـەوان دەیـانوت (تۆما) دەیەوێت كە بـە هەشـت هەمیشـە پـڕ بێـت لـە ژنـانی لاوو جـوان، پیاوانیش مافی ئەوەیان نیە ئـەم فریشـتە جوانانـە لـە سـاڵێكدا زیـاتر لـە هەفتەیەك لاقە بكەن، لە نێوانیاندا چەند پیاوێك دیـاربوو كـە دواتـر زانیم پیاوەكـان زۆر بەتەمـەنو ئەوانـەش لـە كـاتی سـەردانی كردنـی زۆربـەی پیاوەكان بۆ دورگـەی بەهەشـت نـەخۆش دەكـەون ناچـارن لـەو دورگەیـە بمێننەوە ئەوانە لەم تاقمە بوون.

لـە كاتێكـا بیسـت تیرەكـەم تونـد بـە دەسـتمەوە گوشـی بـوو چـاوم تێبڕیبونو چاوەڕوان بووم گەر لەلایەن ئەوانەوە هێرشێك كرا تەقە بكـەم، بەڵام ئەوان بە خۆشحاڵییەوە لە منو لۆمبۆیـان دەڕوانـی، دەسـتیان لـێ

دەدام بە پەنجەکانیان دەیانگوشیم تا لە تۆکمەیی و هێزی من دڵنیابن. هاوکات گلەییان لە لۆمبۆ دەکردو لێیان دەپرسی:

– پیاوەکانمان چییان لێ هات؟ بۆچی نایەنەوە؟ ئێمە لە تەنیایدا بێزارو ماندو بووین.

لۆمبۆ بەو پێشنیارەی کە من کردبووم وتی:

– ئەم کەسە هەواڵی پیاوەکانی هەیە، من هیچ نازانم.

لوچی، لە سوچێکەوە وەستابوو لەژێر کاریگەری حەشیمەتی ژنەکاندا کە هەر ساتەو زیاتر تەنگیان پێ هەڵدەچنین چوە دواوە. لەم کاتەدا دەنگێکم بەر گوێ کەوت کە وتی:

– برۆ بەولاوە کچەکەی تۆما هات. (لۆتۆما) هات.

پێشتر وتم کە (لۆ) نازناوێکی خانەدانی بوو لەسەرۆک خێڵەکانیان دەنا، لە (دۆیس)دا یەکێك لە ژنەکان بە سەرۆك خێڵ هەڵدەبژێردرا ئەو یان بە (لۆتۆما) یان کچەکەی تۆما ناو دەبرد.

(لۆتۆما) ژنێك بوو تەمەنی پەنجاساڵ، کە جوانترین ژنانی دۆیس بوو. ئەو بەناو حەشاماتەکەدا ناوبەینێکی کردەوەو هاتە پێشەوە بەدیقەتەوە لێم ورد بویەوە، سەیرێکی لوچی کرد بە ڕەنگێکی پەڕیوەوە لە سوچێکەوە وەستابوو، پاشان زللەیەکی قایمی سرەواندە لۆمبۆ وتی:

– تۆ بۆچی بە تەنیا هاتوویت، پیاوەکانی ئێمەت چی لێکرد؟ ئێستا ئێمە شەوانە چی بکەین بە بێ عەشق و خۆشەویستی چۆن بژین.

لۆمبۆ، دەستی خستە سەر شوێنی زللەکەو وەك منداڵێکی خەتابار کە لە ترسی زللەی دووەم جورئەتی قسەکردنی نەبێت چوە دواوەو سەری شۆڕ کردو وەستا.

تێگەشتم کە ئەمانە پێشئەوەی خەمی ورگو جلو بەرگو سەرپەنایەکیان هەبێت، بیر لە عەشقو ڕابواردنو پەیوەندی سێکسی دەکەنەوە.

دوای ئەوەی کە لۆمبۆ بە دەستی (لۆتۆما) لێدانی خوارد، ئەنجا بەرەو من هات، ڕوخساری لە دیتنی بەژنو باڵای من گەشایەوە، بزەیەك کەوتە سەر لێوەکانی دەستی هێنا بەسەر بازوەکانمدا وتی:

– پیاوێکی باش دیاریت، ئایا لە..... باشیت؟

دڵم لە سینەمدا تاسا، خۆم کێشایەوە دواوە وتم:

– بەڵێ، باشم...... بەڵام لەگەڵ گەنجەکاندا.

چاوەڕێم کرد ئەم وەڵامەی پێناخۆش بێتو گرژو مۆن بێت، کەچی بە پێچەوانەوە پێکەنیو وتی:

– باشە، خۆ ئێمەش ڕۆژێك گەنج بووین. بەر لەوەی من قسە بکەم وتی:

– ئێستا من جوانترین ژنی دورگەکەم.

پاشان ڕویکردە ئەوانیتر وتی:

– وەرن، من ئەمشەو ئەم پیاوە دەبەمەوە بۆ کوخەکەی خۆمو هەفتەیەك لەگەڵ ئەودا زەماوەند دەکەم، دوای ئەو هەفتەیەش دەیبەخشم بە ئێوەو ئێوەش بە نۆبەی خۆتان سوودی لێ وەربگرن.

پیرەژنەکان لە خۆشیدا دەستیان کردە شاییو هەلهەلە لێدان، ئەو شەوە لەو هۆزەدا ئاهەنگێکی گەورەیان گێڕا. ئێمە هەرسێکمان دانیشتبووین لەو دیمەنە سەیرە ورد دەبووینەوە، من وامدەزانی ئەمە زەماوەندێکە، زەماوەندی ڕۆژی یەکەم چوونی من بۆ دورگەی بەهەشتو هاوسەرگیریم لەگەڵ (لۆمالۆ) زەماوەندێك بوو.

نازانم لە هیچ کتێبێکدا خوێندوتەوە کە لە سیسیلو زۆرێك لە گوندو ئاوایییەکانی ئیتالیا بووك چۆن دەبەنە ماڵی زاواوە؟ حاڵی منیش ڕێك ئەوە بوو.

یەکێك دەیوت:

– گاڵتەی لەگەڵدا نەکەیت، گەر لۆتۆما بزانێت لەگەڵ مێردەکەیدا گەپێك دەکەیت تورە دەبێت.

هەر کەسەو قسەیەکی دەکرد.

ڕەنگە ئەوان پێیان وابوو بێت من مەڕم وا بەو جۆرە دادڤانیان دەرهەق دەکردم، بەڵام ئاخر لەگەڵ مەڕیشدا ئەو جۆرە ڕەفتارانە ناکرێت.

لەولای مەیدانەکەوە لەبەردەمی کوخەکاندا لەگەڵ لۆمبۆ هەمان ڕەفتاریان دەکرد، هەر جارێك لۆمبۆ دەرفەتێکی بۆ دەڕەخسا قسەی لەگەڵ دەکردم دەیوت.

– ئارامبە.

بەدبەختییەکی گەورە بەرۆکی گرتبووین، بەڵام چارێکمان نەبوو دەبوو ملکەچ بین، دوای ئەوەی سەر تاپێی منیان شۆرد، بە ڕۆنێك کە عەتری یاسی کێویی بوو هەموو لەشیان چەور کردم، قژیان بە ڕۆنێکی دیکە بۆ

داهێنام بە نەریتی خۆیان بەلاجانەکانمدا شۆڕیان کردەوە، دەسڕێکی سوریان بەست بە قژمەوە. لەولای مەیدانەکەشەوە دەمبینی کە لۆمبۆ چۆن بەرگەی ئەم ڕەفتارە تاڵە دەگرێت و لە من دەڕوانێت، ئەنجا تێگەشتم کە بۆچی لۆمبۆ لە نزیکبونەوەی ئەم شوێنە دەترسا.

بۆ ڕۆژی دواتر حەوسەڵەی چونە دەرەوەی کوخەکەم نەبوو، لە کاتێکا کە لۆتۆما لە ناخەوە خۆشحاڵ بوو هاتوچۆی دەکرد، دەستە دەستە پیرەژنەکانی بۆماڵەکەی دەهێنا بە لوتبەرزیو باییبونەوە منی نیشانی ئەوان دەدا. بەڵام هێشتا لۆمبۆ بە هۆی لۆچییەوە پەیامی بۆ دەناردم کە بەرگری نەکەم.

لوچی مافی هاتنە ژوورەوەی بۆ کەخەکەی لۆتۆما نەبوو تەنانەت نەیدەوێرا نزیك بکەوێتەوە بمبینێت، تەنیا ئەو کاتانەی ئەو ناوە چۆڵ دەبوو بە ڕاکردن بە بەردەمی کوخەکەدا ڕایدەکرد پەیامەکەی لۆمبۆی دەگەیاند، یان لە لایەن منەوە پەیامی دەبردەوە.

شەوی دووەمو سێیەمیش بە هەمانشێوە تێپەڕی، هەر ڕۆژێك تێدەپەڕی من لاوازترو زەردتر دەبووم.

من وەك مێردی سەرۆك هۆز بووم دەمتوانی سەرۆکایەتی بەدەست بێنم وەك دورگەی بەهەشت لەوێدا دەست بە ئاوەدانکردنەوە بکەم، بەڵام هێندە ناڕەحەت بووم کە حەوسەڵەی هیچ کارێکم نەبوو.

شەوی شەشەم ڕوداوێکی بێ پێشینە ڕویدا، ئێوارە بوو لە دەرگادرا. لۆتۆما وەك بڵێی بزانێت کێیە لە دەرگا دەدات، دەرگای کردەوە

پیرەژنێکی هێنایە ژوورەوەو پێکەوە دانیشتن دەستیان کرد بە باسکردنی من.

ئەو ژنە وتی:

— بەڵێنت پێ دەدەم هەموو ڕۆژێك لە دەریادا ڕاوەماسیت بۆ بکەم، دە ڕشتەی (کوش)ت پێبدەم. (کوش جۆرە میوەیەکە وەك گوێز کە خەڵکی دوێس دەیکەن بە پەتەوەو وشکی دەکەنەوە، ئەم میوەیە کە وشك دەبێتەوە تامی خۆشتر دەبێت).

پێم وابوو ئەگەر دۆخەکە بەمشێوەیە بڕواتە پێشەوە ئەوا منو لۆمبۆ لە لەڕیو لاوازیدا دەمرین، تا زووە دەبێت ڕێگاچارەیەك بدۆزینەوە. بەهەر حاڵێكو هەر زمانێك بوو ئەو شەوە مامەڵەی ئەو دوو پیرەژنەم تێکداو بە بیانوی نەخۆشییەوە بەڵێنمدا کە سبەی شەو بچمە ماڵی هاوڕێکەی لۆتۆما، ئەویش ڕازی بوو ڕۆشت.

بۆ ڕۆژی دواتر هەرچۆنێك بوو ڕۆشتمە دەرەوە، لە مانگەشەودا لەگەڵ لۆمبۆ دانیشتم باسی دۆزینەوەی ڕێگاچارەمان کرد. کاتێك کە منو لۆمبۆ لەو مانگەشەوەدا دانیشتبوین، دەستە دەستە پیرەژنەکان دەهاتنو بە بەردەمماندا تێدەپەڕین، جۆرە ڕەفتارێکیان دەنواند کە سەرنجیان کێش دەکردین.

منو لۆمبۆ زۆر قسەمان کرد، ئەویش پێی دەوتم لاواز بوویت، منیش ئەوم بە لەڕو لاوازتر لە جاران دەبینی، دەربارەی ڕاکردن قسەمان کرد، لۆمبۆ پێی باش نەبوو، بەڵام چارەیەکی دیکەش نەبوو، تەواو قسەمان لەگەڵ کردبوون، لەولاشەوە چونکە کەشتییەکەمان خراپ بووبوو

هیوایەکمان نەبوو بەو زوانە بچینە دورگەی بەهەشت، لە مانەوەمان لە نێو ئەواندا ئەنجامێکمان نەبوو بێجگە لەوەی خۆمان بکوژین.

هەفتەی دووەمی مانەوەمان لە دۆیس لۆتۆما ئێمەی بە شەش پەتی (کوش) گۆڕییەوە.

وردە وردە متمانەیان پێ دەکردین، دەیانهێشت کە منو لۆمبۆ بەناو هۆزەکەدا بگەڕێین، ئەو ڕۆژە من چەکەکەی خۆمم هەلگرت، لۆمبۆش پێشتر قەمەو نێزەکانی بە لۆچیدا ناردبووە جێیەکی دوورترو شاردبویەوە، ئەو ڕۆژە لوچی چاودێری دەکرد، پیرەژنەکان سەرقالی دابەشکردنی ماسیومیوەکان بوون، ئاماژەی بۆ منو لۆمبۆ کردو خۆیشی بە کەناری دارستانەکەدا بەرەو باشور ڕۆشت. دە خولەك دوای ئەو لۆمبۆ ڕۆشت، نیو کاتژمێر دواتر منیش ڕامکرد، نەخشەی ڕاکردنەکەمان پێشتر تاوتوێ کردبوو هیچ خەمێکمان نەبوو.

بۆ ئەوەی توشی ئاژەڵی درندە نەبین، بڕیارماندا بە کەناری ئاوی دەریاو درەختەکاندا بڕۆینو هەر ئەوەشمان کرد.

نزیکەی دوو کیلۆمەترێك لە هۆزەکە دوور کەوتبوینەوە، کە دەنگی هەراوهوریا بەرز بویەوە پیرەژنەکان بە ڕاکردنی ئێمەیان زانی. بە پێی پەتیو شیوەنو گریان لە کاتێکا مووی جەستەی خۆیان ڕادەکێشا بە نینۆك دەموچاوی خۆیان دەڕنی دوامان کەوتن.

شوێن پێی ئێمە بەسەر لمو زیخی کەنارەکەوە بەجێمابوو، هەربەو نیشانەیەوە دوامان کەوتن. بەڵام هەر لەسەرەتاوە تێگەشتن زەحمەتێکی

بێهودە دەدەنە بەرخۆیان ناتوانن نێچیرە لە کیس چوەکەیان بە دەست بێننەوە، چونکە ئێمە بەخێراییەکی زیاتر دەڕۆشتین.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە ماندوو شەکەت لە جوڵە کەوتین، بەڕێکەوت ئەوێ جوانترین شوێنی دۆیس بوو سەبارەت بە شوێنەکانی دیکە زیاتر بەرزایی بوو.

جەنگەڵ لە ئاستی دەریاوە بەرزترو بە چەند گاشەبەردێك پێکەوە دەبەسرانەوە، کاتێك چوینە سەر گاشەبەردەکان دیمەنێکی بە شکۆو دڵڕفێن دەکەوتە بەرچاومان، گەر بە هەزار چاو لێمان بڕوانیبایە تێر نەدەبووین.

لۆمبۆ، پێشنیاری کرد هەر لەوێ لەسەر گاشەبەردەکان بمێنینەوەو ڕۆژ بکەینەوە، خەیاڵێکی خراپ نەبوو، لەوێ باشترمان دەستنەدەکەوت.

ڕاستی لۆچیش جوان‌و نازدار بوو.

تێکڕای ئەو شەوە وێڕای ماندوێتی نەخەوتین‌و من لەگەڵ لۆچیدا قسەم دەکردو بەڵێن‌و پەیمانمان نوێ کردەوە، شەو ڕۆشت‌و دنیا ڕوناك بویەوە هەردووکمان خەوتین، لۆمبۆ بێداری نەکردینەوە. لۆمبۆ بە تەنیا دەستی بە کار کرد، میوەی لە جەنگەڵ هێناو ماسی ڕاو کرد بە چەرخەکەی من ئاگری کردەوە، ماسیەکانی خستە سەر پشکۆی ئاگرەکەو تا بۆنی خۆشی ماسی برژاوم کرد، بێدار بومەوە دانیشتم، نەمدەتوانی باسی خۆشحاڵی خۆم بکەم، دوای بیست شەو ئەوە یەکەمجار بوو بە ئاسودەیی خەوتم.

لوچی بێدار بویەوە، هەرسێکمان نانمان خوارد، لۆمبۆ زووتر دەستی لە خواردن هەڵگرت بە کەنارەکەدا دەستیکرد بە گەڕان. نزیکەی یەك دوو کاتژمێرێك لێی بێ هەواڵ بوین، هەرچەن بانگمان دەکرد وەڵامی نەبوو.

— لۆمبۆ، لۆمبۆ، لە کوێیت، ها لۆمبۆ.

ورده ورده ونبونی ئەو درێژتر دەبویەوە، ئێستا سێ کاتژمێر بەسەر دیار نەبونیدا تێپەڕیو بویە مایەی ترسو نیگەرانی بە خۆمان وت، ئەبێ لۆمبۆ چی بەسەردا هاتبێت؟ نزیکەی کاتژمێرێکی دیکە تێپەڕی، بوو بە چوار کاتژمێرو ئەوپەڕی ترسو دڵەڕاوکێمان بوو، لە پڕ لە دوورەوە گوێمان لە دەنگی بوو.

— ئای، ئای، جیووانی.

لوچی ڕایکردو بە دەست ئاماژەی کرد تا منیش دوای بکەوم، هەرچەن زیاتر دەرۆشتمە پێشەوە دەنگەکە ئاشکراترو وشەکان زیاتر دەبیسران.

لۆمبۆ وتی:

— ئای، جیووانی، کەشتییەکی ئاسنین.

نێوان ئێمەو ئەو دەنگەی دەبیسرا بەردێکی گەورە بوو، بەسەر بەردەکەدا درەختی بە تەمەنو ئەستوری جەنگەڵەکە چەمابویەوە سێبەری بەسەر دەریاکەوە کردبوو، بۆ گەیشتنە ئەوێ دەبوو بەلای درەختەکاندا بڕۆشتینایە، سەرەتا لوچی ڕۆشت منیش بە دوایدا، کە بە تەنیشتی درەختەکاندا تێپەڕیم، چاوم بە دیمەنێك کەوت کە باوەڕپێکردنی بەلامەوە ئەستەم بوو.

لە بەستێنی دەریاکەدا کەشتییەکی هێزی دەریایی بەریتانی لەنگەری گرتبوو، سەرەتا بە دیتنی کەشتییەکە دڵم داخورپا ئارەقێکی سارد بە پشتو نێوچەوانمدا چۆڕا، لۆچیم ڕاکێشایەوە تا دووبارە لە بن درەختەکاندا خۆمان حەشار بدەینەوە، بەڵام دواتر چاوم بە چەن لاشەخۆرێك کەوت کە بەسەر کەشتییەکەوە دەسوڕانەوە دووسێ داڵو لاشەخۆرم بینی لەسەر عەرشی کەشتییەکە لەسەر شتێك نیشتونەتەوە بە چرنوکو دەنوك ئەو شتە هەڵدەکۆڵن. پەروازی لاشەخۆرەکان تاڕادەیەك خەیاڵی ئاسودە کردم بە لۆچیم وت:

- وەرە خوا خۆی دەزانێت ئێمە چیمان دەوێت.

بە پەلە چوینە خوارەوە، لۆمبۆ لە بەستێنەکەدا نزیك بە کەشتییەکە بوو لە دەوربەری خۆی دەڕوانی، چەن شتێکی دیکەش لە نزیکییەوە لە سەر زیخو لمی کەنارەکە کەوتبوو. نەمدەزانی چۆن لە بەردەکە بێمە خوارەوە! هەرچۆنێك بوو خۆم گەیاندە لۆمبۆ، ئەو بە پەنجە کەشتییەکەی نیشاندام وتی:

- لەم بەلەمە ئاسنینەدا هیچ کەسێکی تێدا نیە بۆگەنی مرۆڤی مردوی لێدێت.

وەڵامم نەدایەوە تەنیا ئاماژەم بۆ کرد کە لەگەڵمدا بێت، لەسەر لمەکە دووربینێكو تفەنگێکی تایبەتی ڕاوچیە دەریاییەکان کەوتبوو لەولاشەوە لاشەی مەلەوانێك دیار بوو، لە ڕووکەشی جەستەکەدا دیار بوو مانگێك بەسەر مردنیدا تێپەڕ بووە.

بە پلیکانەکانیدا سەرکەوتین. لە عەرشی کەشتییەکە دوو لاشەی دیکە کەوتبوو، داڵەکان لاشەکەیان لەتوکوت کردبوو خواردبوویان. لە ژوورەوە کاپتنەکەی لە نزیکی لاشەیەکەوە لەسەر زەوی کەوتبوو، خوێنێکی زۆر لەسەر تەختی ژورەکە مەیی بوو، شوشەی بەردەمی ژوری کاپتنەکە بە گوللە کون کونو وردو خاشکرابوو.

وردە وردە خەریکبوو شتەکە دەردەکەوت، کەشتییەکی بەریتانی کەوتبویە بەر هێرشی فڕۆکە ژاپۆنیەکان، پەنای بۆ ئەم شوێنە هێناوە سەرنشینەکانی لێرە مردوون. بە خێرایی هەموو جێیەکی کەشتییەکەم پشکنی، چەن لاشەیەکی دیکەم دۆزییەوە هەمویان بە گوللە کوژرابون، بە یارمەتی لۆمبۆ لاشەکەمان هێنایە دەرەوەو لە لمی کەنارەکەدا بە خاکمان سپاردن.

لەو کەشتییەدا هەموو شتێك هەبوو بێجگە لە مرۆڤ، جلوبەرگ، چەك، دژە هەوایی زنجیری گەورەو بچوك، تفەنگ، هەر لەو تفەنگەی کە خۆم پێم بوو، پارەو چەكو ڕەمزی ناوچەو هەزاران شتی دیکە.

من لە خۆشیاندا لە پێستی خۆمدا جێم نەدەبویەوە، کاتێ کە من ئەوپەڕی خۆشحاڵ بووم زانیم کەشتییەکە لە ڕوی مەکینەو پێکهاتە هونەریەکانیەوە هیچ کەمو کورتییەکی نیەو لۆمبۆش گەر کەمێك لەگەڵیدا خەریك بم دەتوانێت لە بەڕێخستنیدا هاوکاریم بکات.

دڵخۆشییەکی زۆر لە مندا خرۆشا بوون دەسکەوتنی کەشتییەکی جەنگی بە هەموو پێویستییەکانیەوە ئەوپەڕی شانس بوو، ئەمە گەورەترین شانسی من بوو گەر لەو حاڵەدا گەنجینەیەکم بدۆزیبایەتەوە

هێندە دڵخۆش نەدەبووم کە هێندە بە دەستکەوتنی ئەو کەشتییە دڵخۆش بووم.

بەهەرحاڵ دەبوو دەستبەکار بم، ئەوەشم کرد. لە پێشا لاشەکانم دوورخستەوەو لە ژێر خاکدا دامپۆشین. لاشەخۆرەکانیش دوای بە خاکسپاردنی لاشەکان بڵاوەیان کردو بە دوای نێچیری تازەی خۆیاندا دەگەڕان، تاڕادەیەك خەیاڵم ئاسودە بوو، چونکە دەمزانی پەروازی لاشەخۆرەکان سەرنجی خەڵکی ناوچەکەو دەریاوانەکان لە دوورو نزیکەوە ڕادەکێشێت.

لۆمبۆو لوچی لە کەشتیو هەیکەلەکەی هەم دەترسان هەم هەستی ئارامیشیان دەکرد.

لۆمبۆ دەستی بە دیوارە کانزاییەکەیدا دەهێناو دەیوت:

– چۆن ئەم هەیکەلە مەزنەیان لە ئاسن دروستکردووەو لە ئاویشدا نوقم نابێت.

پاشان پرسی:

– چۆن بتوانین لە ئاوەکەدا سەوڵ لێبدەین خۆ ئەم کەشتییە چارۆکەی نیە، دەبێت چی بکەین؟

کە بۆم ڕوونکردەوە کە ئەم کەشتییە خۆی دەجولێت، هێندە واق وڕماو بوو کە باوەڕی نەدەکرد.دوای نیوەڕۆ لە شۆردنو خاوێنکردنەوەی کەشتییەکە تەواو بوینو کاتی ئەوە هاتبوو خۆمان بگۆڕین..

لۆمبۆو لۆچیم برد بۆ شوێنی جلو خۆگۆڕینی کەشتییەکەوە، دەرگاکە داخرابوو بەڵام کلیلی ئەنبارەکەم لە گیرفانی یەکێك لە قوربانیەکاندا

دۆزییەوە، جۆرەها جلی دەریایی خاولی‌و جلی مەلەکردن‌و شتی دیکەی تێدا بوو.

پانتۆڵێکی کورتی تایبەت بە ناوچەی گەرمەسێرم لە پێی لوچی کرد، بلوزێکی هاوینەشم لەبەر کرد، بەڵام لۆگۆی سەر جلەکانم لێکردەوە تا دەرنەکەوێت کە بەریتانیە.

لوچی کاتێك کە پێڵاوو گۆرەوی لە پێکرد، نەیدەتوانی بڕوات، ڕێك لە پشیلەیەك دەچوو دەسکێشی لەدەستو پێ کردبێت، دوو سێ هەنگاو ڕۆشت پاشان وەستا بە سیمایەکەوە کە پاڕانەوەی لێ دەباری گەڕایەوە پێی وتم:

— ئەمانە لە پێم داکەنە، من ڕانەهاتوو هیچ لە پێ بکەم. ئەو بە گۆرەوی دەوت (جلی پێ)، لە زمانی ئەواندا بۆ پێڵاوو گۆرەوی زاراوەیەك نەبوو، ناچار لوچی بە گۆرەوی‌و پێڵاوی دەوت جلی پێ!

لۆمبۆ پانتۆڵێکی درێژو کراسێکی خەتخەتی لەبەر کرد، بەڵام حەزیدەکرد هەر ڕووت بێت، ئەو بەلایەوە لە پێ کردنی گۆرەوی‌و پێڵاو کارێکی قورس‌و ناڕەحەت بوو.

منیش خۆمم گۆڕی‌و کڵاوێکم لەسەر کردو وتم:

— وەرە با لە ئاوێنەدا خۆمان ببینین.

ئاوێنە لە زمانی ئەواندا نەبوو، من بە ئیتالی پێم وت، بۆیە تێنەگەشتن، لە جیاتی ڕونکردنەوە بردمن بۆ لای دەستشۆرەکە، خۆم زووتر چوومە ژورەوەو ئاوێنەکەم بە پارچەیەك داپۆشی پاشان ئاماژەم بۆ کردن، کاتێك

پارچەکەم هەڵدایەوە هەردووکیان بە ترسەوە کشانەوە دواوە جۆرێك زەندەقیان چوو کە دەیانویست ڕابکەن.

ئەوان پێشتر خۆیان دیتبوو بە تایبەت ژنان لە ئاوی مەنگدا خۆیان دەبینن، قژیان ڕێك دەخەن، بەڵام ئاوی مەنگ هەرگیز وەك بێگەردی ئاوێنە نیە، لۆمبۆو لوچی لەوە ترسان کە وێنەی خۆیان لە دیواردا بینی ئەمەش ناباوەڕی بوو کە ئاو بە دیوارەوە بچەسپێت.

ماوەیەکی پێچوو تا ئەوان لەگەڵ ئاوێنەدا ڕاهاتن، مەبەستم ئەمەیە نزیکەی نیو کاتژمێر کاتم خەرجکرد تا لوچیو لۆمبۆم تێگەیاند کە ئاوێنە چیەو هیچ ترسێکی ناوێت، بەڵام هێشتا ئەمە سەرەتا بوو، هەرزار بیانوی دیکە بۆ ترسانی ئەوان هەبوو کە یەك بە یەك خۆیان دەنواند.

کاتی ئامادەکردنی خواردن توشی هەمان کێشە بوینەوە، دەمویست ئامادەکردنی خۆراك بخەمە ئەستۆی لوچی، بۆ ئەم کارەش هەرسێکمان چووینە چێشتخانەکەوە خواردنە لە قوتونراوەکانمان هێنایە دەرەوە، هەڵمبچڕینو کردمە مەنجەڵێکی بچوکەوە، کەمێك ڕۆنو ساسم تێکردن.

هەموو ئەمانەم فێری لوچی کرد، دوای هەر کارێکی بچوك لێم دەپرسی:

- تێگەشتیت، فێربویت؟

ئەو وەلامی بەلێی دەدایەوە، ئەوەی زۆر پێی پێدەکەنین ئەمەبوو لوچی دەیپرسی:

- ئەم میوەهاتانە دەبێت لە کام دراستانەوە چنرابن؟

لوچی وایدەزانی قتوەکان میوە بەری دارن، بە هەمانشێوە لە دارستانەکاندا دەڕوێن، بۆ ئامادەکردنیان دەبێت بچیت بۆ دارستانەکان.

ئەمانە بەلای ئەوانەوە سەیرو ناباوەڕی بوو، بە واقوڕمانەوە لێیان دەڕوانی! بەسەرسامییەوە گوێیان لە قسەکانی من دەگرت، سەرەنجام تاوەی خواردنەکەم خستە سەر تەباخو بە شقارتەیەك تەباخەکەم داگیرساند.

کە تەباخەکەم داگیرساند، لۆمبۆ چەمییەوە سەیرێکی ئاگری ژێر تاوەکەی کردو وتی:

— ئەم ئاگرە لە کوێوە دێتە دەرەوە؟

بە پێکەنینەوە پێم وت ئەم ئاگرە هەمان ئەو شلە ڕەشەیە کە لە دوورگەکەی ئێوە هەیە (جان) دەیوت چاوی شەیتانەکانە دایپۆشنەوە.

ئەو ڕۆژە بۆ یەکەمجار دوای ماوەیەکی دوورو درێژ خواردنێکی بە تامم خوارد، بەڵام لوچیو لۆمبۆ زۆر بەدڵیان نەبوو. تەباخو جۆری سوتەمەنیەکەی گەرمبونو تامی خواردنەکە بەلایانەوە سەیر بوو، هەر ساتێك کە تێدەپەڕی زیاترو باشتر دەرکیان بە شتەکانی ناو کەشتییەکە دەکردو ئالودەی دەبوون.

تێکڕای ئەو ڕۆژەمان بەو کارانەوە بەسەربرد دەمەو ئێوارە کە لۆمبۆو لوچی گەلێك شت فێر بووبوون بڕیارمدا کار بە ماتۆڕی کەشتییەکە بکەم.

دەمزانی کە ئەوان لە بیستنی دەنگی ماتۆڕو دیتنی ڕوناکیو گڵۆپەکانی دەترسن، بۆ جڵەوگیریی لە ترسەکەی ئەوان باشتر وابوو کەمێك ڕونکردنەوەیان بۆ بکەمو ئاشنایان بکەم، بۆیە بە لۆچیم وت:

— ئەمە دەبینیت. دەزانیت چیە؟

ئەوەی من نیشانمدا گڵۆپێك بوو، ئەو بە دیقەتەوە لە گڵۆپەکەی ڕوانی، پەنجەی لێداو گوشاردی.

- نازانم چیە، ڕەنگە کاسەیەکی لە گڵ دروستکراو بێتو لە کورەدا دەرهاتبێت، ڕەنگە هێلکە بێت.

لۆمبۆ نەیتوانی بزانێت کە چیە، بۆیە وتم:

- ئەمە مەشخەڵە، ژوور ڕوناك دەکاتەوە، لەو مەشخەڵانە کە پێی دەڵێن گڵۆپ لەم کەشتییەدا زۆر هەیە، نە دوکەڵی هەیە نە سوتەمەنی، نە ڕۆنی دەوێت نە کبریت.

لۆمبۆ بەسەرسامیەوە وتی:

- چۆن؟ دەتەوێت بڵێیت تەنانەت بە بێ بەردی ئاگرکردنەوە دادەگیرسێت! من باوەڕ ناکەم.

سیمێکم پێ نیشانداو وتم:

- ئاگری ئەم گڵۆپانە لە ناو ئەم پەتە باریکانەدایەو سەرچاوەکەشی لە ژێرزەمینی کەشتییەکەدایە، وەرن با نیشانتان بدەم.

بەو بیانوانەوە بردمن بۆ ژوری ماتۆڕی کەشتییەکە، دوای ئەوەی چەن خولەکێك دەربارەی دەنگی ماتۆڕەکە قسەم بۆ کردن، دوگمەی ماتۆڕەکەم نیشاندو خستمە کار، بەو هەموو پێشەکییەی بۆم ئامادە کردبون هێشتا لە دەنگی ماتۆڕەکە دەترسان. بەڵام کاتێ کە گڵۆپەکانی کەشتییەکە داگیرسان، لوچی سەری خۆی خستە نێوان هەردوو دەستییەوە وتی:

— وای، وای، ئەمە کەشتی ئاسمانیـە، فریشتەی تێدایـە چۆن ئـەم پیاڵانە ڕوناك دەبنەوە؟

بە زەحمەت توانیم ناچاری بکەم تا چاوەکانی بکاتەوە، وەك نابینایەك تازە چاوی بە دنیادا هەڵبێنێت، هەموو شتێکی بەسەیرو سەمەرە دەبینی لە دیتنی چوار دەوری خۆی تێر نەدەبوو. لۆمبۆ فووی لـە گڵۆپـەکان دەکرد، دەیویست بزانێت کە ئاگری ناو گڵۆپەکە بە فوو دەکوژێتەوە یـان نا! گڵۆپەکانی کەشتییەکە سەیرترین شتێك بوو ئەوان دەیانبینی، پاشان وردە وردە بەو فەزایە ڕاهاتن. ڕۆژی دووەم چوینە لای ڕادیۆکەوە، لێرەدا شـتێکم بـیر چـوو کـە بڵـێم. ڕۆژی پێشـتر کـە تـازە چـوو بووینـە نـاو کەشـتییەکەوە مـن کاپتنەکـەم بـە کـوژراوی لەسـەر کورسـئیەکەی خـۆی دۆزئیـەوە، ڕادیۆکـە لەسـەر شـەپۆلێکی دیـاریکراو بـوو، سـەرەتا هـیچ دەنگێکی لێوە نەدەهات بەڵام لەناکاو وتی:

— کەشتی ژمارە ٨٠٧، کەشـتی ژمـارە ٨٠٧ وەڵام بداتـەوە، کـاپتن ڕیچمۆند، کاپتن ڕیچمۆند، من لە ترسـی ئـەوەی نـەوەك نێرەرەکـە کـراوە بێت دەنگو قسەی ئێمەی پێ بگات بەپەلە خامۆشم کرد، تـا ڕۆژی دواتـر نەمکردەوە، ئەو ڕۆژە لۆچیم لەگـەڵ بـوو، بـەڵام لۆمبـۆ لەسـەر عەرشـی کەشتییەکە گوریسەکانی کۆ دەکردەوە، پێم وتبـوو ئاگـای لـە چواردەور بێت، هەر کاتێك سێبەرێکی لەسەر ئاوەکە بینی ئاگادارم بکاتەوە.

لوچی لە ژوورەوە وەستابوو کە من پێچی ڕادیۆکـەم کـردەوە، لەسـەر هـەمان درێـژایی شـەپۆل، بێـژەرێك دەیـوت بـۆ هـەموو کەشـتییەکان، زرێپۆشەکان هێزی دەریایی بەریتانیا لە نزیك خولگەی ١٥ پلـەی باشـورن

فەرمانکراوە فەرمانی ١٢٠٠٤ هێزی دەریایی پاشایی ئینگلتەرا لە ئاوەکانی باشورەوە ئەمەیە: هەموو زرێپۆشەکان فڕۆکەکان کەشتییەکانو هێزەکان ئاگادار دەکەینەوە لە هەر شوێنێك کەشتی جەنگی ژمارە ٨٠٧ لە ئاو یان لە وشکایی یەکێك لە دوورگەکان بینرا بە ڕەمز یان پەیامێکی ئاسایش ئاگادارمان بکەنەوە.

زانیم ئەو کەشتییەی ئێمە تێیداین ژمارە ٨٠٧ تێکڕای هێزی دەریایی بەریتانی لەو ناوچەیەدا بە دوایدا دەگەڕێن، من ئەوەم پێ سەیر بوو کە بۆچی ئەگەری نوقم بوونی بۆ ناکەن، ئایا ئەگەری ئەوە نیە کەشتییەك لە پانتایی زەریایەکدا نوقم ببێت؟

بە بیستنی ئەم پەیامە کەمێك نارەحەت بووم، بەڵام بڕیارمدا گوێی پێ نەدەم لەم خەیاڵەدا بووم بۆ دۆزینەوەی مۆسیقایەك پێچی ڕادیۆکەم سوڕاند.

لەم کاتە بیرم کەوتەوە لوچی دەربارەی ڕادیۆو بیستنی دەنگی ڕادیۆکە چ کاردانەویەکی دەبێت، ئاوڕمدایەوە تا ئەگەر لە دەرەوە بێت بانگی بکەم، بەڵام لەناکاو چاوم بە لوچی کەوت گوێچکەکانی گرتووە، سەری ناوە بەسوچێکی ژوورەکەوە پشتی کردۆتە من.

ئەو لە دەنگی ڕادیۆکە ترسا بوو، هەقی خۆی بوو، چونکە لە سندوقێکی بچوکەوە دەنگێکی دەبیست کە وەکو منو خۆی قسەی دەکرد، لە شوێنێکی دیکەوە مۆسیقای دەبیست، ئەمەش بەلای ئەوەوە شتێکی سەیر بوو!

بە پێکەنینەوە دەستیم گرت لەسەر کورسییەکەی خۆم دامنیشاند، دەترسا، دەموچاوی لە ترسدا ئارەقی لێ دەچۆڕا، بەردەوام خۆی رادەپسکاند.

هێشتا ئەوم هێدی نەکردبویەوە کە لۆمبۆ بە هەراسانیەوە خۆی کرد بەژوردا ساتێك وچانی نەدا بە هەمان ئەو خێراییەی خۆی بە ژووردا کرد، ڕۆشتەوە بۆ دەرەوە. ویستی بە پلیکانەکاندا بچێتە خوارەوە خۆی بگەیەنێتەوە وشکانی، بە پەلە بانگیم کردو هێنامەوە ژوورەوە، دیاربوو لە دەنگی ڕادیۆکە ترسا بوو کە گوایە کەسانێك بە شوێنمانەوەن هاتبویە ژوورەوە مـن ئاگادار بکاتەوە، بەڵام لە ژوورەوە دەنگەکەی باشتر بیستبوو بۆیە ڕایدەکرد.

بێ ئەوەی بتوانێت قایل بێت بەوەی کە شەیتانەکان لە ڕادیۆکەدان ڕاهات، چەنجارێك بە لۆچیم وت پێچەکەی بکاتەوەو بیبەستێتەوە، ئەو هێندە ئەم کارەی دوپاتکردەوە، دەنگی ڕادیۆکە دەبچڕاو دەهاتەوە تا دواجار تێگەشت شتێکی مەترسیدار نیەو شەیتان خۆی تێدا نەشاردۆتەوە.

ڕۆژی چوارەم ڕۆژێك بوو کە لۆمبۆو لوچی بە هۆشو بەهرەیەکی خودا پێداوانەوە زیاتر ئاشنای کارەکان بوون، لۆمبۆ لەشەوی یەکەم بە دواوە خۆی دەچویە ژووری ماتۆڕەکەو دوگمەی کارەباکەی دەخستە کارو ڕوناکی دەکردەوە، کارەکانی دیکەش لوچی ئەنجامی دەدا، خواردنی ئامادە دەکردو هاوکاری دەکردم بێ ئەوەی چیتر لە ئاوێنەو گڵۆپی کارەباو شتەکانی دیکە بترسێت.

ئەو ڕۆژە بۆ سبەی کە بێدار بووینەوە لۆچیم بە کارە ئاساییەکانەوە سەرقاڵ کردو لۆمبۆم بردە ژووری ماتۆڕەکەوە تاکو ماتۆڕە دوانیەکەی کەشتییەکە کار پێ بکەم کەشتییەکە بخەمە گەڕ.

نەخشەی ماتۆڕەکە بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوو، چونکە لە فێرگەی مێژی دەریایی لەگەڵ زۆربەی ماتۆڕە جیاوازەکاندا ئاشنابووم و لەگەڵ وانەکانی زانکۆدا کاری پەیوەندیدار فێر بووبووم، بە کاتژمێرێك توانیم هەردوو ماتۆڕەکە بخەمە کار. سەرەتا ماتۆڕی لای چەپم خستە کار، پاشان ئەویتر، بەڵام دەسبەجێ دووەمم کوژاندەوە، چونکە لەو کاتەدا پێویستمان بە دوو ماتۆڕ نەبوو بە هێواشی ویستم بجوڵێم. ماتۆڕ کە کەوتە کار، پلەو میلەکەیم بە لۆمبۆ نیشاندا، پێم وت هەر وەختێك ئەم میلە گەیشتە هێڵی سور دەبێت چی بکات، پێموت هەر چەند خولەك جارێك سەیرێکی ماتۆڕەکە بکات هەر نارێکیو ناتەواویەکی بینی خێرا پێم بڵێت. لۆمبۆ خێرا فێر بوو کە لە پلەو میلەکان دەتوانێت چ شتێك جیا بکاتەوە، کاتێك لەم بارەیەوە خاترجەم بووم، چوومە ژووری سوکانەوە، هێواش هێواش کەشتییەکەم بۆ خولێکی تاقیکردنەوە خستەگەڕ.

لۆمبۆ لەکاتی کەوتنە گەڕدا لە ژووری ماتۆڕەکان بوو لوچی لە چێشتخانەکە کاری دەکردو خەریکی ئامادەکردنی خواردنی نیوەڕۆ بوو، بۆیە هیچ کامیان ئاگایان لە کەوتنە ڕێی کەشتییەکە نەبوو، من لەودیو شوشەی ژووری سوکانەکەوە ئەوم بینی لە پلیکانەی ژووری ماتۆڕەکانەوە هاتە سەرەوە خۆی گەیاندە عەرشی کەشتییەکە، لەناکاو بینی لە ناوەڕاستی دەریادایەو هیچ شوێنەوارێکی دارستانو وشکانی دیار

نیـە، بـە خـەیاڵی ئـەوەی هـەر بـە کـارپێکردنی ماتۆڕەکـە کەشتییەکە دەجولێتو من ئاگام لێی نیە، بە نیگەرانیەوە خـۆی گەیانـدە مـن، بەڵام زوو لەو هەڵەیە پەشێمان بویەوە.

بۆ تاقیکردنەوەی ئەوە ئایا دەتوانین بە سێ کەس کەشتییەکە بخەینە گەڕ چوینە ناوەڕاستی دەریاو گەڕاینەوە، لە نزیك وشکانییەوە ئاڕاستەی جولاّنەکەم گۆڕی بەرەو هۆزەکە بە ڕێکەوتم.

لۆمبۆ جارجارێك دەچوە ژووری ماتۆڕەکانو دەگەڕایـەوە، دواجـار کە هاتەوە پێی وتم:

— دیسان دەتەوێت کە مـنو خـۆت گـیرۆدەی دەسـتی پیرەژنـەکان بکەیتەوە، هێشتا هێزمان بە بـەردا نەهاتۆتـەوە، ئـەو پیرەژنانـە ئێمـەیان کوشت، لە جاڵجاڵۆکەکان مەترسیدارترن.

لۆمبۆ کەزانی دەمەوێت بچمەوە بۆ هۆزی پیرەژنەکان توشی نارەحەتی بوو دەترسا. زۆری نەمابوو دەست بکاتە گریانو بکەوێت بەسەر دەستو پێمدا، بەڵام چونکە من پلانم هەبوو نەمدەتوانی چاوپۆشی بکـەم، دڵنیام کردەوە کە خەمی نەبێت ئـەمجارە پیرەژنـەکان نـاتوانن ئازارمـان بـدەن، لولەی تۆپو گەللەکانم نیشانداو وتم:

— هێشـتا نازانیـت ئەمانـە چـەن کـارێکی نایـاب دەکـەن، ئەگـەر پیرەژنەکان بە قسەی منیـان نـەکردو هـەر ویسـتیان ئازارمـان بـدەن، بە گولله تۆپ هەمویان لە ناو دەبەم، لە هۆزی ئێوەدا نەوەیەکی نـوێ دێتـە کایەوە کە هێندە هەوەسبازو خۆشگوزەران نەبن.

بەم قسانە کەمێك خەیاڵی ئاسودە بوو، ڕازی بوو کە زۆر بە وریایی بڕۆین، دەمەونیوەڕۆ بوو گەشتینە وشکایی ئاوەدانییەك، خۆشبەختانە ئاوەکە وەك ئەو شوێنەی کە کەشتییەکەمان لێ دۆزییەوە قووڵ بوو من توانیم تا دوسەد سێسەد مەترێك لە تەنکایی ئاوەکەدا بڕۆم، لەوێ کۆمەڵێك لە پیاوەکان سەرقاڵی ڕاوەماسی بوون، ژنەکان خۆیان ئارایش کردبوو لەبەر خۆرەتاودا پیاسەیان دەکرد. لۆمبۆو لوچی زیاتر لە من لە کارەسات دەترسان لەملاولامەوە وەستابونو خەمیان لێ هاتبوو.

لۆمبۆ کە پیرەژنەکانی بینی پەڕیان بە قژی سپیو ڕەشی خۆیانەوە کردبوو وتی:

– ئای لەو نەگبەتییە، ئەمڕۆ ڕۆژی خۆشەویستییە.

وتم:

– ڕۆژی عەشق چییەو لەگەڵ ڕۆژەکانی دیکەدا چ جیاوازییەکی هەیە؟

لۆمبۆ وتی:

– بەدبەختی گەورە ئەمەیە ئێمە ئەمڕۆ هاتووین. باشتر وایە دوو سێ ڕۆژێك لە دەریادا بمێنینەوە پاشان کار بە نەخشەکە بکەین، چونکە ئەمڕۆ ڕێسای تایبەتی هەیە، یەکێك لەوانە دەبێت هەموو ماسی بخۆن، یەکێکی دیکە لە ڕێساکان ئەمەیە لەم ڕۆژەدا هەموو ژنەکان مێرەدەکانیان دەگۆڕن.

بە پێچەوانەی ترسو بیمەکەی ئەوەوە من پێکەنیم، وشکانییەکی سەیرو سەمەرە بوو، پیرەژنەکان کاتێك کەشتییەکەیان بینی بەرەو

دەریاکە هێرشیان هێنا، وایانزانی لە کەشتییەکەدا ژمارەیەك پیاو هەیەو ئەم جۆش‌و خرۆشەیان بۆ لە داوخستنی پیاوی نوێ بوو کە ئەوانی بەو خێراییە جۆش دەدا.

بەڵام چونکە ئێمە هێشتا لە وشکانییەوە دوور بووین کاتێك کە زانیان گەر زیاتر بێنە پێشەوە نوقم دەبن بۆیە گەڕانەوە بۆ دواوە. ئەم پیرە ژنانە کە تەمەنیان پەنجا تا حەفتاو هەشتا ساڵ دەبوو جۆرە حەشاماتێکیان دروست کردبوو بە حاڵەتێکی تایبەتەوەکە هەم ترس‌و بیمیان هەبوو، هەم هیواو چاوەڕوانی سەیریان دەکردین، منیش ترسام، کاتێك نزیکتر بوینەوەو کەشتییەکە وەستا پیرەژنەکان دووبارە هێرشیان بۆ هێنانیەوە.

(لۆتۆما) سەرۆکی ئەوان کە یەکەم هاوسەری من بوو (ببورن هاوسەری زۆرەکی من) هەرکە لەسەر عەرشی کەشتییەکەوە چاوی پێم کەوت، لە خۆشیدا قیژاندی، وەك کیژۆڵەیەك بوکەڵە ونبوەکەی دۆزیبێتەوە کەوتە جۆش‌و خرۆش.

من بە دەنگی بەرز وتم:

– بێدەنگ بن.

بەڵام لۆتۆما قایمتر قیژاندی وتی:

– پیاوەکان داگرە، خێراکە پیاوەکان دابەزێنە. لەگەڵ ئەواندا چ ڕۆژگارێکی مەینەتبار بە ڕێدەکەین.

من دووبارە هاوارم کردەوە:

- گوێ بگرن، گەر گوێ بۆ قسەکانم بگرن من کارێك دەکەم کە.....

بەڵام، هێشتا قسەکەم تەواو نەکردبوو کە لۆمبۆ قۆڵی گوشیم وتی:

- سەیرکە، ئەڵێی گەنجەکان گەڕاونەتەوە.

بە هێواشی وتم:

- چی دەڵێیت؟ گەر گەڕابێتنەوە ئەوان بەمجۆرە بەرەو کەشتییەکە نەدەهاتن.

لۆمبۆ وتی:

- سەیرکە من چەن کەسێکیان لێ دەبینم وەك مێشی نەخۆش و سەرما بردەڵە لە ژێر درەختەکاندا خۆیان داوەتە بەر خۆرەتاو ناتوانن بێن بۆمان.

لۆمبۆ ڕاستی کرد، ژمارەیەك لە گەنجەکانیان لەبەر خۆرەتاوەکەدا خەوتبون و لێیان دەڕوانین. لە دوورەوە بە جوانی دیار نەبوو، بەڵام دیار بوو کە گەنجن. ئەوەی کە جێی گومان نەبوو ئەوە بوو ژمارەیەکی کەم بە دەست پیرەژنەکانەوە بە چارەنوسێکی لە ئێمە خراپتر گیرۆدەو نەخۆش و پەککەوتە بووبوون.

بە لۆمبۆم وت:

- دابەزە بزانە چیە؟

بەڵام لۆمبۆ دەترسا کە دابەزێت. هەقی خۆی بوو چونکە تازە بە خۆیدا هاتبویەوە، ئەگەر پیرەژنەکان بیانگرتبایە ئەمجارە مردنی حەتمی بوو. منیش ئەگەر بڕۆشتبام ئەو نەیدەتوانی ڕزگارم بکات یان هەڕەشەیان لێبکات.

لــە قسـانەدا بــوین پیرەژنــەکان هاواریــان کــرد هــەمان داوایــان دوپاتکردەوە.

– پیاوەکانمان بدەنەوە، ئێمە (کوش)و ماسییان پێدەدەین.

زانـیم کـە چـارەیەك نیـە بێجگـە لـەوەی بیانترسـێنم، چـونکە ئەگـەر دەستیان بە کەشتییەکە بگەشتبایە چیتر هیچمان لـێ نەدەوەشایەوە، خەریکبوو ئەو هەلە بقۆزنەوە کە من بە پەلە لولەی تۆپەکەم کردە هـەواو گوللەیەکم تێکرد تیرێکم تەقاندو بە دوایدا دەنگی تەقینەوەی دوو گوللەی دیکە ئەو ناوەی هەژاند.

بە بەرزبونەوە دەنگی تەقینەوەکە ژنـەکان ڕایـانکرد، لـە مـاوەی چـەن خولەکێکدا ئەو ناوە چۆڵ بوو.

من دەمزانی کە دەگەڕێنەوە ئەمجارەیان لە ترساندا گویّ بـۆ قسـەکانم دەگرن، ئەوەبوو لە چاوەڕوانی هاتنی ئەواندا لۆمبۆو لۆچیم بانگ کرد، کە پیاوەتیان لەگەڵ بکەم، بەڵام ئەوانم لەسەر عەرشی کەشـتییەکە نـەبینی، کاتێـك کەچـوومە خـوارەوە هـەردووکیانم بینـی پاڵکـەوتبون، گوێچکەی خۆیان گرتبوو زانیم لە دەنگو گرمەی تۆپەکە ترساون.

بە هەر زەحمەتێك بوو هەردووکیانم هێنایە سـەر عەرشـی کەشـتییەکە، لۆمبۆ ئاماژەی بۆ لولەی تۆپەکە کرد کە هێشـتا دوکـەڵی لـێ دەردەچوو وتی:

– تۆ وتت بـەو چـەخماخە گەورەیـە گـەلێ کـار دەتوانیـت بکـەیت، بەڵام من باوەڕم نەدەکرد، ئێستا باوەڕت پێدەکەم کە لێرەوە ڕاستەوخۆ

بچینە دوورگەی بەهەشت، چونکە بەو دەنگو گرمەیەی ئەم چەخماخە تێکڕای پیاوەکانی ئەو دوورگەیە خۆیان ڕادەست دەکەن.

لۆمبۆ وایدەزانی تاکە تایبەتمەندی تۆپەکە هەر ئەو دەنگو ناڵەیەیە هێشتا نەیدەزانی چ وێرانکارییەك دەکات.

نزیکەی کاتژمێرێك چاوەڕوان بووین تا دیسانەوە تاك تاك سەرو کەللەی پیرەژنەکان دەرکەوتەوە، بەڵام ئەوەی ئێمەی سەرسام دەکرد هەبوونی چەن پیاوێکی گەنج بوو لە نێوانیاندا.

لەم کاتە چەن کەسێك لە گەنجەکان وەك ئەوەی ئێمە بناسن هەستانو بە دیقەتەوە لە کەشتییەکەیان ڕوانیو شتێکیان بە یەکتری وت. وەك ڕاوێژێك بکەنو بترسن کە لێمان نزیك ببنەوە، لۆمبۆ دەستی بۆ ڕاوەشاندن ئاماژەی ئەوەی بۆ کردن بەرەوڕومان بێن، ئاماژەکەی لۆمبۆ کاری خۆی کرد، گەنجەکان لۆژە لۆژ بەرەو ڕومان هاتن، زیادەڕۆییم نەکردووە ئەگەر بڵێم نیوکاتژمێری خایاند، تا ئەو چوار کەسە گەشتنە کەشتییەکە. ڕێك ئەتوت پشیلەی بریندارن کە لە ماڵ دەردەکرێت، لە کاتی ڕۆشتندا ئەژنۆکانیان دەلەرزیو دەچەمیەوە.

بە هۆی گوریسەوە ئەو دوانەمان ڕاکێشا. پێش هەرشتێك کەمێك شەربەتی هێزم لە دەرمانخانەکە هێناو کردمە دەمیانەوە بە سەختیو بێزکردنەوە خواردیان، بەڵام دوو سێ خولەك دواتر کاریگەری شەربەتەکە دەرکەوت. سیمایان گەشایەوە، بە گێڕانەوەی بەسەرهاتی کە دوای من ڕویدا بوو هۆکاری هاتنیان بۆ دورگەی دۆیس سەرقاڵ بوون.

یەکێکیان وتی:

- شـەیتانە قژسـورەکە کاتێـك بـۆ ڕۆژی دواتـر بینـی بەلەمـە چـارۆکەدارەکەی تـۆ لـە وشـکانیدا نـەماوە، زانـی کـە تـۆ زینـدویتو ڕاتکردووە، هێندە توڕە بوو کە دەیویست (تاچامانی) بکوژێت، پاشان گەڕایەوە بۆ ماڵەکەی خۆی، بەڵام کاتژمێرێك دوای ئەوە گەڕایەوە بە دەم هاوارکردنەوە دەیوت، لە ماڵەکەی مندا دوو شتی گرانبـەهایان ڕفانـدووە، ئێمە نەماندەزانی ئـەو دوو شـتە گرانبەهایـە چـیە، بـەڵام لـە بـەیانی ئـەو ڕۆژەوە هـەموو لـە دارسـتانەکەدا سـەرقاڵی گـەڕان بـوین، هـەر جێیـەکان دەپشکنی هیچمان نەدۆزییەوە.

من پێکەنیمو بە لۆمبۆم وت:

- دەزانیت (جان) چ شتێکی ویستووە. ئەو دوو گلۆپەی تۆ لـە نـاو پوشەکەدا شاردبوتەوە.

ئەویتریان وتی:

- شـەیتانە قژسـورکە، هـەمومانی بەدبـەخت کـرد، ژیـانی لـێ تـاڵ کردین، هەموو ڕۆژێك دەچویە وشکانیو ئاگری دەکردەوە تا کەشتییەکان ئاگادار بکاتەوە، بەڵام هیچ کەشتییەك بەوێدا نەدەڕۆشت، هەرچـیەك بـوو وێرانی کرد، ئێستا هەموو دەزانن کە جیاوازی نێـوان تـۆ و ئـەو چـیە، بە داخن بۆ ئەوەی کە چۆن فریوی ئەویان خواردو تۆیان لە خۆیان ڕەنجاند، بەڵام خۆ دەسەڵات نیە چونکە هەرکەسێك ململانێـی لەگـەڵ ئـەودا بکـات ئەو دەیکوژێت.

من لێم پرسی:

- تۆ چۆن هاتیت؟

ئەو وتی:

- دەیویست بمکوژێت.

لۆمبۆ وتی:

- چۆن؟ تۆ چیت کردبوو؟

ئەو ئاوێکی دروست کردووە هەرکەس بیخواتەوە شێت دەبێت کاتێک ئاوەکەیان خواردەوە هەر کارێک کە شەیتان فەرمانی پێبکات ئەنجام دەدرێت چەن شەوێك پێشتر ئەو ئاوەی دابە چەند کەسێك پاشان فەرمانیدا دوو کەس بکوژن، ئەوان هاوڕێکانی خۆیان کوشت، بۆ بەیانی کە بە هۆشدا هاتنەوە هێندە پەشێمان بوون دەگریان.

یەکێکی دیکەیان بە دوای قسەکانی ئەودا وتی:

- دواین شەو کە ئێمە ڕامانکرد دەیویست هەمومان کە دە کەس بووین بمانکوژێت.

- ئەم دە کەسەتان تاوانتان چی بوو؟

- تاوانی ئێمە ئەمە بوو لە تاو برسێتی چووبووینە شوێنێکی قەدەغەکراو و ڕاومان کردبوو.

لۆمبۆ سەیرێکی منی کرد، منیش سەیرێکی ئەوان.

پاشان وتم:

- ناوچەی قەدەغەکراو چیە؟

- چیرۆکەکەی درێژە، ئەو شوێنەکانی دوورگەکەی نیشانە کردووەو قەدەغەی کردووە، فەرمانی زیاتر بە دوو سەد کەس کردووە ئەوانیش بۆ تێرکردنی خۆیان ناچارن ملکەچی بۆ بکەن، هەر کەسێك پێ بخاتە ئەو

بەشانەی دورگەکەوە، بە کوشتن مەحکومی دەکەن. هاوکات هەموو ئاژەڵان‌و درەختە بەریەکانی دورگەکە لەو شوێنە قەدەغەیەدایە، وێڕای ئەمانە یاسای سەیرو سەمەرەی داناوە کە هەمویان لە بەرژەوەندی خۆیدایە.

قسەکەیانم بڕی، تاڕادەیەك هەموو شتێکم بۆ دەرکەوت، ناسینی ئینگلیزەکان کارێکی گران نیەو ڕەوشی هەموویان لە هەموو دنیادا وەکو یەکە.

هەژاری‌و برسێتیەکی دەسکردیان هێناوەتە ئاراوەو بەو بیانەوە بەسەر خەڵکیدا زاڵ بوون، دوو دەستەیی‌و براکوژی‌و حوکم کردن.

پێم وتن:

— حەز دەکەیت هەمووتان لەو بەدبەختیە ڕزگار بکەم کە بەرۆکی گرتوون؟

ئەو دووانە وەك دیلەکانی چاخی ناوەڕاست خۆیان خست بەسەر پێیەکانمداو بە پاڕانەوە وتیان:

— بزانە، لەو دورگەیەو لەگەڵ ژنە جوانەکاندا ئێمە چەن کوێرەوەریمان چەشت کە هاتینە لای ئەم ناڕەسەنانە ژیانمان لەگەڵ پیرەژناندا بۆ مانەوە لە بەهشتدا هەڵبژارد. ڕزگارمان بکە.

بازویانم گرت‌و لە جێی خۆیان بەرزم کردنەوە وتم:

— مەرجێکی هەیە، ئەویش ئەمەیە لە کەشتییەکەوە بڕۆنە وشکایی بە هەر زمانێك کە دەزانن پەنجا کەس لە زرنگترین‌و کەم تەمەنترین ئەو پیرەژنانە لە گەڵ خۆتان کە دە کەسن بێننە کەشتییەکەوە.

لۆمبۆ بە نیگەرانیەوە سەیری کردم وتی:

– کارت بە پیرەژنەکان چیە؟ دەتەوێت چییان لەگەڵ بکەیت؟

وتم:

– خەمت نەبێت، ئێمە دەبێت بە هاوکاری ئەوان هێرش بۆ دورگەی بەهەشت بکەین‌و ملکەچیان بکەین.

وتی:

– بە هەبوونی ئەم چەخماخانەی خۆمان پێویستمان بە پیرەژن چیە؟

وتم:

– ئێمە ئەم چەخماخە گەورانە ناتوانین لە کەشتییەکە بێنینە درەوە، ئێمە دەبێت لەگەڵ کۆمەڵێك لە دورگەکە لەگەڵ (جان)دا بجەنگێین دووەم تۆ هێشتا (جان)ت بە باشی نەناسیوە نازانیت چ کارێکی لێ دەوشێتەوە، گەر ئێمە لە خۆمانەوە هێرش بکەین بە دیلی بکەوینە دەست ئەو، بە دەستی خۆی لەتو کوتمان دەکات، بۆیە پەنجا پیرەژن ڕاهێنانی سەربازی پێدەکەم تا بە هاوکاری تۆ و ئەم پیاوانە هێرش بۆ دورگەی بە هەشت بکەین تەنیا بەم ڕێگایە دەتوانین دڵنیا بین کە سەرکەوتن بۆ ئێمەیە.

## ٦

لە بەیانی ڕۆژی دواترەوە جموجوڵ دەستی پێکرد، دە کەسی گەنجو پەنجا پیرەژنی ئازاو زرنگ هەر یەکەو وەڵامی پەنجا پیاویان دەدایەوە دەستبەکار بوون.

هەر پێنج ژنم سپاردە دەستی پیاوێک، پیاوەکانم کردە سەرۆکی ژنەکان، بەڵام لەگەڵ ژنەکاندا مەرجم دانا بە درێژایی سەفەرەکەو تا ئەو ڕۆژەی دەگەڕێنەوە دورگەی خۆیان هەوەسی پیاویان نەبێت.

فێرکردنی تیرەندازیو نیشانەشکێنی بۆ پیاوەکان گەلێك قورس بوو، چونکە ئەوان لە دەنگی تەقە کردنەکە زۆر دەترسان، بۆ ئەم کارەش ناچار بووم بە شێنەییو قۆناغ بە قۆناغ بڕۆم.

سەرەتا تفەنگەکانم بە بێ فیشەك دایە دەستی پیاوەکان فێرمکردن کە چۆن بە دەستییەوە بگرنو نیشانە بپێکن. پاشان باروتو گوللەو فیشەکەکانم بەتاڵ کردو تا ڕاهاتن لەگەڵ دەنگی تەقەکردندا، کە ماوەیەك تێپەڕیو ترسیان لە تفەنگو دەنگی گوللە شکا، فیشەکە ڕاستیەکانم کردە تفەنگەکانەوە، فێری تیرەندازیو نیشانەشکێنیم کردن.

ژنەکانیش لە ڕێنمایی پابەندبونی سەربازیدا بەشدار بوون، بەڵام کاری ئەوان ئەمە بوو فێری بەکارهێنانی نێزە بن، تفەنگو تەقەمەنیو خۆراک هەڵگرن، پێویستە ئەوان فێری ڕێکو پێکی بنو لە دەنگی تەقەی فیشەک نەترسن.

ڕەنگە پێم بڵێیت بۆ شکست پێ هێنانی ئینگلیزێکی بێ چەکو چەن هەزار پیاوێك کە زۆربەیان ناکۆك بوون لەگەڵیدا چەکیشیان بێجگە لە نێزەو تیرو کەوان پێنەبوو، ئەم هەموو ڕێکخستنە بۆچی؟ منیش ئەمە دەزانم، بەڵام ئەوەی منی دەترساند ئەمەبوو لە پیاوە هەڵاتوەکانی ئەو دورگەیەم بیستبوو ئەو بەردەوام لە وشکانیدا ئاگر دەکاتەوە تا سەرنجی کەشتییەکان کێش بکات دەیتوانی گلۆپی نێرەر بدۆزێتەوە بیانخاتە گەڕو داوای کۆمەکیان لێبکات. ئەمەش وایکرد کە من خۆم بۆ جەنگێکی ڕاستەقینە ئامادە بکەم.

سەرەنجام ڕۆژی بەڕێکەوتن هاتە پێشەوە، فەرمانمدا ژنەکان سەرقاڵی کۆکردنەوەی خۆراك بن.

ڕۆژێکی تەواویان پێچوو تا بڕی پێویست لە میوەو ماسیو گۆشتی باڵندە ئامادە بکەن، ئەوان هەرچیەکیان دەهێنا منیش لە بەستەرەی کەشتیکەم دەنا، تێرکردنی شەستو سێ کەس کارێکی گران بوو، خۆشبختانە کەشتییەکە بەستەرەیەکی گەورەی هەبوو، هەموو گۆشتەکانم تێکردو میوەکانیشم لە جێیەکی وشکی ئەنباری کەشتییەکەدا پاراست، شتەکانی وەکو (کوش) کە خراپ دەبوو نە دەگەنی، میوەیەکی زۆری وشکیشیان هێنابوو.

ڕێگاکەمان لە (دۆیس)ەوە بۆ بەهەشت زۆر دوورودرێژ نەبوو، بە کەشتییەکی ماتۆڕیی ڕەنگە شەوو ڕۆژێك بێت، بەڵام من نەخشەیەکی دیکەم هەبوو کە بۆ ئەنجامدانی ڕەنگ بوو دوا بکەوین.

کاتێك هەموو هاتنە ناو کەشتییەکەوە، مەراسیمی خواحافیزیی لەگەڵ زۆربەی ژنانی دانیشتوی دورگەکەدا ئەنجامدرا، پەنجا پیرەژنم کۆ کردبویەوە، لە هێڵی بەرامبەریاندا گەنجەکانم داناو وتم:

- ئێوەی ژنان بەختەوەرترین خەڵکی سەر زەوین. (تۆما) خوای خۆر هەموتانی خۆشدەوێت، بەڵام ئەو شەیتانە قژسورە نایەوێت ئێوە بەختەوەربن، ئەو گەنجانەی لە بەهەشتەوە هاتوون، بە چاوی خۆیان شەیتانیان دیتوە.

پاشان لێم دوپات کردنەوە:

- ئەوان پشتڕاستی قسەکانیان کردمەوە، پاشان بەردەوام بووم وتم:

- ئەو شەیتانە قژسوورە نەیهێشت پیاوەکانتان بگەڕێنەوە بۆ (دۆیس)، ئەو دە کەسەی هەڵاتوون، ئەگەر شەیتان بیزانیبا هەموویانی دەکوشت.

هێندە قسەم کرد پیرەژنەکانم تورە کرد، وایان لێ هاتبوو حەزیان دەکرد لەو ساتەدا بگەنە بەهەشتو سەر لە لەشی شەیتانی قژسوور بکەنەوە، گۆشتی بەدەنی بە ددانی خۆیان پارچە پارچە بکەن. من سوودم لەم حاڵە بینی ئەو بڕیارانەی کە درابوو دووپاتکرانەوە بەڵێنم پێ نوێ کردنەوە. لە میانەی سەفەرەکەو لە دوورگەکەدا خۆڕاگربن.

لە کۆتایی وتەکانمدا وتم:

- کاری ئێمە کارێکی پیرۆزە، گەر بە پێچەوانەی یاساوە ڕەفتار بکەین (تۆما)ی خوای خۆر لە دەریادا نوقممان دەکات.

دواجار پەیمانم لێ وەرگرتن سەرۆکایەتیم خستە ئەستۆی لوچی تا ئاگاداریی‌و چاودێرییان بکات.

بەڕێ کەوتین، هەمان ئەو حاڵەی لەکاتی کار پێکردنی گڵۆپو ماتۆڕەکاندا بەسەر لوچی‌و لۆمبۆدا هات بەسەر ئەوانیشدا هات. لە گڵۆپو ماتۆڕو دەنگی ڕادیۆو جوڵەی کەشتییەکە زۆر ترسان، بەڵام بە هۆی دڵنەواییکردنیان لە لایەن منەوە خێرا ڕاهاتن‌و ئارام بوونەوە.

من کەشتییەکەم لە وشکانی باشووری دوورگەکەوە بەرەو خۆراوا ئاژواند.

لۆمبۆ وتی:

- بۆچی لێرەوە دەڕۆیت؟ گەر ڕاستەوخۆ بڕۆین زووتر دەگەین.

پێم نەوت مەبەستم چییە تاکو سێ ڕۆژی دواتر دووبارە گەشتینەوە شوێنی خۆمان.

مەبەستی من لە گەڕان بە دەوری دورگەکەدا ئەمەبوو، لە پێشا ئاشنای دۆخی ناوچەکە ببم دواتر بزانم کەشتی دیکە لەو ناوەدا بوونی هەیە، بۆیە لە تێکڕای ماوەکەدا لە مەودایەکی کەمی وشکانییەوە دەڕۆشتین، ڕۆژی چوارەم کاتێك خاترجەم بووم، کەشتییەکەم بەرەو دورگەی بەهەشت خستە ڕێ.

تا ئەو ڕۆژە پیرەژنەکان لەسەر بەڵێنو پەیمانی خۆیان بوون، کاتەکانی بێکارییان بە بێدەنگیو ئارامی بەسەر دەبرد، بەڵام بۆ ڕۆژی دواتر کە وشکانی دۆیسمان بەجێ هێشت بێخەم بوون لەوەی کە چیتر ناتوانم پیادەیان بکەم ڕەفتاری ناشیرینیان دەنواندو دەستیان کردەوە ئارایشتکردنی خۆیان.

ئێستا کە بیر لەو ژنانە دەکەمەوە ناتوانم هەڵسوکەوتیان بە شتێکی ئاسایی بزانم، بێگومان بە نەخۆشییەك گرفتار بوون.

بەڵێنو پەیمانیان هەر ئەو ڕۆژە شکاند. سەرەتا بە دوای دە کەسی گەنجی خۆیاندا دەگەڕان، دواتر ڕێگریان لە من دەکرد، هەر کاتێك دەمویست بچمە عەرشی کەشتییەکە قۆڵیان ڕادەکێشام.

ئەمە کارێکی گەوجانە بوو، هەم تووڕە دەبووم هەم پێکەنینم دەهات، ئەمەش مایەی ئەوە بوو ئەوان هیوایەکی زیاتریان هەبێت لەکاری خۆیان زیاتر پێداگریی بکەن، ڕۆژی دواتر بوێری ئەوان هێندە زیاد بوو، کە دە دانە گەنج وازیان لە کارەکانی خۆیان هێنا پەنایان بۆ من هێنا خۆیان لە یەکێك لە ژوورەکاندا بەند کرد تا لە دەست پیرەژنەکان بەدوور بن، کەشتی لە جوڵە کەوت، بەم حاڵەش من کارەکەم تێکدەچوو، هەر یەکێك لەوان ئەرکێکی هەبوو خزمەتێکی دەکرد، ئەگەر هەمویان لە ژوورێکدا بونایە، کێ کارەکانی ئەنجام بدابایە، بڕیارمدا بە جدی دەست پێ بکەم، دەرگای ژوورەکەم کردەوەو بە گەنجەکانم وت:

– بڕۆنە دەرەوە. هەموتان بچنە عەرشی کەشتییەکەوە تاکو من دێم.

— ئەوان بە ترس‌و پاڕانەوە ڕۆشتن، هەر کە چوونە سەر عەرشی کەشتییەکە پیرەژنەکان لە دەوریان کۆبونەوە، من بە پەلە گەیشتمە لایان وتم:

— گوێ بگرن، من دەزانم ئێوە دەتانەوێت هاوسەرگیریی بکەن.

یەکێیان وتی:

— بەڵێ من هەمیشە دەموت کە تۆ گەلێك زیرەکیت.

قسەکەم پێ بڕی وتم:

— گەر ئێوە ملکەچی فەرمانەکانی من نەبن، نەك هەر ناگەینە بەهەشت بەڵکو ناچار دەبم هەمووتان لە دەریادا نوقم بکەم.

هەموو چاویان تێبڕیم، سەرەتا باوەڕیان نەدەکرد کارێکی بەوشێوەیەم لێ دەوەشێتەوە، بەڵام کاتێ ڕوخساری جدی منیان بینی قسەکانم تۆکمەو بێ دوودڵیە، گوێیان گرت‌و باوەڕیان کردو ترسان، کاتێ لەم ڕووەوە تەواو خاترجەم بووم، چووم بۆ هاوکاریکردنی ئەو گەنجانەی خەریکی ئامادەکردنی بەلەمی ڕزگاری بوون.

کاتێك وشکانییەکانی بەهەشت لە دوورەوە دەرکەوت بەلەمەکە ئامادە بوو، بە لۆمبۆم وت:

— گوریسەکان ببەستە، پیاوەکان کۆ بکەرەوە دەمەوێت بەلەمەکە لە شوێنێکی چۆڵی بەهەشت داگرم.

— لە مەودایەکی سێ میلی دوورگەکەوە پێچم کردەوە بەرەو باشور ڕۆشتم. وەك دەزانیت باشوری دوورگەکە چۆڵ بوو، من تاکو ئەو ڕۆژە ئەو

شوێنەم بە باشی نەدیتبوو زانیارییەکی ئەوتۆم لە بارەیەوە نەبوو، ئەوەی دەمزانی تەنیا چۆڵەوانی ئەو ناوچەیە بوو.

دوو کەس و لۆمبۆم کردە چاودێر، کاتێک کە دڵنیابووم هیچ کەسێک چاوی لێمان نییە، بەلەمەکەم داگرتە خوارەوەو لە شوێنێکی فراوانی دوورگەکەدا شاردمەوە، چەن درەخت و نەمامێکم بڕی و دام بەسەر بەلەمەکدا تاکو وەکو لق و پۆپی درەختەکان دەرکەوێت. دەمەو ئێوارە کاری داگرتنی بەلەمەکە تەواو بوو، پیرەژنەکان پەلەی دابەزینیان بوو، دەپاڕانەوە کە تاوێک زووتر دابەزن، بەڵام من نەمدەویست کەس لە باشورەوە بنێرم.

هێواش هێواش لە تاریکی شەوداو لەکاتێکا کە گڵۆپ و ماتۆڕی کارەباو هەموو شتێکم خامۆش کردبوو، بەرەو وشکایی ڕۆژهەڵات بە ڕێکەوتین.

خۆشبەختانە بە بێ ڕوبەڕوبونەوەی هیچ ئاستەنگێک هەموو ڕێگای خۆرهەڵاتی دوورگەکەمان بڕی گەشتینە باکوری خۆرهەڵات و لەوێدا وەستاین، لەو شوێنەوە تا ئەو خێڵ و ناوچەیەی کە پێشتر من شارم تێدا دروست کردبوو بە پێ کاتژمێرێک زیاتر نەدەبوو. شوێنێکی لەوێ باشتریش نەبوو بۆ لەنگەرگرتنی کەشتییەکە، لۆمبۆم بانگ کردو وتم:

--ژنەکان دابەزێنەو ئاگات لێیان بێت تاکو ئێمەش دێین.

لۆمبۆ ئەم کارەی کرد، لوچی دەیویست لەگەڵیاندا بڕوات، نەمهێشت، وتم:

-تۆ دەبێت لەگەڵ مندا بیت، کاری پێویستم بە تۆ هەیە.

پەنجا پیرەژن، کە بەجۆش‌و خرۆشەوە پیادە بوون، لە وشکانیدا بە بێحەوسەڵەییەوە وەستابوون، شەوێکی تاریك بوو لە مەودای دە پێوە هیچ شتێك نەدەبینرا، لوچی‌و دە کەسی گەنجم لە کەشتییەکەدا هێشتەوە خۆیشم دابەزیم، پیرەژنەکان بە بێ ئۆقرەییەوە چاوەڕوانی من بوون، پێم وتن:

— ئەمە دوورگەی بەهەشتە، بەڵام ڕەنگە لێرە نەمێننەوە، فەرامۆشی نەکەن لەمەودوا کاری ئێوە ئەمەیە ئەو پیاوانەی لە (جان) هەڵگەڕاونەتەوە بگەڕێننەوە بۆ دۆیس.

فەرمانی پێویستم دەرکرد، هەموو بە وردی گوێیان گرت بە گوڕو تینەوە پشتیوانیان لە قسەکانم کرد.

چیتر کارم نەبوو، وشکانی دوورگەکەم نیشانداوو وتم:

— لێرەوە بڕۆن دەگەن خێڵەکە، گەر لێیان پرسین کە بۆچی هاتوون، بڵێن تۆما خوای خۆر ئێمەی هێناوەتە ئێرە کە پیاوەکان بگەڕێنینەوە، پێیان بڵێن گەر لە دوورگەی بەهەشتدا بمێننەوە زریان‌و گەردەلولی بەتین ڕوو دەدات‌و هەموتان لەناو دەچن، هێندە ترس بخەنە نێو دڵیانەوە کە هەموویان بگەڕێنەوە بۆ دۆیس.

کاری ئێوە ئەمەیە بیانترسێنن‌و بڵاوەیان پێ بکەن.

بەر لەوەی من قسەکانم تەواو بکەم پیرەژنەکان بە ڕاکردن بەرەو هۆزەکە بەڕێ کەوتن. کاتێك ئەوان لە چاو وونبون گەڕامەوە بۆ کەشتییەکە لۆمبۆو دە کەسەکەم ڕیز کردو وتم:

- ئێوە دەبێت چەك هەڵگرنو ئامادە بن، بەڵام هیچ کەسێکتان مافی ئەوەی نیە سەرپێچی لە فەرمانی من بکات، ئەمە بزانن گەر پەرتو بڵاو بن بێگومان بە دەستی جان دەکوژرێن، پاشان تفەنگێكو برێك فیشەکم دا بەهەر یەکێکیان.

دواتر بە کۆمەکی لۆمبۆ خەریکی شاردنەوەی چەکی ناو کەشتییەکە بوین، هەرچی تفەنگو تەقەمەنی گەورەو بچوك هەبوو هێنامانە دەرەوە، لە جێیەکی باشو لەژێر پوشو پەڵاشو بنی دەوەنەکاندا شاردمانەوە، بۆیە ئەم کارەشم کرد ئەگەر جان کەشتییەکەی کەوتە دەست نەتوانێت سوود لە چەكو تەقەمەنییەکانی ببینێت.

پاشماوەی شەوم لەگەڵ لۆمبۆ بە گفتوگۆ کردن بردە سەر. کاتێك کە ڕۆژ بویەوە ئامادەی جوڵان بووین.

یەکی تفەنگێكو برێك فیشەکم دا بە لۆمبۆو لوچیو بە فەرمانی من هەموو ڕێگای دارستانەکەیان گرتە بەر، خەڵکی ناوچەکە زیاتر لە من شارەزای ڕێگا بوون. لە ڕێگای وشکانییەوە زوتر دەگەشتین، بەڵام ڕێگای دارستان دڵنیاتر بوو. بەهەشت گەلێك بچوکتر بوو لە دۆیس، کاتی ڕۆشتن لەگەڵ لۆمبۆ کە سەرکردایەتی ئەو دە کەسەی لە ئەستۆ بوو وتم:

- فەرمان بدە لە هەر جێیەك پیاوەکانی هۆزەکەیان بینی دەسگیریان بکەنو بیانهێنن بۆلای من.

دەستەی ئێمە سیانزە کەس بوو، دە کەسیان گەنج بوون کە بە منو لۆمبۆو لۆچیەوە دەبوینە سیانزە کەس، سێ کەسیانم بۆ پەیوەندی دیاریکردو فەرمانمدا ئەوانیتر لە ناوچەکە بە پانتایی کیلۆمەترێك بڵاو

ببنەوەو پێم وتن هەرکە گوێیان لە فیکەیەك بوو بەرەو دەنگی فیکەکە بێن. خۆیشم فیکەیەکی تایبەت بە کەسانی هێزی دەریاییم کردە ملم، دانەیەکیشم دا بەلۆمبۆ لە کاتی پێویستدا بە کاری بێنێت، بەڵام پێم وتن تا ئەو کاتەی من فەرمان نەکەم تەقە نەکەن.

خۆرەتاو باڵی بەسەر هەموو لایەکدا کێشا بوو، دیمەنی دارستانی جوانی بەهەشت شکۆ و جوانییەکی نایابی بەخۆیەوە بینی بوو، لەلای چەپەوە دەنگێك هات، دەرکەوت کە کەسێکیان گرتووە، ئەو هاواری دەکردو دەگریا. کاتێك کە هێنایان بۆ لام ئەنجا بە خۆی زانی، پێی وابوو کەوتۆتە دەست پاسەوانەکانی جان، بەڵام کە چاوی پێمکەوت لە خۆشیدا هاواری کرد:

— ئەوە تۆ ماویت، ئەربابەکەم دەیوت کە (تۆما) تۆی ڕەوانەی دۆزەخ کردووە.

وتم:

— ئەرباب کێیە؟

— هەر ئەو بێگانە قژسوورە ئەربابمانە. هەر کەسێك بێجگە لەمەی پێ بڵێت سزای دەدات، هەمیشە دەڵێت کە ئێمە خاوەنی دنیاین، خاوەنی هەموو خەڵکی دنیاین، لە هەموو دنیادا بە ئەربابو خاوەن بانگمان دەکەن. پێکەنینم بەم قسەیە هات، بەڵام بە باشمزانی شتی پێویستر بپرسم.

وتم:

— بۆچی دەپاڕایتەوە.

وتی:

- مەگەر نازانیت کە ئێرە شوێنێکی قەدەغەکراوە. لەوێدا نوسراوە.... لەو نزیکانەش تابلۆیەکی چەرم هەڵواسرا بوو بە درەختێکەوە لەلایەن (جان)ەوە، نیشانیدام لێی نوسرابوو پارکی سەڵتەنەتی، هاتنە ژوورەوەو ڕاوکردن بۆ ئەو کەسەی ئینگلیز نەبێت قەدەغەیە، بە توڕەیی لە درەختەکەم کردەوەو فڕێمدا.

کابرا ڕەنگی لە ڕوو بڕا، باوەڕی نەدەکرد کە من ئەو بوێریەم هەبێت، لە ترسا لێوەکانی دەلەرزین، لە دڵی خۆمدا وتم ئەم ئینگلیزە نارەسەنە چ ڕەفتارێکی لەگەڵ ئەم بەدبەختانەدا کردووە، تەنانەت لە پاشەملەش لێی دەترسن.

هەرچۆنێك بوو دڵنەوایم کرد پێم وت حەز دەکەیت لەگەڵ ئێمەدا بیت؟ ئەو کە چاوەڕوانی پێشنیارێکی بەو جۆرە بوو هاتە نێو تاقمەکەمانەوەو دووبارە بە ڕێ کەوتینەوە.

لەو زانیارییانەی پێم گەشتبوو ئەوە سەیر بوو کە برسێتیو هەژاری هەموویانی بە چۆکدا هێنا بوو، خەڵکی هێندە برسێتیو سەختیی چەشتبوو کە حەوسەڵەی عەشقبازیان لە دەستدابوو چیتر جەژنیان نەدەگێڕا.

ئەم زانیاریانە وایکرد کە من هیوادار بم زۆر بە خێرایی بە بێ شەڕو کوشتار بەسەر جاندا سەکەوتن بە دەست بێنم.

لەوێوە ئاوایی هۆزەکە دیار بوو، خەڵکەکە خۆیان لەبەر خۆرەتاوەکە هەڵخستبوو، نەخۆشو شەلو بێ تواناکان دیار بوون، ژنان لەڕو لاوازو

جوانی‌و پاراوی جارانیان نەمابوو، من سەرگەرمی تەماشاکردنی هۆزەکە بووم کە جارێکی دیکە هەراو هوریا دەستی پێکردەوە دەنگی فیکەی لۆمبۆ لە لای چەپەوە بەرز بویەوە.

هەموو بەرەو ئەولایە ڕامانکرد، نێوان لۆمبۆو پیاوەکانی من بەر پاسەوانەکانی پارکەکە کەوتین سەرەنجام چونکە من فەرمانم نەکردبوو کەس تەقەی نەدەکرد، پێکدا هەڵپژانێکی ترسناک بوو سێ کەس بە سەختی بریندار بوون.

یەکەم شتێك بە پیاوەکانی خۆمم وت ئەمە بوو:

— تا دەتوانن تەقە مەکەن.

کۆمەڵێك لە پاسەوانەکان لە ئێمە زیاتر بوون، ئەوان نێزەیان پێ بوو بەرگرییەکی بە تینیان دەکرد، یەك دوو کەسێکیان لێ گیرا تا (جان)و پاسەوانەکانی ئاگادار ببنەوە.

ئێمە هێشتا سەرگەرمی پێکدا هەڵپژانەکە بووین من بە تایبەتی هەوڵم دەدا پاسەوانەکانی پارکەکە قایل بکەم کە شەڕ نەکەن‌و گوێ بۆ قسەکانم بگرن، لە ناکاو لۆمبۆ هەواڵێکی ترسێنەری پێدام وتی:

— چواردەوریان گرتوین، نزیکەی هەزار کەس لە پاسەوانەکانی (جان) بە نێزەوە چوار دەوریان گرتووین، باشە بە بڕوای ئێوە ئەم هەواڵە ناتوانێت ترسێکی گەورە بخاتە دڵمانەوە؟

ئێمە هەرچەن چەکدار بووین، لۆمبۆ بە ترسەوە وتی:

- ئەوان دەیانەوێت بمانسوتێنن، درەختەکان دەبڕنەوە کە ئەم سنورە لە دارستانەکە دابڕن تاکو لە ئاگردا بمان برژێنن، گوێت لێ بوو ئەوان سەرقاڵی بڕینەوەو گڕ تێبەردانی درەختەکانن.

لەم کاتە گوێم لە دەنگی (جان)بوو فەرمانی دەدا:

- ئەمەیان لابەن، ئەمەیان ببڕنەوە، خێراکە (تاچامانی) کۆتەر دارەکان کۆ بکەرەوە. تۆ ئاگری پێوە بنێ، خێرا چواردەوریان بگرن.

من بۆ ئەوەی بیانترسێنمو جڵەوگیریی لە کاریان بکەم پەنجەم خستە سەر پەلەپیتکەو چەن گوللەیەکم تەقاند، دەنگی تەقەکان زرینگانەوەیەکی مەترسیداری بەرپا کرد، بەڵام جڵەوگیریی لە کارەکەی (جان) نەکرد، بەڵکو مایەی جەختکردنەوەو زیاتر هاندانی بوو، چونکە ئەو چاك دەیزانی کە تاکە ڕێگای ڕزگاری ئەمەیە لە داوێکی خستوین بە زیندویی بمانسوتێنن، بە خێرایی دوکەڵی ئاگرەکە بە چواردەورماندا بڵاوەی کرد، هیچ شوێنێك نەدەبینرا ئاگر بڵێسەی سەندبوو درەختەکان وەك چیلکە شقارتە دەسوتان.

لۆمبۆ بە شپرزەییی و ترسەوە وتی:

- تا زووە با لەم لایەوە بگەڕێینەوە.

هەموو بە ڕێگای خۆماندا گەڕاینەوە، بەڵام بێ سوود بوو، چونکە هەنگاومان بۆ هەر شوێنێك دەنا ئاگر ڕێگاکەی بەستبوو، لاشەی ڕوتی خەڵکەکەی دەسوتاند.

دەنگی ناڵەو گریانی ئەو سێ کەسەی کە سوتابوون بەرزبویەوە، یەکێکیان زۆر بە سەختی سوتابوو، ئاگرەکە سات بە سات نزیك دەبویەوە ئەمەش زیاتر تەنگی پێ هەڵدەچنین.

دوو کاتژمێری تەواو ئێمە لە جەرگەی ئاگردا بووین، بە بێ ئەوەی هیوایەکی ڕزگار بوونمان هەبێت.

مردن لە ئاگردا یەکێکە لە شێوە ترسناکەکانی مردن، منیش لەو سەختیو ناڕەحەتییە دەترسام.

ئاگر لە هەموو لایەکەوە بڵێسەی سەندبوو نزیکتر دەبویەوە، ئەو ئەڵقەیەی دەوری دابووین سات بە سات بچوکتر دەبویەوە، هەرچەن من زیاتر خۆمم دەپاراست چەن شوێنێکی لەشم سوتابوو. من لەو ڕقو نەفرەتەی لە (جان)ی ئینگلیز هەمبوو پەنجەم خستە سەر پەلەپیتکەو بەرەو ئەو شوێنەی گومانم لێی هەبوو تەقەم کرد. هەر کەسێکی دیکەش لەجیاتی من بوایە هەر ئەمەی لێ دەوەشایەوە، لە میانەی قرچە قرچو سوتانو شکانو داڕمانی درەختەکاندا دەنگی چەن هاوارێکم بیست، زانیم کە گوللەکان چەن کەسێکیان کردۆتە قوربانی، بەڵام دڵم ئۆخەی نەدەکرد چونکە جان نەکوژرابوو، لە مردنی خۆمو هاوڕێکانم بێگومان بووم، دەمزانی هەمومان لەو ئاگرەدا دەسوتێین دەبینە خۆڵەمێش، بەڵام حەزمدەکرد لانیکەم لە دواساتەکانی ژیاندا تۆڵە لە جان بکەمەوە بیکوژم.

من لە ململانێم لەگەڵ جاندا خۆم بۆ جەنگێکی سەربازی ئامادە کردبوو، بەڵام ئەو لە من زرنگتر بوو دەیویست من بە حەربە بکوژێت.

نازانم لە ژیانی ئێوەدا ڕویداوە کە توشی نائومێدییەکی ڕەها بوو بن؟ مەبەستم ئەو ساتانەیە کە هەموو دەرگاکانی ئومێد لە ڕووی خۆتدا بە داخراو دەبینیت؟ ئەگەر ڕووبەڕووی ئەو دۆخە بوویێتنەوە دیارە ئەوەتان ئەزمونکردووە لە هەموو جێیەك‌و هەموو کەسێك هیوابڕاو دەبن‌و پەنا بۆ خوا دەبەنەوە.

منیش لە خۆمەوە کەوتمەوە یادی خواو هێزی سەرو سروشت، لەو چەن چرکەیەی کە دەمتوانی بیری تێدا بکەمەوە سەرم بۆ ئاسمان هەڵبڕی‌و وتم:

– خودایە، خۆت فەریادڕەسێك بنێرەو من‌و هاوڕێکانم لەم ئاگرو مردنە ڕەها بکە، خودایە بە هانامانەوە وەرە.

پاشان هەر لەوێدا دانیشتم، ئەوانیترو لۆمبۆ بەملاو بەولادا ڕایاندەکرد، دەیانویست ڕێگایەك بدۆزنەوە، بەڵام من دانیشتبوم چونکە هیوام بە ڕزگاربونی خۆم هەبوو، وەك یەکێك بچپێنێت بە گوێمدا وتی:

– مەترسە (جیووانی) مەترسە، ئازابە، لەم دارستانەدا درەختانێك هەیە کە ناسوتێن.

بەڵام چۆن دەبێت، ئەمە چ خەیاڵێکە هات بە مێشکی مندا؟ سەیرێکی دەوربەری خۆمم کرد لەناکاو چاوم چوە سەر شوێنێکی باشور کە دووکەڵێکی زۆر تێیدا پەنگی خواردبوویەوە دەچوو بە ئاسماندا، دووکەڵ لە هەموو شوێنێکی ئێمەدا هەبوو، بەڵام ئەو دووکەڵەی ئەوێ بە بێ ئاگر بوو.

لوچی تازە لە تەنیشتمەوە دانیشتبوو من لە جێی خۆم هەستام لۆمبۆ دەیویست لەوێوە بپەڕێتەوە وتم:

— لۆمبۆ ئەوێ دەبینیت؟ ئەوێ ئاگری لێ نیە.

ئەو بە کەمتەرخەمییەکەوە وتی:

— دووکەڵ بەری ئاگرەکەی گرتووە، زیاتر بچینە پێشەوە ئاگرەکە بڵێسە دەسێنێت. بەڵام من باوەڕم نەکرد، تەنیا بەرەو ئەوێ ڕامدەکرد، پەنجەم لە یەکەم درەختدا. قەدی درەختەکە وەك میلێکی ئاسن لە ئاگردا سور کرابێتەوە بەو چەشنە بوو، دوکەڵی لێ هەڵدەسا، بەڵام ئاگری نەبوو.

لۆمبۆم بانگ کرد وتم:

— لۆمبۆ باوەڕ بکە ببینە لێرە درەختەکان ناسوتێن، بەر لەوەی ئەو قسە بکات، دەستی لۆچیم گرت بە قۆناغی تفەنگەکە لقەکانی سەر ڕێگاکەم شکاندەوە. لقەکان هێندە گەرم بوون ئەگەر بچزایە بە هەر شوێنێکی جەستەی مرۆڤدا داخی دەکرد، بەڵام وەك گومانەکەی خۆم ئاگر نەبوو، دووکەڵ هەبوو، بەڵام خۆشبەختانە ئاگر نەبوو.

لۆمبۆ چەن ساتێك لێم ورد بویەوە پاشان ڕویکردە ئەوانو وتی:

— وەرن خێراکەن، ڕێگا کراوەتەوە.

هەموو بۆ ئەو لایە هێرشیان هێنا، ئەم هێرشە هێندە بەخێرایی ئەنجامدرا لە ماوەی چەن چرکەیەکدا پێش من کەوتنو ڕێگاکەیان زیاتر کردەوە، بڕێك چوومە پێشەوە بە خۆمم وت:

- ئەو ئاگرەی چەن وەختە ڕێگای لێ گرتووین چی لێ هات؟ موعجیزە ڕوویداوە؟

وەڵامی ئەم پرسیارە خۆی هاتە سەر ڕێگاکەمان. چیتر زانیم تەنیا کۆتەرە دارەکان سوتاون لە گەرمایی ئەوان درەختەکانیش گەرم بوون، خەڵکەکە پێیان پەتی بوو وەک بوکەڵە سەمایان دەکرد، ژێر پێیان خۆڵەمێشی گەرمو ژیلەمۆ دەیسوتاند، بەڵام من کە پێڵاوم لە پێدا بوو تارادەیەک باشتر بووم.

هەرچۆنێك بوو لە ماوەی دە خولەکدا گەشتینە شوێنێك کە خەرمانی ئاگرەکە کەوتە پشتمانەوە، خەڵکەکەم هەژمار کرد، لوچیو لۆمبۆم بۆ دڵنیایی بانگ کرد، خۆشبەختانە کەس لە ئێمە نەسوتابوو، بەڵام بریندارمان زۆر بوو. لەم دۆخە هیچمان پێ نەدەکرا دەبوو تا ماوەیەك خۆمان بشارینەوەو بێدەنگ بین تا بزانین دواتر چی ڕوو دەدات.

لوچی وتی:

- دەبێت بچینە سەر شاخ.

لۆمبۆ وتی:

- نا، سەرەتا دەبێت ئەو شەیتانە قژسوورە بکوژین تا خەیاڵمان ئاسودە بێت.

پێشنیارەکەی لوچی ژیرانەتر بوو، بەڵام ئەوانەی لەگەڵ مندا بوون زۆر لێی دەترسان، هاوکات ماندوو شەکەتیش بوون لەگەرمەی شەڕدا زۆر زوو مەیدانیان چۆڵ دەکرد یان دەشکان، بۆیە پێم وتن:

- خێرا بابڕۆینە سەر شاخ.

پێکەوە بەڕێ کەوتین، لۆمبۆ بە تفەنگەکەیەوە ڕۆشتە پێشەوەو ڕێگای کردەوە، چاودێری هەموولایەکی دەکرد، دەنگێکی بچوکی ببیستایە یان سێبەرێکی بەدی بکردبایە خێرا ئاماژەی دەکردو ئەوانیش دەوستان‌و خۆیان لە بنە دەوەنەکاندا حەشار دەدا.

زۆر بەخێراییو بێئەوەی کەس بمانبینێت گەشتینە ئەو کوخەی کە پێشتر ماڵی من بوو، بەوپەڕی سەرسامییەوە بینیم دەرگای کوخەکە داخراوە بە خشت هەڵچنراوە تا کەس نەتوانێت بچێتە ژورەوە، ئەمەش لە شاکارەکانی (جان) بوو، بەڵام من گوێم پێنەدا، فەرمانمدا هەموو لە بن دەوەن‌و بەردەکاندا خۆیان بشارنەوە.

دوو کەس دوو کەس، دەستە دەستە لە گۆشەو کەنارەوە بڵاو بونەوە دەنگی نالەیان لە هەرلایەکەوە دەبیسترا. یەکێك لە خەڵکەکە هاتە لای من وتی:

— چارەیەك بدۆزەرەو گەر وا بڕوات بڵقی سوتاوییەکان گەورە بن‌و بتەقێن بە خێرایی بۆگەن دەکەن.

ئەو ڕاستی دەکرد، ئەو بەڵایە بەسەر منیشەوە دەگەڕا، تەقینی بڵقی سوتاویەکان‌و برینەکان لە هەوای گەرمدا بەڕاستی شتێکی بێزارکەر بوو، بەڵام چیمان لە دەست دەهات، لەگەڵ لوچیو لۆمبۆدا ڕاوێژم کرد.

لۆمبۆ وتی:

— لۆتۆما، شارەزایی لە دەرمان‌و گژو گیادا هەیە، ئەو تاکە کەسێکە لەم دۆخە ڕزگارمان بکات.

لە لۆتۆماو چل کەسی دیکەی پیرەژنەکان کە لەگەڵماندا بوون هیچ هەواڵێکم نەبوو، پێم وتبون بەرەو هۆزەکە بڕۆن، هەرچۆنێك دەتوانن پیاوەکان لە جان هەڵگێڕنەوە بە گەڕانەوە قایلیان بکەن.

بڕیارماندا کە شەو داهات خودی لۆمبۆ بە دوای لۆتۆمادا بڕوات و بیهێنێت بۆ چارەسەری بریندارەکان. ئەو ڕۆژەمان بە خۆحەشاردان بەڕێکرد، کەمێك گوێزی هیندیو میوەی دیکەمان لە دارستان پەیدا کردو خۆمان پێ تێر کرد. ئاگرەکە کوژایەوە، ئێمە لە دوورەوە خەڵکەکەو جانمان دەبینی کە لە نێو خۆڵەمێشەکاندا بە دوای لاشەی نیوە سوتاوی ئێمەدا دەگەڕان. دیمەنێکی سەیر بوو، ئێمە هەڵاتبووینو لەسەر شاخ بووین کەچی وایاندەزانی کە سوتاوین دەیانویست پاشماوەی سوتاویەکەمان ببینن. هەرچی بوو تێپەڕی، ڕۆژ ئاوا بوو، بە ئاوابوونی خۆرو شنە بایەکی فێنك ئازارو سوێی بریندارەکان کەمێك سوکنایی هاتوو هاوارو ناڵەیان کەم بویەوە. دنیا تەواو تاریك بووبوو کە لۆمبۆ هات بۆلام، مۆڵەتی ڕۆشتنی لێ خواستم، مۆڵەتی ڕۆشتنیمدا، بەڵام هێشتا نەڕۆشتبوو خەیاڵێکی تازە هات بە مێشکمدا بەلۆچیم وت:

- تۆ مەهێڵە کەس بزانێت کە من دەڕۆم، ئەگەر هەواڵیان پرسیم تۆ بڵێ لەپشت ئەو بەردەوە خەوتووم، لەگەڵ لۆمبۆ دەڕۆمو زوو دەگەڕێینەوە.

لوچی بەڵێنی پێدام تا دەتوانێت هەوڵ بدات ئارامیان بکاتەوە. منو لۆمبۆ بەرەو هۆزەکە بەڕێ کەوتین.

نزیکەی نیوکاتژمێری پێچوو تا کیلۆمەترێکمان ڕێگا بڕی، سەرەنجام نزیک بوینەوە.

لە دوورەوە هەراو هوریایەکی زۆر دەبیسرا، نە من دەمتوانی بزانم چی بووە نە لۆمبۆ، (جان) بڕیاری تازەی دەرکردبوو بەمەش کاروباری دوورگەکە تێکچوو بوو، یەکێك لە وەحشیانەترین کارەکانی جان بڵاوکردنەوەی برسێتی دەستکرد بوو! بەرنامەیەك کە هاوپەیمانەکانی ئەو لە هەموو شوێنەکانی دنیادا کاری پێ دەکەن. ئەو بەشێکی دوورگەکەی قەدەغە کردبوو، خەڵکەکەی توشی برسێتی کردبوو، تواناو هێزی خۆیان لە دەسچوو بوو، ئەو کاتەش لەبەرامبەر شتێکدا جان خواردنی پێ دەدان، هەراو هوریای ئەو شەوەش هەمان شت بوو، خەڵکە دەیانویست بەشە خۆراکی خۆیان وەربگرن.

منو لۆمبۆ لە پەنای درەختەکانەوە دیمەنێکی سەیرمان دەبینی، ژنان لەلایەكو پیاوان لە لایەکی دیکەوە ڕیزیان گرتبوو بەسەرو کۆڵی یەکتریدا سەردەکەوتن، یەك یەك کە دەگەشتنە بەردەمی ئەنبارەکە بەشە خۆراکی خۆیانو خێزانەکەیان وەردەگرت، بۆ ئەوەی کەسانی دیکە لێیان نەڕفێنن بە ڕاکردن لەو شوێنە دوور دەکەوتنەوە، کەمێك لەولاترەوە لۆتۆماو چلونۆ پیرەژنی دیکە ڕیز بووبوونو لە تاو برسێتی وەك بەچکە پشیلە باوێشکیان دەداو چاویان قورس دەکرد.

جان، وەستا بوو بەسەریانەوە چاودێری دابەشکردنەکەی دەکرد، دوو سێ کەسی قامچی بەدەست لەولاترەوە چاودێر بوون.

جان، کە هۆکاری تێکڕای ئەم بەدبەختیانە بوو، دەستەکانی لەکەلەکەی نابوو بە لەخۆبایی بونەوە لە بەدبەختی ئەو خەڵکەی دەروانی، ئەتوت چێژی لێ دەبینێت.

لۆمبۆ هێندە تورە بووبوو، چەنجارێك پەنجەی خستە سەر پەلەپیتکەی تفەنگەکە، بەڵام من نەمهێشت، دەیویست جان بکاتە نیشانە، پێم وت:

– ئەمە کارێکی باش نیە، دەبێت خودی خەڵکەکە ئەو بکوژن، گەر ئێمە ئەم کارە بکەین لە دوایدا دەڵێن ئەو کەسێکی باش بوو ئێوە نەتانهێشت خزمەتێکمان بکات.

لۆمبۆ قایل بوو، کەوتە بیر کردنەوە. دەنگی جان ڕشتەی بیرکردنەوەی هەردووکمانی بچڕاند:

– گوێ بگرن، بۆ لە خۆتانەوە مل دەنێن، ئێوە بە چاوی خۆتان بینیتان ئەمڕۆ شەڕمان لەسەر کردوون، لەگەڵ ئەو دوژمنانەی کە گرپیان لە دارستانەکە بەرداوە، تێکۆشاین‌و لەناومان بردن، دارستانەکەمان کوژاندەوە، ئەم خۆراکەشمان بە زەحمەت بۆ ئێوە پەیدا کردووە، بڕۆن ببینن، ئەمڕۆ کەشتییەکی گەورە لە وڵاتی بەریتانیاوە ئازوقەی بۆ هێناون هێشتا کەشتییەکە لە وشکانیدایە، سبەی دەتوانن بەچاوی خۆتا بیبینن.

کە گوێمان لەم قسانە بوو لۆمبۆ ترساو پێی وتم:

– ڕاست دەکات؟ کەشتی هاتووە؟ ئێمە تیاچوین؟

پێم وت:

– مەترسە، مەحاڵە لە زمانی ئەو و نەوەکانی ئەو وشەیەکی ڕاست ببیستیت، ئەمانە لە دنیادا بە درۆ ناسراون، ئەو کەشتییەی گەورەیەی کە

ئەو دەڵێت هەڵگری ئازوقەیە هەمان ئەو کەشتییەیە کە ئێمە پێی هاتینە دوورگەکەوە، بۆیە ئەم درۆیە دەکات دڵنیایە لەوەی هەرگیز ئەم درۆیە دەرناکەوێت، ئێمە سوتاوینو تیاچوین، وا دەزانێت کەسمان لێ دەر نەچووە درۆکەی ئاشکرا بکات.

کەمێك لەم بارەیەوە گفتوگۆمان کرد، تا نۆبەی پیرەژنەکان هات، ئەوانیش بەشە خۆراکی خۆیانیان وەرگرتو ڕۆشتن لە سوچێکەوە بیخۆن.

لۆمبۆ کاتێك پیرەژنەکانی بەو ڕێكو پێکیەوە بینی کە وەك کەروێشکی دەستەمۆن وتی:

— ئێمە ئەقڵمان پێ نەدەشکا، بۆ ئارامکردنەوەی ئەم جانەوەرانە هیچ ڕێگایەك باشتر لە برسی کردن نیە.

من پێکەنیم، بەڵام چاوم لەسەر لۆتۆما هەڵنەدەگرت. سەرۆکی پیرەژنەکان مۆزە وشکبوەکانی بە توێکڵەوە دەجاوی‌و دەیخوارد، هێندە سەرگەرمی خواردن بوو کە منو لۆمبۆی لە دوای خۆیەوە نەبینی.

من لە لای چەپو لۆمبۆ لەلای ڕاستەوە خۆمان لێ نزیك کردەوە، خۆمان گرت تا خواردنەکەی تەواو کرد، لۆمبۆ بە ئامازەی من دەستێکی کێشا بە پشتیداو ئێمەی بینی، هەرکە چاوی پێم کەوت وتی:

— مێردە ئازیزەکەم ئەوە تۆیت.

منیش وتم:

— بەڵێ هاوسەرە دڵڕفێنەکەم، زۆرم بیر دەکردیت، هاتووم لەگەڵ خۆمدا بتبەم.

کاتێك ئەمەم دەوت لە ناخی دڵەوە دەمویست بە هەموو هێزی بازوەکانم بەردێك بە سەریدا بکێشم. پیرەژنی ناشیرین بە بیستنی ئەم قسانە بە پەلە بەڕێ کەوتو وتی:

- با خێرا بڕۆین، خێرا.

لۆمبۆ بە قسەکردنەوە سەرقاڵی کردو بەم فێڵە وردە وردە لە هۆزەکە دوورکەوتینەوە.

بێجگە لەو نەخشەیە نەبێت هیچ ڕێگایەکی دیکەمان بۆ بردنی لۆتۆما نەبوو، گەر بمان ویستبا بەزۆر بیبەین ئەو دەیقیژاندو هەموو لایەکی لێ ئاگادار دەکردینەوەو جانیش دەیزانی کە هێشتا ئێمە ماوین.

لە ڕێگا هەرچەن هەنگاوێك کە دەڕۆشتین، لۆتۆما دەستی منی دەگرتو ڕایدەکێشا بە لۆمبۆی دەوت:

- تۆ بڕۆ لێمانگەڕێ، لێمان دوورکەوەرەوە.

پێنج سەد هەنگاوێك لەولاترەوە، وەك ئەوەی شێتییەکەی بۆ هاتبێتەوە هەمان دیمەنەکەی پێشوی دووپات دەکردەوە دەستی منی کێش دەکردو دەیبردم بۆلای درەختەکانەوە.

زۆر بە زەحمەت توانیمان ئەو لە ناوچەی مەترسیدار دوور بخەینەوە بگەینە شوێنێك ئەگەر هاواریش بکات کەس نەیبیستێت، لەوێ بە دواوە ناچار نەبووین گوێی بۆ بگرین، دواجار کە ویستی قۆڵم ڕاکێشێت، لۆمبۆ پرچە ڕەش و سپییەکانی کە ئەتوت یاڵی ئەسپە گرتیو بە دوای خۆیدا کێشی کرد. وتی:

- وەرە ئێمە کاری دیکەمان بە تۆ هەیە.

لۆتۆما ئەنجا تێگەشت ڕاستییەکەی بە دەر لەوەیە کە ئێمە نیشانی دەدەین.

سەرەتا یەك دووجارێك قیژاندی، پاشان دەستی کردە پاڕانەوە وتی:

— هاوسەرە ئازیزەکەم دەبینی چی لە هاوسەرەکەت دەکەن ئەو بکوژە.

من لەو کاتە پێکەنینم دەهات و توڕەش بووم، بەڵام لەجیاتی من لۆمبۆ هەقی خۆی پێدا، هەروەك قژی گرتبوو بەدوای خۆیدا کێشی دەکرد، هێندە لۆتۆمای بەو حاڵەوە هێشتەوە تاکو گەشتینەوە سەر شاخەکە.

کاتێك باسەکەمان بۆ گێڕایەوە، نۆبەی سەماکردنی ئەو بوو، شانەکانی هەڵتەکاندو وتی:

— من نازانم، من ئەم کارە ناکەم.

دوو سێ کاتژمێر پاڕاینەوەو بەڵێنمان پێدا تا دواجار قایل بوو بەڵێنیدا کە سبەی بەیانی چارەسەری هەمویان بکات.

سبەی چالاکییەکان دەستی پێکرد، لۆتۆما لەگەڵ سێ کەسی دیکەدا چوونە دارستان گۆگۆدو چەن بەستەیەك گیایان لەگەڵ خۆیاندا هێنایەوە.

لۆتۆما بە هۆی گیراوەی گۆگردەکەوە برینەکانی دەشۆرد، پاشان دەستبەکار بوو، جۆرە گیایەکی لەسەر دوو پارچە بەرد کوتا، ئەمجۆرە بۆ تەسکینی ئازارو کزانەوە بوو کە دەستبەجێ دوای شۆردن گیراوەی گۆگردەکەی لێدەدا، کاریگەریەکی بە تینی هەبوو، من خۆم کاتێك برێك لەو گیا کوتراوەم خستە سەر برینەکانی پشت و ملم، لە ماوەی چەن چرکەیەکدا ئارام بوومەوە.

کاتێك یەکێك بە لەشی سوتاوەوە لەو گەڵا سەوزەی تێگیرا بوو کە بەرێدا دەرۆشت لەوە دەچوو لە ئاسمانەوە دابەزیبێتە سەر زەوی.

کە دنیا تاریك داهات، نهێنییەکی دیکە ئاشکرابوو کە کە سەیرە هاوکات مایەی تێرامان بوو، منو لوچی لەسەر بەردێك دانیشتبوین لەپڕ یەکێك هاواری کردو وتی:

– ئەها، سەیرکەن، تیشك هات.

من ئاوڕم دایەوە، بەوپەڕی سەرسامییەوە بینیم کە ئەوان ئێمە بە پەنجە نیشانی یەکتر دەدەن.

بۆ زیاتر ڕوونبونەوە هەستامە سەرپێ، گیانم دەبریسکایەوە، لەشی ئەوانیش درەوشانەوەیەکی تایبەتی هەبوو، تەنیا کەسێك نەدەبریسکایەوە (لوماتو)کە ئەویش دەستەکانی لە پەنجەیەوە تا مەچەکی وەك ئێمەی لێ هاتبوو.

شتێکی سەیر بوو، من بە خێرایی هۆکارەکەم دۆزییەوە، لەو جێیەی کە جۆری دووەمی گیاکەیان کوتابوو هەمان درەوشانەوەی هەبوو، نیشانەی ئەوەبوو هەرچییەك بوو گیایەکە بوو ئەو گیایەی لە خۆیانیان دابوو جۆرە فسفۆرێك بوو، چونکە لە هەوایەکی ڕەهادا بوو وشك دەبوو دەبریسکایەوە.

## ٧

لەم کاتەدا ئەو هەواڵگرەی ناردبووم بۆ هەواڵ، گەڕایەوە وتی:

- جان، بۆ مردنی تۆ ئاهەنگ دەگێڕێت، فەرمانی داوە ژەمە خۆراکێکی زیادە دابەش بکات، بە پەلە ئەو خەیاڵەی کە هەمبوو فەرمانی جوڵەکردنم کرد، لۆتۆمام بانگ کردە پێشەوە چپاندم بە گوێیدا:

- ئەو پیاوە قژسوورەت خۆشدەوێت؟

لۆتۆما ددانە ڕەشەکانی دەرخستو وتی:

- بێگومان، بێگومان.

وتم:

- زۆرباشە، ئەویش تۆی خۆشدەوێت، کاتێك گەشتینە ئەوێ تۆ بڕۆ بۆلای و کارێك بکە بتباتە کوخەکەی خۆی، ئەگەر زانیت بەرگری کرد بێ هیوا مەبە، ئەوان لە شوێنی خۆیاندا نەریتییان وایە، سەرەتا بەرگری دەکەن بەڵام دواتر....

لۆتۆما لە خۆشیاندا چەپڵەیەکی لێداو کەوتە ڕێ، ئێمەش بە دوایدا. هەرچی ئەو شیلەی گیایەی لە خۆماندا بوو وشکتر بویەوەو زیاتر دەبریسکایەوە، کۆمەڵە کەسێکی بریقەدار بە پەڵەی سەوزەوە بە ڕێگای دارستاندا دەڕۆشتن، لۆتۆما دەستەکانی تا مەچەکی دەدرەوشایەوە، ئەو لە پێشمانەوە بە جۆش و خرۆشەوە دەڕۆشت.

ئەو باوەڕی کردبوو کە جان عاشقی ئەو بووە. لە خەیاڵی ئەو دیمەنەی کە کاتژمێرێك دواتر ڕوو دەدات، پێکەنینم دەهات، بەڵام نەمهێشت. کاتژمێرێك شەو تێپەڕی بوو، گەشتینە شوێنی هۆزەکە، هەمویان سەمایان دەکرد، (جان)یش لە سەر کورسییەکی تەختە دانیشتبوو کە دەمێك بوو دروستم کردبوو، بە خوێنساردیو کەمتەرخەکییەوە تەماشای جەژنو خۆشی خەڵکەکەی دەکرد. لەو کاتەدا بیری لای ژنە جوانەکانی دوورگەکەو ئاهەنگەکەیان بوو، بیری لە ئیمپراتۆری ئینگلتەرەو دەستبەسەردا گرتنی دوورگەی بەهەشتو دەرهێنانی نەوتو دانانی بنکەی سەربازی دەکردەوە، بیری لەوە دەکردەوە کە ڕۆژێك خۆی وەك فەرماندەی ئینگلیزی بۆ دوورگەی بەهەشت کاندید بێتو بە دەستی پاشای ئینگلیز مەدالیا وەربگرێت.

من لە نزیك خێڵەکەوە فەرمانمدا کە لۆمبۆو دە کەس لە خەڵکەکە جیا ببنەوەبە ڕێگای باکورو کەناری دەریادا خۆیان بگەێننە هۆزەکە، بۆ ئەوەی هەردوو تاقمەکە بەیەکەوە بگەین، کەمێ پشووم ڕاگەیاند.

(تاچامانی)و پاسەوانەکانی (جان) بە نێزەی درێژەوە لەو دەوروبەرەدا چاودێر بوون جارجارێك دەگەڕانەوەو سەیری پشتەوەیان دەکرد، کەس

چوزانێت ڕەنگە دڵیان هەواڵی دابێت کە لەو کاتەدا هەست بە مەترسی بکەن.

هێرشەکە لەناکاو دەستی پێکرد. لۆمبۆو دە کەس لە ژێر فەرمانی ئەودا بەرەو باکور، منو ئەوانیتر لە باشورەوە هێرشمان برد.

(جان) بیری لە هەموو شتێك دەکردەوە، تەنیا لە کاتی ئاهەنگەکەدا نەبێت ئەویش ئەو ئاهەنگەی بۆ مەرگی ئێمەی دەگێڕا، لەپڕ سەرو چاوی ئێمەی لەبەردەمی خۆیدا بینی.

(تاچامانی) خۆی خستە بەردەمی جان تا بەرگری لێبکات، بەڵام من بە گوللەیەك کە ئاڕاستەی زەویەکەم کرد ناردمەوە بۆ دواوە، جان هەڕاسانو ترساو دەیویست ڕابکات، بەڵام زوو پەشێمان بویەوە وتی:

– هاوڕێیان هەرچۆنێك بووە ئەمانە دەستگیر بکەن، چەن واقوڕماو بوو کاتێك کەبینی هەموو خەڵکەکە لەبەرامبەرمان کڕنوش دەبەن.

دەنگی (هوهو) (هوهو) یان دەچویە ئاسمان، هەموو بەچۆکدا هاتبوون لە بەرامبەرمان کە هەمووومان بریقەمان دەدایەوە کڕنوشیان برد.

ترسی ئەوان هەمان ئەوبریسکەیەی فسفۆرەکە بوو، کە بە خەیاڵی خۆیان ئێمە لە ئاسمانەوە دابەزیووین، کڕنوشیان بردو بە پێی نەریتی خۆیان (هوهو)یان کێشا.

جان خێرا تێگەشت کە هیچ شتێکی لێ ناوەشێتەوە، هیچ یەکێك لەو خەڵکە ملکەچی بۆ ناکەن، ڕەنگە گوێیان لێ نەبووبێت یان گوێیان لێ بووبێتو بە قسەی نەکەن.

لۆمبۆ (جان)ی دەسگیرکرد، منیش تاچامانی، فەرمانمدا دەستو پێی بە گوریس ببەستنەوە، بە جانم وت:

— لە بەرامبەری ئەو خراپیانەی دەرهەق من کردت، هەقی ئەوە بوو بە ئەشکەنجەوە بتکوژم، بەڵام من ئەم کارە ناکەم، بە جۆرێکی دیکە تۆڵەی خۆمت لێ دەکەمەوە.

لەماوەی نیو کاتژمێردا هەموو هۆزەکە هاتنە ڕیزی ئێمەوە ئەوەی بەرگری دەکرد خۆی ڕادەست کرد، لەم لایەوە خاترجەم بووم، ئاماژەیەکم بۆ لۆتۆما کرد کە بچێتە لای جانو سەرقاڵی بکات.

کۆمەڵێکی زۆر مەشخەڵیان هێناو دەوری (جان)یان دا کە وەکو گورگی ترساوی لێ هاتبوو لێمان ورد دەبویەوە. ئەو بازنەیەی کە جانی تێکەوتبوو بە جوانی ڕوناك بویەوە، هەموو دەیانبینی کە لۆتۆما چی لەگەڵ (جان)دا دەکات. دیمەنێکی تەماشایی بوو. (جان) کە دەربارەی ژنان کەمتەرخەم بوو ئێستا لەبەردەمی لۆتۆمای پیردا چی دەکات، جان چاوی تێبڕی بووم، لە ڕوانینەکەیدا پاڕانەوەو هەڕەشە بەدی دەکرا، من نە گوێم بە پاڕانەوەکەی ئەودا نە لە هەڕەشە کردنەکەیشی ترسام.

خەڵکەکە پێدەکەنین، ژنەکان چەپڵەیان لێدەدا، بە جانیان ڕادەبوارد.

لۆتۆما، دەستی گرتو لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ یەکێك لە کوخەکان، ئەمەش باشترین سزای پیاوێکی خوێنساردو کەمتەرخەم بوو، کاتێك کە هەستم کرد تەواو ماندوو بووە، مۆڵەتمدا لۆتۆماو دوو پیرەژنی دیکە مێردی هاوڕێکەیان ببەنە کوخەکانی خۆیانەوە.

(جان)یان بە ڕاکێشان بردە کوخێکەوەو من خۆم دەرگای کوخەکەم بە نیرگەیەك بەست کە بە هیچ جۆرێك نەکرێتەوە. بۆ بەیانی کە دەرگاکەم کردەوە، جان بە چاوانی هەڵاوساوەوە لە سوچێکی کوخەکەوە چیچکەی کردبوو پیرەژنەکان باوەشێنیان دەکرد، لە سەروسەکوتییەوە گومانی هەموو شتێکم کرد.

جان، کە چاوی پێم کەوت وتی:

– ئەمە سوکایەتییەك بوو تۆ بە وڵاتی ئینگلتەرەت کرد؟

بە پێکەنینەوە پێم وت:

– نا ئەمە سزای تۆ بوو، بەڵام هێشتا تەواو نەبووەو سزای دیکە لە دواوەیە.

بە پاڕانەوە وتی:

– چیتر ماوە بیکەیت؟

– دەمەوێ لەگەڵ پیرەژنەکان بتنێرم بۆ دوورگەی دۆیس، تۆ بویتە مێردی هەمیشەیی لۆتۆما، ئەو مافی ئەوەی هەیە هاوکات مێردی دیکەشی هەبێت، هەر کاتێك ویستی بە ئارەزووی خۆی تۆ بدات بە پیرەژنەکانی دیکە یان بتفرۆشێت، من کە فەرماندەیەکی ئیتالیم ئەو مۆڵەتە بەو دەبەخشم.

لۆتۆماو پیرەژنەکانی دیکە لە خۆشیدا لە جێی خۆیان هەستان، مزگێنیەکی گەورەم پێدان باوەڕیان پێ نەدەکرد، بەڵام ڕاست بوو، چونکە پیاوەکانی دوورگەکە لە تاقیکردنەوەدا خراپ بوون فەرماندا هەموویان بە بێ لۆمبۆو ئەو دە کەسەی لەگەڵ مندا بوو بگەڕێنەوە بۆ دۆیس

کارەکانیش ئامادە بوون. دەمەوبەیانی ئەو ڕۆژە بەلەمەکەیان ئامادە کرد بۆ سەفەر ئازوقەیان ئامادە کردبوو، کاتێک هەموو شتێك ئامادە بوو، تاچامانیم بە دەستی بەستراوەوە هێنا لە تەنیشت جانەوە دامنا وتم:

— گوێ بگرن، هەموو دەبێت بگەڕێنەوە بۆ دۆیس، هەرچەن لە دەرهەق خراپەکارییەکانی لەگەڵ مندا کردت دەبێت بتکوژم، بەڵام جارێکی دیکە دەرفەتی ژیانت پێ دەدەمەوە.

لەم سەفەرەدا جەنابی سەرکردە (جان) یش لەگەڵ ئێوەدا دەنێرم تا دۆیس فەرماندەیەکی ئینگلیزی هەبێت، بەمشێوەیە ئەو دوورگەیە دەبەخشمە دەوڵەتی ئیمپراتۆری ئینگلتەرا.

هێشتا جان نەیدەزانی دۆیس چۆن شوێنێکە، ڕەنگە لە خەیاڵی خۆیدا وایزانیبێت لە دوای چەن ڕۆژێك دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ دوورگەی بەهەشت، نە درێژایی ڕێگاکەی دەزانیو نە بارودۆخی ژیانی دۆیسیش شتێکی ئەوتۆی دەزانی، بۆیە بە خۆشحاڵییەوە پێشنیارەکەی پەسەند کردمو وتی:

— بە دڵمە. قبوڵی دەکەم، ئێرە بۆ تۆ، منیش دۆیسم بەسە.

تاچامانی کە لە تەنیشتییەوە وەستا بوو بە هێواشی وتی:

— قبوڵی مەکە، دۆیس دۆزەخە، ئەم پیرەژنانە ئەڵێی قرژاڵن، بەڵام جان هەر بێدەنگ بوو، ناچار خۆی بە دەنگی بەرز وتی:

— ئێمە ناڕۆین، لێرە ناچینە دەرەوە، هەمومان بکوژەو ناچین بۆ دۆیس.

یەکێك لە ژنەکانی پێشوی خۆم ئە و ڕۆژە هەواڵی پێدابووم کە تاچامانی پیلانێکی داڕشتوەو دەیەوێ تۆ بکوژێت، ئاگات لە خۆت بێت.

من زۆر گوێم بەو قسانەی ئەو نەدا، بەڵام لۆمبۆو لوچی چاودێر بوون و کەمتەرخەمیان نەدەکرد.

دروست ئەو کاتەی کە تاچامانی قسەی لەگەڵ دەکردم، لەپڕ یەکێ لەوان نێزەکەی هەڵبڕی بەرەو من وەشاندی، ئەم کارەی هێندە بە دەستوبرد کردکە نەمتوانی خۆمی لێ لابدەم.

شانی چەپم سوتا، دەنگی چەن گوللەو هاواری پیاوێکم بیستو چیتر نەمزانی چی بوو، سەرم گێژی خوارد لە خوێنی خۆمدا دەگەوزام، نێزەی ئەو پیاوە ڕێك شانی چەپی پێکابووم، لە ژێر ئێسکی شانمەوە دەرچوبوو.

هەوڵێکی زۆرمدا تا بێ هۆش نەبم، بەڵام بێ هودە بوو، چونکە خوێن بەربوونەکە لە هۆشی خۆمی بردبووم، دنیا لەبەر چاوم سوڕایەوەو ڕەش بوو هیچ شتێکم نەدەبینی. شتێك لە دواین ساتی هۆشیاریمدا بیرم لێ دەکردەوە، ڕاپەڕینو شۆڕش بوو، بە مردنی من دەکرا لۆمبۆ بکوژن. نازانم چەندێك بێ هۆش بووم، کاتێك بە هۆشدا هاتمەوە کە بێدەنگی ئاسودەییکی بە چێژم لە دەور بوو، ئێشو ئازارم نەبوو، دەنگی جیکە جیکی چۆلەکەو باڵندەکانی دارستان لە دەرەوەی کوخەکە دەهات. هیچ دەنگو هەراو زەنایەك نەبوو.

کەمێك سەرم هەڵبڕی، لەسەر لای ڕاستم شانم دادا، لەم کاتەدا هەستم بە ئازارێکی بە تینی شانی چەپم کرد بانگم کرد:

— لوچی، لوچی.

دەرگای کوخەکە کرایەوە لە جیاتی لوچی ژنێکی جوان هاتە ژورەوە، سەرەتا بە هۆی ڕوناکی بە تینی دەرەوە نەمتوانی بیناسم، بەڵام کاتێك کە دەرگاکەی داخست لۆمالوم ناسییەوە.

لۆمالو لە تەنیشتمەوە دانیشت، سەری خستمە سەر ئەژنۆی خۆی، دەستی بە قژمدا هێناو وتی:

— چیت دەوێت، حاڵت باشە، بە هۆش هاتیتەوە؟

وتم:

— لوچی لە کوێیە؟

— لوچیو لۆمبۆ، هەموو ڕۆژێك دەچنە کەنار دەریاکەو چاودێری دەکەن، نەوەك ئەو شەیتانە قژسوورەو پیاوەکانی بێنەوە بۆ ئەم دوورگەیە.

— بە سەرسامیەوە وتم:

— تۆ چی دەڵێیت؟ مەگەر ئەوانت دەرکردووە؟

هێشتا لۆمالو وەڵامی نەدابومەوە کە لوچیو لۆمبۆ هاتنەوە، لوچی کە منی بینی قیژاندی خۆیدا بەسەر پێمدا، لەوەی کە بەهۆش هاتبومەوە زۆری پێخۆش بوو.

بەسەرهاتەکەم لە لۆمبۆ پرسی وتی:

— ئەو کەسەی نێزەکەی تێ گرتیت بە دوو گوللە کوشتم، چەن کەسێك لە هاوڕێکانی تاچامانی ویستیان گێچەڵ بکەن، ئەوانیشم کوشت، ئەمەش ئەوانی دیکەی ترساند، هەموو خۆیان ڕادەست کرد، منیش

دەستبەجێ فەرمانمدا بەرەو دۆیس بەڕێ بکەون، ئەمڕۆ سێ ڕۆژی تەواوە کە تۆ بێ هۆشیت، سێ ڕۆژە ئەوان ڕۆشتوون.

پرسیم:

- چ کەسانێك ڕۆشتوون؟

- وەك خۆت وتت، پیرەژنەکان، پیاوەکانو جانم نارد. (کامینۆ) زیندانییەو لە پیاوەکانیش بیست کەسم لە بە هەشت داناوە کە لە دروستکردنەوەی سەر لەنوێی شاردا هاوکاریمان بکەن.

لۆمبۆ دروست هەمان ئەو پلانەی جێبەجێ کردبوو کە من خۆم دامنابوو، دوورگەی بەهەشت جارێکی دیکە ئارامو بێدەنگ بوو، ژنان بە کاری ئاسایی خۆیانەوە سەرقاڵ بوون، بەڵام هێشتا ئەو چالاکیو خۆشییەی جارانی نەبوو، شوێنەواری برسێتیو ناڕەحەتی لە جەستەیان دەرنەچوو بوو، برسێتی ئەو ماوەیەیان لە کۆڵ نەبووبوویەوە.

لۆمبۆ گەشبین بوو باوەڕی وابوو بۆ هەمیشە لە شەڕی جان ڕزگارمان بووە، بەڵام من نەمدەتوانی تا ئەو ڕادەیە هیوادار بم، ڕاستییەکەی ئەمە بوو حەزم دەکرد جان بکوژم، ئەگەر ئەو بکوژرایە من بۆ هەتا هەتایە خەیاڵم ئاسودە دەبوو، تا زیندو بوو مەترسی هەبوو، بەڵام لایەنی مرۆڤایەتی بەربەستی کوشتنی ئەو بوو.

وردە وردە برینەکەم چاك بویەوە، حاڵم بەرەو باشی دەچوو، ڕۆژانە بەناو دارستاندا دەگەڕام، ژنە جوانەکانی دوورگەکە، منالان، کچەکان، هەموو بە ستایشەوە لێیان دەڕوانیم، لە ڕوانینیان منەتو سوپاس دەباری، ئارامیو ئاسایشی دووبارەی دوورگەکەیان بە قەرزاری من

دەزانی، منیش لەوەی کە دەمبینی ئەوان پێدەزانن‌و تێدەگەن، چێژم دەبینی‌و ڕازی بووم.

ڕۆژێك کە حاڵم باشتر بوو سەرێکم لە وشکانیدا، لۆمبۆ ژیرانە ڕەفتاری کردبوو، بە درەختی دارستانەکە، بە لق‌و گەڵایەکی زۆر کە خۆی‌و ئەوانیتر کۆیان کردبویەوە، کەشتییە ئینگلیزیەکەیان داپۆشی بوو تەواو کردبویان بەژێر دارو گەڵاو لق‌و پۆپی دارەوە، بۆ جۆرێك لە هیچ لایەکەوە هیچ کەسێك نەیدەتوانی بزانێت کە لەو شوێنە بچوکەدا کەشتییەکی چەکداری حەشار دراوە.

نزیکەی مانگێك تێپەڕی، لەو ماوەیەدا، من تەواو چاك بوومەوە کارو چالاکییەکانم دووبارە دەست پێکردەوە، بۆ ئەنجامدانی کارەکان پلانێکی دورو درێژم داڕشتبوو دەمویست بە خێرایی دەستبەکار بم، چونکە لەو ماوە دوورو درێژەدا هێندە ڕوداو و کارەساتی جۆراوجۆرم بەسەردا هاتبوو بە تەواوی نیشتمانەکەی خۆمم بیر چووبوویەوەو هیوای گەڕانەوەم بۆ ئیتالیا لە دەستدابوو، وەك کەسێکی خەڵکی دوورگەی بەهەشت بیرم دەکردەوە، بەڵام لەوە دەچوو کە خودا ویستی نەبێت من لە دوورگەی بەهەشتدا ئاسودە بم.

هێشتا بەڵایەکم لەسەر لانەدەچوو بەڵایەکی دیکە بەرۆکی دەگرتم، ڕۆژێکیان بەیانی کە تازە لە خەو بێدار بوبومەوە، دەمویست لەگەڵ لۆمالۆو لۆچیدا لە ئاوی ئەستێڵی قازەکاندا مەلە بکەم، لۆمبۆ بەڕاکردن هات بۆلام‌و وتی:

- جان، لەگەڵ چوار کەسی دیکەی وەك خۆی قژسوور کۆمەڵێك لە خەڵك هاتونەتە دوورگەکەو بە دوای کەشتییەکەدا دەگەڕێن.

بە بیستنی ئەم هەواڵە شۆك بووم، بەڵام کاتێك بیرم کەوتەوە کە شتییەکە چەكو تەقەمەنی تێدا نەماوە، تێکڕای تەقەمەنیەکانم شاردۆتەوە خەیاڵم ئاسودە بوو وتم:

- مەترسە بە تفەنگ دەیانکوژم.

لۆمبۆ بە ترسەوە وتی:

- ئەوانیش چەکدارن هەر لەم چەخماخە ئاگرینەی ئێمەیان پێیە.

ئەمەش بە ڕاستی مایەی ترس بوو، جان تا ئەمڕۆ تاکە کەسێك بوو من بە هەبوونی ئەو ئارامیو ئاسودەییم نەبوو، ئەگەر چوار کەسی دیکەی ئینگلیزی لەگەڵدا بێت ئاخۆ چ بەڵایەکی دیکەم بەسەر بێنن.

بۆ زیاتر بەدواداچون لەگەڵ لۆمبۆدا ڕۆشتم، لە دارستانەکەوە ناوبڕمان کرد تا ئەو جێیەی ئەوان. لۆمبۆ ڕاستی کرد. جانو چوار کەسی دیکەو ژمارەیەك لە خەڵکی دوورگەکە دەرکەوتن. هەر پێنجیان چەکدار بوون بەلەمێکی ماتۆڕی گەورەی چەکداری دەرکەوت. بە دیتنیان دڵم داخورپا.

ئەوەی سەرنجی ڕاکێشاین ئەمە بوو ئاگایان لە خۆیان نەبوو، وەك ئەوەی بۆ ماڵی خۆیان هاتبن، بە بڵاوی بە ڕێدا دەرۆشتنو قسەیان دەکرد بە تایبەتی یەکێیان لە ڕوی سەربازییەوە پلەدار بوو، بە چڵە دارێك لەسەر زەویەکە هێڵی دەکێشا ئاماژەی بۆ ئەملاو ئەولا دەکرد ئەوانی دیکەش وەك بڵێی بۆ ماڵی خۆیان هاتبن، هیچ بیریان لەوە نەدەکردەوە کە من لەو دوورگەیەدا دەسەڵاتدارمو نایەڵم بمێننەوە، بەڵام پێنج کەسی ئینگلیزو

چەك بە دەست بیست کەسی دیکەی نێزە بە دەستی دۆیسی زۆر ترسام، بە لۆمبۆم وت:

— دەزانیت دەبێت چی بکەین؟ هەر ئەمڕۆ دەبێت ئەمانە بکوژین، جانو ئەو چوار کەسەو تاچامانیو ئەوانی دیکەش، من تا ئەمڕۆ نەمویستوە مرۆڤ کوژی بکەم، بەڵام ئەگەر لێگەڕێین ئەمانە دەمانکوژن.

لۆمبۆ وتی:

— ئەگەر مۆڵەت بدەیت من دەڕۆمە شوێنێك خۆم حەشار دەدەمو دەیانکوژم.

وتم جارێ با بزانین چی دەکەن، کوشتنی ئەوان هێندە ئاسان نیە.

بە پەلە لەگەڵ لۆمبۆو لوچی گەڕاینەوەو ئەوانی دیکەمان لە بابەتەکە ئاگادار کردەوە، هەموو نارەحەتو نیگەران بوون، چونکە دەیانزانی ئەگەر جارێکی دیکە جان بالادەست بێتەوە بەدبەختیو برسێتیو هەژاری بەرۆکی خەڵکی ناوچەکە دەگرێتەوە.

چەن کەسێك لە ژنەکان دەستیان کردە گریانو پاڕانەوە کە بیانکوژم، من بەڵێنم پێدان کە دەروازەی دوورگەکە دەبەستمو نایەڵم کەسی بێگانە پێ بنێتە دورگەکەوە، هەموو پیاوەکانم چەکدار کردو فەرمانی پێویستم پێکردن، دروست هەمان ئەو کاتە بوو کە دەنگی تەپڵی مەترسی بەرز بویەوە، تەپڵی مەترسی تەپڵێکی تایبەت بوو کە لە پێستی ئاسك دروستم کردبوو، چەند کەسێکم بۆ تەرخان کردبوو لەکاتی هەبونی مەترسیدا لێی بدەن، ئێستا تەپڵ لێدەدرا، دیاربوو کە ئەوان لێمان نزیك بونەتەوە، لوچی بە پەلە هاتە لامەوە، لۆمبۆ تفەنگەکەی ئامادەی تەقە کردن کرد،

پیاوەکانی دیکە بە هەمانشێوە، بەڵام ژنەکان وەك مشکی بیابان بە پەلە چونە کوخەکانی خۆیانەوە دەرگایان داخست.

بە لۆمبۆم وت برۆ بزانە چی بووە، ئەو ڕۆشتو بەڵام هێشتا سێ چوار خولەکی پێنەچوبوو لەگەڵ یەکێکی دیکەدا گەڕایەوە، ئەو پیاوە لە دەستەی ژێر فەرمانی خۆمدا نەبوو، لەو کەسانەی هاوکاری جان بوو لەگەڵ ئەودا هاتبونە بەهەشتەوە.

چپە چپیان بوو، شتێکی سەیریان بینی بوو، بەڵام من وەك ئەوەی بیرم نەمابێت لە دورگەی بەهەشتدابم، کەسەکە نێزەیەکی پێ بوو بەسەری نێزەکەیەوە کاغەزێکی پێوە بوو. هاتە پێشەوە، سەری ڕێزی دانەواند، نێزەکەی لە بەردەممدا بە جۆرێك دانەواندو پارچە کاغەزێکی لە بەر دەمو چاومدا وەستاند.

تێگەشتم جانو هاوڕێکانی کاغەزیان بۆ نوسیووم، نامەکەم هەڵگرتو کردمەوە، کاغەزێکی شەترنجی کاڵ بوو کە لەسەرویەوە نیشانەی هێزی دەریایی پێوە بوو، چەن ساتێك لێی ورد بوومەوە، هەموو چاویان تێبڕیبووم بەڵام ئەوانەی لە دەورم بوون هیچ لەمە تێنەگەشتن، چونکە مانای نووسینو خوێندنەوەیان نەدەزانی، هەرگیز کاغەزیان نەدیتبوو، لەوەی کە شتێکی ناسکیان بە دەستی منەوە دەبینیو خشە خشی دەهات زۆر پێیان سەیر بوو.

نوسرابوو:

بەڕێز ئەفسەر جیووانی، ئەفسەری هێزی دەریایی ئیتالیا لە دورگەی بەهەشت، مۆڵەت دەخوازم خۆمت پێ بناسێنم، من فەرماندە (مایك)م،

هاوڕێکانم فرێدو ئانتۆنیو جیمی، هەر چوارمان لە کەشتییەکی جەنگیدا کارمان دەکرد، دوای نوقمبونی کەشتییەکە بە هاوکاری هاوشاری (جان بیکن) زانیاری تەواومان هەیە، بەڵام نامانەوێت شەڕت لەگەڵ بکەین، دان بەوەدا دەنێین کە تۆ حاکمی ئەم دورگەیەیت، چونکە پێشتر هاتویت دەتوانیت دورگەکە بکەیت بە ناوی دەوڵەتی ئیتالیاوە، بەدەر لەمەش دەبێت ئاگادارت بکەمەوە کە دۆخی جەنگ لە ئەوروپادا گۆڕاوە، ئێستا ئیتالیا هاوپەیمانی ئینگلتەراو ئەمریکایەو لەگەڵ ئەڵمانیادا دەجەنگێن، بۆیە بەرژەوەندی ئێوە لەمەدایە هاوپەیمانیمان قبوڵ بکەن، بێجگە لەمە گەر بتەوێت لەگەڵماندا بەشەڕ بێیت لەوەناچێت سەرکەوتوو بیت. ئەگەری زۆری ئەوە هەیە هەمووومان بکوژرێین، بەڵام ئەگەر قایل بیت هەمووومان لەم دورگەیەدا بین پێکەوە ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەین. لەگەڵ خۆشترین ڕۆژەکان.

"فەرماندە. مایك"

ئەم نامەیە بۆ من شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو، نەمدەتوانی دەستی دۆستایەتی ئەوان ڕەت بکەمەوە، چونکە خۆیان وتەنی ڕەنگبوو لە شەڕدا خودی خۆم بکوژرێم سەرباری ئەوەی سێ کەس لە ئەفسەرانی هێزی دەریایی بەریتانی پێشنیاری ئاشتەواییان بۆ کردووم، ئەوان بە پێچەوانەی جانەوە خاوەن بڕوانامەی زانکۆ بوون دەربارەی یەکگرتنی ئیتالیا، ئینگلتەرا دەبێت دان بەوەدا بنێم لەو بارو دۆخەی من تێیدا بووم بەلامەوە گرنگ نەبوو، چونکە تێکڕای هەوڵی من بۆ ئەمە بوو ژیانو پێگەی خۆم بپارێزم.

لۆمبۆم بۆ کوخەکە بانگ کردو هەموو شتێکم پێ وت، سەرەتا لۆمبۆ پێی سەیر بوو، ئەوەی پێ سەیر بوو کەس لەگەڵ مندا قسەی نەکرد ئیتر من چۆن ئەم بابەتانە لە زمانی ئەوانەوە باس دەکەم. وتی:

– ئەم هەموو قسانەیان لەسەر ئەم کاغەزە کێشاوە؟

– بەڵێ، ئەم بابەتەیان لەسەر ئەم کاغەزە نوسیوە، دواتر فێرت دەکەم، بەڵام ئێستا بزانم ڕای تۆ چیە لەم بارەیەوە؟

لۆمبۆ، بیری کردەوە، پاشان بە سیمایەك کە ژیریی لێ دەباری وتی:

– ئەوانیش هۆزێکن؟ لە دورگەیەکدا دەژین؟

لۆمبۆ بە پێی ژیریی خۆی بیری دەکردەوە، وایدەزانی لە دنیادا چەن هۆزێکی دیکە هەیە کە هەموو مرۆڤەکان ناچارن لەو هۆزانە جیا ببنەوە، تێگەیاندنی فراوانی دنیاو نەتەوەکانو وڵاتەکان بۆ ئەو کارێکی سەخت بوو، وتم:

– بەڵێ، هۆزێکن.

لۆمبۆ وتی:

– کەواتە وەك ئەو شەیتانە قژسوورە درۆزنن، دەبێت لێیان بەدور بین، دیارە فێڵێکی تازە دەکەن.

کاتژمێرێك لەو بارەیەوە قسەمان کرد، تێم گەیاند هەرچەن ئێمە ژمارەی چەکدارمان زیاترە، بەڵام لە شەڕدا دەرەقەتی پێنج ئەفسەری کارای ئینگلیزی نایەین، سەرەنجام بڕیارماندا جانو مایكو سێ کەسەکەی دیکە بانگ هێشت بکەین کە شەو بێنو لە ئاهەنگو خۆشیەکاندا بەشداری

بکەن، چونکە هیچ شتێکی نووسینم پێ نەبوو ناچار ئەو ئەرکەم سپاردە لۆمبۆ، ناردم بۆ لای مایک.

لۆمبۆ لەگەڵ نێراوەکەدا ڕۆشت مایکو ئانتۆنیو جانی بانگهێشت کرد، تا شەو بێن بۆ لامان.

کاتێ لۆمبۆ گەڕایەوە پێی وتم:

— فەرماندە، کەسێکی باش دیار بوو، بە پێچەوانەی جانەوە گەلێك خوێنگەرمو خۆشەویستە، بەڵام مەخابن کە زمانی ئێمە نازانێت.

وتم:

— ئەوان زیرەك نین، بەڵام لە خراپی ناخی خۆیان کە هەیانە زۆر بەخێرایی فێری زمان دەبن، زمانی هەموو نەتەوەیەك فێر دەبن تا بتوانن میللەت لەناو ببەن.

لوچی هاتە نێو قسەکانمانەوە.

پێم وت:

— بڕۆ لۆمالو، خوشکەکانی بێنە، دە کەسیش لە کچە تازە پێگەشتوەکان ئامادە بکە.

لۆمبۆ وتی:

— نا! باشتر وایە هەموویان کۆ بکەینەوە خۆت دە کەس هەڵبژێریت.

بیرۆکەیەکی خراپ نەبوو، لوچی ئەو ئەرکەی ئەنجامدا، هەموو ئەو کچانەی تەمەنیان هەژدە یان بیست ساڵ بوو کۆیان کردنەوە لە ڕیزێکی درێژدا لەبەردەم کوخەکەی مندا وەستان.

كچەكان لە خۆشیدا جێیان بە خۆیان نەدەگرت.

كچانی دوانزە ساڵەی خێڵەكی لە كچانی بیست ساڵەی ئەوروپایی جوانترو بە هەیكەلترن، بۆیە ئەمەم وت بەهۆی هەوای مامناوەندی ناوچەكە، هەر بونەوەرێك لە دورگەی بەهەشتو دورگەكانی ئەو دەوروبەرەدا گەشەیان بكردبایە، كچان لە تەمەنی دە ساڵیدا هەراش دەبوونو كورەكان لە دوانزە ساڵیدا دەبوونە پیاو ژنیان دەهێنا، هۆكاریش ئەمە بوو كە كورەكانیان دروست لە دە ساڵیدا دەبردە دۆیس.

دە كچی جوانیان هەڵبژاردو بە هەلهەلە لێدان بەرەو دارستان ڕۆشتن، تا خۆیان بە گوڵە كێویەكان برازێننەوە بەگەڵای بۆنخۆشی گیاكان لەشیان بشۆن. مەبەستی من لەم كارە ئەمە بوو لە هەمان ڕۆژی یەكەمەوە تامی خۆشیان پێ بچێژم تا چیتر بیری مرۆڤ كوژیو داگیركردن لە ناخیاندا بسرمەوە.

لوچی سەرنجی هەموو كارەكانی دەدا، خواردنی ئامادە دەكرد. لۆمبۆ چەن بزنە كێویەكی ڕاو كردو بە درەختی ئەستوردا هەڵیواسین تا لەسەر ئاگر ببرژێن.

من بیرم چوو ئەوە بڵێم، ئەو ڕۆژانەی كە هێشتا جان نەهاتبوو، من بڕێكی زۆر هەنجیری گەییوو شیرینم لە گۆزەیەكی گڵینی گەورەدا خستبویە چاڵ، مەبەستم ئەمە بوو تۆوەكەیان بگرمو نان شیرینی پێ دروست بكەم، بەڵام چەن ڕۆژێك دوای ئەوە جان هاتە دورگەكەو ئەوەی كەوتم ڕویدا، دەمی گۆزەكە نەبەسرابوو هەوای دەكێشا هەربۆیە ئەو ڕۆژەی سەر لەنوێ ئارامیم بۆ دورگەكە گەڕاندەوە بۆنی توندو كەسكونی

سرکەم کرد، کەمێك گەڕام بۆم دەرکەوت هەنجیرەکان بونەتە شەراب، خێرا دامپۆشیەوە نەوەك ئەوانیتر بزانن‌و فێر بن.

ئەو شەوەی کە بڕیار بوو پێنج کەسە ئینگلیزیەکە بێن بۆ هۆزەکە، دەرگای گۆزەکەم کردەوە، کەمێکم لێ پالاوت‌و لە گۆزەیەکی بچوکدا لە سوچێکی کوخەکەوە دامنا.

دەمەو ئێوارە هەراو زەنای ئاهەنگ دەستی پێکرد، هەڵپەڕکێ‌و خۆشی دەستی پێکرد، لۆمبۆو چەن کەسێکم ئامادەکرد کە وریا بن ئینگلیزەکان هێرش نەکەن.

میوانەکان دروست کاتی خۆرئاوابون هاتن.

فەرماندە مایك کە لاوێکی بالابەرزی سیما جوان بوو، لە پێشترەوە دەڕۆشت، لە دوایەوە فرێدو ئانتۆنی‌و جان بە قژەسورو بەدفەساڵەییەوە دەڕۆشتن، چەکیان پێ نەبوو، مایك چونکە پلەی لە ئێمە بالاتر بوو، سلاوێکی سەربازیم بۆ کرد، دەستی گوشیم، ماچی کردم‌و هەواڵپرسییەکی باشی کردم، بە ئەفسەران فرێد، ئانتۆنی، جیمی ئاشنای کردم، لەگەڵ جاندا ڕوبەڕوو بوومەوە، ناچار لەبەر مایك کە جەختی کردەوە ئاشت ببینەوە دەستیم گوشی‌و تەوقەم لەگەڵدا کرد.

هەروەك لۆمبۆ وتی مایك لاوێکی باش دیار بوو. لە چاوەکانیدا فرت‌وفێڵ دەرنەدەکەوت، پێکەنینی سادە بوو، لە ناخی دڵەوە پێدەکەنی‌و خۆشحاڵ بوو، بەلام چوار کەسەکەی دیکە واتا فرێدو ئانتۆنی جیمی‌و جان وەکو پەیکەر ساردو سڕو بێ گیان بوون، ئەتوت ئیرەیی بەو دڵخۆشییەی من دەبەن، یان بە نەبوونی نادیارێك ناڕەحەتن.

ژنەکان پێشوازیان لێکردین.

مایك، گۆشتی بزنەکێویی بە چێژەوە دەخواردو خوڵکی هاوڕێکانی دەکرد.

لە ئێوارەدا مایك وتی:

– تۆ لێرە هەموو کارێکت کردووە، بیستومە تەنانەت شارێکت بنیات ناوە، کارخانەی توانەوەی ئاسنت دامەزراندووە، بەڵام کارێکی گرنگت نەکردووە کە مایەی بێ سەلیقەیی تۆ دەبێت.

بە سەرسوڕمانەوە وتم:

– چیە؟

وتی:

– خواردنەوەت دروست نەکردووە.

بەرلەوەی وەڵامی بدەمەوە، ئاماژەیەکم بۆ لۆمبۆ کرد. لۆمبۆ دەستبەجێ لە گۆزە هەنجیرەکەی هێنا.

مایك کەمێکی لێ چەشت. لە خۆشیدا هاواری کردو وتی:

– بفەرموون، بخۆن، بنۆشن ماندوێتی جەنگ دەبێت لەم شەوەدا دەربکەین.

جان زۆر بەزویی مەست بوو؟

ئانتۆنی پیاوێکی قەڵەوی کورتە باڵابوو. ئەویش بە دوای جاندا ڕۆشتو دەستی دوو ژنەکەی خۆی گرتو بە نێو درەختەکانی دارستاندا ون بوو.

فرێد، چاوەکانی ورد بوون، قژێکی کەمی پشتە سەرو ڕیشێکی کۆسەی هەبوو، چەن خولەکێك دوای ونبوونی هاوڕێکانی بە مەستییەوە لێی پرسیم:

– ئەوان بۆ کوێ ڕۆشتن؟

بە پەنجە ئاماژەم بۆ دارستانەکە کردو وتم:

– تۆیش دەتوانیت بڕۆیت.

ئەویش ژنەکانی خۆی هەلگرتو ڕۆشت. جیمیش بە دوو کچەکەی بەشی خۆیەوە بەدوایدا ڕۆشت، تەنیا منو مایك ماینەوە. فەرماندەی ئێمە مەست بوو، بەڵام زرنگیو هۆشیاری خۆی لە دەست نەدابوو، لە کاتی مەستیدا ئاگای لە هەموو شتێكو هەموو کەسێك بوو، کردارو ڕەفتاری نیشانی دەدا کە خودا ئەوی بۆ فەرماندەیی دروست کردووە، ئەفسەرێکی گەلێك نایابە کە دەزانێت چۆن ڕەفتار لەگەڵ ژێر دەستەکانی خۆیدا بکات.

بە مایکم وت:

– تۆ ناخەویت؟

ئەو وتی:

– من ناڕۆم بۆ دارستان شوێنێکی گونجاو نیە، ئەگەر ئەو چاکەیەم لەگەڵدا بکەیت بۆ یەك شەو ژوورەکەی خۆتم پێبدە. لە سبەی شەوەوە بیرێك بۆ خۆم دەکەمەوە، پاشان بەو چاوانەی کە بە هۆی مەستییەوە سوور بووبوونەوە لێی ڕوانیم وتی:

– ژوورەکەت بە من دەدەیت جیووانی؟

بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە وەڵامم دایەوە:

- بەڵێ، بە خۆشحاڵییەوە.

بە لۆمبۆم وت کە مایکو هاوسەرەکانی بباتە کوخەکەی من، بە داخستنی دەرگای کوخەکەو ڕۆشتنی مایك ئاهەنگی ئەو شەوەمان کۆتایی هات، ژنەکان لێرەو لەوێ خەوتن، لۆمبۆش پاڵی بە درەختێکەوە دابوو وەنەوزی دەدا.

تاچامانیو کامینۆ، نەدەهاتنە بەرچاوم، خەڵکەکەش دڵیان پێیان خۆش نەبوو گوێیان پێ نەدەدان.

لوچی پێی وتم:

- ئەمشەو منو تۆ دەبێت لەژێر ئاسماندا بخەوین.

وتم:

- قەینا، شەوێکە خۆ تەمەنێك نیە.

بەدەم ئەم قسانە هەستامو دەستی لۆچیم گرتو لەسەر یەکێك لەو درەختانەی بۆ شوێنی پاسەوانەکان چێ کرابوو خەوتین.

هێندە شەکەت بووم کە زۆر بە زویی خەوم لێکەوت، نازانم چەن کاتژمێر تێپەڕی، خەو بە شێنەیی وەك مەرگی گرانو تاریکی لێ هات منیش لەم چەن کاتژمێرەدا ئەتوت مردووم.

لەوەی لە دەوروبەرم ڕویدەدا هیچ ئاگایەکم نەبوو، هیچ دەنگێك بێداری نەدەکردمەوە، هیچ هەستێکی دیارو نادیار لە ڕۆحمدا کاریگەری نەبوو، لەناخەوە هەستم دەکرد یەکێك دەمجولێنێت، دەنگی لۆچیم بیست دەیوت:

— هەستە، جیووانی، بێدار ببەوە، ئەمە چ خەوێکە.

پێڵوەکانم قورس بوو، بە زەحمەت دەمتوانی چاو هەڵبێنم، لەم کاتەدا دەنگێکی پیاوانەم بیست کە دەیوت:

— بێداری بکەرەوە، بیجوڵێنە، خێراکە کات نەما.

ئەو دەنگەم بیرکەوتەوە، دەنگی فەرماندە مایك بوو، هەستێکی نامۆو گران لەناخی منەوە هاواری دەکرد منی لە کارەساتێکی ترسناك بە ئاگا هێنایەوە.

بە پەلە لە جێی خۆم هەستام، چاوەکانم کردەوە.

— چی بووە؟ چی بووە؟

لەلای منەوە لۆمبۆو لوچی لەسەر لقی درەختەکە دانیشتبون، لە سیمای هەردووکیان ترس‌و بیم دەباری، لوچی بە پەنجە ئاماژەیەکی بۆ خوارەوە کرد وتی:

— ببینە، کاریان بە تۆ هەیە.

ئەو شتەی زووتر لە فەرماندە مایك سەرنجی کێش کردم ڕوناکی ڕۆژ بوو.

لۆمبۆ وتی:

— شتێکی سەیر ڕویداوە مایك ئێمە بە بەرپرس دەزانێت.

— چی بووە؟

سەیری خوارەوەم کرد، مایك تفەنگێکی بە دەستەوە بوو پێی وتم:

— وەرە خوارەوە جیووانی، خێراکە.

- بە پەلە چوومە خوارەوە، لە کاتێکا هێشتا خەواڵوو بووم، لوچیو لۆمبۆ بە دوامدا هاتن، لۆمبۆ تفەنگەکەی خۆی بە دەستەوە بوو، ئەوەی منیشی کردبویە شانی، گومانم کرد کە ئەوان ماوەیەکی زۆر پێش من بێدار بووبوونەوەو چالاکیان کردووە، بەڵام هێشتا نەمدەزانی چی ڕوویداوە !

مایك، بە دیتنی من بازوی گرتم وتی:

- خێرا وەرە، دەبێت بیرێك بکەیتەوە، دۆخێکی خراپ هاتۆتە پێشەوە.

بە واقوڕمانەوە وتم:

- ئاخر پێم بڵێ چی بووە؟

- دەتەوێت چی بوبێت؟ چوار هاوڕێکەم دیار نەماون و هیچ شوێنەوارێکیان نیەو ئەگەر بێت و نەدۆزرێنەوە من تۆ بە گولە دادەبێژم.

## ٨

لەم هەڕەشەیەی ئەو کەمێك ترسام، بەڵام بۆ ئەوەی خۆم بەلاواز نیشان نەدەم وتم:

– مایك، دەتەوێت گاڵتەم لەگەڵدا بکەیت؟

بەڵام مایك چاوی تێبڕیمو وتی:

– نەخێر زۆر بە ڕاستیمە، بۆ ئاگاداربونەوەت دوپاتی دەکەمەوە کە هاوڕێکانم دیارنەماوون، گەر بەو زوانە پەیدا نەبنەوە من بە گوللە دادەبێژم.

وتم مایك، دورگەی بەهەشت وەکو ماڵەکەم ئاسایشە، لەم ماوەیەدا ئێمە تەنانەت مارێکی گەزیدەمان تێدا نەدیتوە، کە دەڵێن بەهەشت بە راستی بەهەشت ئێرەیە، چۆن دەکرێت چوار پیاوی چەکدار کە سیانیان ئەفسەری جەنگو کارامەبن بەو ئاسانیە وون ببن.

مایك بە داخێکەوە سەری خۆی لەقاند ئاوڕێکی دایەوە، چونکە دڵنیابوو کەس گوێ بۆ ئەم قسەیەی من ناگرێت، وتی:

— مەسەلەکە زۆر جدیە جیوڤانی، دەکرێت تۆ لەم مەسەلەیەدا دەستێوەردانت نەبێت، بەڵام من هاوڕێکانم بە شێوەیەکی تەمومژاوی وون بوون، وەك بڵێی زەوی قووتی دابن، دەبێت دەسبەجێ بیاندۆزیتەوە.

بە دەنگێکی کزەوە وتم:

— فەرماندە، تۆ دەڵێی چی، ئەمە لە کەسێکی رۆشنبیری وەك تۆوە دوورە، من دڵنیام هاوڕێکانت لەگەڵ ژنەکانداناو ئێستا هەر یەکەو لە سوچێکی دارستاندا سەرگەرمی رابواردنن.

فەرماندە مایك، بە بێ حەوسەڵەییەوە سەرێکی لەقاند، لێوە زێڕینەکانی خۆی بە تووڕەییەوە دەکرۆشت وتی:

— بۆ لە قسەکەم تێناگەیت؟ وەرە با ژنەکان بۆت بگێڕنەوە.

بە وتنی ئەم ڕستەیە منی بردە کوخەکەیەوەو دەرگاکەی داخست، هەشت دانە لەو کچانەی کە شەوی پێشوو لەگەڵ جانو فرێدو ئانتۆنیدا بوون لەوێ بوون دوو بەدوو لە تەنیشت یەکترەوە دانیشتبوون، چاوەکانیان فرمێسکاویو هەڵاوساو بوو، ئەتوت تێکرای شەو نەخەوتوونو بە ناڕەحەتیەوە بەسەریان بردووە.

کاتێك چوینە ژورەوە فەرماندە مایك وتی:

— دوو ژنەکەی جان....

دوانیان هەستان. فەرماندە وتی:

— بڵێ، چی بووە.

ئەوان لە مەبەستەکەی فەرماندە بە زەحمەت تێگەشتن، زیاتر لە ئاماژەکانی ئەو زانیم کە چی دەڵێت.

ئەمجارە خۆم پرسیارم کرد، یەکێکیان وتی:

– دوێنێ شەو منو مێردەکەمو ئەم کچە چوینە دارستان، چونکە ئەو دەیویست کەس نەمانبینێت زۆر دورکەوتینەوە، لەو گژو گیایەدا خەوتین، شەوێکی خۆشمان بەسەر برد، جان هەردوکمانی وەك یەك خۆشویست.

بە زبریەکەوە وتم:

– مەسەلەکە بڵێ.

وتی:

– ئەم ژنە خەوتبوو بەڵام من بێدار بووم، دەسبازیم لەگەڵ قژسور (جان)دا دەکرد، لەپڕ هەستم کرد کە حاڵی جان تێکچووە، چاوەکانی ناتروکێن، وامزانی خەوتووە، بەڵام وانەبوو بێدار بوو، هیچ نەدەجوڵایەوە. سەیری ئاسمانم کرد، وتم ڕەنگە سەیری شتێکی سەر درەختەکانی بەدی کردبێتو بترسێت. هیچ شتێك لەو تاریکیەدا بەدی نەدەکرا. بە ترسو لەرزەوە لە جێی خۆم هەستامەوە، ئەم ژنەم بێدار کردەوە هاوکاریم بکات، بەڵام کاتێك هاتینە لای جانەوە، نەمابوو، غەیب ببوبوو، وەك بە ڕۆخی زەویدا چوبێت.

کاتێك قسەکانی تەواو کرد بە ئاماژەی من دانیشتەوە، منو مایك ماتو مەلول بوبوین، ناباوەڕیی بوو، خەریکبوو لەسەرساميدا شاخم لێ بڕوێت، حاڵی خۆمم نەدەزانی. دەمم وشك بوبو.

مایك وتی:

– گوێت لێبوو، بزانە ئەو دوانە چی دەڵێن.

ئەو دوانەی لەگەڵ فرێددا بوون هەستان.

یەکەمیان وتی:

— منو فرێدو ئەم ژنە لە دارستان لەسەر گژو گیا خەوتبوین. فرێد دەیویست فێری زمانی ئێمە ببێت، قسەمان دەکرد، هێشتا ئەو داماوە فریای ئەوە نەکەوتبوو دەسبازیمان لەگەڵدا بکات، لەپڕ نازانم چۆن بوو بە هەردوو دەستی ئێمەی کێشایەوە دواوە بەجۆرێك ئەم کارەی کرد کە من بە سەختی ناڕەحەت بووم، هەردوکمان کشاینەوە، حاڵی فرێد زۆر خراپ بوو. چاوەکانی ئەبڵەق بوون، ددانەکانی دەرکەوتن، وەك بڵێی شتێکی ترسناکی بەدی کردووە، شتێك کە زۆر سەیرو سەمەرە بێت، ئەو بوو فرێد پان بویەوە، دروست وەکو پەیکەرێکی گڵین لە ژێر قورسایی تەنێکی قورسدا پان ببێتەوە، تەنیا دەنگێکمان لێ بیست ئەویش وتی:

— رۆشتم، رۆشتم.

چیتر ئەومان نەدیتەوەو دەنگیمان نەبیستەوە، بە رۆخی زەمیدا رۆچوو خاکی ئەو شوێنەی ئەوی داکێشا پڕ بویەوەو لەگەڵ زەویەکەدا یەکسان بویەوە، ئێمەش هەردوکمان رامانکرد، بەراکردنو قیژاندن تا دەمەو بەیان خۆمان گەیاندەوە هۆزەکە.

دوبارە نیگامان گۆڕیەوە، مایك دانەچیڕەی دەکرد، هەندێجار هێندە ناڕەحەت بوو کە پێی خۆی بە توندی لە زەویەکە دەکوتا. ڕوداوەکەی دیکەش کە ڕویدابوو هەروەك جانو فرێد بوو.

فەرماندە مایك ئاماژەیەی کردو تێی گەیاندم پێیان بڵێم برۆنە دەرەوە، هەر هەشت کەسەکە لەو خەمەی کە هەیانبوو دەگریانو خەمبار بوون بۆ

ئەوەی جارێکی چۆن بتوانن مێردی وەک فرێدو جانو ئانتۆنیو جیمی بە دەست بێننەوە، بەهەرحاڵ ئەوان ڕۆشتنو منو مایک ماینەوە.

شتێکی بێ پێشینە بوو کە من نزیکەی دوو ساڵ لەو دورگەیەدا بووم شتی بەوجۆرەم نەدیتبوو، ئاخر چۆن دەکرێت مرۆڤ بە ڕۆخی زەویدا بچێت، مەگەر ئەوەی لە لیتاودا بێت.

ئەم مەسەلەیە خستمیە دەریای بیرکردنەوە کە بۆچی تەنیا پیاوەکان ڕۆ دەچن، لە بیرکردنەوە ئەنجامێکمان دەستنەکەوت، بریار بوو لەگەڵ لۆمبۆدا راوێژێك بکەین، من بانگم کرد بۆ کوخەکە، ویستم مەسەلەکە باس بکەم وتی: هەموو شتێك دەزانم، کچەکان بۆیان باس کردووم.

وتم:

– تۆ لەم بارەیەوە باوەڕت چۆنە؟

ئەو بەبێ بیرکردنەوە وتی:

– چەن ساڵێك لەمەوبەر کۆمەڵێك لە پیاوەکانی هۆزەکە لە زەویەکانی ناوەڕاستی دارستاندا ڕۆچوون، ئەو سەردەمە من مناڵ بووم ئەقڵم کامڵ نەبوو، بەڵام ئەو کاتە گەورەکان ئامۆژگاری مناڵەکانیان دەکرد کە نەچنە ئەو بەشەی دارستانەکەوە.

پرسیم:

– لە نێو ئێوەدا کەسێك هەیە ئەو سەردەمەی لەبیر مابێتو بتوانێت باسی ئەو سەردەمە بکات.

ئەو وتی:

– پیرەژنەکان بیریان ماوە، بەڵام ئەوان لە دۆیسن.

تێکرای ئەو ڕۆژە منو مایك بە دارستانەکەدا گەڕاین، دەمەوئێوارە ماندوو شەکەت گەڕاینەوە بێ ئەوەی هیچ ئەنجامێکمان دەسکەوێت.

شەو لۆمبۆ هات بۆلامو وتی:

— چۆنە سبەی ئەو شوێنەمان نیشان بدەنو ئێمە هەڵیکەنین.

ئەمە شتێکی باش بوو. ئەو شەوە خەریکی ئامادەکردنی کەلوپەلی هەڵکەندن بوین، بڕێك ئاسنی تیژ، قوڵنگێك کە خۆم پێشتر دروستم کردبوو، کۆمەڵێك شتی دیکە کە بە هۆیانەوە دەکرا زەوی هەڵبکەنیت، ئامادەمان کردو سبەینێ زوو بە سێ کەس لە ژنەکانەوە بەرەو دارستان بەڕێ کەوتین، پێم سەیربوو کە ئەوانە بە حاڵی مەستیەوە چۆن توانیویانە بەم ڕێگایەدا بڕۆن، نزیکی نیوەڕۆ گەشتینە شوێنی مەبەست، هێندە ماندوو بوین کە لەسەر پێشنیاری لۆمبۆ ماوەیەك پشوماندناو نانمان خوارد.

هێشتا خۆر بە نیوەی ئاسمانەوە بوو لە پڕ دەنگی هاوارێکمان بیست، ئەم دەنگە دەنگی کەسێکی خێڵەکی بوو بۆ بە هاناوەچوون لەگەڵ چەن کەسێکی دیکەدا هێنابومان. لۆمبۆ وتی:

— من ئەووم بینی چۆن ڕۆچوو، بە خێرایی کەسێك لەسەر ئاو بوەستێتو نوقم ببێت، لە پڕ وون بوو.

بەراستی سەیر بوو، مایك بە لەپی دەستی ئارەقەی نێوچەوانی خۆی سڕییەوە.

من وتم:

— وا باشترە ئەو دەورە هەڵکەنین کە پیاوەکەی تێدا ڕۆچوو.

ئەوانیش پەسەندیان کردو دەسبەکار بوین، یەک دوو مەترێکمان هەڵکەند، زەویەکە ئاسایی بوو وەك هەموو شوێنەکانی دیکەی دارستانەکە تەنیا جیاوازی خاکی ئێرە درەوشاوەتر بوو، قەت بینیوتە باروت تێکەڵ بە خۆڵ ببێت یان شەکرت بینیوە تێکەڵ بە خۆڵ ببێت، شتێکی بەوشێوەیە لەو خاكو خۆڵە دەردەکەوت، مایك بە دیقەتەوە مشتێك لەو خۆڵەی هەلگرت دایە بەر خۆرەتاوەکە پاشان ڕشتیەوە سەر زەویەکە، لە تێکرای ئەو ماوەیەدا خەڵکەکە بە سەرپەرشتی لۆمبۆ سەرقاڵی هەڵکەندنی زەویەکە بوون.

کاتژمێر سێی پاش نیوەڕۆ بوو لە ناکاو یەکێك وتی:

- چاڵ، چاڵ.

- بە پەلە گەڕایەوە دواوە، لۆمبۆ قۆڵی ئەوی گرت لە چاڵەکە دەری هێنا، ئەویش خەریکبوو ڕۆ بچێت.

- مایك بەرەو چاڵەکە ڕایکرد، ئەوانی دیکەش بە دوایدا، هەموو ملیان کێشا بوو سەیری ئەو چاڵەیان دەکرد کە نزیکەی سێی مەترێك قووڵ بوو. لە شوێنێکدا کە قوڵنگەکە کونی کردبوو تاریکیەکی خەست دەبینرا، سەیر لەوەدا بوو سەری ژمارەیەك خشت یان بەردی وەك خشت دیار بوو، ئەم خشتە بەردینانە لە قوڵایی شەش مەتردا بوون، وەك تاقی لێکدراو، بۆنی نم بۆنی شیٚ بۆنێکی سەیری تێکەڵاو لە کونەکەوە دەهات، کچەکان دەیانوت ئەمە هەمان ئەو بۆنەیە کە ئێمە ئەو شەوە بۆنمان کرد.

مایك دوای وردبونەوەیەکی زۆر وتی:

— توشی ڕوداوێکی سەیر بوین، بەڵام پێم وایە هاوڕێکانمان زیندوو بن.

وتم:

— ئەم ڕوداوە چییە؟ چۆن دەکرێت ئەوان لە چەند مەترێك بەرزاییەوە بەر ببنەوەو زیندوو بن.

مایك، لێوەکانی خۆی گەستو بە هێواشی وتی:

— شارستانێتیەکی کۆنمان لەبەردەمدایە.

دوکەڵ لەسەرمەوە دەرچوو، بەڵام ناچار باوەڕم کرد، چونکە بەڵگە هەبوو کە تاڕادەیەك قسەکانی مایکی پشت ڕاست دەکردەوە. بەڵام شارستانی کۆن مانای چی؟ لە دورگەیەکی دورەدەستدا کە چەندین سەدەیە پێی بێگانەی تێ نەکەوتووە، چۆن دەکرێت شارستانێتی کۆنی تێدا بێت!؟

ئەم شارستانیەتە پەیوەست بوو بە چ کەسانێکەوە؟ کێن ئەوانەی لێرەدا ژیاوون، چ شوێنەوارێکیان لێ بەجێ ماوە، چۆن لەناوچوون؟ هەموو ئەمانە بابەتگەلێك بوون کە من لە خۆمم دەپرسی، مایکیش نەیدەویست یان نەیدەتوانی وەڵامم بداتەوە.

چەن ساتێك بێدەنگی باڵی کێشا، لۆمبۆو ئەو خەڵکەی لەگەڵماندا هاتبوون ملیان دەکێشاو دەیانویست لە تاریکیە خەستە قوڵەکەوە شتێك ببینن و شوێنەواری ونبوەکان بدۆزنەوە.

ڕەنگە لەو هەموو بابەتەی کە منو فەرماندە مایك دەمانوتو دەمانبیست تەنانەت یەك وشە بۆ لۆمبۆو ئەوانیتریش ڕوون نەبوو، گرنگ

ئەمەبوو ئەو چەن کەسە چۆن بە زەویدا ڕۆچوون، تا ئێستا چ بەڵایەکیان بەسەردا هاتبێت.

لەناکاو مایک، وەك ئەوەی بیرۆکەیەکی نوێی بۆ هاتبێت، ئاماژەی بۆ کردم کە بچینە پەنایەکەوە، ئاماژەکەی بە جۆرێك کرد کە لۆمبۆ بینیو لە مەبەستەکەی تێگەشت، بەڵام بەسەر خۆیدا نەهێنا، هەروا خەریکی تەماشاکردنی خۆی بوو.

منو مایك چەن هەنگاوێك لەولاترەوە لە ژێر درەختێکدا دانیشتین، کاتێك کە ئەو دانیشت تێگەشتم هیچ هیوایەکی بە رزگاربونی هاوڕێکانی نیە. ئەم هەموو پەلەکردنو شپرزەییەی نەماو لە جێی خۆی بە ئارامی پاڵی لێدایەوە.

لە یەکەم قۆناغدا وتی:

– پێیان بڵێ لە دەوری چاڵەکە دور بکەونەوە، بۆ هەمویان مەترسیدارە.

من فەرمانم بە لۆمبۆ کرد، هەموو لەو چاڵەی کە دروست بوبو دور بکەونەوە، ئەو بە خێرایی ئەم فەرمانەی جێبەجێ کرد.

مایك، پاش تاوێك وتی:

– گوێ بگرە جیوڤانی، من دەبێت بچمە نێو ئەو چاڵەوە، تۆ ئازادیت دەتوانیت بێیت، دەتوانیت نەیەیت.

نازانم چ هێزێك بوو منی وا لێکرد بە بێ بیرکردنەوەو رەچاوکردنی مەترسی وەڵامی بەڵێی بدەمەوە، بە بیرکردنەوە وتم:

– منیش دێم، چی دەبێت با ببێت.

— مایك، وەك ئەوەی منالێك بترسێنیت وتی:

— ئەگەری ئەوە هەیە بکوژرێین، لەناو بچین، بچوکترین مەترسیەك کە هەڕەشەمان لێدەکات هەبونی جانەوەری گەورەو گەزیدەیە کە هەمیشە لەم ژێر زەمینانەدا دەژین.

— ئەمجارەیان بە بیرکردنەوەیەکی تەواوەوە وتم:

— من ڕێگە بە خۆم نادەم تۆ بەجێ بێڵم، ئایا ئەمە ژیرانەیە تۆ بە تەنیا بۆ مەرگ بنێرم خۆم لەسەر زەوی خەریکی خۆشگوزەرانی بم؟

ئەمە تاکە وەڵامێکی من بوو بۆ مایك، بەڵام مایك دەیویست لە خۆیم دور بخاتەوە. هێشتا نەمدەتوانی بزانم هۆی ئەمە چیە. بۆچی حەز بەوە ناکات منی لەگەڵدا بم، بەڵام ئەمەم بە باشی زانی کە لە وەڵامەکانی من ڕازی نیە. بۆ ئەوەی خۆی نەدۆڕێنێت پێکەنینێکی کردو دەستی کێشا بە شانمداو وتی:

— ئافەرین ئەفسەری ئازا. زۆر سوپاس. دەمزانی بە جێم ناهێڵیت، جیاوازی نەتەوەیی لێرەدا گرنگ نیە، ئێمە دەبێت هاوڕێیەتی بپارێزین، ئەو دوای بێدەنگیەکی کەم وتی:

— زۆر باشە، سێ چوار کەس هەڵبژێرەو ئەوانی دیکە بنێرەوە بۆ هۆزەکە.

من وتم:

— لۆچیش بێت.

مایك وتی:

– نا، نا، با ژنمان لەگەڵدا نەبێت، ئەو بەستەزمانە. گەنجە، نابێت بمرێت.

وتم:

– زۆر باشە، هەرچۆن تۆ بە باشی بزانیت ئەو کارە دەکەین، بەڵام رای تۆ دەربارەی لۆمبۆ چییە؟

– عەیبی نیە، با لۆمبۆ بێت.

بەڵام ئەم رستەیەی بە بێ مەیلیەوە وت، بەجۆرێك بیرکردنەوەیەکی ئاڵۆزی خستە مێشکمەوە، بە خۆمم وت، باشە مایك لەو ژێر زەمینەدا بێجگە لە دۆزینەوەی هاورێ ونبوەکانی خۆی چ شتێکی دیکەی دەوێت کە حەز ناکات کەسی لەگەڵدا بێت.

وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا داهاتوو دەتوانێت بیداتەوە، داهاتویەك کە بۆ هەموان نادیار بوو.

ئەو شتانەی پێویست بوو لەگەڵ خۆماندا بیبەین بریتی بوون لە برێك رۆن، چرای زەیتی کە خۆم دروستم کردبوو شێوازی بەکارهێنانم فێری خەڵکەکە کردبوو. برێك مۆم، خواردنی بەسەرنەچوو، وەك گوێزی هیندی، میوەی وشککراوەو وزەبەخش.

مایك، لەسەر هێنانی گۆشت جەختی کردەوە وتی:

– برێکی زیاترمان گۆشت پێویستە، چونکە نازانین کەی دەگەرێینەوە.

لەم قسانە تێنەدەگیشتم، بەخۆمم وت:

– ئەبێت ئەم شوێنە کوێ بێت وا ئەوەندەمان پێ دەچێت؟

بەڵام ناچار پێشنیارەکەی ئەووم قبوڵ کرد، بێ ئەوەی نکوڵی بکەم فەرمانم بە لۆمبۆ کرد کولوپەل ئامادە بکات، وێڕای ئەمانە پێویستمان بە گوریس هەبوو. لە دورگەی بەهەشتدا دوو جۆرە گوریس هەبوو، جۆرێك خۆرسك لە دارستاندا دەسدەکەوت، ئەم جۆرەیان ئەستورو قایم قەدی پیچکێکی تایبەت بوو کە هەندێجار درێژیەکەی دە مەترێك دەبوو.

جۆری دووەم گوریسی لۆکە بوو کە بە دەسکرد من دروستم دەکرد، فێرم دەکردن، ئەم جۆرەیان لە خوری بزنە کێویەکان ئامادەم دەکرد.

ئەو شەوەش تێپەڕی، تێکرای ئەو ڕۆژەمان بە ئامادەکردنی کەلوپەل بردە سەر. بۆ ڕۆژی دواتر مایك هات بۆ کوخەکەی من، لە دەرگایدا، کاتێك دەرگام کردەوە ئەو هاتە ژورەوە وتی:

– کاتی ڕۆشتنە.

لۆمبۆ لەگەڵ من دەبێت، تۆ ئەو سێ چوار کەسەی پێشتر وتم هەڵیان بژێرە لەگەڵ خۆت بیان هێنە.

مایك، ئەمەی وتو ڕۆشت، من خێرا دەسبەکار بووم، سێ کەسم لە بەهێزترینو دڵسۆزترین خەڵکی ناوچەکە ئامادە کردو لەگەڵ خۆمم بردن.

کاتژمێرێك دوای ئەوەی کە خۆرەتاو بە چیاو گەڵای درەختەکانی دارستاندا هەڵبێت، پێنج کەس لە دەوری چاڵەکە وەستابوین، لۆمبۆ لەولاترەوە سەرگەرمی ئەڵقەکردنی گوریسەکان بوو، بەوەوە دەبوینە شەش کەس، مایك خەریکی بیرکردنەوە بوو، بیرکردنەوەی چۆنێتی چوونە خوارەوە، قوڵاییەکی زۆری نادیار، تەنانەت کاتی نیوەڕۆ کە خۆر بە شێوەیەکی ستونی دێتە خوارەوە قوڵایی چاڵەکە دەرنەدەکەوت.

لێی پرسیم:

– به بڕوای تۆ چۆن بچینه خوارەوە.

خێرا وتم:

– به گوریس، وەکو شاخەوانەکان.

هێشتا ئەم ڕستەیەم تەواو نەکردبوو، لەپڕ لە دورەوە دەنگی لۆچی هات، که بانگی دەکردمو ناوی دەهێنام.

– جیوڤانی، جیوڤانی.

ئەم دەنگە کاتێك بیسرا کە لۆمبۆو من گوریسمان لە پشتێنەمان بەستبوو ئامادە وەستابوین، تا ئەوانی دیکەش خۆیان بە هەمان ئەو گوریسەوە ببەستنەوە، سەرێکی گوریسەکە کراوەو لە سەر زەویەکە وەك ئەڵقە دانرابوو.

لۆمبۆ لە پێشی منەوە لە ئەڵقەکەوە نزیکتر بوو. لۆچی هاتو دروست هەنگاوێك لەولای گوریسە ئەڵقە کراوەکەوە وەستاو وتی:

– جیوڤانی، بەجێم مەهێڵە من لە کامینۆو تاچامانی دەترسم، ئەگەر تۆ نەبیت.

بەڵام هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو لەپڕ هاواری کردو دەستەکانی هەڵبڕی وتی:

– بمگرن، بمگرن، ڕۆچووم.

کاتێك کاتێك گەڕامەوە بۆلای لۆچی ئەو ئەژنۆکانی ڕۆچوو بوو، نەمدەزانی چی بکەم، خۆڵی ژێر پێی ئەو وەك ئەوەی قورساییەك بکەنە لمێکەوە دەجولاو لۆچی هاواری دەکرد. لۆمبۆ لێیەوە نزیکتر بوو، بەلام

ئەویش شپرزە بوبو، دەیویست بچێت بەلایەوە، بەڵام پشتێنەی بە گوریسەکەوە بەسرابوو سەری گوریسەکەش بە پشتێنەی منەوە بوو، بەشێکی دیکەی بە دەستی مایکو ئەوانی ترەوە بوو، کاتێك کە لۆمبۆ بەرەو لۆچی ڕۆشت، گوریسەکە کشاو هەرسێکمان واتا منو لۆمبۆو مایك کەوتینە خوارەوە هیچی نەمابوو کە مایك سەرنگون بێت. چەن چرکەیەکی کورت، وەك بروسکە تێپەڕی. لۆچی ڕۆچوو، ئێمە بەسەرسامیماینەوە، تارادەیە تا بن هەنگڵی لۆچی خۆڵەکە هاتبوو کە چاووم بە ئەڵقەی گوریسە کەوت هاوارم کرد وتم:

– لۆچی، لۆچی، گوریسەکە بگرە لەدەستی تۆوە نزیکە بیگرە.

پێشتر وتم کە لۆچی لە هەنگاوێك ئەولای ئەڵقەی گوریسەکەدا وەستابوو لەوێدا ڕۆچوو، بەهۆی ڕۆچوونو وون بوونیەوە زەویەکەش مەودایەکی لە نێوانی ئەوو ئەڵقەی گوریسەکە کەمتر بوبو، بۆیە کاتێك کە دەستی درێژ کرد توانی بەشێکی گوریسەکە بگرێت هەموو بەرەو خۆی کێش بکات.

ئێمە لەملاوە ڕاماندەکێشا لۆچی لەولایەی دیکەوە، گوریسەکەی بە توندی گرتبوو بەهۆی ئەم هەوڵە دوو لایەنەوە ڕۆچونەکەی لۆچی وەستا، ئارەق بەسەرو دەموچاوماندا دەچۆڕا. قاچمان لەسەر خاکی ئەو بەشەی دارستان بە شێوەیەکی سەیر لەگەڵ شوێنەکانی دیکەدا جیاواز بوو بریسکەدار بوو، تا مەچەکی ڕۆچوو بوو، هەرچۆنێك بوو نەمان هێشت لەوە زیاتر ڕۆ بچێت.

بەم کارەساتە، بۆچونەکەی پێشووم کە دەموت بۆچی تەنیا پیاوان ڕۆ دەچن پوچەڵ بویەوە، ڕوداوەکەی دوو شەوی پێشتر کە پیاوەکانی تێدا ڕۆ چوو بوون ژنەکان بە سەلامەتی دەرچوو بوون ئەو خەیاڵەی بۆ من دروست کرد، بەڵام ڕۆ چوونی لۆچی ئەوەی سەلماند کە ژنو پیاو بە یەکسانی ڕۆ دەچن، ئەمەش پەیوەستە بە شوێنو دۆخی وەستانەکەوە.

مایك لە پشتمەوە هاواری کرد وتی:

– خێرا لۆچی ڕاکێشنەوە ئەگەر ڕۆ بچێت دەکوژرێت.

ئەم فەرمانەش تێی گەیاندم کە مایك هیچ هیوایەکی بە هاوڕێکانی نەماوە. کاری ئەوان بەوە دەزانێت هاتۆتە کۆتایی.

دەستەکانی لۆچی خوێناوی بوون، ڕاکێشانی گوریسەکە بە هۆی شەش پیاوی بە هێزەوە فشارێکی زۆری لە دەستو بازوەکانی لۆچی کردبوو، کە پێستی داماڵی بوو خوێنیان لێ دەتکا، بەردەوامبون لەم دۆخەدا بێهوودە دیار بوو؟ لە کێشکردنی گوریسەکە بێجگە لەوەی وزەی بەرگریکردنی لۆچی تەواو دەبوو هیچ سوودێکی دیکەی نەبوو، لۆمبۆ کە لە پێشترەوە وەستابوو ئاوڕێکی بۆ لای ئێمە دایەوە وتی:

– کەمێك گوریسەکە شل بکەن، لۆچی تا گەردنی چەقیوە، من پێش ئەوەی تەواو ڕۆ بچێت خۆمی پێدەگەیەنم ڕزگاری دەکەم.

ئەمەش وای لێکردین کە ڕەنگە خودی لۆمبۆش وەك لۆچی ڕۆ بچێت، بە پەلە گوریسەکەمان شل کرد، لۆمبۆ بە پەلە ویستی خۆی بە لۆچی بگەیەنێت، لە ماوەی هەمان ئەو چەن ساتەدا لۆچی زیاتر ڕۆ چویەوە بەجۆرێك دەستەکانی هەڵبڕیبون خۆیشی تا شانەکانی نوقم بوبو. لۆچی

بە کەساسیەوە لێی دەڕوانین، ڕوخساری ئەو لەو کاتەدا هێندە کاریگەرو ناڕەحەت بوو کە من حەزم دەکرد بۆی بگریم، بەزەییم پێیدا دەهاتەوە.

لۆمبۆ خۆی گەیاندە لۆچی، هەردوو دەستەکانی گرت فشارێکی زۆری لە خۆی کرد، ڕەنگی لەو فشارەی کە دەیکرد، ئەو زۆرەی دەیکرد، وزەیەك کە خەرجی دەکرد رەش هەڵگەڕا چاوەکانی زەق بوبون، لۆچی خۆیشی کۆمەکی دەکرد، مەچەکەکانی لەسەر خاك دانابوو خۆی هەڵدەبڕی، نزیکەی بیست سانتی مەترێك خۆی هەڵکێشابویەوە، هەمووەمان خۆشحاڵ بوین کە لۆچی رزگار بوو، بەڵام لەناکاو دۆخەکە تێکچوو.

نەمزانی چی بوو، ڕێك وەك ئەوەبوو تەقینەوەیکی بەهێز ڕوو بداتو هەموو دورگەی بەهەشت لە جێی خۆی هەڵکەنێتو بە قوڵایی دەریایدا ببات، هەرچیەك بوو دیارنەبوو کە چۆن ڕوو دەدات، هەستم کرد لە جێی خۆم هەڵدەکەنرێمو بەرەو لایەکی دیکە دەڕۆم، هیچ کاتێك لە فڕۆکەدا توشی قوڵایی هەوایی بویت؟

من لەو کاتەدا بەو شێوەیە بووم، وەك بڵێی لەپڕ ژێر پێم چۆڵ ببێت بە قوڵایی چاڵێکدا ڕۆ بچم، چیتر هۆشو حەواسم نەما، ئاگام لە دەوروبەری خۆم نەبوو، کاتێك بە خۆمدا هاتمەوە جەستەم لە خاکدا نوقم بوبو تەنیا سەرو ملم لە زەویەکی شێداردا بە دەرەوە بوو.

هەمان بۆنی شێدارم کردەوە، بۆنێك لە چاڵەکەوە دەردەچوو کە پێشتر باسم کرد، ئەمجارەیان زۆر بە تین هەستی پێ دەکرا.

هەوایەکی گەرم بوو ڕێك وەکو گەرماو، بە زەحمەت چاوەکانم کردەوە، دیارە چاو هەڵهێنان زەحمەتێکی نیە، بەڵام چونکە لەسەر دەموچاووم توێژاڵێك خۆڵ هەبوو ناچار بە جۆرێك چاوەکانم هەڵهێنا کە خۆڵ نەچێتە چاوومەوە.

بە سوچێکی جلەکانم دەموچاوم سڕییەوە، سەیری دەوروبەری خۆمم کرد، هەموو جێیەك تاریکیەکی ئەنگوستەچاو بوو، سەرێکم هەڵبڕی ئەنجا تێگەشتم چی بووە، ژورسەرم بە بەرزایی بیست مەترێك کونێکی گەورە هەبوو، کونێکی لەوە گەورەتر کە خۆمان دروستمان کردبوو، وردە وردە شتم بیر کەوتەوە، زەوی لەژێر پێماندا ڕۆچوو بوو، چاڵێکی گەورەی بەدی مێنا بوو هەمومان تێیدا سەرنگون بوین.

یەك بە یەکیانم بیر کەوتەوە. لۆچیو لۆمبۆ لە پێشترەوە بوون، من لە نێوان مایكو ئەوانیتردا بووم، مایك ڕێك لە دوای منەوە بوو بە مەودای دوو مەتر.

دەسبەکار بووم، پێش هەر شتێك دەبوو خۆم دەربێنم، خۆشبەختانە خاکەکە هاڕاوەیەکی ورد بوو زۆر بە خێرای دەجوڵا، ئەتوت کەوتویتە ئەنبارێکی شەکرەوردەوە. لە ماوەی یەك خولەکدا خۆمم دەرهێنا، هێشتا بە پێوە نەوەستابووم دەنگێك لە دوامەوە هات.

- جیوڤانی، جیوڤانی، دەرمبێنە.

ئەمە دەنگی مایك بوو، بەرەو دەنگەکە ئاوڕمدایەوە، دوو سێ هەنگاوێك لەولای خۆمەوە ئەووم لە حاڵێکی سەیردا بینی، سەری لە خاکەکە دەرهێنابوو، قاچێکی لە دەرەوە بوو، بەڵام دەستەکانو

قاچەکەی دیکەی نوقم بوبون، جۆرێك گیرسابویەوە نەیدەتوانی خۆی بێنێتە دەرەوە.

ئەو گوریسەی لە پشتێنەی خۆمانمان بەستبوو بچڕا بوو، بەڵام مایك هێشتا گوریسەکەی پێوە بوو، من بە دۆزینەوەی سەرێکی گوریسەکە توانیم دەری بێنم.

هەردوکمان دەستمان کرد بە گەڕان، ئەوانیی دیکەش بێجگە لە دانەیەکیان کە هەرگیز نەدەدۆزرایەوە سەلامەت بوون، لۆچی‌و لۆمبۆش لە تەنیشت یەکترەوە بێ هۆش بوون، لەوەدەچوو دەمێکی بێت خەویان لێکەوتبێت، یەکەمجار لۆچی بە هۆشدا هاتەوە، دواتر لۆمبۆ چاوی کردەوە.

شەش کەسمان هەرچەندە گەڕاین نەمانتوانی جەستەی کەسێکی وون بوو بدۆزینەوە، لەم گەڕانەدا ئەو کەلوپەلانەی کە لەگەڵ خۆمان بردبومان لەژێر خاکدا دۆزیمانەوە، ئازوقەکەمان نەفەوتابوو، لۆمبۆ کەمێك لە گوریسی خوریەکەی بەسەر پارچە نێزەیەکی شکاوەوە بەست‌و هەرچۆنێك بوو لە رۆن‌و زەیتەکەیەوە داو مەشخەڵێکی دروست کرد. تا ئەو ساتە دەوروبەری خۆمان نەدیتبوو، ڕەنگە توانای دیتنمان نەبوبێت، مایك کاتێك دڵنیابوو هیچمان لێ وون نەبووە فەرمانیدا لۆمبۆ مەشخەڵەکە داگیرسێنێت، لە داگیرساندن‌و بەکاربردنی مەشخەڵەکەدا دەبوو بە باشی بەکاری بێنین ئەگەر ئەوەمان تەواو بکردبایە ئەوا بێجگە لە مۆم هیچ سەرچاوەیەکی روناکیمان نەدەبوو.

هەموو لە ژێر چاڵەکەدا بوین، سەرەتا ڕوناکی مەشخەڵەکە لە چاومانی دەدا، تاریکی ناو چاڵەکەش هێندە خەست بوو کە مەشخەڵەکە دەرەقەتی نەدەهات، تەنیا یەك دوو مەترێکی روناك دەکردەوە، کاتێك کە چاومان بە ڕوناکی مەشخەڵەکە ڕاهات، مایك وتی:

– لۆمبۆ تۆ بەم مەشخەڵەوە هەمیشە لەگەڵ مندابە.

لۆمبۆ لەگەڵ مایکدا بوو، هەردوکیان بەرەو ئاراستەی ڕۆژهەڵات بەڕێ کەوتن، منو لۆچی بە دوایاندا دوو کەسی دیکەش لە دوای ئێمەوە. مەشخەڵەکە مەودای دوو مەتری ڕوناك دەکردەوە، بەمەش کەمێك ڕۆشتینە پێشەوە، لەپڕ مایك وەستاو خۆی چەماندەوە.

لۆمبۆ مەشخەڵەکەی بردە پێشەوە، من خۆمم پێگەیاندن، ستونێکی بەردکاری کراوو جوان بە بەرزایی نیومەتر دەرکەوت، ڕەنگی بەردەکە جوان دیار نەبوو، بەڵام دیار بوو کە لە مەڕمەڕ یان بەردێکی گرانبەهاو جوان دروستکراوە. ستونەکانی دیکە چۆن کەوتونو لەناوچوون، مەترێك لەولاترەوە ستونێکی دیکەی وەك ئەوەی یەکەم بەڵام زۆر بەرز نەبوو. لەسەر ئەمەیان چەند هێڵو شێوەیەك هەبوو، مایك دەیوت نوسراوی لەسەرە، دەبێت ئەو خەتە بخوێنینەوە، لە ستونەکان تێپەڕین، ئەمجارەیان لۆمبۆ بوێریەکی زیاتری هەبوو بە تەنیا، بەڵام بە وریاییەوە بەڕێدا دەڕۆشت، نزیکەی چوار پێنج مەترێك ئەولاتر، لەپڕ لۆمبۆ خۆی کێشایەوە دواوە وتی:

– ئای، ئەمە چیە؟

من سێبەرێکی سپیم بینی، بەڵام نەمتوانی بزانم چیە، تا مایک مەشخەڵەکەی لە لۆمبۆ وەرگرت خۆی چویە پێشەوە. بە راستی سەیر بوو.

پەیکەری مرۆڤێك بە بەرزایی دوو مەترو نیو، ڕەنگە زیاتر.

پەیکەرەکە ئێسکی گەورەو تۆکمەی هەبوو، لەوەش سەیرتر بڕبڕەکانی بوو کە ڕەنگە چوار پێنج بەرامبەر گەورەتر لە بڕبڕەی مرۆڤێکی ئاسایی دیار بوو، لە گەردنو بازوەکانی پەیکەرەکەدا زنجیری سور ئاوێزان بوو کە هەر بەشێکیان بە ئەڵقەیەکی کانزایی لە هەمان جۆری زنجیرەکە لە مەچەکی هەردوو دەستیداو بەگەردنو مەچەکەکانی پەیکەرەکەوە بوون.

مایك بە پەنجەکانی دەستیدا لە زنجیرو ئەڵقەکان.

— ئەمە کانزای مسە. جۆرە مسێکی بەهێزە، ئەمانە خەریکی دروستکردنی شتە مسینەکان بوون.

ئەتوت مایك لەگەڵ خۆیدا قسە دەکات، چونکە دواین وشەی جۆرێك دەردەبڕی کە من نەمدەبیست، بەڵام بە مەزەندەی خۆم زانیم چی دەڵێت، پەیکەرەکە بەلای منەوە شتێکی سەرنجراکێش بوو کە چەن کاتژمێرێك دەمتوانی بیری لێ بکەمەوە، لە خۆمم دەپرسی ئەو کەسانەی لێرە ژیاوون هەموویان کەتەو کەڵەگەت بوون، یان ئەم یەکەیان جیاوازە وا هێندە کەتەو کەڵەگەت بووە؟

مایك وەك بڵێی بیری من بخوێنێتەوە وتی:

— ئەمە ڕەگەزە جەستە گەورەیە، بە توێژینەوەی زاناکان نزیکەی پێنج هەزار ساڵ پێش زاین لەناوچوون، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە سەیرە

ئەمەیە ئەمانە خاوەنی شارستانێتیەکی ئەوتۆ نەبوون، ئەم بەردکاریو زنجیرە مسینانە، دوو نیشانەی بچوکی شارستانێتیانە کە ئەوان هەیانبووە، مایك هێندە نوقمی وردبونەوە بوبو تا رادەیەك هاوڕێکانی بیرچوو بویەوە، ئێمە هەموو بەر بوبوینەوەو زیندو بوین، دورنەبوو ئەوانیش زیندوو بن، سێ چوار هەنگاوێك لە پەیکەرەکە دورکەوتبوینەوە، زەویەکەی ژێر پێمان فراوانتر بوو، سافو سەخت بوو، بە فەرمانی مایك، لۆمبۆ مەشخەڵەکەی لە زەوی نزیکتر کردەوە، وەك ئەوەبوو زەویەکەیان بەردڕێژ کردبێت، بەردی گەورەو یەك تەختە، ئەمەش سەیر بوو ئەم بەردانەیان لە کوێو بەچی هێنابوو لێرەیان دانابوو؟

دوبارە ویستمان برۆینە پێشترەوە، بەڵام لە پشتی پەیکەرەکەوە دیوارێکی بەردی بتەومان بینی کە لە هەردولاوە مەشخەڵو روناکی بوو. مایك بە دیتنی دیوارەکە وتی:

ئەمە دیواری شارەکەیە. بێگومان دەروازەیەکی هەیە، ئەم کەسە لە پاسەوانەکانی دیوارەکەیە، یان تاوانبارێکە. ویستمان بەلای چەپدا برۆین، لۆمبۆ بە مەشخەڵێکەوە لە پێشترەوە دەرۆشت، رۆشتنی ئێمەش بە ئاراستەی دیوارەکە بوو. مایك وتی:

– وریا بن، هەرکە بچوکترین روناکیتان لە دیوارەکەوە بەدی کرد پێم بڵێن. منیش ئەم فەرمانەم بۆ لۆمبۆو لۆچی وەرگێڕا، ئەو ڕێگایەی ئێمەی پێدا دەرۆشتین لە تونێلێکی گەورە دەچوو. لە لایەکیەوە دیوارێکی بەرد هەبوو، ئەولاکەی دیکەی لەبەر تاریکی دەرنەدەکەوت، ژێر پێمان بەردڕێژێکی ساف بوو، بالای سەرمان تەختایی دارستان لێرەو

لەوێ ڕەگی درەختانی کۆنە ساڵ هاتبونە ناوەوە، کاتێك گەشتینە ئەو بەرامبەرە مایك وەستاو وتی:

— بۆستن، یەك دوانێکتان بێنو برۆن بزانن کە ئەم رەگی درەختانە چەندەی لەم ڕێگایە گرتووە، ئەگەر وا درێژ بوبێتنەوە ناتوانین لێرەوە برۆین.

من لە وەڵامدا وتم:

— لە هەموو شوێنێکی دارستانەکەدا لەمجۆرە درەختە بە تەمەنانە کە ڕەگی درێژیان هەیە زۆرێك بوونیان هەیە.

مایك قسەکانی پێ بریم وتی:

— ڕاست دەکەیت، ئەو شوێنانەی رۆناچن هەبونی ڕەگی ئەم درەختانەیە، ئەو شوێنەی ئێمە لێوە رۆچوین رەگی تێدا نەبوو.

کاتێك منو مایك سەرگەرمی قسە کردن بوین، یەکێك لەوانەی لەگەڵماندا بوون چەمایەوە، پاشان هەستایەوە شتێکی بە دەستەوە بوو بەرەو لای من هاتو وتی:

— ئەمە چیە؟

سەیرم کرد، پاچەیەك جلی خوێناوی. یەخەیەکی دادڕاو، بەشێك لە شانی بلوزێکی سەربازی. مایکیش هاتە پێشەوە، لۆمبۆش مەشخەڵەکەی هێنا، مایك هەرکە چاوی بە جلەکە کەوت وتی:

— ئەمە بلوزەکەی جانە، بەڵام بۆچی خوێناویەو دڕاوە، ئەگەر ئەویش وەکو ئێمە هاتبێتە ئەم تونێلەوە نابێت جلەکانی خوێناویو دڕاو

بن، بەدەر لەمەش، ئەگەر وایدانێین کە ئەوان مردبن، تەرمەکەیان لە کوێیە؟ تۆبلێی لەژێر خاکدا بن...

هێشتا قسەکانی تەواو نەکردبوو، کە دەنگی تۆقێنەری لۆچی بەرز بویەوە، ئەو لە نێوانماندا بە جۆرێك وەستابوو کە ڕوی لە ڕەگی دارەکان بوو ڕاستەوخۆ سەیری ئەوێی دەکرد.

من بە پەلە وتم:

- لۆچی، چی بووە؟

من ئەم پرسیارەم کرد، بەڵام لۆچی وەڵامی نەدایەوە.

روخساری وشكو سارد، چاوەکانی زەق بوبو، وەك کەسانێك بە موگناتیس خەوێنرابن، وەك چۆلەیەك مار پەلاماری بدات.

هێشتا چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکەم بووم، یەکێك لەوانەی لەگەڵماندا بوو بەوپەڕی هێزەوە نێزەکەی هەڵبڕیو بەرەو پشتی مایكو ڕەگی دارەکانی وەشاند. وەشاندنی نێزەکە لەگەڵ فیشکە فیشکێکدا تێکەڵ بوو، بەرەو ڕەگی دارەکان ڕۆشتین هەرچیەك بوو لەوێدا بوو، مایك کە ئاوڕیدایەوە دیقەتیدا، سێ چوار هەنگاوێك گەڕایەوە بۆ دوای خۆیو وتی:

- خۆتان بپارێزن، ئێمە هاتوینەتە شوێنێکەوە کە مۆڵگەی مارە گەورە مەترسیدارەکانە.

## ٩

دوو کەس لە خێڵەکیەکان کە یەکێکیان نێزەکەی خۆی لە دەستدابوو چوونە لای مایکەوە ئەملاو لایان گرت، تا لەکاتی هێرشکردنی مارەکاندا چەکەکانیان بەکار بێنن.

لۆمبۆ مەشخەڵەکەی بڵند کرد تا بۆ ئەو شوێنەی بوەشێنێت، بەڵام دواتر وەك ئەوەی بیرۆکەیەکی نوێی بۆ هاتبێت، پەشیمان بویەوە، مەشخەڵەکەی نزم کردەوە بە دوو سێ هەنگاوێك خۆی گەیاندە مایك. چیتر من لە نزیکی ڕەگەکانەوە بووم، لۆچی کە وەك مردویەکی بێ گیان وەستا بوو بە پەلە پەل هەناسەی دەدا.

یەکەم شتێك کە سەرنجی ڕاکێشاین، کۆمەڵێك خاڵی درەوشاوەی سپی بوو، دوو بە دوو لە تەنیشتی یەکترەوە بە سەیر کردنیان مرۆڤ سست دەبوو. فیشکە فیشکی مارەکانمان دەبیست، خاڵە سپیەکان ڕێكو بە جوڵەی خێرا دەجوڵان.

دیسان دەنگی مایك بەرز بویەوە وتی:

– جیوڤانی، خۆت رزگار بکە، دەمەوێ تەقە بکەم. وەرە دواوە، خێراکە.

من بە ئاسانی لەهەمان ساتەکانی سەرەتاوە دەمتوانی خۆم بگەیەنمە مایك، بەڵام لەبەر لۆچی نەمتوانی، نەمدەتوانیو دڵم قایل نەدەبوو، ئەو ژنە جوانو نازەنینەی کە هێندە خۆشی دەویێمو منیش ئەووم خۆشدەوێت بەجێی بێڵمو بڕۆم.

ڕەنگە تۆ ئێستا کە ئەم چیرۆکە دەبیستتیت لەبەر خۆتەوە بڵێیت هەڵگرتنی ژنێکی جوان کە ڕەنگە پەنجا شەست کیلۆیەك زیاتر نەبێت کارێکی گران نیە. تۆ ڕاست دەکەیت، بەڵام ئەگەر بۆ چەن خولەکێك خۆت بخەیتە شوێنەکەی من ڕەنگە هەق بە من بدەیت.

من هێندە شپرزە بوبوم کە حاڵی خۆمم نەدەزانی. دوو سێ جارێك لۆچیم کردە باوەشو دامنایەوە، دواجار ئەگەر لۆمبۆ نەهاتبایە بە هانامانەوە ڕەنگە هەردوکمان تیابچوینایە.

دروست ئەو کاتەی کە من لەوپەڕی شپرزەییو ترسدا بووم، لۆمبۆ وەکو هەڵۆ لە جێی خۆیەوە بزواو مەشخەڵەکەی دایە دەستی یەکێكو خۆی گەیاندە ئێمە، بەوپەڕی خێراییەوە لۆچی کردە کۆڵو بە منی وت:

– وەرە خێراکە، بەرەو ئێمە خۆت هەڵدە.

من لە دورگەی بەهەشتدا هەرگیز ئاژەڵی ترسناکم نەدیتبوو، کەسانی دیکەش بیریان نایەت کە لەوجۆرە ئاژەڵەیان دیتبێت، بەڵام لەو شوێنە دێرینەدا ژمارەیەکی زۆرو مەترسیدار لەو ئاژەڵانە هەبوون کە بە چاوە بریقەدارەکانیان لە نێچرە تازەکانی خۆیانیان دەڕوانی.

کاتێك کە لۆمبۆ لۆچی دورخستەوە، من بە تەنیا مامەوە، بەڵام هێشتا هەنگاوێکم بەرەو ئەوان هەڵنەگرتبوو لەناکاو جەستەیەکی قورس و گەورە ڕێك لە تەنیشتمەوە بەربویەوە.

ئەو ئاژەڵە خۆی بۆ گرتنی من هەڵدابوو، بەڵام جوڵەی خێراو بێ ویستی من نەیهێشت ئەو نیشانەکەی خۆی بپێکێت، ئەنجا زانیم کە مار هێرش دەکات، چونکە لێمەوە نزیکە چیتر ڕاکردن سوودێکی نابێت.

بەڵام هەر لەم کاتەدا دەنگی تەقە بەرز بویەوە، فیشکە فیشکێکی کردو تاوێك بەدەوری خۆیدا خولایەوەو لە جوڵە کەوت.

من سوودم لەم دەرفەتە بینی، وەکو کەسێك تازە لە خەو هەستێت بە تەپاوتل خۆمم گەیاندە مایك و لۆمبۆ، یەکێك لەوانەی لەگەڵماندا بوو سەرگەرمی بە هۆش هێنانەوەی لۆچی بوو، ئەویدیکەشیان بە نێزەیەکەوە بە دیاریانەوە وەستا بوو.

من و مایك و لۆمبۆ، هەرسێکمان چەکمان پێبوو، لە ریزێکی بەرامبەر بە مارەکان، هەر ساتەو ژمارەیان زیادی دەکرد وەستابوین.

مایك وتی:

– دەبێت بگەڕێینەوە، ئەگەر ئەوان بە کۆمەڵ هێرشمان بۆ بێنن، لەناومان دەبەن، دەبێت هەوڵ بدەین هەمیشە مەودایەکمان هەبێت.

وتم:

– دواوە لە کوێوەیە؟

– لەملای ئەم دیوارەوە، کە بە هەردولادا درێژ بۆتەوە، تونێلێکی بەمشێوەیە کەناری دیوای بەردینی شارەکەیە.

من وتم:

— بێ سوودە.

مایك وتی:

— چارە چیە؟

هێشتا وەڵامی ئەووم نەدابویەوە، مارێکی گەورە ڕەنگە درێژایی دە مەتر بوبێت لێمان نزیك بویەوە وەك سەما بکات سەری چەنجارێك پێش‌و دوا پێکرد، زمانە دووفاقە ناسکەکەی بە دەنگێکی ترسناك‌و فیشکە فیشك جوڵاندەوە. هاواری مایك بەرز بویەوە وتی:

— وریابە.

لۆمبۆ وتی:

— برۆ دواوە، دەیەوێ خۆی بۆ ئێمە هەڵبدات.

راستیان کرد، ئەو مارە گەورەیە لە چاوتروکانێکدا بەو لەشە قورسەیەوە خۆی بۆ هەڵداین.

لۆمبۆ تەقەی لێکرد، بەڵام مەخابن نەیپێکا، من خۆم کێشایەوە دواوە، قاچم لە لۆچی هەڵکەوت‌و کەوتمە سەرزەویەکە. مارەکە دروست هێرشەکەی بۆ من کردبوو، کاتێك کەوتم سەری ئەو ڕێك لە شوێنی یەکەمجاری مندا بوو، دەمی کردەوە تا قاچی لۆمبۆ بگرێت، هیچی نەمابوو قاچی لۆمبۆ بچێتە دەمی مارەکەوە، ئەگەر ئەوە ڕوی بدابایە لۆمبۆ تیاچوبوو، بەڵام نێزە بەدەستەکەی لەلای منەوە وەستابوو کارێکی گرنگی ئەنجامدا، بەوپەڕی هێزی خۆیەوە نێزەکەی گرتە مارەکە نێزەکە

لە دەمی مارەکە هەڵچەقی، مار لە تاو ئازاری سەری خۆی کشایەوە، ئەم دەرفەتەش بەس بوو کە مایک تەقەی لێ بکات.

من هەموو گیانم شەلاڵەی ئارەق بوبو، تنۆکی گەورەی ئارەق لە نێوچەوانم دەچۆڕا، بەدبەختانە مەشخەڵەکە لە کوژانەوەدا بوو، دەنگی فیشە فیشکی مارەکان جەستەی سست دەکردین.

مایک وتی:

- ئەم مارانە کۆڵنەدەرن، ژمارەشیان هێندە زۆرە کە ناتوانین هەمویان بکوژین، دەبێت ڕابکەین خۆمان لە کونەکەی سەرەوە دەرباز بکەین، ئەمە تاکە ڕێگای ڕزگاربونمانە.

وتم:

- ئەگەر تۆ بت هێشتبایە هەموو خەڵکی ناوچەکەمان بهێنایە، ئێستا بە ئاسانی هەڵیان دەکێشاین و توشی ئەم مەترسیانە نەدەبوین.

ئەو وتی:

- هەرچی بوو ڕۆشت، بە رای من باشترین کار ئەمەیە بەر لەوەی دەرفەتی پەلاماردانیان بۆ برەخسێنین هەرسێکمان تەقەیان لێ بکەین، بەڵکو بە هۆی برینداربونیان بە گوللەو دەنگی تەقە لە کۆڵمان ببنەوە.

هەر چوارمان لە مارەکان ورد بوینەوە، هەرچەن ڕوناکی مەشخەڵەکە کز بوبو دەوربەر دیار نەبوو، بەڵام لە بەرامبەرمانەوە بە جوڵەی خێراو چاوە بریسکەدارەکانیان و دەنگی فیشکە فیشکیان سات بە سات بەتینتر دەبوو زیاتر نارەحەت دەبوین ئەمەش وایکرد کە بزانین بە کۆمەڵ

پەلامارمان دەدەن، هەرسێکمان بەرەو ئەو شوێنە بریسکەدارە نیشانەمان گرتەوەو تەقەمان لێکردن.

دەنگی تەقەو گوللەکان بە شێوەیەکی مەترسیدار لەو ژێر زەویەدا دەزرنگایەوە، دواتر بینیمان کە دەیانویست پەلامارمان بدەن بۆ ماوەیەکی کەم چونەوە دواوە.

ئەمەش بۆ ئێمە بەس بوو تا حاڵی خۆمان کەمێك ڕێك بخەینەوە. مایك وتی ئەم شوێنە بە بڕوای من گەلێك مەترسیدارە، باشتر وایە بگەڕێینەوە، منیش پێم باش بوو، بە لۆمبۆو لۆچیم وت بەپەلە لەو شوێنە دوردەکەوینەوە، ئەوانی دیکەش کە لەگەڵماندا بوون بە دواماندا هاتن، بەڵام لە پاشەکشێ کردماندا وریا بوین کە نەکەوینە بەر شاڵاوی مارەکان یان هەر ئاژەڵێکی دیکەوە، لە گەڕانەوەماندا مایك لە پێشمانەوە بوو پاشماوەی مۆمەکانی بە دەستەوە بوو لە پڕ وەستاو ئاماژەیەکی بۆ من کرد کە نزیك ببمەوە.

کاتێك گەشتمە نزیك مایکەوە، بە ترسەوە شتێکی لەسەر زەویەکە نیشاندامو وتی:

— سەیرکە، ئەم پارچەی جلو پێڵاوی هاوڕێکانمە.

ئەو راستی دەکرد، لەو بەشەی ژێرزەویەکەدا کە دەچویەوە سەر ژێرزەمینێك برێك پارچەو پێڵاوو جل دەردەکەوت.

مایك بە هێواشی چویە ژێرزەمینەکەوە منیش بە دوایدا ڕۆشتم، لەوێ چەن سندوقێکی گەورەی لێ بوو، لێی نزیك بوینەوە سەیری ناوەکەیمان

کرد پڕ بووله زێڕو بەردی گرانبەها، کاتێك لە دەوروبەرمان ڕوانی کۆمەڵێك جلو بەرگو ئێسکی ئەفسەرانی ئینگلیزی لەوێدا کەوتوون.

ئێمە بە سەرسوڕمانەوە سەیری خشڵو جلەکانمان دەکرد، لەوپەڕی خەیاڵدا بوین کە دەنگی هاواری لۆمبۆمان بیست:

- ڕاکەن، خێرا ڕاکەن، مارەکان هەڵتان دەلوشن.

کاتێك سەیری ئەو شوێنەمان کرد کە ئەو ئاماژەی بۆ دەکات، چاومان بە ژمارەیەکی زۆر ماری گەورە کەوت، کە گەورەتر بوون لە مارەکانی پێشوو، تەنیا ساتێك بەس بوو بۆ تیاچونمان، وازمان لە خشڵو جەستەی هاوڕێکانی مایك هێناو لە کاتێکا تەقەمان لە مارەکان دەکرد، بەڵام هیوای دەربازبونمان نەبوو، چونکە ئەگەر زیاتر تەقەمان بکردبایە گوللەکانمان تەواو دەبوو، ئەگەر بگەشتینایەتە شوێنی یەکەمجاری دابەزینمان گوریسو هیچ هۆکارێکی سەرکەوتنەوەمان نەبوو، بەڵام جارێکی دیکە شانس یاوەرمان بویەوە، کاتێك گەشتینەوە شوێنی دابەزینەکەمان بینیمان قەدی درەختێکی گەورە لەوێدا وەکو پەیژە دانراوە، دواتر من تێگەشتم، تاچامانی کاتێك زانی ماوەیەك بەسەر ڕۆشتنی ئێمەدا تێپەڕیو هەواڵێکمان نیە، دێتە دارستانو ئەو چاڵەی بەهۆی بەربونەوەی ئێمە دروست بوبو لەوێدا چاوەڕوانیەکی زۆر دەکات، کە دەنگی تەقەو گوللەکانی گوێ لێ دەبێت دەزانێت کە کارەساتێکمان بەسەردا هاتووە، ئەویش کە ناتوانێت گوریس دروست بکات، بە هاوکاری چەن کەسێکی دیکە درەختێکی گەورە بە تەور دەبڕێتەوەو دەیخاتە چاڵەکەوە بۆئەوەی

بێتە خوارەوە هاوکاریمان بکات، ئەمەش ڕێکەوتی کاتێك بوو کە ئێمە لە مارەکان ڕامان کردبوو گەشتبوینەوە ئەوێ.

مایك فەرمانیدا کە لۆمبۆ هاوکاری ئەوانیتر بکات، یەکەمجار لۆچی سەرخات، خۆیشی تا نزیکی دارەکە کە مارەکان دوامانکەوتبون تەقەی لێ دەکردن، بە من سەرکەووتم پاشان خۆی بە دوامدا هات، بەڵام لەپڕ یەکێك لەو لقانەی ئەو لەسەری بوو شکاو مایك کەوتە خوارەوە، کاتێ من بە دەنگی هاواری ئەو ئاوڕمدایەوە بینیم مایك بەربۆتەوە مارێکی گەورەی لێوە نزیکە، میش دەسبەجێ سەری مارەکەم کردە نیشانەو سەری مارەکەم پارچە پارچە کرد، مایك توانی بە دارەکەدا سەرکەوێتەوە. من ئێستا ناتوانم باسی ئەوە بکەم کە ئێمە بە چاپوکیو خێراییەك بەو درەختەدا سەرکەوتینەوە، بەڵام هێندە دەڵێم کاتێك هاتینەوە سەر زەوی وەك ئەوەبوو دوبارە بێینەوە بوون، بەڵام مایك بە ئەندازەی من گەشبین نەبوو، دەیوت ئەگەر ئەو مارانە چەن سەدەیەك لەو ژێرزەمینەدا ژیابن ڕێگەیەکی دەرچونیان نەبوبێتو ئێستا بێنە سەرەوە، چونکە هێندە ژمارەیان زۆرە لەوانەیە بۆ هەموو دانیشتوانی دورگەکە مەترسیەکی گەورە بن، بۆیە بریاریدا هەمویان لەناو ببات.

بۆ ئەم کارەش فەرمانیدا درەختی گەورەو بچوك ببڕنەوە بیکەنە ناو چاڵەکەوە، کۆمەڵێکی دیکەی نارد تا لە دەفری گەورەدا نەوت بێنن بیکەن بەو درەختانەدا، کاتێك درەختو نەوتێکی زۆر ئامادە بوو مایك گڕی تێبەردا.

بڵێسەی ئاگر بە ئاسماندا دەچوو، ئەو ناوچەیەی تا مەودایەکی دور گەرمو سوتێنەر کردبوو، بەڵام دوبارە مایك فەرمانیدا درەختی دیکە ببڕنەوە.

ئەم کارە چەن کاتژمێرێکی خایاند، تارادەیەك هەموو شەکەتو هەندێکیش بە هۆی ئاگرەکەوە سوتابوو، من کە چیتر توانای ڕۆشتنم نەمابوو بە مایکم وت باشترە بڕۆینو پشویەك بدەینو پاشماوەی کارەکان سبەی ئەنجامی بدەین، بەڵام مایك وتی ئەگەر نیوەناچڵ بەجێی بێڵین مەترسیدارتر دەبێت، چونکە لەوانەیە دوای کوژانەوەی ئاگرەکە مارەکان بێنە دەرەوە بە دورگەکەدا بڵاوە بکەن، بۆیە دەبێت هەرچۆنێك بووە ئەمرۆ ئەو چاڵە پڕ بکەینەوە.

لەو ماوەیەی کە دواین بەشی دارو دەوەنەکان دەسوتان، ئاگرەکە بەرەو کوژانەوە دەچوو، ئێمە چەن درەختێکی دیکەمان بڕیەوە وەکو خاچ لەسەر چاڵەکە هەڵمانچنی چواردەوریمان بە لقو گەڵا داپۆشی پاشان بڕێك خۆڵو بەردمان کرد بەسەریداو تەختمان کردەوە، کاتێك خاترجەم بوین، هەریەکەو لە گۆشەیەکەوە پشوماندا.

بەیانی ڕۆژی دواتر کە بێدار بوومەوە، لۆچی بەژور سەرمەوە وەستابوو، کەمێك میوەی لە دارستان هێنابوو کە بیخۆم. پێش هەموو شتێك بۆ مەلەکردنو خۆشۆردن چوومە ئەستێڵەکەوە، ژنەکان وەکو جاران لە دەوری ئەستێڵەکە کۆ بوبونەوە، هەرکە چاویان پێم کەوت دەستیان کرد بە خۆشیو شادی، دوو سێ کەس هاتنە پێشەوە ڕێگەیان پێگرتم، یەکێکیان وتی:

— جیوڤانی، لەو ئاوە بە تامەی دوێنێ شەو خواردمانەوە بەشمان بدە.

مەبەستیان خواردنەوەکە بوو، تێم گەیاندن کە ئەو ئاوە ئاگرینە بەو ئاسانیە ئامادە نابێت، دوای ئەوەی دورگەکە وەکو جاران ئارام بویەوە، دەبوو بڕێك ئامادە بکەم کە هەمیشە هەبێت لەکاتی پێویستدا بخورێتەوە، قایل نەدەبوون، بەڵام بێجگە لە گوێڕایەڵی چارەیەکیان نەبوو، من دوای ئەوەی خۆمم شۆرد، گەڕامەوە بۆ کوخەکەم، لۆچیو یەکێکی دیکە لە کچەکان کەبابیان لە گۆشتی باڵندەیەکی کێویی بۆ ئامادە کردبووم کە بۆنێکی خۆشی هەیەو دوای لێنانی بۆنەکەی وون نابێت.

سەرگەرمی نانخواردنو میوەخواردن بووم، لەپڕ مایکم بیرکەوتەوە، لۆچی وتی:

— مایك رۆشتووە بۆ پشکنینی کەشتیەکە.

— کام کەشتیە.

— ئەو کەشتیەی لە ئاسن دروستکراوەو چێشتخانەو ژوری هەیە.

زانیم مەبەستی هەمان کەشتیە ئینگلیزیەکەیە کە لەدورگەی دۆیسدا دۆزیمانەوە، بە پەلە جلەکانم لەبەر کردو رۆشتم بۆ دارستان، هێشتا زۆر نەرۆشتبووم، کە توشی مایك بووم، دەستی گوشیمو وتی:

— جیوڤانی من بەم کەشتیە دەڕۆم.

وتم:

— بە تەنیا دەرۆیت؟

وتی:

– بەڵێ، بە تەنیا، لەم نزیکانە نزیکەی چوارسەد میلێك دورتر لێرە بارەگایەکی ئینگلیز هەیە، خۆم دەگەیەنمە ئەوێ.

مایك خەمبار بوو، ئەو رۆژە بۆی باسکردم لەگەڵ فرێدو جیمیدا هاوڕێی دێرین بووە ئانتۆنیش برای بووە، تا ئەو ساتە نەمدەزانی کە ئانتۆنی برای بووە، بەهەرحاڵ جارێکی دیکە سەرەخۆشیم لە مایك کردەوە دڵبەداخی خۆمم بۆ دەربڕی.

مایك بە پێچەوانەی ئەو ئینگلیزانەی من دیتبومن پیاوێکی زۆر خوێنگەرم، میهرەبانو بەسۆز بوو، هەر کەسێکی دیکە لەجیاتی مایك بوایە، کەشتیەکەی لێ وەردەگرتمو بە گوللە وەڵامی دەدامەوە، بەڵام لە بەرامبەر مایكو خزمەتکردنیدا بە تایبەت کە گیانی لە مردن ڕزگار کردبووم، بێدەنگ بوومو ڕازیبونی خۆمم بۆ دەربڕی.

دوای نیوەرۆی هەمان ئەو رۆژە هەموو شتێك بۆ رۆشتنی مایك ئامادە بوو، هەرچەن بە ڕۆشتنی مایك منیش تەنیا دەبووم، بەڵام شتێك نیگەرانی دەکردم ئەویش ئەمە بوو کە مایك هەواڵی هەبونی دورگەی بەهەشت بە ئینگلیزەکان بدات، ئەوان بە تەماکاری نەوتەوە بارەگایان هێنابویە ئەوێ، منو زۆربەی دانیشتوانی دورگەکە ئاوارە ببین. بەڵام ڕاستیەکەی نەمدەزانی چۆن ئەمەی پێ بڵێم تا کاتی خواحافیزیی کردن هاتە پێشەوە، من بێ ئەوەی دەربارەی مەبەستی سەرەکی خۆم شتێك بدرکێنم، وتم:

– مایك، پێت وانیە گەر لێرە بمێنیتەوە ژیانێکی خۆشتر هەبێت، ئێمە دەتوانین لێرە ژیانێکی بەختەوەرانە بژین، تۆ لەم ماوە کەمەدا

ڕەنگە دەرکت بەوە کردبێت کە خەڵکی ئەم شوێنە بەختەوەرترین خەڵکی سەر زەوی بن، من هەرچەن بیر دەکەمەوە ناتوانم ئەم شوێنە بەجێ بێڵمو نە ویژدانیشم ڕێگەم پێ دەدات ئەو ڕۆژەی کە برۆم هەبونی ئەم دورگەیە بەکەس بڵێم.

مایك، کە کەسێك زیرەك بوو لە مەبەستەکەم تێگەشتو وتی:

— جیوڤانی، من لەم بارەیەوە زۆر بیرم کردۆتەوە، تەنانەت بۆ یەکەمجار لە ژیانمدا مرۆڤایەتیم پێ باشترە لە بەرژەوەندی ئیمپراتۆری، بریارمداوە کاتێك گەڕامەوە بۆ نیشتمانی خۆم یەك وشە دەربارەی دورگەی بەهەشت بەکەس نەڵێم، لێگەڕێم چەن هەزار کەس دور لە جەنجاڵی شار بە خۆشی بژین. لەم بارەیەوە خاترجەمبە، بەڵام بۆ وەڵامی داواکەی تۆ دەربارەی مانەوەم دەبێت بڵێم بەداخەوە ناتوانم ئەم داوایەت قبوڵ بکەم، چونکە من خاوەنی ژنێكو دوو منالم تا ئێستاش وابزانم کە جەنگ لە بەرژەوەندی ئێمە کۆتایی هاتبێت. بەمەش گەر ئەوان بزانن کە من ماووم گەلێك حۆشحاڵ دەبن.

بە بڕوای من قسەکانی ئەو مەنتیقی بوو، زۆرم لێنەکرد خواحافیزیم لێکرد، کەشتیەکە لە نێوانی هەلهەلەو هەراو هوریای ژناندا کەوتە گەڕ، لە کاتێکا کە ئاڵای ئینگلیزی بەسەریەوە دەشەکایەوە سینەی ئاوی زەریاکانو شەق بوونو دورکەوتەوە.

من تا ئەو کاتەی کەشتیەکە لەچاو وون بوو، هەر وەستا بووم لێی ورد دەبوومەوە. پاشان بۆ دورکەوتنەوەی مایك دڵم تەنگبوو، حاڵەتی تەنیاییو غەریبی بەسەرمدا زاڵ بوو.وەك ئەوەی دڵم بۆ نیشتیمانو

هاونیشتمانیەکان تەنگ بوبو، رۆحم بەرەو ئەوروپا، ئیتالیا بەتایبەتی (ناپڵ) پەروازی دەکرد.

– ئێستا لە ئیتالیادا چ باسە؟ ئایا جەنگ تەواو بووە؟ مەملەکەت ئارامی جارانی بۆ گەڕاوەتەوە، لە هاوڕێ دێرینەکانم کامیان مابێت، کامیان مردبێت. وەڵامی ئەم پرسیارە دوای چەند ساڵێك نیشتەجێ بوون لە دورگەی بەهەشتدا ئاسان نەبوو، تەنانەت نەمدەتوانی گومانیش بکەم.

دەنگی لۆچیو لۆمالۆ، هێنامیەوە هۆش، ئاوڕمدایەوە بەوپەڕی سەرسامیەوە بینیم تاچامانی لەلامەوە وەستاوە وەك ئەوەی بیەوێت شتێك بڵێت.

وتم:

– چیە؟ چ باسە؟

لۆچی ئاماژەی بۆ تاچامانی کرد وتی:

– تاچامانی، ئێستا کە مایك رۆشتووە وادەزانێت تۆ دەتەوێت ئەو بکوژیت، هاتووە داوای لێبوردن بکات، کامینۆش لەوێدا وەستاوە.

بینیم کامینۆ، بیست هەنگاوێك لەولاترەوە لای یەکێك لە درەختەکانەوە سەری شۆڕ کردۆتەوە لەژێرەوە لێ دەڕوانێت.

دەستم خستە سەر شانی تاچامانیو وتم:

– من دژایەتیم لەگەڵ تۆدا نیە، ئامانجم ئەمەیە ئاشتەوایيو ئارامی فەرمانڕەوا بێت. جان کە ئێستا مردووە لەناوچووە، دوژمنی بەختەوەری ئێوە بوو، دەیویست دورگەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، تۆ کە

لەوانیتر ژیرتریت دەبێت بزانیت، من چ ببم و چ نەبم فریوی کەسانیتر نەخۆیت، سپی پێستەکان زۆر زوو فریوتان دەدەن، پاشان پرسیم:

— ئێستا پێم بڵێ ئەو شارە جوانەی ئێمە دروستمان کردبوو کێ گڕی تێبەردرا.

ئەو سەرەتا نەیدەویست ئەم وەڵامە بداتەوە، سەری داخستبوو بیری دەکردەوە، پاشان بە جەختکردنەوەی خەڵکەکە بۆ زانینی راستیەکە بە شەرمەزاریەوە وتی:

— راستیەکەی ئەمەیە کە جان گڕی تێبەردا، ئەو فەرمانیدا ماڵەکان بسوتێنین مەبەستی ئەمە بوو رقی خەڵکەکە هەستێنێت تۆ بکوژن، ئێستا چەندەم پێخۆشە کە تۆ نەکوژراویت و زیندویت.

— خەڵکەکە راستیەکان زانی، زیاتر خۆشەویستیان بۆ دەربڕیم، بە جوڵەی دەست و سەریان میهرەبانیان بۆ دەربڕیم و پشتیوانیان لێکردم، لەم کاتەدا تاچامانی وتی:

— بۆ قەرەبوکردنەوەی هەڵەکانی رابردوو مۆڵەت بدە بەهاوکاری ئەم پیاوانەی کە لێرەن سەر لەنوێ شارەکە دروست بکەینەوە.

لە وەڵامدا وتم:

— دیارە هەمومان پێکەوە ئەم کارە دەکەین، بەڵام چیتر خانوو بە تەختەو دار دروست ناکەین، من کورەی خشتسازیتان بۆ دروست دەکەم خانوەکان بە خشت دروست دەکەینەوە، بۆ دانیشتوانی دورگەی دۆیسیش بیرێك دەکەمەوە کە لەمەودوا بە خۆشی بژین.

- بڕیار بوو دوو ڕۆژ دواتر دەست بەم کارە بکەین، دوو مانگ دواتر ڕیزێك خانوی بە خشت دروستکراو ئامادە بوو ئەم خانوانە بە خشتی سپی کە لە گڵی خودی دورگەکە چێمان کردبوو گەچکاریمان کرد. بەردی گەچ لە شوێنێکی نزیك ئەو شوێنەی من چەك‌و تەقەمەنیەکانم تێدا حەشار دابوو لەوێدا هەبوو، کاتێك گەچی پوختەو جۆری بەکارهێنانم فێری خەڵکەکە کرد زۆریان پێ سەیر بوو. بە ژوری سپیدا دەڕۆشتن‌و شادیان دەکرد، یەکێك لەو خانوانەم کردە ئەنباری تایبەتی خۆم، هەموو چەك‌و تەقەمەنیەکانم گواستەوە بۆ ئەوێ. چەندین جۆری چەکمان هەبوو، بۆئەوەی شێی دەریاچەکەکان خراپ نەکات‌و ژەنگ لێیان نەدات من لە جۆرە ڕۆنێکم هەڵکێشان، تەنیا چەکی بەردەستی خۆمان نەبێت تێکڕایم کردە ئەنبارەکەوە.

خەڵکەکەم کۆ کردەوە خانوەکانم نیشاندان، ئەمە چەندیجار بوو ڕونکردنەوەم بۆ دەکردن. زۆری نەخایاند خانوەکان ئامادە بوون‌و خەڵکی تێچوو.

بە پێی ئەو هەژمارەی لۆمبۆ نۆ مانگ بەسەر ڕۆشتنی مایکدا تێپەڕی بوو، وەرزی بەهار هاتبوو، بەهاری دورگەی بەهەشت لەگەڵ وەرزەکانی دیکەدا هێندە جیاواز نەبوو، تەنیا ئاوی دەریا هەڵدەکشا ماسیەکان بۆ گەرا دانان دەهاتنە ڕوبارەکانەوە، لەم وەرزەدا خەڵکەکە هەر کارێکیان هەبوایە دەسبەرداری دەبوون، بۆ ڕاوی ماسی نایاب دەچونە دەریاو کەناری ڕوبارەکان.

عەشقبازی، هاوسەرگیریی‌و گەڕان‌و جۆش‌و خرۆش هەمووی لەم وەرزەدا بوو.

لە کەناری دەریادا هەراو زەنایەك بەرپا بوبو، شەوو ڕۆژ بەردەوام بوو، ماندوێتیان نەدەناسی، هێندە سەرگەرم بوون کە من چەن ڕۆژ جارێك یەك کەڕەت لۆمبۆم دەبینی.

منیش وەکو جاران لە هاوسەرگیریدا دەسبەکار بووم، ژنە کۆنەکانم تەڵاقداو ژنی تازەم هێنایەوە، لە ژنە کۆنەکان تەنیا لۆچی‌و لۆمالۆ هەمیشە لەگەڵمدا بوون، هەندێك شەوان لە بەلەمەکەی خۆمدا بەسەرم دەبرد. بێجگە لەوان دەمتوانی دە ژنی دیکەشم هەبێت.

ڕۆژێکیان بە لۆمبۆم وت:

— ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەو کەشتیە ڕزگاریەی لەگەڵ خۆماندا هێنامان تەواوی بکەین تا ببێتە چارۆکەدار.

— ئامادە کردنی ستونی چارۆکەکان کارێکی ئاسانە. بەڵام بۆ چارۆکە چی بکەین. چارۆکە پارچەی پان‌و تایبەتی دەوێت، ئامادە کردنی لۆکەو دەزوو چنین لانیکەم سێ مانگی دەوێت. ئەو ڕاستی دەکرد، بەڵام کاتێك کە پێم وت: ئەویش ئامادەیە. بڕۆ بۆ دارستان‌و چەتری ڕزگاری جان بێنە کە شاردویەتیەوە.

واقوڕماو بوو وتی:

— من نەمدەمزانی ئەم پارچە سپیە بۆچی باشە کە تۆ دەیشاریتەوە، ڕاستیەکەی لە ناخەوە پێکەنینم بە تۆ دەهات، بەڵام ئێستا دەزانم کە ئێوەی سپی پێستان هیچ کارێك بە بێ هۆ ناکەن.

بە خۆشیەوە رۆشت بۆ دارستان چەتری ڕزگاری جانی هێنا، چەترەکە پارچەیەکی قایمی هەبوو، تەنیا کەمێکی لیٚ دڕا بوو.

منو لۆمبۆ دەسبەکار بوین، لە ماوەی هەفتەیەکدا کەشتی ڕزگاری کە سەوڵی هەبوو گۆڕیمان بۆ کەشتیەکی چارۆکەدار. دوای ئەنجامدانی ئەم کارانە، کەمێك ڕۆنمان هێنا، بەدەنەی کەشتیەکەو گوریسی لەنگەرگرتنو ئەو شتە کانزایانەی لە ئاودا دەمانەوە بە ڕوکەشێکی ئەستور چەورمان کرد، بەمەش خاترجەم بووم.

ڕۆژێك ژنەکانی خۆم سواری کەشتیەکە کرد، لەنگەرەکانم کێشایەوە لە پانتایی زەریادا سەرگەرمی پێشڕەوی بووم، کەمێك زیاتر چوومە پێشەوە، لۆمبۆو دوان لە هاوسەرەکانی لە کەشتیەکەدا بوون، زۆریان لێدەکردم بگەڕێمەوە زۆر نەچمە پێشەوە، نزیکی نیوەڕۆ بوو گەڕاینەوە، بەڵام من لەو شوێنەی دەریادا ماسییەکی زۆرم بینی کە بە کۆمەڵ دەژیان، چونکە بەلەمە سەوڵەکان نەیاندەتوانی بگەنە ئەویٚو ڕاویان بکەن، بەڵام من پێشتر لەوانەم خواردبوو دەمزانی گۆشتێکی بە تامیان هەیە، بریارمدا لە دەرفەتێکدا بڕۆم بڕێك لەو ماسییانە ڕاو بکەم لە ئەستێڵو دەریاچەی دورگەکەی بکەم تا لەوێدا گەرا دانێن. چەن رۆژێکی دیکە لە دورگەکەدا مامەوە هەرگیز نەرۆشتمەوە بۆ دەریا، بەڵام رۆژێك دوبارە هەوەسی کەشتیەوانی دایەوە لەسەرم، بریارمدا برۆمەوە بۆ هەمان ئەو شوێنە تا بڕێك ماسیی ڕاو بکەم، چونکە هەموان لە دورگەکەدا سەرقاڵی کار بوون بڕیارمدا بە تەنیا بڕۆم. لۆچی جەختێکی زۆری کردەوە کە نەڕۆم، دەیوت ئەمرۆ گەردەلول دەبێت.

بەڵام من گوێم بە قسەکانی نەدا، ئەو هەستی کرد ناتوانێت من لە ڕۆشتن بۆ دەریا بگەڕێنێتەوە، ویستی لەگەڵ خۆمدا بیبەم، ئەم داوایەی ئەوم لەلا پەسەند نەبوو، چونکە وتم ئەگەر گەردەلول بێت من دەتوانم بە مەلە کردن خۆم ڕزگار بکەمو بگەڕێمەوە بۆ دورگەکە، بەڵام لۆچی ناتوانێت وەکو من بکات.

لۆچی بە گریانەوە دەیوت:

— دەترسم ئەمڕۆ بەڵایەکت بەسەردا بێت، دەترسم گەردەلول هەڵبکات، دەریا کەشتیەکەت نوقم بکات. مەڕۆ، ئەم قسەیەم لێ وەربگرە مەڕۆ.

بەڵام من گوێم بە قسەکانی ئەو نەدا، چارۆکەکانم هەڵکرد کەشتیەکەم خستە گەڕ.

بەڕێکەوتم، وردە وردە وشکایی لەبەرچاووم وونبوو. درەختەکان وەکو چڵە پوشیان لێ هاتو لە چاووم وون بوون.

ئێستا منو زەریای بێ کەنار، بە خێرایی جۆرە حاڵەتێکی تەنیاییم هەست پێکرد، تەنیا بوومو بیرم دەکردەوە، ئەگەر ئەم تەنیاییە بخایەنێت چی ڕوو دەدات.

بەلەمە چارۆکەدارەکەی من وەکو قاز بەدەم بایەکی لەبارەوە دەجوڵا، نزیکەی دوو کاتژمێر بەمشێوەیەو بە ئارامی دەڕۆشتم، لەناکاو بینیم شەپۆلەکانی دەریا گەورە دەبن.

لە ئاسمانەوە هەورە ڕەشەکان دەرکەوتن، باڵندە ماسیخۆرەکان بە پەلە بەرەو کەنار بەڕێکەوتن، منیش کەزانیم گەردەلول بەڕێوەیە، بەپەلە

ئاراستەی بەلەمەکەم بەرەو وشکانی گۆڕی، بەڵام باو زریان نەیانهێشت، چارۆکەکان ئاوسابوون‌و دواین بەرگری خۆیان لە بەرامبەر زریانەکەدا دەنواند، ڕێک لەم کاتەدا سوکانەک شکا. وای چ بەڵایەکی گەورەیە! لێواری سوکانەکە کە گرنگترین بەشی بوو لە ناوەراستدا بوو بە دوکەرتەوەو لێك جیا بویەوە.

لە ترسا هاوارم کرد، هاوارێك ڕەنگە گەشتبێتە ئاسمان، بەڵام بە گوێی کەسدا نەگەشت، لە ناوەڕاستی زەریای بێکەناردا کەسێك نەبوو دەنگم ببیستێت، بیرم کردەوە هیچ نەبێت چارۆکەکان کۆ بکەمەوە، ڕەنگە بەلەمەکە بوەستێت با زۆر دوور نەبم، بۆ کۆکردنەوی چارۆکەکان لە حاڵێکی ئاوادا دە کەسی بەهێز کەم بوو، من بە تەنیا چۆن بتوانم ئەو کارە بکەم. تەنیا موعجیزەیەك دەتوانێت ڕزگارم بکات، سەرکەوتم‌و خۆم گەیانە تەختەی ستونی چارۆکەکە، بەڵام لە پڕ قاچم خزا، هاوارێکم کردو ڕێك کەتمەوە تەختی کەشتیەکە، تا چەن ساتێك ئاگام لەخۆم نەما.

تەنانەت دەستم گێڕا خوێنێکی زۆر لەسەرم ڕۆشتبوو، دواتر بەرچاووم ڕەش بوو لە هۆشچووم.

کاتێك هۆشم هاتەوە لە ژورێکی خاوێندا بووم، دوو سێ کەس لەدەورم بوون قسەیان دەکرد، سەرەتا لە بنمیچەکەم ڕوانی، گلۆپم بینی، ئێرە کوێیە، ویستم هەستمەوە. دەستێکی بە هێزو دەستێکی نەرم رایکێشامەوە، زۆر زوو هەموو شتێك دەرکەوت، من لە کەشتیەکی بازرگانی ئەمریکیدا بووم.

پرسیم:

– ئێوە چۆن منتان دۆزیەوە؟

وتیان:

– دەمەوبەیانی بوو لە دورەوە بەلەمێکمان بینی، کە نزیک بوینەوە تۆمان لە خوێناودا دۆزیەوە.

وتم:

– کەشتیەکەم لە کوێیە؟ ئێوە بۆ کوێ دەڕۆن؟

وتیان:

– کەشتیەکەی تۆ چونکە تێك شکابوو، بە کەڵك نەمابوو لە دەریادا بە جێمان هێشت، بەڵام ئێمە بۆ ئیتالیا دەچین.

– چیتر هیچم نەووت، چارەنوس هەمانشێوەو بێ ویستی خۆم منی بردبویە دورگەی بەهەشت، ئێستاش بە بێ ویستی خۆم دەمباتەوە بۆ زێدی خۆم.

– کاتێك گەڕامەوە بۆ ئیتالیا، جەنگ تەواو بوبو، من لە هێزی دەریای ئیتالیا خۆمم ناساند، بەڵام باسی دورگەی بەهەشتم بۆ کەس نەکرد، تەنیا نەگبەتی لەوەدا بوو من هیچ نیشانەیەکی ئەو دورگەیەم پێ نەبوو.

ڕۆژێك کەوتمە بیری ئەوەی مایك بدۆزمەوە، ڕەنگە بە کۆمەکی ئەو بتوانم خۆم بگەیەنمەوە دورگەی بەهەشت، دۆزینەوەی فەرماندەیەکی ئینگلیزی هێندە گران نەبوو، بە هۆی هێزی سوپای بەریتانیاوە داوای ئەدرێسی ئەووم کرد، پاش ماوەیەك نامەیەکم پێگەشت کە نوسرابوو بەداخەوە دەبێت ئاگادارت بکەمەوە، دوای ئەوەی مایك دەگەڕێتەوە بۆ

بەریتانیاو دەبیستێت کە ژنو دوو منالەکەی بە هۆی بۆمبارانەوە تیاچوون، بەهۆی ئەو زەبرانەی لە جەنگدا لە رۆحی ئەو درابوون خۆکوژی کردوو مرد.

بۆ مردنی مایك زۆر نارەحەت بووم، بەلام هاوکات زانیم ئەو هیچ شتێکی دەربارەی دورگەی بەهەشت نەدرکاندووە، بۆیە لە دنیادا تاکە کەسێك هەوالی لێی هەیە خودی خۆمم، دەبێت بە تاقی تەنیا بۆی بگەرێمەوە.

هێشتا لەم بیرکردنەوەیەدا بووم، لە یەکەم دەرفەتو بە کەشتیەکی ماتۆری بچوك کە کرِیبووم، هێندە لەم بەشو لەوبەشی زەریادا ئەملاولام کرد تاکو دورگەی بەهەشتم دوبارە دۆزیەوە.

کاتێك قسەکانی ئەفسەر(ع) گەشتە ئێرە، پێکەنیو وتی:

- بە بڕوای تۆ من دەتوانم باوەڕ بە قسەکانی بکەم.

وتم وێڕای ئەو کارەساتە سەیرانەی کە دیوتە، ڕەنگە قسەکانی ئەو تەواو ڕاست بن، بەلام سەرەنجام جیوڤانی رۆشت یان نا!؟

ئەفسەر (ع) وتی:

- بەلێ، شەش مانگ دوای ئەو مێژوەی کە یەکتریمان بینی، ئەو بەرەو دورگەی بەهەشت رۆشت، پەیمانیشی لە من وەرگرت رۆژێك برۆم بۆلای.

من وتم:

- تۆش دەڕۆیت؟

پێکەنیو وتی:

- بەڵێ، تا ژنم نەهێناوە دەڕۆم بۆلای جیوڤانی.

وتم:

- تکات لێدەکەم کە ڕۆشتیت، بەسەرهاتی خۆتانم بۆ بنوسە تا لە دوای ئەم کتێبەوە بڵاوی بکەمەوە.

ئەفسەر (ع) وتی:

- مەبەستت ئەمەیە ئەو چیرۆکەی بۆم گێڕایتەوە بڵاوی بکەیتەوە.

وتم:

- بەڵێ، نایابە، بێگومان بڵاوی دەکەمەوە ئێستا دەبینیت کە من پابەندم بە بەڵێنەکەمەوە، هیوادارم ئەفسەر (ع) ئەگەر ڕۆشت، بەسەرهاتی خۆیم بۆ بنوسێت، کە پێشکەش بە ئێوەی خوێنەرانی وەفاداری بکەم.

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی رۆشنبیری ولاوان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەگشتییەکان
کتێبخانەی گشتی سلێمالی
بەشی سپاردن

هەرێمی کوردستانی عێراق
Kurdistan regional - Iraq
Council of ministers

رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثقافة والشباب
المديرية العامة للمكتبات العامة
المكتبة العامة/ السليمانية

ژمارە : ٨٠٠
بەروار : ١ / ٣ / ٢٠٢٠

ژمارە :
رۆژ: / /کوردی ٢٧١٩

بۆ/ چاپخانەی چوارچرا

بابەت / ژمارەی سپاردن

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانە گشتییەکانی سلێمانی
رەفیشتوو

بەپێی یاسای چاپەمەنیی ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٣

ژمارەی سپاردنی (١٣٨٢)ی ساڵی ٢٠٢٠ تەرخانکراوە بۆ کتێبی (دوورگەی ژنە وەحشییەکان) کە لەنووسینی (مەنوچهر موتیعی)ە، وە لە وەرگێڕانی ( کامیل محەمەد قادر – جەبار عەبدولکەریم رەسول )ە، بە تیراژی ( ٥٠٠ ) دانە، کە بابەتەکەی (رۆمان) ە، بە مەرجێك (٥) دانە لە کتێبەکە بۆ بەشی سپاردن رەوانە بکرێت.

لەگەڵ رێزماندا

فەرمانبەری رێبەدراو

ئالان محمد رؤوف
بەرێوەبەر

کتێبخانەی گشتی سلێمانی
بەشی سپاردن
رۆژ ١ / ٣ / ٢٠٢٠

تێبینی:

١- دەستەواژەی سپاردن بەم شێوەیە لەسەر کتێبەکە چاپ بکرێت، لەبەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردن ( ) ی ساڵی ٢٠٢٠ ی پێدراوە.

٢- هەر چاپخانەیەك پابەند نەبێ بە ناردنەوەی (٥) دانە لە کتێبەکە، ژمارەی سپاردنی نادرێتێ.

وێنەیەك بۆ/

- دوسیەی سپادرن

slemanylibrary@yahoo.com
www.slemanylibrary.com

ژمارەی تەلەفۆن/ ٢٢٠٢٧١٦

چەند مانگ دوای تەواوبوونی کتێبی شەش ساڵ لەناو ژنە وەحشییەکانی نامازۆن، یەکێک لەئەفسەرەکانی هێزی دەریایی ئێران کە لەو سەردەمەدا بەمەبەستی خولی پسپۆڕی لەئیتالیا بوو، نامەیەکی بۆ نووسەر نووسی کەدوای ماوەیەک دەستاودەستکردن و دواکەوتن بەدەستمان گەیشت.
گەشتنی نامەکە نەبووە هۆی سەرسوڕمانم چوونکە ئێرانییەکانی نیشتەجێی دەرەوەی وڵات زۆربەی کات خۆشەویستی بۆ نووسەرەکانیان دەردەبڕن، هەرچەند خەرجییەکانی پۆست گران و داهاتی ئەوان سنووردارە، بەڵام لەنووسی نامەی دوورو درێژ و تێرو تەسەل خۆیان بەدوور ناگرن، بەڵام ئەوەی بووە هۆی سەرسوڕمانم ئەوە بوو، ئەو ئەفسەرەی ڕێگەی ئەدا ناماژە بەناوەکەی بدەم، بەڵێنیدابوو بەشێک بۆ ئەم کتێبە زیاد بکات.

بەرگ : ئیبراهیم ساڵح

نرخی ٥٠٠٠ دینارە

ISBN: 9781128388461
9 781128 388461

خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوار چرا
سلێمانی سەرەتای شەقامی مەولەوی
بەرامبەر مزگەوتی ئەحمەد ئەفەندی
٠٧٥٠١١٢٨٢٨٨ - ٠٧٧٠١٥٧٥٠٦٧
Ktebxanai chwarchra